





# لە ڕۆژنامەی کوردستان و کوردستان میدیاوە

رەزبەری ٢٧٢٣

------------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ڕحمان نەقشی

https://serchawe.com

# پێڕست:


١- میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە .................... ناسر باباخانی ......... ٥

٢- هەڕەشە و پڕوپاگەندە، چەکی بێگوللەی دیکتاتۆرەکانە..................................... ئەلبورز ڕوویین‌تەن ..... ٩

٣- دۆینێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان .................................. عومەر باڵەکی ......... ١٢

٤- چییەتیی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و سیناریۆکانی داهاتوو؟ ............... مستەفا مەولوودی ...... ١٧

٥- ئیرادەی هاوبەش! ............................................................... ئاسۆ مینبەری ......... ٢٢

٦- چیرۆکی بەرخودانێک ............................................................... ڕەزا دانشجوو .......... ٢٥

٧- قارەمان ناترسن بمرن! ............................................................... برایم چووکەڵی ........ ٢٨

٨- عەقڵی ڕێژیمی پاشایەتی لە هی کۆماری ئیسلامی سووکتر بوو ................................ دارسمە ............ ٣١

٩- لاسایی‌کردنەوەی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ..................... کەماڵ حەسەن‌پوور ....... ٣٥

١٠- ژینا"ی کوردان ............................................................... عەلی بداغی .......... ٤٠

١١- یەکەمین دیدارم لەگەڵ شەهید دوکتۆر سەعید و دواتریش .................................. مستەفا مەولوودی ..... ٤٥

١٢- خۆپیشاندانی گەورە بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ................................. حەسەن قارەمانی ...... ٥١

١٣- کۆتایی یا دەسپێک؟ ............................................................... کەریم پەرویزی ........ ٥٤

١٤- وەرزی نوێی شۆڕشی قوتابییان .............................................................. شەماڵ تەرغیبی ....... ٥٨

١٥- ئایا کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی پێکا؟ ............................................... شیوا مورادیان ......... ٦١




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٦- ئایا حیجاب (لەچک) نەکردن شکاندنی نەریتە؟ .................................. ماموستا هەتاو ....... ٦٣

١٧- باوەڕ بە سەرکەوتن .............................................................. عەلی بداغی ......... ٦٥

١٨- حیجاب و دەستەڵاتی دادوەڕێن ................................................... دارسمە ............... ٦٩

١٩- گیانبەخشین لە پێناوی ئازادژیاندا (شەهید حەمەکەریم فرووغی) ......................... برایم چووکەڵی ........ ٧٢

٢٠- ساڵێک دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، دەسکەوت و ئاستەنگەکان ........................ د. ئاسۆ حەسەنزادە ....... ٧٥

٢١- کێشەی ئەرمەنستان-ئازەربایجان دەتوانێ هاوسەنگیی دەسەڵات لە ئێران، تورکیە، ڕووسیە هەتا چین بگۆڕێ .........

.................................................................. فۆربز - مەلیک کایلان - و: کەماڵ حەسەنپوور ......... ٨١

٢٢- بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟ ........................................... ئا: عەلی لەیلاخ ....... ٨٥

٢٣- خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی: هێمای ئاشتی و هاوسەنگیی جیهانی! ................................ حەسەن قارەمانی ........ ٩٣

٢٤- قسەکانی کاک مستەفا هیجری، لە کۆنفرانسی "لە پێناو یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" لە فرانکفۆرتی ئاڵمان)

.................................................................................................. ١٠٣

٢٥- شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل و، کۆماری ئیسلامی ئێران .................................. سمایل شەرەفی ...... ١٠٦

٢٦- دیمانە لەگەڵ دوکتور بابان ئەلیاسی، چالاکی سیاسی و کارناسی یاسای نێودەوڵەتی .... وتووێژ: دیاکۆ دانا ... ١٠٩

٢٧- شۆڕشیی هزری_کۆمەڵایەتیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستان و ئێران ................. شاڕوخ حەسەنزادە .... ١١٦

٢٨- کۆماری ئیسلامی و تێرۆریزمی سایکۆلۆژی ............................................. د. مەجید حەقی ..... ١٢٣

٢٩- بێدەنگی تاوانە! .......................................................................... ئاسۆ مینبەری ......... ١٣٠

٣٠- چەمەریی شەهیدانی بۆکان ................................................................ تاهیر قاسمی ........ ١٣٣

٣١- داهاتووی ورمێ لەنێوان بەرداشی فاشیزمی تورک و کۆماری ئیسلامی ........................ یەعقووب ڕەوا ........ ١٤٠

٣٢- خالید عەزیزی: خەباتی ئێمە بۆ ئەوەیە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی خۆیدا کە دووورخستنەوەی سەرنجی ..

کۆمەڵگەی جیهانی لە نیوخۆی ئێرانە سەرکەوتوو بێت ................................... کوردکاناڵ ............ ١٤٥

٣٣- ژینا و ئارمیتا، هەوێنی یەکگرتوویی کوردستان ........................................... هیوا کوردی .......... ١٤٩



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣٤- بەهێزتربوونەوەی ئەگەری شەڕی جیهانیی سێهەم و ئێمەی کورد ........................... شەماڵ تەرغیبی ....... ١٥٢

٣٥- شەڕی ئاخر زەمان ................................................................. ڕێباز کوردستانی ...... ١٥٦

٣٦- خەتی خوار و گای پیر ................................................................ عەلی بداغی ......... ١٥٩

٣٧- خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیات / ساڵی ٢٠٢٣ ............................................. حەسەن قارەمانی ...... ١٦٢

٣٨- کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێوان "شەڕ و نیوەشەڕ"دا ........................................ سمایل شەرەفی ........ ١٦٦

٣٩- خەڵاتێکی بەبایەخ بۆ ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ........................ حەمەڕەسووڵ کەریمی .... ١٦٩

٤٠- هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل خەوی لە چاوی کاربەدەستانی ئێران تاراندووە ............. محەممەد سلێمانی ...... ١٧٢

٤١- بەردەوامیی شۆڕشی ژینا و ترسی هیستریکی ڕێژیم .................................... شەهرام سوبحانی ..... ١٧٧

٤٢- خەڵاتی ساخارۆف، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا ............................ سمایل شەرەفی ...... ١٧٩

٤٣- شەڕی حەماس و ئیسرائیل ........................................................ و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٨٢

٤٤- زایەڵەی خەڵاتی نۆبڵ و ساخارۆف ........................................................ دارسمە ............ ١٩٣

٤٥- خالید عەزیزی: دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە پرسەکانی نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە .................... ١٩٦

٤٦- "ژینا"ی ئێمە و "مهسا"ی ئەوان ........................................................ ڕەحمان سەلیمی ..... ٢٠١


٤٧- شارەزا بە خەونی گابەردەکان و ئاشنا بە ڕوحی کانیاوەکان (شەهید عومەر مرادی) ....... برایم چووکەڵی ...... ٢٠٥

٤٨- خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف .................................. ئاسۆ مینبەری ....... ٢٠٨



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# میکۆنووس پەڵەی ڕەشی هەتاهەتایی، بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە




**ناسر باباخانی**

**ڕۆژانی ١٠ و ١١ی ئێپریلی ١٩٩٧ مێدیا بەناوبانگەکانی جیهان مانشێتی سەرەکییان یەک شت بوو: دادگای بێرلین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی وەک بکوژی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ناساند، قاتڵانی میکۆنووس مەلاکان بوون! لە مێژوودا هەرگیز بڕیارێکی لەم چەشنە بۆ هیچ وڵاتێک دەرنەچووە کە ڕێبەرانی وەک قاتڵ پێناسە بکرێن. یەکەم جار بوو دەوڵەتێک وەک تێرۆریست بە دنیا بناسێندرێ. شپیگڵ گەورەترین هەفتەنامەی ئورووپا کە لە ئاڵمان دەردەچێ نووسی:**

**ئەمە گەورەترین مەحکەمەی تێرۆری دەوڵەتی لە جیهاندا بوو.**

**ئورووپا ماوەیەک بوو بە نەرمی و نەوی کێشان -وەک دیپلۆماسیی هەمیشەیی- خەریکی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەم وتوویژانە بە "دیالۆگی ڕەخنەیی" ناودێر کرابوون. ئورووپا پێی وا بوو ئەمە جۆرە گوشارێکە بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێک دوو مانگ پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، ئورووپای تووشی شۆک کرد. شەقامەکانی پێتەختی وڵاتانی ئورووپایی بە خوێنی جودابیران و دژبەرانی ڕێژیمی ئێران شەڵاڵی خوێن کرا. ئەمە سەرەتای قۆناغی ترس و تۆقاندن بوو لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە لە دەرەوەی وڵات. لە نێوخۆش، کۆماری ئیسلامی بە بەر چاوی دنیای ئازاد و دێموکراتیکدا دەستی کرد بە قەتڵوعامی خەڵک. لە درێژەی کردەوە تێرۆریستییەکانیدا کاتێ فتوای قەتڵی سەلمان ڕوشدی لە لایەن خومەینی دەرکرا و پاش مەرگیشی دەسەڵات پشتگیری لەم حوکمە دژەئینسانییە کرد و پێشوازی لە تێرۆری ئیسحاق ڕابین سەرۆک وەزیرانی ئیسراییل، ئورووپا پێی وابوو "دیالۆگی ڕەخنەیی" دەبێتە هۆی گوشار بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی. دیارە ئورووپا وەک هەمیشە سیلەچاوی ئابوورییشی هەبووە، بەتایبەتی لەم نێوەدا ئاڵمان پشکی شێری بەردەکەوت. باسی گرێبستی چەند میلیارد مارکی لەگەڵ ئاڵمان لەگۆڕێدا بوو. خاڵی سەرنجڕاکێش بە وتەی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆی ئاڵمان ئەوە بوو کە، لە دانیشتنەکانی دادگادا نوێنەری کۆمپانیایەکی زەبەلاح وەک زیمێنسیش حازر بوو! دەوڵەتی ئاڵمانیش زۆر بە بێمەیلی دەجووڵاوە و مەبەستی دیزەبەدەرخونە کردنی پرسەکە بوو! هەرچەند لێرولەوێ هەندێ دەنگهەڵبڕین هەبوو، بۆ وێنە وەزیرانی دەرەوەی دانمارک و نۆرویژیش هۆشدارییان دا ئەم دیالۆگە هیچی لێ شین نابێ، بەڵام ئەم ڕەوتە درێژەی بە دانوستانەکان دا. تەنانەت وای لێ هات یاسای داماتۆ کە لەلایەن کلینتۆنەوە بەسەر ئێران داسەپابوو -وەک گەمارۆی نەوتی- لەلایەن ئورووپاوە ڕەچاو نەکرێ. ئیدارەی کلینتۆن داوای لە ئورووپا کرد بە حوکمی ئەوەی ئێران وڵاتێکی تێرۆریستییە ئەم وتووێژانە بوەستێنن.

بوومەلەرزەی میکۆنووس ئەگەرچی کۆتایی بە تێرۆریزمی دەوڵەتی لە ئورووپا هێنا (لانیکەم دوو دەیە)، بەڵام تێرۆری دەوڵەتی لەنێوخۆدا و هەروەها لە قالبی شەڕی پڕاکسی لە ناوچە تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

لە تێرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی (فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی) لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١)ەوە تا دەرکردنی بوێرانەی حوکمەکە واتە ١٥ی ئەپریلی ١٩٩٧ (٢١ی خاکەلێوە) واتە ٥ ساڵ و ٤٧ ڕۆژ، ١٧٠ کەسێک بەشدار بوون کە دەوری بەنی سەدر و شایەدی ئەبووئەلقاسم میسباحی دەوری یەکلاکەرەوەیان هەبوو. یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی دنیادا قازییەک قامکی تاوانی بۆ لای بەرپرسانی باڵای وڵاتێک ڕاداشت، ئەم وڵاتە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ئەمە گەورەترین شەرمەزاری سیاسی مێژووی هاوچەرخ بوو!

دادگاە بکوژان و بکەرانی ئەم جینایەتە سامناکەی بە زیندانی هەتاهەتایی و چەند ساڵێک مەحکووم کرد، بەڵام بوومەلەرزەکە کاتێ ڕووی دا کە خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانیی سەرۆک کۆمار، ویلایەتیی وەزیری دەرەوە و فەلاحیانی وەزیری بەدناوی ئیتلاعات وەک تاونبار ناسێندران. ئەمە ئابڕووچوون نەبوو، ئەمە حەیاتکان نەبوو، ئەمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵگرتنی دەمامک لە ڕووی فاشیزمی مەزهەبی بوو کە بە خوێن سەودای لەگەڵ جیهان دەکرد. وێنەی خامەنەیی لەسەر ئەم پۆستێرانە داندرا کە لەگەڵ تاوانباری مەترسیدار هەڵسوکەوت دەکرێ. ئەو قودسییەت و پیرۆزییەی لە پاش مەرگی خومەینی خەریک بوون لە خامەنەیی سازکەن، بە یەک شەوە بیکەن بە "ئایەتوڵڵا"، چیرۆک و ئەفسانەی لێ سازکەن و کە لە زگی دایکی بەربۆتەوە و قسەی کردووە و خوانی لە بەهەشتەوە بۆ هاتووە دواتر وەک بلقی سەر ئاوی لێ هات! ئورووپا سەرجەم باڵوێزەکانی لە ئێران بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنێتەوە، ئەوە هەر سیمای ئەم فاشیزمە مەزهەبییە زیاتر خۆ وەدەردەخا. لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی بۆچوونی کەسێکی وەک سەعید حەججاریان دووی جۆزەردان وەرچەرخانی گوتار نەبوو لە نێوەرۆک و پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئاماڵپرۆژەیەک بوو بۆ ئەوەی دۆخی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوە بە شێوازێکی تر سەقامگیرتر بکەن.

ئەوان باش دەیانزانی خەڵک لەوپەڕی نارەزایەتیدان، لەلایەکی تریشەوە دوای ئابڕووتکانی گەڕانەوەی باڵوێزانی ئورووپایی بۆ وڵاتی خۆیان، کۆماری ئیسلامیی بە تەواوی ئایزۆلە کرابوو و تەریک کەوتبۆوە. بۆیە پێویست بوو فەزای ڕواڵەتی کۆمەڵگە بگۆڕدرێ، پێویست بوو چەلەحانەی سیاسی لە ئاستی دیالۆگی نێوان دوو باڵی ڕێژیم بەرقەرار بکرێ بۆ ئەوەی نیشان بدرێ کە پشوویەکی سیاسی زیاتر بوونی هەیە. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات تا هەنووکە دەرکەوت دووی جۆزەردان ئەو پوتانسییەلەی نەبوو تا ببێ بە سەرەتای خاڵگۆڕانێک لە ناو ئێراندا، تەنانەت تا ئێستاش هیچ دەسکەوتێکی بەرهەستی نەبووە و بۆیە لە ڕاستیدا ئەمە گۆڕینی تامی زاری خەڵک بوو و لە هەمان کاتیشدا دانی ڕواڵەتێکی تازە بە سیمای فاشیزمی مەزهەبی کۆماری ئیسلامی. خودی خاتەمی ڕێبەری ئیسلاحات گوتی دووی جۆزەردان بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوەی دوو شێوە ڕوانینە بە نیسبەت شۆڕش و کۆماری ئیسلامییەوە، ئەگینا ئەسڵ و بنەما بۆ ئەوان هەر نیزامە، نیزامی کۆماری ئیسلامییە.

***

درکاندنی ئەم ڕاستییە تاڵە هەرچەند زۆر ناخۆشە، بەڵام ئەم برینانەی خراونەتە سەر لەشی حیزبی دێموکرات ئەو پتانسییەلەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی پەلکێشی دادگا نێونەتەوەییەکان بکا. هەر لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملووە بگرە تا بەتایبەتی کەیسی شەهیدانی قەڵا و دادگای بەناوبانگی میکۆنووس. دوور نەڕۆین یەکی وەک جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بۆ بەتیرۆریست ناساندنی سپای پاسداران، دەڵێ گرفتی یاسایی هەیە و مادام دادگایەکی وڵاتێکی ئورووپایی داوایەکی لەم چەشنەی نەبێ، ناکرێ سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆریستی یەکیەتیی ئورووپاوە. بۆیە کەیسی میکۆنووس تەواو ئەم پتانسییەلەی هەیە سەرلەنوێ بخرێتەوە گەڕ بە حوکمی ئەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی و لقی دەرەوەی سپای پاسداران وەک بکەری جینایەتی میکۆنووس لە لایەن سیستمی دادوەری فەرمی ئاڵمان وەک تاوانبار ناسێندراون.

ئەگەر کەسانێک وەک برۆنۆ یوست و ئەلێکساندر فۆن شتاڵ وەک دادستان بەبێ ڕەچاو کردنی ساتوسەودا و پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئاڵمان لەگەڵ حکوومەتی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنانەت بە لە دەستدانی ئیش و کاریان و لەمانەش مەترسیدارتر مەترسی گیانی، بوێرانە تا بە ئەنجام گەیاندنی دۆسیەی میکۆنووس بۆ ساتێ نەوەستان، ئەوە سازدانی تیمێکی حقووقی بێسێودوو پێویستە بۆ سەرلەنوێ وەگەڕ خستنەوەی دۆسیەکە لە یەکێتی ئورووپا بۆ ئەوەی ئەم کەیسە ببێتە بنەمایەک بۆ داوای نارەوای بۆرێل بۆ ئەوەی سپای پاسداران بخرێتە لیستی تیرۆرەوە. دیارە لە ڕووی یاساییەوە ئەم کەیسە داخراوە بەڵام بە حوکمی ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەها کردەوەیەکی تیرۆریستیان ئەنجام داوە، دەتوانێ هاندەری سیستمی داد بێ بۆ دەسپێکی پرۆسەیەکی مێژوویی.

ڕەنگە لێدوانەکانی نیکی هایلی باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات وەک بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی بۆ پاڵپشتیی وەها داوایەک زۆر کاریگەر بێ. ئەوەی دەمێنێتەوە دیپلۆماسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە لە دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی میکۆنووس بکاتە مۆتەکەیەکی ئەبەدی بۆ خەوزڕاندن لە چاوی کۆماری ئیسلامی. هازا گۆ و هازا مەیدان!

۱ی رەزبەری ۲۷۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هەڕەشە و پڕوپاگەندە، چەکی بێگوللەی دیکتاتۆرەکانە




**ئەلبورز ڕوویینتەن**

چۆن دێموکراتەکان خاوەن تایبەتمەندیی هاوبەشن، دیکتاتۆرەکانیش لە زۆر ڕوانگەوە لێک دەچن، تەنانەت دوایین ڕۆژەکانی دیکتاتۆرەکان لە زۆر لایەنەوە دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی شرۆڤەی هەڵسوکەوتی دیکتاتۆر بکرێت، تەنانەت لە دوایین ڕۆژەکانی شەڕی جیهانیی دووەم تیمێکی تایبەتی دەروونناس لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە دیاری کرا بۆ ئەوەی بتوانن پێشبینیی بڕیارەکانی هیتلێر بکەن. ئەوەی بە خوێندنەوەی دوایین ڕۆژەکانی ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی ڕابردوو و هاوچەرخ دەیبینین جارێکی دیکە بەو ئاکامە دەگەین کە خوو و خدە و هەڵسوکەوتی هاوبەشیان هەیە.

یەکێک لەو خاڵە هاوبەشانە کە بە زۆری لەنێو دیکتاتۆرەکاندا دەبیندرێت کەڵکوەرگرتن لە چەکی هەڕەشە و پڕۆپاگەندەیە بۆ ئەوەی لاوازییەکانی خۆیانی پێ بشارنەوە و خۆیان بەهێز پێشان بدەن. هەر کەس هەڕەشەکانی سەدام حوسین، دیکتاتۆری ئەوکاتی عێراقی دەبیست کەمتر باوەڕی بەوە دەهێنا تەنیا چەند مانگێک دواتر لە کونێکدا دەیهێننە دەرێ کە مشک و ماریش بەئەستەمی تێیدا دەژیت. یان حەمەڕەزاشا کە هێندە خۆی پێ بەهێز بوو و لە بان هەورانەوە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەرزیی دەڕوانی. یان هەڕەشەکانی قەزافی و کوڕەکانی لە تەرابلوسی پایتەخت کە باسیان لە بەهێزیی خۆیان دەکرد، تەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند کە بە بەردبارانکردنی قەزافی کۆتایی پێ هات. لەو نمونانە زۆرن کە لە ژیانی هەموو دیکتاتۆرەکان بینراون، هەرکات هەڕەشە و پڕۆپاگەندەی دیکتاتۆرەکان ڕوو لە زیادبوون بکا، مەزەندە دەکرێت کۆتایی تەمەنیان نزیکتر بووە.

ئەوەی لەو ڕۆژانەدا لە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دەبینین پەنابردنە بۆ ئەو هەڕەشە و پڕۆپاگەندەیە. هەرچەند هەر لە کۆنەوە عەجەم (مەبەست دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانە) لە مەکر و فێڵ و فریودا دەستی باڵایان هەبووە، بەڵام ئەو لایەنە لە کۆماری ئیسلامیدا بە لوتکە گەیشتووە و هەر لە ڕۆژی بەرێوە کە هاتووەتە سەر کار بە زۆری لە چەکی پڕۆپاگەندە و هەڕەشە کەڵکی وەرگرتووە.

ئێستاش کە ساڵیادی شەهیدبوونی ژینا و دەستپێکی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا دەبینین هەڕەشە و پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی بەدژی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە ئەندازەیەک دونیای میدیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە کە وێڕای نیگەرانی، ڕاستیی شوێندانەریی بزووتنەوەی کوردیشی سەلماند.

بەڵام لە سەرووی هەموو ئەوانە ئەو هەڕەشانە لە هەموو ئەو لاوازییانەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەروەها داماوی لە سەرکوتی شۆڕشی ژینا بە تایبەتی لە کوردستان تووشی هاتووە. هەمووان دەزانین کۆماری ئیسلامی نەک نەیتوانیوە پێش بە ڕەوتی شۆڕش بگرێ، بەڵکوو بۆخۆی باشتر لە هەمووان دەزانێ بزووتنەوەی سیاسی و خەڵک ئەمجارەیان توندتر لە جاران بەرەو ڕێکخستن و هەماهەنگیی پتر بۆ فازی نوێی چالاکییەکانی لە داهاتوو دەڕۆن. بۆیە تەنیا ڕێگەیەک کە بۆ دیکتاتۆر دەمێنێتەوە، ئەوەیە هەڕەشە بکات و لە ڕێگای میدیاوە خۆی بەهێز بنوێنێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی توانیبای بەو ویستەی واتە لە نێوبردنی بەتەواویی بزووتنەوەی سیاسی بگات، بێگومان بەبێ هەڕەشە دەیکرد، بەڵام ڕوونە کە نەک هەر لە وەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا تێکشکاوە، بەڵکوو لە نێوخۆیشیدا لە هەموو بوارێکەوە هەرەسی هێناوە؛ بۆیە پەنا بۆ هەڕەشە دەبات تا بتوانێ لە شەڕی نەرمدا سەرکەوتوو بنوێنێ و قەرەبووی شکستەکانی بکاتەوە. ئەمن لەو بڕوایەدام تەنیا چەند ڕۆژ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئەو قسەیەی لە دوایی هەموو دیکتاتۆرەکان گوتراوە، دوبارە دەگوترێتەوە کو بەڕاستی هەر ئەوەندە بوو هێزی ئەو دیکتاتۆرەی پڕۆپاگەندەکەی گوێی هەموو لایەکی کەڕ کردبوو؟!

خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە دۆخی ئێستادا و هەتا ئەوکات پێویستە بە خۆڕاگریی زیاترەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرەوڕووی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی ببین. لەبیر نەکەین چەکی ئێمە خەڵکی ئێمەیە و دەتوانێ هەر دیکتاتۆرێک بڕووخێنێ. لە کۆتاییشدا هەر خەڵک سەرکەوتووە و، چەکی دیکتاتۆریش ئەو پڕۆپاگەندە و هەڕەشانەن کە بە هیچ شوێنێک ناگات و هەر زوو دەردەکەوێ کە بێئاکام دەمێنێتەوە.

چەکی هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی و هەموو دیکتاتۆرەکان چەکێکی ژەنگاویی بەبێ فیشەک و تەقەمەنیە و مەترسییەکەی تەنیا بۆ خاوەنەکەیەتی و هەر زوو بۆ خەڵک و هەموو لایەک دەردەکەوێ کە توانا و ئیرادەی شۆڕش گەلێک بەهێزتر لە هەیمەنەی داڕماوی دیکتاتۆرە.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دۆێنێ و ئەمڕۆی ڕاپەڕین و ئەرکەکانی بەردەممان




**عومەر باڵەکی**

له مێژووی هەر نەتەوەیەکدا ڕووداوی جۆراجۆر ڕوو دەدەن، بەڵام لەنێو ئەو ڕووداوانەدا کۆمەڵێکیان کاریگەریی هەرمانیان لەسەر کۆیادی مێژوویی ئەو نەتەوانە بەجێ هێشتووە و ئەمە بۆ نەتەوەی کوردیش ڕاستە. ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین و تەنیا ئاوڕێک لە مێژووی هاوچەرخی کورد بدەینەوە، دەبینین لە ساڵدا ڕۆژ نییە گەلی کورد بە دەستی حوکمڕانانی دیکتاتۆر و زاڵم تووشی کارەساتی گیانی و ژینگەیی نەبووبێ. بەڵام لە هەر پارچەیەک لە کوردستانی دابەشکراودا هێندێک ڕووداو هەن کە بە تێپەڕبوونی زەمەنیش لە بیروزەینی تاکی کورددا ناسڕێنەوە. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک ناخهەژێنن و دەرخەری بەشمەینەتیی کوردن کە بوونەتە هێمای مەزلوومییەتی نەتەوەیەک و لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرینگیش بوون بۆ سووربوونی نەتەوەی کورد لەسەر درێژەدانی خەباتەکەی.

کە بەخێرایی ئاوڕ لە دۆخی کورد لە ماوەی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، هەمووان دەزانین کە نەتەوەی کورد و حیزبە خەباتکارەکەی بە مێژووی ٣٣ خەباتی سیاسی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیم خەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆی لە کۆماری ئیسلامی جیا کردەوە. بۆیەش هەر چەند مانگ دواتر لەلایەن ڕێبەری ڕێژیمەوە فتوای جیهادی لەدژی درا و لە ماوەی ئەو ٤٤ ساڵەدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر سێبەری ئەو فتوایەدا هەزاران جینایەتیان خوڵقاندووە کە بە پێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی دادەنرێن.

مانگی خەرمانان بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لەو مانگانەیە بەداخەوە پڕە لە کارەساتی ناخهەژێن، بەڵام لە هەمان کاتدا مانگی خۆڕاگری و دیفاع لە مان و مەوجوودیەتی گەلی کوردیشە. دوو حەوتوو دوای فتوا بەدناوەکەی خومەینی لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨دا خەڵکی گوندی قارنێ لە ناوچەی نەغەدە کۆمەڵکوژ کران. لەو جینایەتەدا هێزەکانی سپای پاسداران دەستیان لە ژن و پیاو، منداڵ و پیر و لاو نەپاراست و تەنانەت حورمەتی مەلای ئاوەدانیشیان نەگرت و قورئان بەدەست شەهیدیان کرد. بەڵام مخابن کە ئەو جینایەتە بە بێدەنگی بە بەرچاوی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتیی جیهانیشدا تێپەڕی و هەر ئەوە بووە هۆی دەستئاوەڵایی ڕێژیم بۆ بەردەوامییان لە خوڵقاندنی جینایەت لە دوای جینایەتی دیکەدا. ئێمە دەزانین کە ١٣ ساڵ دوای جینایەتی قارنێ ئەمجارەیان لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا د.سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبیان لەگەڵ پۆلێک هاوڕێی دیکە تێرۆر کرد. هەر لە درێژەی ئەو جینایەتانەدا ٢٦ ساڵ پاش تێرۆری د. شەرەفکەندی و هەر لە مانگی خەرمانان‌دا، لە ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا بنکەکانی حیزبی دێموکراتیان کردە ئامانجی مووشەکە دوورهاوێژەکان کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

ڕاستە برینی ١٧ی خەرمانان قورس بوو، بەڵام ڕێژیم ئەوجارەش نەیتوانی ئامانجە سەرەکییەی کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات و کپکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەلکی کوردستانە بپێکی. چونکە حیزبی دێموکرات خاوەنی پشتیوانیی بەربەرینی خەڵکی خۆیەتی و وا بەئاسانی لەنێو ناچی. بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە ئەوەندە بەسە بڵێین تەنیا ٤ ڕۆژ دوای مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات لە ٢١ی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ناڕەزایەتی دەربرین بە کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد گەورەترین حەماسەی مانگرتنیان خوڵقاند کە پەیامەکانی زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوون. بەڵام دیسان دەسەڵاتدارانی تاران چاویان لە ئاستی ئەو واقیعییەتە نووقاند کە جووڵانەوەیەکی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازی ماوەی نیزیک بە ٨ دەیەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە و ئەم جووڵانەوەیە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خۆڕاگری، خەباتکاری و خسڵەتەکانی شۆڕشگێری لە کوردستاندا دروست کردووە.

٢٥ی خەرمانانی پارەکە ڕووداوێکی دیکەی گرینگی مێژوویی ڕووی دا کە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە تاران بوو. ئەوە بوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دوای کوژرانی مەزلوومانەی ژینا بە دەستی گەشتی ئیرشاد داوایان لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستان کرد لە حاند ئەو جینایەتەدا بێدەنگ نەبن. خەڵکی کوردستان بە پیل بانگەوازەکەی ناوەندی هاوکارییەوە هاتن و شارەکانی کوردستان یەک لە دوای یەک تیکەڵ بە مانگرتنی گشتی بوون. کاتێکیش ناڕەزایەتییەکان لە کوردستان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بە ڕووی گشتییەتی نیزامدا تەقیەوە و بەخێرایی سنوورەکانی کوردستانی ئێرانی بری و بوو بە ناڕەزایەتیی سەرانسەری لە هەموو ئێران؛ ئەم ڕاپەڕینە هێڵە سوورەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی تێپەڕاند و ئیدی ناوی "ژینا" بوو بە ڕەمزی سەرهەڵدان و بەردەوامیی شۆڕش. دەسەڵاتدارانی تارانیش وەک پیشەی هەمیشەییان پەنایان بردەوە بەر تاکەڕێگا چارەسەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە کە ئەویش سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکانی خۆپێشاندەر بوو. هەموو بینیمان کە هێزەکانی ڕێژیم دەستیان لە کەس نەپاراست، گیانیان لە سەدان لاوی خەباتکار ستاند، بە هەزاران هەزار کەسیان بریندار کرد، بە دەیان هەزار کەسیان تەنیا بە تاوانی! مافویستی ڕاپێچی زیندانەکان کرد و بە چەندین کەس لەو بەندکراوانەشیان بە تاوانی بێبنەما ئێعدام کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ئەو تاوانانەی دەرحەق بە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام کرد، هەر بۆ ئەوەی بیسەڵمێنی ژینا بە دەستی هێزە ئینتیزامییەکان لە تاران نەکوژراوە. لەو هەلومەرجەدا کە ڕاپەڕینی ژینا هەتا دەهات لە ئاستی ئێراندا ڕەگی دادەکوتا، دەسەڵاتدارانی تاران کە خۆشیان باوەڕیان کردبوو ڕووخانیان نزیک بۆتەوە، لە تەنیشت سەرکوتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کەوتنە پیلانگێری بەدژی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. ئامانجەکە ڕوون بوو: بەلاڕێدابردنی بیروڕای کۆمەڵگەی ئێران و دیزەبەدەرخۆنەکردنی قەیرانێکی گەورە بە دروستکردنی قەیرانێکی دی لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. ئەوە بوو پاش ئامادەکاریی زەینی بە چەواشەکردنی ئەوەی لە کوردستانەوە مەترسی لەسەر دابەشبوونی ئێران هەیە و حیزبە کوردییەکان هۆکاری سەرەکیی ناڕەزایەتیی خەڵکن، لە کاتێکدا کە تازە مانگێک بوو حیزبی دێموکرات یەکی گرتبۆوە و ئەو یەکگرتنەوەیە گیانی وەبەر ناڕەزایەتییەکان لە شەقامەکانی کوردستان نابوو، حیزبی دێموکرات لە ٦ی ڕەزبەر و کەمتر لە دوو حەوتوو پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا بە زیاتر لە هەشتا مووشەکی دوورهاوێژ و درۆن هێرشی کردەوە سەر بنکە و شوێنی ژیان حەوانەوەی ماڵ و منداڵی حیزبە کوردییەکان. دوای ئەم هێرشانەش کە بوونە هۆی شەهیدبوون و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری سیاسیی دیکە، هەتا ئێستاش شەڕێکی ڕەوانی هەمەلایەنەی لە ڕێگای دەزگاکانی تەبلیغی و پروپاگەندەو میدیای سێبەر و دەستوپێوەندەکانی خۆیەوە بەدژی حیزبە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەست پێ کردووە. هەروەها لە درێژەی گوشارەکانی بۆ سەر حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان چەککردنی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسیەکانی دیکەی کوردی لەوان دەوێ کە لە دوو لایەنەوە جێی هەڵوێستە لەسەر کردنە:

یەکەم، بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی-عیراق پرسێکی قانوونی و حقوقییە کە پێوەندی بە نێوخۆی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عیراقە هەیە. لە هەمان کاتدا بەپێی هەموو پێوەرە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵی ئەندامان و بنەماڵەکانی ئەو حیزبانە کە ماوەیەکی دوورودرێژە لە خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقدا نیشتەجێن، دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی ناوەندیی عێراق و هەرێمی کوردستان. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەی خۆیەوە بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامەی خۆیان لەگەڵ حکومەتی عێراق باس لە چەککردنی ئێمە دەکەن و بە ڕۆیشتنی بەردەوام لەسەر ئەو بابەتە ئەویش لە بەرەبەری ڕاپەڕینی "ژینا"دا دەیانهەوێ لە بیروڕای گشتیی ئێران و جیهاندا پرسی کورد و خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تەنیا لە چەک و چەکداریدا کورت بکەنەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە فتوای خومەینی و سەپاندنی شەر بە سەر کوردستان و بەردەوامیی ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مان ومەوجوودییەتی گەلی کورد و داوا ڕەواکەی پێک بێ و ئەو چەکەش بۆ بەرگری بووە نەک هێرش و پەلامار.

مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕە لە هەوڵ و تەقەلای ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەری پرسی کورد. پێشەوا قازی محەممەد دەیتوانی بەشی ئەوەندە شەڕی سپای پاشایەتیی ئێران بکا کە گیانی خۆی و هاوڕێکانی ڕزگار بکا، بەڵام گیانی خۆی و هاوڕێیەکانی بەختی سڵامەتیی گەلەکەی کرد. د. قاسملووش هەر بەو ڕێچکەدا ڕۆیشت و دەستی ئاشتیی بۆ دەسەڵاتدارانی تاران درێژ کرد، بەڵام لەسەر میزی وتووێژ ناجوامێرانە شەهیدیان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ ئەوکاتەی دوو لەسەر سێی خاکی کوردستانی بەدەستەوە بووە و چ ئەوکاتانە ناچار بووە لە تاراوگە ڕێبەریی جووڵانەوەی میللی دێموکراتێکی خەڵکی کوردستان بکا، باوەڕی وا بووە و واش دەمێنێتەوە کە چارەسەری پرسی کورد، تەنیا ڕێککەوتن و چارەسەری مەدەنی و ئاشتییانەیە. ئەو هەمووە پەلەقاژەیەی دەسەڵاتدارانی تارانیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو هێزیانەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسیی، نیزامی، ئەمنییەتی و پیلانە فەرهەنگییەکانیانەوە، نەک نەیانتوانیووە جووڵانەوەی میللی دێموکراتێکی گەلی کورد و گەشەکردنی هەست و بیری نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کپ بکەن؛ بەڵکوو لە شۆڕشی ژینادا لەسەر شەقام بۆیان دەرکەوت کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەندە زیندوویە و پێگەی حیزبی دێموکراتیش لە چ ئاستێکدایە.

زۆر خاڵ لە ڕاپەڕینەکەی ئەمجارەیاندا دیار و بەرچاون، وەک ئەوەی خەڵکی ئێران بە گشتی ئەمجارەیان نەکەوتنە ژێر کاریگەریی دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم و بەتایبەت پاڵپشتیی خۆیان بۆ کوردستان و بەلووچستان دەربڕی و ئەو هاوپێوەندییە بە ڕادەیەک بوو کە تەنانەت دەسەڵاتدارانی تاران کە لە هەلومەرجی ئەوکاتدا پێویستیان بە خۆپێشاندان لەسەر شەقامەکان هەبوو، نەیانوێرا لایەنگرانی خۆیان بەناوی "ئۆممەتی هەمیشە در سەحنە" بۆ پشتیوانیی خۆیان بێننە سەر شەقام. یان ئەوە کە کاریگەریی شۆڕشی ژینا لە دەرەوەی سنوورەکانیش بووە هۆی ئەوەی باسی بە تێرۆریستناساندنی سپای پاسداران لە پارلمانی وڵاتان و لە ئاستبەرزترین ناوەندی ئورووپادا بێتە بەر باس. ڕاستە کە ئێستا لەژێر زەبروزەنگ و کوشتاری خەڵکی بێدیفاعی سەر شەقامدا ڕێژیم توانیویەتی بەڕواڵەت ناڕەزایەتییەکان کۆنترۆڵ بکا؛ بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچ کام لە تاکتیکەکانی دادی نادەن و هەمووی گۆڕانکارییەکان لە درێژخایەندا به قازانجی گەلانی ئێران تەواو دەبن. بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هیچ حاڵەتێکدا ناتوانی بگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی پێش ڕاپەڕینی ژینا.

دواخاڵ باس لە گرینگترین ئەرکەکانمانە: مێژووی زیاتر لە چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی و نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران پێمان دەڵێ مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە قۆناخی یەکەمدا لە نەبوونی ئۆپۆزیسیونێکی یەککرتوو و بەهێزدایە. بۆیە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پێویستە یادکردنەوەی ڕاپەڕینی ژینا بکەنە دەرفەتێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی زیاتر و لە هەمان کاتدا هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ هێزە دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران.

***

* تێبینی: ئەو وتارە پوختەی قسەکانمە لە کارنەڤاڵی ژن، ژیان، ئازادی لە ستۆکهۆڵمی سوێد.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## چییەتیی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و سیناریۆکانی داهاتوو؟



**مستەفا مەولوودی**

بێ پێشەکی هۆکار و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە فشار و هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوون و ئاشکران و پێویست ناکات زۆر شەن و کەو بکرێن و لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەو ڕێژیمە لەگەڵ کورد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو و دژایەتی ئەم حیزبە و خواستەکانی گەلی کوردی کردووە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتی کردبوو، و بە هەراوی و چالاکانە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداری کردبوو. بۆیە زۆر سروشتی بوو کە چاوەڕوانی دەستەبەری دەسکەوتەکانی شۆڕش بۆ خەڵکی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوێنەرایەتیی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بۆ ئەوە تێدەکۆشا؛ بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستان ڕێبەرانی ئیسلامی پاش سەرکەوتنی شۆڕش نەک هەرهیچ گرینگییان بە ویستی ڕەوای خەڵکی کوردستان نەدا، بەڵکوو دژیشی وەستانەوە. زۆریش نەخایاند دەستیان بە پیلانگێڕی و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان کرد و؛ تەنانەت فتوای جیهادیشیان لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بە هەموو تواناوە هێرشیان کردە سەر کوردستان.

خەڵکی کوردستان کە تێدەکۆشا و لێبڕابوو بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی دەستی لەسەر دەست دانەنێت، دەستەوەستان نەمایەوە. بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە و هەمەچەشن بەرەنگاری هێرشی دژمن بۆوە و ئەو خەبات و خۆڕاگرییە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و سروشتییە هەتا وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە درێژەی دەبێ. خەڵکی کوردستانیش لە مێژوودا بە خەبات و تێکۆشان ئەوەیان سەلماندووە و پشتڕاستیان کردۆتەوە.

لە خەبات و تێکۆشاندا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات، لێبڕاوانە و بێپسانەوە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیکی خەڵکی کە مافەکانی خەڵکی کوردستان قبووڵ و مسۆگەر بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" تێدەکۆشا کە لە دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا بەشداری چالاکانەی هەبێ و لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی بێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری بە شێوەی خودموختاری بەدەست خەڵکی هەرێمەکەوە بێت.

خۆ ئەگەر ئێستا "شۆڕشی ژینا"ش بە نموونە بێنینەوە، دەتوانێ نموونەیەکی باش بێت بۆ ڕادەی خۆڕاگری و ئازایەتی خەڵکی کوردستان و کاریگەری و دەوری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕادەی دڵڕەقی و جینایەتکاریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لە ئێستاشدا کە لە بەرەبەری ساڵیادی تێرۆری دوکتور قاسملووداین، زۆرتر ڕوانگەکانی ئەو سیاسەتمەدارە بەتوانایەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەموویان ئیلهامدەر و ڕێنوێنی تێکۆشەرانی مەیدانی ڕاستەقینەی خەبات لە شەقام و شارەکانە. بە خوێندنەوەی تازەش و دیسانەکە بۆ هەموومان دەرکەوت کە دوکتور قاسملوو بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی دووربین بوو. پاش ٣٤ ساڵ لە تێرۆرکردنی ئێستاش و بۆ داهاتوو خوێندنەوە و ڕوانگەکانی لەسەر زۆربەی بابەتە سیاسییەکان بە ڕۆژن و چرای ڕێگای تێکۆشانی سیاسەت پێ کردنن.

وەک دەزانن چەخماغەی شۆڕشی ژینا لە کوردستان لێ درا و بە ماوەیەکی زۆر کەم، پانتایی ئێران و زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و ڕۆژی وا هەبوو زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران شاهیدی خەبات و بەربەرەکانی و خۆنواندنی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون، هاواریان نا بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمین جار بوو دروشمەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستان بەڕوونی لەلایەن خەڵکی تاران و تەورێز و زاهیدان و زۆر شاری دیکە بیسترا و گوترانەوە. (کوردستان چشم و چراغ ایران) نیشانەی ئەوە بوو خەڵکی باقی ئێران هاوار و داوای ڕەوای خەڵکی کوردستانیان گوێ لێ بوو. پشتیوانیان لێ کرد؛ هەر چەندە لەو شۆڕشەدا خەڵکی کوردستان تێچووی زۆری هەبوو بەڵام جارێکی دیکە، کۆمەڵێک پەیام لەو شۆڕشە سەریان هەڵدایەوە کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەزم نەدەکران:

یەکەم: پاش ٤٤ ساڵ سەرکوت و دەمکوتکردنی خەڵکی کوردستان و بێبەشکردنیان لە زۆر مافی ڕەوا و تەنانەت لە بژێویی ژیانی ڕۆژانە، گوشاری بەندکردن، ئەشکەنجە، ئازار و لەسێدارە دان. خەڵکی کوردستان زیاتر ماهییەتی ڕێژیمیان ناسیووە و لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا ڕاوەستان و بەچۆک دانەهاتوون بەڵکوو پێداگرتن بوو لەسەر ویستەکانیان یانی لە یەک وشەدا خەڵکی کوردستان بەگشتی لە بواری سیاسییەوە زۆر بەرەوپێش چوون.

دووهەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٤٤ ساڵە کار دەکات بەڵکوو کەلێن و جیاوازیی لە نێوخەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان  بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست بکات، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، ڕێژیم ئەوەی بە ڕوونی بۆ دەرکەوت کە هیچ کەلێنێک لە نێوان خەڵک و حیزبەکانی کوردستاندا نییە. بەڵکوو پێوەندیی ئەو دووانە بەیەکەوە قایمتر و تۆکمەترە و ئاوێتەی یەکتر بوون.

سێهەم: ڕێژیم لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵی داوە خەڵکی ئێران پەیام و دەنگی بە حەقی خەڵکی کوردستان نەبیسن و بە گوێیان نەگات. بەڵام شۆڕشی ژینا ئەو سنوورەی بەزاند. هاواری مافویستیی خەڵکی کوردستان و داوا ڕەواکانی کوردیان بیست؛ ئەوە پێوەندیی بەرین و قووڵی لە نێو خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی ئێراندا دروست کردوە.

سروشتییە ڕێژیم هەموو ئەوانەی پێ ناخۆش بوو و چاوی پێیان هەڵنایە؛ هەر بۆیە لەگەڵ گوشار بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا و لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد و لە ماوەی  یەک مانگدا چەند جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە.

ڕێژیم مەبەستی لەو هێرشانە ڕوونە و وەک لە ماهییەتی‌دایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەی بە بەردەوامی نیشان داوە کە دژی هەموو ئازادییەک و مافی ڕەوای خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانە بە تایبەت، بۆیە گوشاری زیاتری خستۆتە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی بۆ ئەوەی قینی خۆیانیان زۆرتر پێ بڕێژێ. ئەوەندەی بۆی بکرێ زۆرتر خەڵک ئازار بدات و زۆرتر لە ئەندامی حیزبەکان بکوژێ. جیا لەوەش شۆڕشی ژینا کە تایبەتمەندیی مەدەنی و سەردەمیانەی وەرگرتبوو،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی زۆرتر داماو کردبوو، دەیهەویست ئەوەندەی بۆی دەکرێ بە بیانووی جۆراوجۆر سروشتێکی توندوتیژ لە شۆڕشی ژینا وێنا و حیزبەکانی پێ تاوانبار بکات و ئەو خەبات و شۆڕشە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی لابدات. بەجۆرێک لە جۆرەکان بیانووی زۆرتر بۆ سەرکوت لە کوردستان بدۆزێتەوە و بیروڕای دنیای دێموکراتیکی دەرەوە کە سەرنجی زۆری لەسەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ژینا هەبوو، چەواشە بکات و بەلاڕێیدای بەرێ؛ هەر لەو کاتەدا کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی پاساو بدات. بەڵام هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە ئیلهام وەرگرتن لە سیاسەتی واقعبینیی حیزب کە مامۆستا و داڕێژەری ئەو سیاسەتە لە بیر و هزری دوکتۆر قاسملوو و قوتابیانی سەرچاوە دەگرێ، ڕێگە نەدرا ئەو پیلانەی ڕێژیم سەر بگرێ. هەر بۆیە بە توندترین شێوە لە کوردستان لەسەر خەڵک لە هەرێمی کوردستان لەسەر حیزبی دێموکرات ڕەق و قینی خۆی ڕشت؛ بەداخەوە خەڵک و حیزبەکان تووشی تێچوو و هەزینەی زۆری گیانی بوون.

ئێمە لە سەرەتادا باسمان کردوە کە ڕێژیم لە ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە دەستی بە دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کورد کردوە بەڵام خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵیان نەداوە و لە بەرانبەر هەموو گوشارێکی ڕێژیمدا خۆیان ڕاگرتووە و خۆڕاگری و بەربەرەکانیان کردوە؛ ئەوەش بۆ ڕێژیم قابیلی تەحەموول نەبووە و نییە؛ هەر بۆیە بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە هیچ جینایەتێک خۆی نەپاراستووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم خەباتی خەڵکی کوردستان لە مێژوودا تا ئەوڕۆش ڕەوا و بەحەق بووە و هەر ڕەوایە، هەوێنی ئەو خەباتە بیر و ئەندێشەی ڕێبەران و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی سەخاوەتمەندانەی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانیەتی. کە دێینە سەر بیر و ئەندیشەی ڕێبەران، دەتوانین بڵێین دوکتۆر قاسملوو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەیە کە سیاسەت و ڕێبازی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی تیئۆریزە کرد و خەملاندوویەتی بە تایبەت لەو پەنجا شێست ساڵەی ڕابردوودا، لە داڕشتنی سیاسەتی ڕاست و دروستی، حیزبی دێموکراتدا لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بیر و ئەندێشەی ئەو سیاسەتمەدارە بە توانایە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ لە تێرۆرکردنی، کاریگەری و شوێنەواری ئەو زانایە لە شەقامەکانی کوردستان دروشمی خەڵکی سەرشەقامە، هەروەها هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سیاسیی حیزبەکان لە فاکتۆرەکانی ئەو بیرمەندە سوود وەردەگرن. هەموومان دەزانین کەم نین ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانەی کاتی خۆی بە هەر هۆیەک بووبێ دژی بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو بوون و لە سیاسەتەکانی ڕەخنەیان گرتوە بەڵام لە ئێستادا بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە تێگەیشتنی ئەو کاتی خۆیان دەگرن و بە ڕوونی دان بەوە دادەنێن کە دوکتۆر قاسملوو لەسەر حەق و ڕاست بوو و ئەوان بوون وەک پێویست دەرکیان بە توانا فیکری و سیاسییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەکردوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکتور قاسملوو بە ڕاشکاوی گوتوویەتی ئەویش ئینسانە و دەکرێ ئەویش لە کاتی ڕێبەریدا لە پێوەندی لەگەڵ داڕشتن و بابەتی سیاسیدا کە هەڵوێستی گرتووە، هەڵەش بکات بەڵام کە چاو لە مێژوو و سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ بەخۆشییەوە نە دوکتور قاسملوو و نە حیزبی دێموکرات هەڵەیەکی ئەوتۆیان نەکردوە کە شوێنەواری نەرێنی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا دروست کردبێ. بۆیە پاش ٣٤ ساڵ لە تێرۆری قاسملوو، ئێستاش بیر و ئەندیشەکانی ئەو ڕێبەرە ئیلهامدەری بەشدارانی خەبات و تێکۆشان و لێکدانەوە و شەن و کەو کردنی بابەتە سیاسییەکانە و حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٧٨ ساڵ یان باشتر بڵێین نیزیک بە هەشتا سال، حیزبی هەراوی خەڵکی کوردستانە و چاوی خەڵکی بە سەرەوەیە و بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بە مەنزڵگەی سەرکەوتنی بگەیەنێ.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئیرادەی هاوبەش!



**ئاسۆ مینبەری**

**٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ ساڵێک بەسەر شەهیدکرانی ژینا ئەمینی تێپەڕی. لە یەکساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە کوردستاندا ڕوویان دا، ڕووداوگەلێک کە بێگومان بەشێک لە پاشخان و مێژووی ئەم وەرزە لە خەبات بۆ نەسڵەکانی داهاتوون.**

**٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵی ڕابردوو بوو، ڕەنگە ساڵی ڕابردوو و لەم ڕۆژەدا کەم کەس هەبووبێ بیری لەوە کردبێتەوە گیانلەدەستدانی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران، ئەتوانێ چەخماخەی شۆڕشێک لێ بدا، بەڵام ئەمساڵ هەمووان دەیانزانی دەبێ یادی ژینا لە یەکساڵەی نەبوونیدا بکەنەوە.**

**وێنایەک لە ڕۆژەکانی پێش ٢٥ی خەرمانان**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیم لە هەر لە سەرەتای مانگی خەرمانانەوە هێزێکی چەکداری زۆری ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کرد و بەتایبەت شاری سەقزی بەتەواوی میلیتاریزە کرد. ڕەشبگیرێکی کەموێنەی لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژینگەپارێزی کرد و سەدان کەسی لە زیندان پەستاوت. بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینای بانگ کرد، گوشاری خستە سەریان و هەڕەشەی لێ کردن کە نابێ بەشداری ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی ژینا ئەمینی بن. بە دانانی کامێرای چاودێری و خاڵی پشکنین لە چونەژوورەوەی شارەکان، کەشێکی ئەمنیەتیی بەسەر شارەکاندا زاڵ کرد. دووکاندار و بازارییەکان لەسەریان کرا بێتوو مان بگرن و دووکان و بازاڕ دابخەن زۆر خراپیان بەسەردا دەشکێتەوە. لە ماوەی یەک حەوتوودا، ٤ جار باوکی ژینا بانگ کرایە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەموو ئەمانە لە ترسی تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکی کوردستان و پاشان بەپیلەوە هاتنی بانگەوازێکی هاوبەشی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو.!

لە گێڕانەوەیەکی کورتدا:

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە و داوایان لە خەڵک کرد لە ڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەری، وێڕای خاوەندارەتیکردن لە کچەکەیان، "نا"یەکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی و تەواویەتی ڕێژیمە نگریسەکەی بڵێنەوە.

ڕۆژی شەممە، ٢٥ی خەرمانان، بازاڕی و کاسبکاران لە هەموو شارەکانی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست و کوردستان ئیرادەیەکی گشتگیریان پێشان دایەوە و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامییان تووشی شۆک کرد.

ڕێژیم سەرەڕای هەموو ئەو ڕێکارانەی بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک گرتبوویە بەر، بەڵام شکا. بۆیە ناچار دیسان پەنای بردە بەر ڕێکاری دی. سەرەتا دایک و باوکی ژینای لە ماڵەکەی خۆیاندا دەسبەسەر کرد و هەموو ڕێگاکانی پێوەندیی بنەماڵەی ئەمینیی لەگەڵ دەرەوە پچڕاند. هەموو شەقامەکان و ڕێگاکانی دەوروبەری ماڵی ژینا ئەمینی بە هێزی ئەمنیەتی گەمارۆ درا، دواتر هەواڵدەریی ئیرنای سەر بە ڕێژیم، بە ناردنی کورتەنامە بۆ خەڵک، دەسبەسەرکرانی ئەمجەد ئەمینیی ڕەت کردەوە و لە زاری جێگری ئەمنیەتیی پارێزگاری سنەوە ڕایگەیاند کە پێشگرتن لە ڕۆیشتنی باوکی ژینا ئەمینی بۆ سەر مەزاری کچەکەی بە مەبەستی "پووچەڵکردنەوە"ی پیلانی "تێرۆر"ی ناوبراو بووە! ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ئەمجەد ئەمینی، چەند ڕۆژ پێش بە بڵاوکردنەوەی پۆستێک لە ئینستاگرامەکەی خۆیدا ڕایگەیاند وەکوو هەر بنەماڵەیەکی دیکە بە مافی خۆیان دەزانن ڕێوڕەسمی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی بۆ کچەکەیان بگرن. هەروەها داوایان لە خەڵکیش کرد کە خۆیان لە هەر چەشنە توندوتیژییەک بە دوور بگرن، کەچی ڕێک لەو ڕۆژەدا سێناریۆیەک دەخوڵقێ کە گوایە ویستوویانە ناوبراو تێرۆر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بکەن و هەر ئەو ڕێژیمە مرۆڤکوژە کە ژینـای لە بـاوک و دایکی ستاند، ئێستا هـاتووە و بـاوکەکە لە مەترسیی تیرۆرکران دەپارێزێ! جا تیرۆریست کێیە و بۆچی دەیەوێ ئەم باوکە دڵبریندارە تیرۆر بکات، پرسیارێکە وڵامەکەی تەنیـا لە لۆژیکی ڕێژیمی ئێراندا دەگونجێ.

سێناریۆی لەم چەشنە لە کوردستاندا زۆر بـووە و شتێکی نوێ نییە، چەنـد سـاڵ پیش بـوو کە لە ڕێوڕەسمی ڕێزگـرتن لە شـاعێری گەل، جەلالی مەلەکشادا لە سنە، پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕیسمەکە گیرا، بەو بیـانوویە کە لە هۆڵەکە بۆمب دانراوە! ئەویش هۆڵێک کە لەژێر چاوەدێریی خودی ڕێژیمدا بوو، هۆکارەکە ئەوە بوو کە حەفتەیەک پێش لەوە مەلەکشا لە ڕێوڕەسـمێکی دیـکەدا، بە شـێعری "دارەپیـرە" ڕێژیمـی کردبـووە ئامـانج و ترسـی دووبـارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە، وای کـرد سێناریۆی لەم چەشنە دابڕێژن و هیچکات ڕێوڕەسمەکەش بۆ مەلەکشا بەڕێوە نەچوو!

لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ڕێژیم سەرەڕای هەمـوو ئامادەکارییەکـان و هەمـوو پلانداڕشتنەکانی، شکستێکی گەورەی خوارد، ڕێژیمێک کە هەمیشە بانگەشەی نەمـانی حیزبەکـانی دەکرد و بە میلیۆنـان پـارەی خەرج دەکـرد تـا بە دروسـتکردنی فیلم و بەرنامەی تەلەویزیۆنی، حیزبەکان بە مونحەلە و ناخۆشەویست و جینایەتکار نـاو ببـات، بـۆی دەرکەوت هەمـوو کـات و زەحمەتەکانی بەفیڕۆ چووە.

ئەگەر بانگەوازی هاوبەشی حیزبەکان، نیشاندەری ئیرادەیەکی گشتگیر و پتەو بـوو، لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی کوردستان بە شێوازێکی زۆر وشیارانە و بە بیرێکی کوردستانییەوە، بەرەوپیـری بـانگەوازەکەوە هـاتن و شەقام و بازاڕیـان چۆڵ کـرد. بەمجۆرە بێدەنگییەک باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا کە فێرێکانسەکەی گەیشتە تارانی ناوەندی چەوسانەوە!

ئەم بڕیارە یەکدەستە، پڕ بایەخ بـوو، چونکە وای کـرد کە خەڵکی کوردستان بە هەر بیـر و بـاوەڕێکی حیزبییەوە، لەژێـر چەتـری کوردسـتانیبووندا کـۆ ببـنەوە و پـێکەوە پەیـامی گرینگـی یەکبـوون و یەکهەڵوێـستبوون بە ڕیـژیم بگەیەنـن. ئەم بـانگەوازە ئەم پەیـامە گـرینگەی پـێ بـوو کە سـەرەڕای جیـاوازیی باوەڕەکـان، سـەرەڕای هەمـوو ناکۆکییەکـان، دوژمنێکـی هاوبەشمان هەیە، بۆیە لە بەرانبەر ئەم دوژمنە هاوبەشەدا، بە ئیرادەیەکی هاوبەشەوە لە مەیدانی کـردەوەدا تێدەکۆشین و براوەی ئەم مەیدانەش هەر ئێمە دەبین.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# چیرۆکی بەرخۆدانێک



**ڕەزا دانشجوو**

**سەرنجی یەکەم: بایکۆت**

خاکەلێوەی ۱۳۵۸، شێتییەکی بێسنوور ئەم خاکەی داگرتووە، وادیارە سێبەری ترسناکی ستەمکاری و دیکتاتۆریەت نایهەوێت ئەم خاکە بەجێ بێڵێت، هەموو سەرسوڕماو و سەرلێشێواو بەدوای تاریکیدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی مێژوو دووبارە بکەنەوە. لە جەماعەتی "میللی مەزهەبی" هەتا کۆمۆنیستەکانی "تودە" و "چریکی فیدایی زۆرینە" تا تەکنۆکراتەکان هەمیشە لە سێبەردا. هەموو وەشوێن درۆیەکی گەورە کەوتوون، "کۆماری ئیسلامی"، نەک یەک وشە کەمتر، نە یەک وشە پتر. لەبری ئەستێرەکان، خەڵک سەرقاڵی دیتنی وێنەی خومەینین لە مانگدا!

بەڵام لە شوێنێک لەم خاکەدا چیرۆکێکی دیکە لەئارادایە، لێرەدا لە جیاتی وێنەی خومەینی لە مانگدا، هەموو شەقامەکانی ئەو شارە بە دروشمی "مەرگ بۆ خومەینی" نەخشێنراون. ئەمە درێژەپێدەری شەڕێکە، خەڵکێک کە لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیکتاتۆریی پەهلەوی بێزار بوون و نایەوێت لەگەڵ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهـ بن. خەڵکی ئەم وڵاتە جگەلە ئازادی و دێموکراسی بە هیچ شتێکی تر ڕازی نابن. کاتێک زۆرینەی خەڵک بۆ پێشوازیکردن لە کۆماری ئیسلامی چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، کوردستان بایکۆتی هەڵبژاردنی کرد، ئەمە یەکەم نەخێر بوو لە گەلی کوردەوە بۆ کۆماری ئیسلامی.

سەرنجی دووەم: وازنەهێنان

گەلاوێژی ساڵی 58، خومەینی لە بەرانبەر بایکۆتی یەکلاکەرەوەی ڕۆژهەڵات، بە مەبەستی کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی کوردستان فەرمانی هێرشکردنە سەر کوردستانی دەرکرد. شەڕێکی نایەکسان لەگەڵ کەسانێک کە جگە لە باوەڕیان بە دێموکراسی و ئازادی هیچیان بۆ بەرگری لە خۆیان نەبوو. تەنانەت دوای ساڵانێک ئاسەواری تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر دیواری شارەکانی کوردستان دەبینرێت. لەم لەشکرکێشییە دڕندانەدا هەزاران کەس گیانیان لەدەست دا یان ناچاربوونماڵەکانیان بەجێ بهێڵن. حیزبە کوردییەکان بە مەبەستی پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی تاوان و ناسینی سروشتی دڕندەیی کۆماری ئیسلامی دژی ڕۆژهەڵات کوردستانیان بەجێ هێشت و بەرەو شاخەکان ڕۆیشتن و کەوتنە غوربەتێکی زۆرەملیی خۆسەپاو. بەڵام کۆماری ئیسلامی نەک هەر لەم هەڵمەتە هیچی دەست نەکەوت، بەڵکو لە چاوی خەڵکی کوردستان مەنفوورتر لە پێشووتر بوو. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەکرێگیراوی خۆفرۆشەوە هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی واقیعەکانی کوردستان جیاواز دەربکەوێت، بەڵام وەڵامی خەڵکی کوردستان بۆ دەسەڵاتی تاوانکاری ئاخوندی هەف یەک وشە بوو: نەخێر.

سەرنجی سێیەم: گۆڕینی تاکتیک

دوای چل و چەند ساڵ لە هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان، لە کاتێکدا حکومەتی ویلایەتی فەقیهـ لای وابوو کوردستان ئارام بووەتەوە، گڕکانی تووڕەیی خەڵکی کوردستانی سەری هەڵداوە و لافاوەکەی نەک هەر جوغرافیای ئێران بەڵکوو جیهانیشی سەرسام کرد. ژینای کوردستان بوو بە ناوی ڕەمزی خەباتی نوێی خەڵکی کوردستان لەدژی دیکتاتۆری ئاخوندیی. "نا"ی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان دژبە کۆماری ئیسلامی، دەرئەنجامی ساڵانێک پێداچوونەوە و بیرکردنەوە لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی دژی ڕێژیم بوو. ئەمجارە جۆری خەبات دژبە نیزام لە بنەڕەتدا جیاواز بوو، بە پێچەوانەی ساڵی 58 کە چەند هەزار پێشمەرگەیە بە نوێنەرایەتی لە چەند میلیۆن کورد چوونە مەیدانی بەرخۆدان. دژی دەستدرێژکارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، ئێستا چەند میلیۆن پێشمەرگەی شار لە ناوچە جیاجیاکانی خاکی نیشتیمان بە نوێنەرایەتیی چەند هەزار پێشمەرگەی شاخ چوونە شەڕی یەکلاکەرەوە دژی ڕەشایی. کۆماری ئیسلامی سەرسام لەم گۆڕانکارییە تاکتیکییە، بە هێنانەگۆڕێی ناوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان وەک هۆکاری سەرەکیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاڵۆزییەکان بۆ بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا، هەوڵێکی زۆری دا تا لەم تاڵاوە قووڵە ڕزگاری بێت. بە لام وڵامی وشیارانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئامادە بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر شەقامەکان ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کردووە. "نا"ی کوردستان ئەمجارە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر ڕوونتر و بەرزتر لە ڕابردوو بوو، بەجۆرێک کە دیوارەکانی هێزی خەیاڵی دیکتاتۆری پیری لەرزاند.

سەرنجی چوارەم: بەرخۆدان و بەرخۆدان

لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بە دەستبەسەرکردنی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕش و میلیتاریزەکردنی کوردستان هەوڵی دا پێش دووپاتبوونەوەی ئابڕووچوونەکە ساڵی پێشوو بگرێ، بەڵام هەوڵەکانی لە کوردستان سەرکەوتوو نەبوون. ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر ڕێژیم جارێکی دیکە پرسی بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لە هەرێمی کوردستان هێنایە ئاراوە و بەو بیانوویە هەوڵی دا لەم حیزبانە وەک کارتێکی گوشار لەدژی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێت و لە هەمان کاتدا زەمینەی سەرکوتکردن هەرچی زۆرتر لە کوردستان دابڕێژێت. کۆماری ئیسلامی بە زانینی ئەو ڕاستییەی کە خەڵکی کوردستان ئامادە نابن چاوپۆشی لە تاوانەکانی ڕێژیم بکەن و لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ژینادا، بە هەموو تواناییانەوە بەرگری لەو شۆڕشە دەکەن کە دەستیان پێ کردووە، هەموو ڕێوشوێنێکی پێویستی بۆ سەرکوتکردنی گرتەبەر. بەڵام مانگرتنی سەرتاسەری لە زۆربەی شارەکانی کوردستان جارێکی دیکە وەڵامێکی توند بوو بۆ نیزامی دژەئینسانی کۆماری ئیسلامی و دووپاتکردنەوەی وڵامی مێژوویی و نەگۆڕی گەلی کورد بوو بۆ سەرکردەکانی نیزام: "نا."

بەڵێ! هیچ شتێک لە کوردستان نەگۆڕاوە و ناگۆڕێت، خەبات لە کوردستان تا لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت. "نا" تاکە وەڵامی خەڵکی کوردستانە بۆ نیزامی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی. ئەم جوغرافیا نائارامە تا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی هەمەلایەنە پشوو نادات و تا ئەو کاتە ئەم لەرزینە ناوبەناوانە خەونی کۆماری ئیسلامی و هەموو فاشیستێکی تۆتالیتاری دیکە تێک دەدات. ئەم جوغرافیایە شوێنێکی ئارام نییە بۆ دیکتاتۆرەکان و بەکرێگیراوەکانیان. نە زیندان و نە مەرگ و ئێعدام ناتوانێ ئیرادەی ئەم میللەتە بەچۆک دابێنێ. چیرۆکی چل و چوار ساڵ بەرخۆدان تا گەیشتن بە ئازادی بەردەوامە.

٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قارەمان ناترسن بمرن!




**برایم چووکەڵی**

بەهار جارێکی دیکە دەرودەشتی بە کراسی سەوز داپۆشیبوو. داوێنی چیاکان و جۆگە و جۆبار بە وەنەوشە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهاری ڕازابۆوە. شەوان شنەی بەهاری و خوڕەی چەم و، وێککەوتنی لکوپۆی داربییەکانی قەراغی چەم و، بۆنی عەتری گوڵانی کوێستانانی تا ئاواییەکانی دوورتر دەبرد. ڕۆژانیش پاش ئەوەی چاوی خەواڵوو داوێنی ئاڵۆزی بەر دەدا، بناری چیا، دێمەکار و پێدەشت کە پۆلپۆل مەڕوماڵاتی پێوەر دەبوو، دواتر هەموو لە حەشیمەت ڕەش هەڵدەگەرا، هەر کەس بۆ کارێک و هەریەکەی بۆ مەبەستێک. وەرزێران هەر کەس بۆ کاری خۆی، کیژان بۆ گوڵچنین و ڕنینەوەی گژوگیای بەهاری و، بە جوانی و بۆنوبەرامەی سروشت ئەوەندی دیکە دەگەشانەوە. بلوێری شوان و خرینگەی بازنەی بێری وەک دەنگیکی هەستبزوین تێکەڵی دیمەنی سەرنجڕاکێشی سرووشت دەبوو. بەفراوی بەفری قەد پاڵی زنجیرە کێوەکانی ناوچە، بە خوڕ بە جوگە و جوێبار دادەگەڕان و تێکەڵ بە ئاوی چلچەمە دەبوونەوە. لەوەها دیمەنێکدا گوندێکی خنجیلانە لە ناوچەی کەلاتەرزانی نیوان سنە و مەریوان هەڵکەوتووە بە ناوی "بەڕوەر". لەو گوندەدا بنەماڵەیەک هەیە بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوی کاکەخانی. بنەماڵەیەک کە شەش ڕۆڵەی پێشکێش بە بارەگای ئازادی کردووە. هەگبەی "شۆڕش و شاخ"ی ئەم ژمارەیە باس لە ڕۆڵەیەکی ئەو بنەماڵەیە، شەهید مەحموود کاکەخانی دەکا.

شەهید مەحموود کاکەخانی ساڵی١٣٤٠ی هەتاوی لەدایک بوو. ئەو توانیی تەنیا هەتا ٥ی سەرەتایی بخوێنێ، بۆیە هەر لە منداڵییەوە کاری وەرزێڕی و جوتیاریی لەگەڵ بنەماڵەکەی دەست پێ کرد و هەتا سەردەمی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لەنێو شەپۆلی ژیانی سەخت و پڕ لە کوێرەوەریدا گەورە بوو.

هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە کوردستان هەستی مەحموود کاکەخانیی ڕووشاندبوو. مەحموود لەگەڵ ئەوەی تازەلاو بوو، ئەو ڕاستییەی بەتەواوی بۆ ڕوون ببۆوە کە کورد نەتەوەیەکی بندەست و خاکەکەی داگیر کراوە و تاکەڕێگاش خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارییە. ئەو سەرەتا وێڕای براکانی خەباتی خۆیان لە ڕیزی سوپای ڕزگاری کە ئەوکات لەناوچەی مەریوان و سنە بوون دەست پی کرد؛ بەڵام پاش ماوەیەک هەر شەش برای ئەو بنەماڵەیە بە بیرکردنەوەی قووڵ ڕێبازی سیاسیی خۆیان گۆڕی و ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتیان هەڵبژارد و لە هێزی شەریفزادە لە لکی شەهید محەممەدئەمین سۆفیپوور سازمان دران.

مەحموود لە ماوەیەکی کورتدا بە کردەوە نەترسی و بوێریی خۆی پێشان دا و جێگای خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئیمانێکی پتەوی بە حیزب و ڕێبازەکەی هەبوو و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پلەی زانیاریی خۆی دەبردە سەرێ بۆوەی باشتر خۆی پێ بگەیەنێ. نووسراوەکانی حیزبی بەوردی دەخوێندەوە و لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا باس و شیکردنەوەی لەسەر دەکردن.

مەحموود و براکانی لە ئازایەتیدا ناوبانگی دەرکردبوو. شەڕەکانی ناوچەی سنە، چەمشار، کەڵاتەرزان، لەیلاخ، ناوچەی حوسێنئاوە، ساراڵ، سەرشیوی مەریوان، شەڕی بەناوبانگی کۆڵ و باینچوو و زۆربەی شەڕەکانی دیکەی ناوچە سنە و مەریوان نموونەیەکی بچووکن لە فیداکاریی مەحموود و برا شەهیدەکانی. مەحموود بە هۆی لێزانی، ئازایەتی، فیداکاری، ئاکارجوانی و، بەهۆی کردەوەی شۆڕشگێڕانە و ڕەوشتی جوان، دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی جێی خۆی لەنێو دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە کردبۆوە. لە مەیدانی کاری نیزامی و جموجۆڵ و عەمەلیاتی پارتیزانیدا گەلاڵەداڕێژێکی بەتوانا بوو. جێبەجێکاری سیاسەت و بڕیارەکانی حیزب بوو. بەنەزم و دیسیپلین بوو. لە شەڕەکاندا فەرماندەرێکی ئازا و کارامە بوو، لە جەولە و کاروبارەکانی دیکەی ژیانی ئاسایی پێشمەرگانەدا، ورە و هیوا و هۆمێدی بە هاوسەنگەرانی دەدا و جێگای متمانەیان بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو تایبەتمەندییانە شەهید مەحموودیان وەک سیمایەکی بەوەج لە ڕیزەکانی هێزی شەریفزادەدا ناساند، بۆیە دواتر لەلایەن تەشکیلاتی حیزبەوە وەک فەرماندەری لکی شەهید مەحموودی کەڕەمی دیاری کرا کە تا کاتی شەهیدبوونی ئەو ئەرکەی بە ڕووسوورییەوە بەڕێوە برد. لەو بەرپرسایەتییەدا زۆری پێ نەچوو کارامەیی و زیرەکیی ئەو بۆ هاوسەنگەرانی زیاتر دەرکەوت.

تراژێدیی مێژوویی ئەوەیە کە بەداخەوە ئەو ٦ برایە لە ماوەی کەمتر لە ٤ ساڵدا گیانیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و یەک لەدوای یەک شەهید بوون. بنەماڵەی کاکەخانی برینێکیان سارێژ نەدەبۆوە ڕۆڵەیەکی دیکەیان پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاری دەکرد و سەرلەنوێ برینەکانیان دەکولانەوە. تەنانەت مەحموودی فەرماندە هێشتا چلەی برایەکی تەواو نەببوو کە ئەویش بەداخەوە شەهید بوو.

ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوەی سالی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەلاماری زێدی مەحموودی دا. مەحموودی قارەمان وەک هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا پیشمەرگەکانی ڕێنوینی دەکرد. پاش شەڕێکی قارەمانانە و وەشاندنی زەبرێکی قورس و کاریگەر لە دوژمن پاشەکشەیان پێ کردن، بەڵام لە کاتی ڕاونانی هێزی دوژمن لە گوندی بەرەوەر بەداخەوە بە گوللەی دوژمن پێکرا. بەمجۆرە مەحموودی جوانەمەرگ گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد و جارێکی دیکە بنەماڵەی کاکەخانی دڵیان برینی قورسی هەڵگرتەوە.

هەزاران سلاو لەو شەش برا قارەمانە، شەهیدان: مەحموود، شەریف ، سەلاح، عەلی، ئەحمەد و سەعید کاکەخانی و هەموو شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان.

۲ی ڕەزبەری ۲۷۲۳



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## عەقڵی ڕێژیمی پاشایەتی لە هی کۆماری ئیسلامی سووک‌تر بوو



**دارسمە**

مانەوە و درێژبوونەوەی ژیان هەرچۆنێک بێت لە مردن باشترە. هەموو کەس ژیانی پێخۆشە. تەنانەت ئەوانەی زۆر بڕوایان بە ڕۆژی پەسڵان و جەهەندەم بۆ کافرانی لەعین و سووک و چرووک و بەهەشتی بەرین بۆ بڕوادارانی بەئیمانیشیە، ژنیان لە مردن پێ خۆشترە.

ئەوانەی ژیانیشیان پێخۆش بێت دەکرێت بە سەر دوو تاقم و گرووپ و دەستە و مەستەی عەقڵسووک و عەقڵقورسدا دابەش بکرێن. عەقلیش وەک خەو وایە و سووک و قورسی هەیە. ئەوانەی خەویان قورسە بەزەحمەت لە خەو هەڵدەستن و ئەوانی خەویان سووکە، بە سووکە دەنگێک یان بە پشووی شنەیەکی نەرم خەو لە چاوانیان دەتۆرێت.

پێشینیانی ئێمە بەهەڵە کەسانی شێتیان بە عەقڵسووک ناو بردووە. پێچەوانەی ئەمە دروستە و ئەوانەی عەقڵیان قورسە شێتترن. هەبوونی عەقلیش لەم دەوروزەمانەیەدا سووکەکەی باشترە. ئاسانتر هەڵدەگیرێت و مرۆڤ قورس ناکات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

داینانە پێنیت.

پێوەندیی کورتی و درێـــــــژیی ژیـان و قورسی و ســــــــووکیی عەقڵیش خـۆی شتێکی سەرنجڕاکێشە و تێکەڵـی و کاردانەوەی ئەم دووانە لەسەر یەکتری پێویستیی بە ئەزموونێکی دووردرێژە. کەسانی کەمئەزموون بە خوێندنەوەی کتێب و متێبان نەبێت بەزەحمەت لە پێوەندیی خەوی قورس و عەقڵی قـورس تـێدەگەن. لە سایەی تـۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێت و بازبـازدێن و غارغـارێن و هەڵاتهەڵات بەسـەر زانیارییانـدا، کەم کەس ڕوو دەکەنە خوێنـدنەوەی کتێبـان. لە سـەردەمی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژی و لافاوی زانیاریاندا کتێبخوێندنەوە بـایەخی هەر نەماوە. بـڕوام پـێ بکەن ئێـوەی خـوێنەریش بـۆ منـی نووسەر ئەگەر وەک خوشک بـراش نەبن لە خوشک و بـرا فەرزتـرن و هەر حیسابی خوشک و براتـان بـۆ دەکەم، بـۆیە دەخۆم ڕادەبینم لای ئێوە بڵێم عەیب نەبێت و لای ئێوەم پەرژینی بەگوڵ بێت، جاروبار دەستێک بۆ کتێبان دەبەم.

بۆ ئەوەی لە سەردێڕی باسەکەمان فرە دورەو نەکەفین، دەگەڕێمەوە سەر کاکڵی ئەم بابەتە و بە نموونە و میناکی زیندووتر مەبەستەکەم دەقەڵێشم و وەک کـورد دەڵێت "شـەن و کەو"ی دەکەم. لەم سـەردێڕەدا ڕوو بە هەمـوو ئەو کەسـانەی بە سـەر زانیاریی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینترنێتدا بازبازێن دەکەن و یان دوور لە ڕووتـان و لای ئێـوەم پەرژینێکی بەگـوڵ بێت کتێبـان دەخوێننەوە، دەچمەوە سەر باسی عەقڵ سووکیی حکوومەتی پاشایەتی و عەقڵ قورسیی کۆماری ئیسلامی.

دەسـتەڵاتی پاشـایەتیی خـانەدانی پەهەلەوی یـانی ڕەزا و حەمەی کـوڕی، ئەو دوو پاشـایەی بەدوای یەکتـردا سـەرتۆپی بنەمـاڵەی پەهلەوی بـوون، سووکەعەقڵیان دەکـار کـرد و ڕوو بە میللەتـی عەقڵقورس گوتیـان ئێمە میراتگری دەستەڵاتی دووهەزار و پێنسـەد سـاڵەی پاشایەتین. بەڵام دوای ئەوەی حەمەڕەزاشـا لـە نیـوەی دووهەمـی سـالی ١٣٥٧ی هەتـاویدا دوای پەنجاوسێ ساڵ دەستەڵاتی بنەماڵەکەی زانیی هەرچییەک بکات، ناچاری دەکەن دەستەڵات جێ بهێڵێت و لە عەقڵ ڕاپەڕی و پاش هەندێک گوشار و بەرەنگاربوونەوەی سەربازی لە بەرانبەر گۆڕانخوازاندا وەخۆ هـاتەوە و پـێش ئەوەی هەمـوو جیهـان بکاتە دوژمنی خۆی، بە سواری فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی مێهرابادیی تارانەوە بەرەو هەنـدەران فـڕی و هەر ئاوڕیشی لە ئێـران نەدایەوە.

لە دوای دەستەڵاتی پاشایەتی، دەستەڵاتی ئێران کەوتە دەست ئاخونـدان. ئەو ئاخونـدانەی هەتـا ئەوکاتە لەسـەر قەبـران بە پارە قورئانیان بۆ مردووان دەخوێنن و پارەیان لە زیندووان وەردەگرت و لە کۆڕی پرسـەی مردووانـدا ئەوەنـدەی هێزیـان دەبەردابـوو دەیـانگوت "اجمعـین الفاتیحـە"، ئەوە ٤٤ سـاڵە دەسـتەڵاتی پاشـایەتییان بـۆ خۆیـان قۆسـتووەتەوە. ئەمـانە پێچەوانەی بنەمـاڵەی پاشـایەتی، عەقڵیـان زۆر قورسە. ئەوانەی پاشایەتی بەردەوام خەریک بـوون ڕووخساری خۆیـان بـۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جیهانی دەرەوە جوان پیشان دەدا. لە نێوخۆش لە بواری ئابووریدا خەڵکیان تێر دەکرد و نەیاندەهێشت بایی دۆلارێکی ئەمریکا لە حەوت تومەن زیاتر بێت. لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە کاریان بە سەرپۆش و بنپۆشی ژنانەوە نەبوو و ئەگەر باسی سیاسەتت نەکردبایە، هیچ شتێک بڤە نەبوو. بەڵام ئەوانەی کۆماری ئیسلامی خۆیان خستە نێو گەمارۆی وڵاتان و هەموو جیهانیان لە خۆیان کردە دوژمن. لە بواری ئابوورییەوە خەڵکیان ئەوەندە برسی کرد خەون بە نان و پێخۆرەوە ببینن. لە بواری کۆمەڵایەتییەوە لەلایەک خەڵک بە پەڕۆ و پاڵ دادەپۆشن و لەلایەکی دیکەوەش دوور لە ڕووی ئێوە دەهیچ نافکرن و لەگەڵ نێر و مێدا خەریکی زۆرانبازیی "تحریک‌پذیر"ن. تەنیا لە ڕوانیان بۆ سیاسەت لەگەڵ دەستەڵاتدارانی پاشایەتیدا هاوشێوەن.

پاشا ئەوندە عەقڵی سووک بوو، دوای ناردنی هێزی سەربازی بۆ سەر شەقامان و هەندێک کوشت و کوشتار و دیتنی ڕاپەڕینی خەڵک لە ئاخری تەمەنی دەستەڵاتیدا گوتی: "لەو کەشی کراوەی سیاسییەی لە دووساڵ لەمەوبەرەوە وردە وردە دروست دەبوو، ئێوە میللەتی ئێران دژی ستەم و زۆرداری هەستانەوە. ناکرێت من وەک پادشای ئێران هەست بە شۆڕشی میللەتی ئێران نەکەم."

بەڵام دەستەڵاتدارانی ئێستا لە یەکەمساڵوەگەڕی کوشتنی ژینا و تێپەڕینی یەک ساڵی تەواو بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی"دا عەقڵیان ئەوەندە قورسە، لەجیات بیستنی دەنگی شۆڕش، تەنیا لەم ڕۆژەدا هەر لە شاری تاران ئەوەندەی هەموو لەشکری جارانی پاشایەتی چەکداریان بەگژ خەڵکی ڕاپەڕیودا کردووە.

ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران تووشی عەقڵقورسێک بووە، وەک گوێدرێژەکە هەر چوارپەلی دەقوڕ چەقیبێت و دەستی کەسی پێ ڕانەگات کلکی بکێشێت و دەریبهێنێتەوە؛ هەتا ملان بە قوڕدا ڕۆ چووە و تانیا کلک و گوێی دیارن.

٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# لاسایی‌کردنەوەی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە




کەماڵ حەسەن‌پوور

## پێشەکی

ئەوانەی شارەزای مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن دەزانن کە یەکیەتیی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ئاشکراکردنی کودەتای نۆژەدا یارمەتیدەری دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی کۆمارە تازەدامەزراوەکەی مەلایان بوون. بێجگە لەوە دەنگۆی ئەوەش هەیە یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی لە خستنەخوارەوەی باڵەفڕەکانی ئەمریکایی لە بیابانی تەبەس هەبوو ، کە بۆ ئازادکردنی بەبارمتەگیراوانی باڵوێزخانەی ئەو وڵاتە لە تاران نێردرابوون. هەمدیس ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەندامانی دەزگای هەواڵگریی کۆماری ئیسلامی (ساواما)، یەکەم ڕاهێنانەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی "ک.گ.ب"ەوە پێ کرا.

تا ئێستا زۆر بەڵگە لەبەر دەستدان کە دەیسەلمێنن کۆماری ئیسلامیی ئێران یارمەتیی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکیەتیی سۆڤیەت و دامودەزگا هەواڵگرییەکەی واتە ک.گ.ب. وەرگرتووە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم کۆماری ئیسلامی لاسایی مێتۆدەکانی ک.گ.ب. دەکاتەوە.

## سیخوڕێکی ڕاکردوو و بۆچوونەکانی لەسەر دەسەڵاتدارانی یەکیەتیی سۆڤیەت

ساڵی ١٩٧٠، یوری ئالێکساندرۆڤیچ بەزمەنیەڤ ئەندامێکی ک.گ.ب. و کارداری چاپەمەنیی باڵوێزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە هیندوستان بوو کە ڕای کرد و خۆی ڕادەستی ئەمریکا کرد. ناوبراو کوڕی ئەفسەرێکی پلەبەرزی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو کە ئەرکی باوکی سەردانی هێزە سەربازییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە وڵاتانی دەرەوە بووە. ئاماژە بەو پاشخانە بۆیە گرینگە تا بزانین ناوبراو لە منداڵییەوە سەر بە چینێکی خاوەن پێگە و دەستڕۆیشتووی سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت بووە و وەک تاک پارێزراو بووە لە چەوساندنەوە لەلایەن سیستەمی توتالیتەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە.

بەزمەنیەف لە وتووێژێکی دووردرێژ لە ١٩٨٤(١) باسی بەسەرهاتی خۆی و هۆی جیابوونەوە لە سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت دەکات. ناوبراو دەڵێ سیستەمی یەکیەتیی سۆڤیەت خراپترین سیستەمی کۆلۆنیالیستی دنیایە و ئەو نەیدەتوانی ئەو هەموو تاوانکاریی و چەوساندەوەی خەڵک پاشگوێ بخات.

ناوبراو دوای گەڕانەوە لە یەکەم دەورەی مەئمورییەت لە هیندوستان، لە ئاژانسی چاپەمەنیی نۆڤێستی کە سەر بە ک.گ.ب بوو دادەمەزرێ و لەوێ ئەرکی پەیوەندیی لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی دۆستایەتی لۆمومبا(٢) لە مۆسکۆ، کە بەگوتەی بەزمەنیەف شوێنی حاملاندنی ڕێبەرانی داهاتووی بەناو جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکانی وڵاتانی جیهانی سێهەم یان سیخوڕی شاراوە لە وڵاتانی دەرەوە و هەروەها پێشوازیی لە سەردانکەرانی بەناو ڕۆشنبیری پێشکەوتنخواز و ڕۆژنامەوانانی بیانی، بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی، لە ئەستۆ بووە.

بەزمەنیەڤ دەڵێ، "ئێمە لە ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەمان بە گەمژەی بەکەڵک دەزانی و هیچ ڕێزێکیان لەلای ئێمە نەبوو. تەنانەت بهاتبا و یەکیەتیی سۆڤیەت لە هەر کام لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتی گرتبایە دەست، ئەمجۆرە کەسانە لە پەنا دیواران ڕیز دەکران و تیرباران دەکران".

ئەو لەو بڕوایەدا بوو یەکیەتیی سۆڤیەت بەتەمای بنکۆڵکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بواری ئایدیۆلۆژییەوەیە و بە یارمەتی ک.گ.ب. پلانێکی درێژمەودای چوار بڕگەیی دژی ئەمریکا بەڕێوە دەبا.(٣) ئەو چوار بڕگانە بریتین لە:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دابەزاندنی ورە و بێدەربەستکردنی بەتایبەتی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات (کاتی پێویست بۆ ئەو بەشە ٢٠ - ١٥ ساڵ)

ناسەقامگیرکردن

دروستکردنی قەیران

بەئاسایی ناساندنی دۆخی سەپاو

بە گوتەی بەزمەنیەڤ لە برگەی یەکەمدا هەموو هەوڵەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە ورەی خەڵکی وڵات و بەتایبەتی لاوان دابەزێنن. ناوبراو بەو برگەیە دەڵێ "شەپۆلی بەربڵاوی مێشک شۆردنەوە." ئەو دەڵێ کاتێک مێشکی خەڵک شۆردرایەوە تەنانەت ڕاستییەکان نابینن و بەو شێوەیە کە ک.گ.ب. دەیهەوێ هەڵسوکەوت دەکەن. ناوبراو بۆ بێدەربەست کردنی لاوان بەرانبەر بە کاروباری وڵات ئاماژە بە شەپۆلی هیپیگەری و تەشەنەکردنی دیاردەی مێدیتەیشن بە شێوەی مورتازەکانی هیندوستان و کەڵکوەرگرتنی بەربڵاو لە مادە هۆشبەرەکان لەنێو چینی لاوی وڵاتدا دەکات کە ئامانجی هەموویان گوێنەدانە بە دۆخی وڵات و چڕبوونەوە لەسەر خۆت و دۆخی تاکەکەسیی خۆتە.

بەزمەنیەڤ لە وتووێژەکەیدا دەڵێ، ک.گ.ب. بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی پەنا بۆ مارکسیست و کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتە نابا، بەڵکوو کەسانی خاوەن نفوز کە قسەیان لە کۆمەڵگەدا دەڕوا دەکەنە ئامانج تا لە ڕێگای ئەوانەوە پلانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەو کەسانە دەتوانن ڕۆژنامەنووسان، مامۆستایانی زانکۆ و نووسەران بن. ئەو دەڵێ ک.گ.ب. ئەو جۆرە کەسانەی بانگهێشت دەکردە یەکیەتیی سۆڤیەت و بە پێهەڵداگوتن و مەزنکردنەوەی ئاستی تێگەیشتوویی ئەوان، ئەوانی وەک ئامراز بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی دڵخوازی یەکیەتیی سۆڤیەت لەنێو کۆمەڵگەی خۆیاندا بەکار دەهێنا.

برگەی دووهەمی پلانەکە ناسەقامگیرکردنی وڵاتە. لەو برگەیەدا وەک بەزمەنیەڤ باس دەکا، دامەزراوە گرینگەکانی نەتەوەیەک، واتە دامەزراوە ئابووری، پەیوەندیی دەرەوە و بەرگریی دەکرێنە ئامانج.

برگەی سێهەم دروستکردنی قەیرانی جۆراجۆر لە کۆمەڵگەیە تا بەو شێوەیە لە ڕوانگەی دەروونییەوە خەڵک بۆ ئاڵوگۆڕ لەسەرەوەڕا ئامادە بکەن. لێرەدایە گرینگیی برگەی یەکەم دەردەکەوێ چونکە ئاپۆڕای جەماوەر و بەتایبەتی لاوان بێورە و بێواز بەرانبەر بە ڕووداوەکانی وڵات کراون، بۆیە هێزێک بۆ بەربەرەکانی نەماوە.

لە دۆخی چوارەمدا خەڵک هێندە جاڕز و بێهیوا کراوە کە کاتێک دیکتاتۆرێکی بەهێز دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، خەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دۆخەکە بەئاسایی وەرگرن و تەنانەت سوپاسی بکەن، چونکە وڵات لە دۆخی قەیراناوی ڕزگار دەکات. لێرەدایە خەڵک دێموکڕاسی، ئازادیی و بایەخە لیبراڵییەکانی دیکەی بۆ گرینگ نییە، بەڵکو تەنیا دەخوازێ دۆخەکە بگەڕێتەوە ئەو کاتەی سەقامگیریی حاکم بوو و قەیرانی پەیتا پەیتا ڕوویان نەدەدا.

## بەراوردکردنی دۆخی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ڕوانگەی پلانی ک.گ.ب. بۆ ئەمریکا

تا ئێستا گەلێک وتار لەبارەی هەوڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دابەزاندنی وڕەی خەڵک، بە تایبەتی لاوان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان نووسراون. بۆ ئەو مەبەستەش کەڵک لە تاکتیکی جۆراجۆر وەرگیراوە کە دەکرێ ئاماژە بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، بڵاوکردنەوەی دیاردەی دژایەتیی تیکەڵبوون لەگەڵ سیاسەت و تەنانەت نەفرەت لە هەر کردەوەیەکی سیاسی، پەرەپێدانی هێندێک لایەنی ئایینی توندئاژۆ کە دژایەتی هەرجۆرە لیبراڵیزە کردنی کۆمەڵگە و دیاردەکانی سێکولاریزم دەکەن تا پەلکێشکردنی بەشێک بۆ سۆفیگەریی و دەروێشایەتی یان پەرەپێدانی ڕیفۆمخوازیی لە چوارچێوەی سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا.

لێرەدا زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ ئەو مەبەستە بەڕێوە بردووە. لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران - عێراق و لە باشووری کوردستان دوای شەڕی یەکەمی کەنداو و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لەو ناوچەیە ئەو هەوڵانە چڕ کرانەوە. لێرەش کەڵک لە 'گەمژەی بەکەڵک' وەرگیراوە تا کۆمەڵگە لە باوەڕبەخۆبوون و وڕە دامالێ و کەشی بێهیوایی و بێدەربەستیی بەرانبەر بە چارەنووسی وڵات باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێ. لێرەدا کەڵک لە نووسەر، ئاکادێمیسیەن و ڕۆژنامەنووس وەردەگیرێت تا ببنە ئامرازی گواستنەوە و جێبەجێکردنی پیلانی کۆماری سێدارە.

لە کاتێکدا کە فیدراسیۆنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان باس لە سەرکوتی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێران و دەستبەسەر کرانی لانیکەم ١٠٠ ڕۆژنامەوان لە ساڵی ڕابردوودا دەکات،(٤) ڤۆرکشۆپی ڕۆژنامەنووسی بۆ ڕۆژنامەنووسانی باشووری کوردستان لە ئیسفەهان دادەندرێ.(٥) خەڵکی بەناو ڕۆشنبیر قەڵەکەمانیان دەکەوێتە خزمەتی بەرەوپێشبردنی ئەجێندای کۆماری ئیسلامی و ئەوەی ئەوان وەک بۆچوونی سەربەخۆ بڵاوی دەکەنەوە، لە ڕاستیدا داڕێژراوی ژووره داخراوەکانی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامییە.

لە هەموو شوێنێکی دنیا کاتێک دەسەڵاتداران گەندەڵ و ناکارامەن، خەمخۆرانی نیشتمان هەوڵ دەدەن بەربەرەکانی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەسەڵاتداریی چەوت و خراپ بکەن، بەڵام زۆر دەمێکە هەوڵێک لە ئارادایە تا خەڵک لە نیشتمان و هێما پیرۆزەکانی بێزار بکەن. ئەو دیاردەیە دەکرێ بڵێین لە دنیادا بێوێنەیە. ئەوانە هەموو دەقاودەق جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی پیلانی ک.گ.ب. یەم بەڵام لە لایەن کۆماری ئیسلامی و بۆ بەرژەوەندیی ئەو ڕێژیمە لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەڕێوە دەچێ.

بڕگەی دووهەمیش، واتە ناسەقامگیر کردن، ماوەیەکی دروودرێژە بەڕیوە دەچێ. بۆ ئەو مەبەستەش کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵات بە میلیتاریزە کردن، بە ئامانج گرتنی ژێرخانی ئابووری و پەرەپێدانی بێکاری لە لایەک و دەستبەسەر کردن و ئێعدام لە لایەکی دیکەوە ناهێڵێ کوردستان سەقامگیر بێ. لە باشووریش بە پیلانی جۆراجۆر ناهێڵێ سەقامگیریی باڵ بەسەر عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتیدا بکێشێ. چونکو دەزانێ سەقامگیریی دەبێتە هۆی گەشەی وڵات و پێش بە ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە عێراق و هەرێمێکی لاوازی دەوێ دەگرێ. هەر کەسێک لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ڕووداوەکانی باشووری کوردستانی دیتبێ بەئاشکرا دەزانێ کە لە زۆر لە هەوڵەکانی ناسەقامگیرکردنی عێراق و هەرێمدا، کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە.

ئەو ڕاستییە لە بوونی بڕگەی سێهەمی پیلانەکەی ک.گ.ب ڕوون و ئاشکرایە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا قەیرانی جۆراجۆر پەیتا پەیتا ڕوویانداوە. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە قەیراندا دەتوانێ دەسەڵاتی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بپارێزێ. ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە دۆخی وڵاتانی وەک عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. یەکێک لە هاندەرەکان بۆ ئەو مەبەستە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی نێوخۆیە تا وا بیر بکەنەوە بێتوو کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، پشێوی وڵاتانی وەک سووریە باڵ بەسەر وڵاتدا دەکێشێ. بڕوا ناکەم کەسێکی ڕۆژهەڵاتی کە سەردانی باشووری کوردستانی کردبێ ئەو گوتەیەی نەبیستبێ: "نەکەن وەکو ئێمە خۆتان بەدبەخت بکەن، ئێوە لانیکەم کارەباتان هەیە".

ئەگەرچی نیشانەکانی بڕگەی چوارەم لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کەم و زۆر دەبیندرێ، بەڵام دوای شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوو بەولاوە، جیاوازییەک بەدی دەکرێ. لە کاتێکدا هێندێک جار لە باشووری کوردستان، خەڵک دەبینین بێهیوا لە دۆخی ئیستایان دەبن و ئینتیما نیشتمانییەکانیان لەکزی دەدا؛ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، خۆشەویستیی نیشتمان، گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لە ئاستێکی بەربەریندا دەبینرا. لەو بەشەی نیشتمان خەڵک هێشتا بایەخە لیبراڵییەکان وەک سێکولاریزم، ئازادیی و مافەکانی مرۆڤ و لەهەموویان گرینگتر سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە ئاستێکی بەربەرین پشتگیریی لێ دەکرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک لە بەزمەنیەڤ دەپرسن ئەمریکا چی بکات تا ئەو پیلانەی ک.گ.ب. پوچەڵ بکاتەوە، ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێ "جیلێکی بڕوابەخۆ و دەروەست بار بێنن".

دیارە لە کوردستانیش، واتە لە هەر چوار پارچەکەی، ڕێگای پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی نەیارانمان، بە کۆماری ئیسلامیشەوە، گەڕانەوە بۆ پەروەردەی نیشتیمانییە.

زاڵبوون بەسەر گەلێکی بێ هیوا و بێ دەربەست گەلێک ساکارە بەڵام بە پێچەوانە نەتەوەی بڕوا بەخۆ و خاوەن هەڵوێست، چۆک بۆ هیچ هێزێکی ملهوڕ دانادا.

## پەراوێزەکان:

١- https://www.youtube.com/watch?v=yErKTVdETpw

٢ -ئەمیر عەبباس فەخراوەر لە کتێبی هەڤاڵ ئایەتووڵادا باسی دەوری ک.گ.ب. لە شۆڕشی گەلانی ئێران و هەروەها خوێندکار بوونی خامنەیی لە زانکۆی لۆمومبا دەکات،

https://www.goodreads.com/book/show/32729606

٣- https://bigthink.com/the-present/yuri-bezmenov

٤- https://www.ifj.org/media-centre/news/detail/category/press-freedom/article/iran-ifj-launches-report-on-press-freedom-in-the-last-


٥- https://www.zayele.com/ku/news/8203.html

٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# "ژینا"ی کوردان



**عەلی بداغی**

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینیدا "توماس کارلایل" نەزەریەی کەسایەتییە مێژووسازەکانی داهێنا. بە پێی بیردۆزییەکەی "کارلایل" مێژوو بە سەرنجدان بە شوێنەواری کەڵەپیاوان دەنووسرێتەوە و شی دەکرێتەوە. ئەو کەڵەپیاوانەش کەسانێکن بەهۆی هیندێک تایبەتمەندیی وەک دەسەڵات، بیروئاوەز، سەرنجڕاکێشی، دەستڕۆیشتوویی و ڕچەشکێنی کە هیندێک لە تاکەکان وەک ڕێبەران هەیانە، توانیویانە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوو دابنێن و تەنانەت بیگۆڕن. بیردۆزییەکەی توماس کارلایل دواتر لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینیدا لەلایەن "هێربێرت ئێسپەنسێر"ەوە پوختە کرا. بە بۆچوونی "ئیسپەنسێر" ئەو کەڵەپیاوانە بەرهەمی کۆمەڵگەکەی خۆیانن و شوێندانەریشیان قەرزباری هەلومەرجێکە پێشوەختە بۆیان ڕەخساوە. ١٦٢ ساڵ دواتر لە وڵاتی ئێران نەک کەڵەپیاوێک، بەڵکوو ئەوە کچە کوردێکە بە مەرگی دڵتەزێنی خۆی دەبێتە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی خەڵک و وڵاتەکەی.

لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا ژینا ئەمینیی خەڵکی سەقز کە هێشتا خەرمانی تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ساڵ، لە تاران کەوتە بەر ڕەشەبای بێدادی. گوڵی تەمەنی ژینا لە قاقڕستانێکدا هەڵوەری، کە چاوی بەرایی نادا کچانی شۆخ و شەنگ ببینێ. شەختە لە شوێنێک لە بەژنی ژینای دا، کە تێیدا فرچکیان بە ژاکاندنی بەهار و خەونە ئەرخەوانییەکانی ژن گرتووە.

ژینا، خۆی، ناوەکەی، بەسەرهاتی ژیان و مردنیشی هەموو تەعبیر لە چارەنووسی گەلەکەی دەکەن. ئەو لە کوردستان و لە شارە دڵڕفێنەکەی سەقز لەدایک بوو. هێشتا چاوی نەپشکوتبوو کەوتە بەر تیغی سڕینەوەی شوناس و هەبوونی خۆی. "ژینا"ی ژیان و بووژانەوە لە وڵاتی حاشا و چەواشەدا کرا بە "مەهسا"، بەڵام مەحوی گوتەنی:

"وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت
لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە سەر کەوت."

ژینای ئەمجەد و موژگان و خێزانە گەورەترەکەی ئەمینی و ئیفتیخاری پاش ئەوەی دیپلۆمی تەجروبیی وەرگرت، کەوتە قۆناغێکی دی لە کایەکانی ژیان. ئەو وەک هەموو تاکێکی ئەم دنیایە شاییبەخۆ بۆ داهاتووی دەڕوانی. حەز و ئارەزووەکانی ژینا، هێمن گوتەنی بچووک بەڵام تا بفەرمووی شیرین بوون کە خوێندن و پەروەردەی پتر یەک لەوان بوو. ژینا خوێندنی زانکۆ لە بەشی "میکرۆبیۆلۆژی"ی زانکۆی ورمێی لە پاییزی ئەمساڵدا کردبووە یەکێک لە ئامانجەکانی، بەڵام خەزانی مەرگ زووتر گەیشتە سەر خەرمانانی تەمەنی و پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی مۆمی ۲۳ ساڵەی تەمەنی دابگیرسێنی، زریانی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامی چرۆی ژینی هەڵوەراند.

ژینا ئاشقی ژیان و جوانییەکانی سروشت و کولتووری گەلەکەی بوو. ئەو ئەوینداری بزە و سەما و چۆپیکێشان و ڕەشبەڵەک بوو، بەڵام لە وڵاتێکدا، کە دەسەڵاتبەدەستانی شیر لە گەردەنی خۆشی و زەردەخەنە و جوانی دەسوون. ئەو ئاشقی گۆرانی و نۆتەکانی ناخبزوێنی مۆسیقا بوو، بەڵام چیی کردبا لە هەرێمێکدا کە تاریکپەرەستان ژن و جوانی و حەزی پیرۆزی ئەوانیان لە بەندیخانەی عەقڵی تەسکی کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەی پیاوسالاریدا بەند کردووە؛ لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتە ئەهریمەنییەکەی نەک هەر جگە لە ژن و جوانی، بەڵکوو دوژمنی قەستەسەری خۆشی و زەردەخەنەشە و؛ لای ئەوان هەر شتێک کە ببێتە هۆی خۆشی و گەشی حەرامە و سزای لەسەرە.

ژینا وەک هەموو کوروکاڵانی هاوتەمەنی لەگەڵ ئازار و ژان گەورە ببوو، بەڵام هەروەک باووباپیرانیشی جەنگاوەری خۆرەتاو بوو، کەوی و دەستەمۆ نەببوو. نەیدەویست ڕەش لەبەر کات و ماتەم بگێڕێت، نەیدەهێشت ئەهریمەن مەودا بخاتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێوان خۆی و خەونەکانی، نەیدەتوانی ڕێگە بدات پێکەنین و زەردەخەنەکانی هەڵبوەرێن؛ بۆیە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی ئامادە بوو گیان دابنێ. هەمووان لە بەرچاومانە: ژینا بە جلی کوردیی سوور، بێگەرد و ڕازاوە، گەش و ئاڵ بە گولبزەی شیرینەوە و، بە قژێکی پەرێشانەوە چۆپی دەکێشێ و فەرمووی ئەوانیدی بۆ گەڕی ڕەشبەڵەک دەکات. ئەم تابلۆیە دڕدانی هەموو بەهاکانی دەسەڵاتە کە خۆشی و پێکەنینی تێدا قاتە.

ژینا و ئەشکانی برای ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی سەردانی تارانیان کرد. هەمان ڕۆژ ژینا بە بەرچاوی براکەی بە بیانووی ئەوەی چەند تاڵ قژی بەدیارەوەیە و جلی نەشیاوی لەبەرە، دەسبەسەر کرا. لە بەردەم ئۆتۆمبیلی پۆلیسدا بێبەزییانە کەوتە بەر مست و پێلەقە و بە باتووم لە سەری درا. لە بنکەی پۆلیس لەسۆنگەی ئازار و ئەشکەنجەکانەوە و ئەو زەبرانەی بەر مێشکی کەوتبوو، لە هۆش چوو و پاش سێ ڕۆژ هەوڵی پزیشکەکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، دوانیوەڕۆی ٢٥ی خەرمانان ئەستێرەی ژیانی ئاوابوو. تەرمی ژینای جوانەمەرگ لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لەنێو ئاپۆرای خەڵکی کوردستاندا بەخاک سپێردرا. لەسەر بەردەکێلەکەی نووسرا: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز" و ئەو بوو بە سەرەتای وەرچەرخانی مێژوو لەم وڵاتەدا.

لە ساتەوەختی ناشتن و دوامالئاوایی لە ژینای کوردستان دەنگێکی بەگوڕ و هاوارێکی چڕ لەنێو خەڵکدا بەرز بۆوە: "ژن، ژیان، ئازادی". ئاپۆرای خەڵک بە یەکدنگ و بەرز بەرز ئەو دروشمەیان گەیاندە شار، گەیاندیانە گوێی پێتەخت و لە سنووری وڵات ئاودیویان کرد. ئەو بەڵێنەی بە ژینا درا کە ناوی ببێتە ڕەمز، ئاوێتەی مانیسفێستی شۆڕشی نوێ کرا بۆ لەگۆڕنانی ڕێژیمی تاریکی، بۆ بنیاتنانی دواڕۆژی ڕوون، بۆ چێکردنی هەرێمێکی دی لە خەڵک و دەسەڵات بە پێناسەی ماف و جوانییەکانی ژیان.

حەماسەی ڕزگاری لەسەر مەزاری "ژینا"وە دەستی کرد. کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار، وڵات بە وڵات هەموو هاتنە شەڕی خێوی شەڕ و تاریکی. کوردستان مانی گرت و شەقام جمەی تێ کەوتەوە.

"دەرگای شێران کرایەوە
دار و بەرد دەنگی دایەوە
گوێ لە زڕەی زنجیر بگرن
پاڵەوان ناترسن بمرن
بۆ مەرگ دێن بەئازایی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەڵێی دەڕۆنە سەرشایی"

نەعرەتەی لاوانی دلێر نایەڵێ دەنگی فیشەک و پۆستاڵی داگیرکەر بە سەر شەقامدا زاڵ ببێت. هەموو شوێنێکی وڵاتی خۆر دەبێتە بڵێسەی ئاگر و کانگای خۆڕاگری و نەسرەوتن. ڕۆژهەڵات دیسانەکەش سەری بەرزترە... دەنگی دلێرترە... ڕووسوورتر لە هەموو کاتێک، لە هەموو جارێک. دەستەخوشکەکانی ژینا پێشەنگ و ڕچەشکێنن. دەنگیان لەو ئۆرکێسترایەدا زاڵە و زراوی دوژمنی بردووە، قرمژنی چەکی دوژمن هەدادانی نییە:

"وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا"

زەماوەندی سەربەستییە و چۆپیکێشەکەی ژینایە. دەسرۆکەی سەرچۆپی لە نێوان محەممەد و شەهریار لە بۆکان، فوئاد و موحسین لە دیواندەرە، برایم و ڕەزا لە دێولان، فەرجاد و دانش لە ورمێ، زەکەریا و کۆمار لە پیرانشار، فەرەیدوون و سمایل لە سەقز، ئەفشین و مینوو لە قەسری شیرین، ئەمین و میلان لە شنۆ، ئارمین و سینا لە کرماشان، عەزیز و پەیمان لە سنە، هێمن و شەهریار لە سەردەشت، بورهان و فوئاد لە کامیاران، عیرفان و بەهائەدین لە جوانڕۆ، زارا و ئیمان لە شائاباد، محەممەد و عەلیڕەزا لە سونقوڕ، شۆڕش و ئازاد لە مەهاباد، موختار و نەسرین لە مەریوان، نیما و ئارین لە سەلاس، موحسین لە ئیلام و ئەڕدەڵان لە گەیلان، ئاسۆ لە بانە و سامان لە تیکاب و؛ کوبرا و فریشتە و دەیانی تریش دەست بە دەست دەگەڕێ و گەڕی شایی ڕزگاری هەر بەردەوامە. چاوی ژینا لە بان بانی کوردستانەوە دەڕوانێتە بنەماڵەی شەهیدان کە چۆن ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕۆڵەکانیان کردووە بە مەیدانێکی دیکەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەو کاروانە هەر وا بەڕێوەیە.

لە نووسینەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامیدا "ژینا ئەمینی" پاڵەوانی چیرۆکەکە و هۆی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە. وردەکارییەکانی ژیانی کەسیی ژینا، ئەوەی لە کوێ خوێندوویەتی و لە بنەماڵەدا چۆن پێ گەیشتووە و پێوەندییەکانی خۆی و دەوروبەری چۆن بووە ڕەنگبێ لە پلەی دووهەم و چەندەمدا بن، بەڵام ئەوەی لەو مێژووەدا لە لوتکەدا دەمێنێتەوە ناوی ژینایە و کوردستان. ژینا وەک قافڵەسالار و کوردستان وەک داینەمۆی ئەو شۆڕشە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا و وەک ناوەندی هەناردەکردنی بەها و بـایەخە مرۆیـی و شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

حەماسەکە بە ژینـا دەسـتی پـێ کـرد و بـوو بە ئەفسـانە، بەڵام کۆتـاییەکەی بـۆ کاروانێـک جـێ هێشـتووە کە بەرێـوەیە. ئەو لە پێناو سەربەستی و ئازادیی خەڵکەکەیدا کوژرا و ئەرکی گەیشتن بەو ئازادی و سەربەستییەشی بە ئێمە سپاردووە. ئێمەش هەمووان بەپێوەین و پێکەوە بەرەو لوتکە بەڕێوەین.

گیانە ژینا تۆ نامری، ناوت بووە بە ڕەمز....


٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# یەکەمین دیدارم لەگەڵ شەهید دوکتۆر سەعید و دواتریش



مستەفا مەولوودی

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاویدا دوای ئەوەی بووم بە ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە کاتی باس لە کوردەکانی دانیشتووی تاران (کردهای مقیم مرکز) ناوی دوکتۆر سادق شەرەفکەندیم دەبیست و باسیان دەکرد. دەیانگوت کوردەکان لە تاران کۆمیتەیەکیان دامەزراندووە و دوکتۆر سادق شەرەفکەندی برای مامۆستا هەژار بەرپرسی ئەو کۆمیتەیە بوو. من زۆرم سەر لێ دەرنەدەچوو، بەڵام پێم باش بوو و زۆرم پێخۆش بوو کە دەمبیست کورد لە تاران، واتە لە ناوەندی ئێرانیش کۆمیتەیان هەیە.

لە پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزب لەنێو ڕێبەریی حیزبدا ناوی دوکتۆر سەعیدم بەرگوێ دەکەوت بەتایبەت پاش جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی زۆر ناوی دوکتۆر سەعید بە تایبەت بە ناوی "سەعید بەدەل"م زیاتر دەبیست. زۆرجار لەنێو پێشمەرگەکاندا کە باسی شوێنەوار و کاریگەریی جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لەسەر حیزبی دێموکرات دەکرا، لەگەڵ ناوی دوکتۆر قاسملوو و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە (عەبدوڵڵا حەیاکی) ناوی دوکتۆر سەعیدیش دەهات کە پڕکار و



https://serchawe.com

بەتوانا و وشیار و جیددی و خاوەن کاریگەری و شوێندانەرە. لەوەبەدوا ئەو ناوە بۆ من لە ناوە ئاشنا و دیارەکانی ڕێبەریی حیزب دێموکرات بوو بە تایبەت لە کۆنگرەی شەشی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا بێ ئەوەی لە نیزیکەوە ناسیبێتم و تەنانەت یەکجاریش دیتبێتم.

٢٣ی گەلاوێژی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر ناوچەی سەرشاخانی مەنگوڕایەتی، هێرشەکە زۆر بەربڵاو بوو. من لە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە کارم دەکرد. ناچار بووین بۆ چەند ڕۆژێک پەڕیوەی ناوچەی گەورکایەتیی ڕەبەت بووین و لە دەوروبەری گەرۆر دەماینەوە و دوایە پەڕینەوە بۆ ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار و لە قەندیلەوە شۆڕ بووینەوە بۆ ناوچەکانی ئاکۆیاتی لە بناری چیای قەندیل و لە مووچەکانی گوندەکانی سینەمۆکە و سوورەگەل و ئەو دەوروبەرە جێگیر بووین. هێز و کۆمیتەکان بریتی بوون لە: کۆمیتەی شارستانی شنۆ و هێزی سمکۆ، کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هێزی قەندیل، کۆمیتە شارستانی نەغەدە و هێزی ئەفشین لەگەڵ پێرسێنێلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ کە ئەوانیش لە "سەرشاخان" هەڵقەندرابوون و پەڕیوەی ئەو بنارانە ببوون.

دوای چەند ڕۆژێک خەبەرمان پێگەیشت کە دوکتۆر سەعید لە دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ" ڕا دێ هەتا لە نیزیکەوە لەگەڵ ئەو کۆمیتە و هێزانە قسە بکات بۆ ئەوەی دۆخەکە هەڵسەنگێنن و بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەو هێزانە بدرێ بۆ ئەوەی کە چی بکەن و بەرنامە و پلانیان چی بێ و ئەو هێزانە دەبێ چ بکەن؟ کۆتاییەکانی مانگی گەلاوێژ یان سەرەتای مانگی خەرمانان ڕۆژێک کاک سەعید لەگەڵ شەهید محەممەد حەسەنپوور و چەند پێشمەرگە پەیدابوون. سەرەتا لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی شنۆ کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا. لەو کۆبوونەوەدا زۆر بە جیددی قسەی کردبوو، و ڕەخنەی توندی لە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی شنۆ گرتبوو کە لە کاتی بەرپرسایەتیدا بە ڕێکوپێکی ئەرکی خۆی بەجێ نەهێناوە. بەتایبەت ناوی چەند پێشمەرگەیەکی هێنابوو کە ئەوانە خەتایەکی گەورەیان کردووە بەڵام کۆمیتەی شارستان سزای بۆ دیاری نەکردبوون. باسی لەوە کردبوو کە دەبێ ئەوانە بەتوندی سزا بدرێن. هەر دوای کۆبوونەوە سێ یان چوار پێشمەرگە کە لە خۆیان بەگومان دەبن ڕا دەکەن. خەبەرەکە لەنێو پێشمەرگەکاندا بڵاوبۆوە کە ئەوانە لەترسی سزای حیزبی کە دوکتۆر سەعید زۆر پێداگریی کردووە بۆ سزادانیان، ڕایانکردوە. دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی شنۆ لەگەڵ کۆمیتەی شارستانی پیرانشار و هێزی قەندیل کۆ ببۆوە و ڕێنوێنی و پێشنیاری بە ئەوان دابوو کە پێویستە یارمەتی بکەن و ببن بە بەڵەد و چاوساغ بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی شنۆ و نەغەدە بۆ ناوچەی تێکۆشانی خۆیان بەتایبەت ناوچەی سەرشاخانی مەنگوڕایەتی.

پاشان هات کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێمەش لە کۆمیتەی شارستانی نەغەدە پێکهێنا. لە پێشدا دەستخۆشانەی بە پێشمەرگەکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گوت کە لە ناوچەی سەرشاخان بەتایبەت لەندی شێخان شەڕی باشیان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم کردووە. ئەوجار ڕووی لە ئێمە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەری هێز، کاک عومەر قەیتەران کرد کە دەبێ هێزەکان و هەموو ئەوانەی توانای هەڵسووڕانیان لە ناوچە هەیە بگەڕێنەوە ناوچەی تێکۆشانی خۆیان لەسەر شاخان و دەوروبەری نەغەدە. ئێمەش بێ یەک و دوو دەستووری ئەومان قبووڵ کرد. دیار بەبێ ئەوەش دوو ڕۆژ پێشتر بۆخۆمان بڕیارمان دابوو کە بگەڕێینەوە ناوچەی خۆمان، واتە ناوچەکانی سەرشاخان و نەغەدە.

هەروەک باسم کرد پێرسۆنێلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ لەگەڵ ئەو هێزانە لەو شوێنە بوون. دوکتۆر سەعید پێی ڕاگەیاندبوون کەلوپەلیان بپێچنەوە و خۆ کۆ بکەنەوە هەتا بەڵکوو بیانگوازنەوە بۆ لای دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ". کێشەکە ئەوە بوو بارەبەر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلی نەخۆشخانە و چەند نەخۆشێک کەم بوو، بەڵام لە دەوروبەری هێزەکانی پیرانشار، شنۆ و نەغەدە زیاتر لە ١٠ هەتا ١٥ ئەسپ و یەکسم هەبوون کە هی شەخسی و پێشمەرگەکان بوون. لە ئێوارەدا دوکتۆر سەعید بە نەخۆشخانە دەڵێ بۆ نەجووڵان و بارتان نەکردووە؟ ئەوانیش دەڵێن بارەبەرمان کەمە بۆیە نەڕۆیشتووین. ئەویش کە لە دەورووبەری شوێنی کۆمیتەی شارستان و هێزەکان ئەسپ و یەکسم و بارەبەری زۆر دەبینێ، دەڵێ ئەی ئەوانە چین؟ بۆ لەوانە کەڵک وەرناگرن؟ ئەوانیش دەڵێن ئەوە هی شەخسین، ئەویش دەڵێ خۆ لێرە ماڵ و چادری لێ نییە شەخسیی چی؟ دەڵێن وەڵڵاهی هی بەرپرسان و پێشمەرگەکانن، ئەویش تووڕە دەبێ و دەڵێ بچن هەموویان بێنن باریان بکەن و کەلوپەلی نەخۆشخانەی پێ بگوێزنەوە. هەر ئەوەندەمان دیت سرتوخورت پەیدا بوو بۆ ئەوەی ئەسپەکان بشارنەوە و وەبەر سۆغرە نەکەون بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی نەخۆشخانە، بەڵام بەشی زۆریان هەر وەبەرکەوتن و بارگە و بنەی نەخۆشخانەیان پێ گواستنەوە بۆ سەر جادەی کورتەک.

بۆ شەوەکەی دوکتۆر سەعید لەوێ نەمایەوە و گەڕایەوە بۆ دەفتەری سیاسی، منیش بۆ وەرگرتنی هێندێک کەلوپەل بۆ کۆمیتەی شارستانی نەغەدە و هێز لەگەڵ ناوبراو ببووم بە هاوسەفەری ناوبراو بۆ دەفتەری سیاسی. من لام وابوو ئەو ڕۆژە کە زۆری کار کرد، زۆر ماندوو بووە، بەتایبەت لەسەر دوو بابەت لە کۆمیتەی شارستانی شنۆ و لەسەر گواستنەوەی پەلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ تووڕە بووە. بیرم دەکردەوە دەبێ سەفەر لەگەڵ ناوبراو چۆن بێ، بەتایبەت من پێشتر لەسەر تووڕەبوونی دوکتۆر سەعید شتم بیستبوو، بەڵام پێچەوانەی چاوەڕوانی یان لێکدانەوەی پێشوەختەی من زۆر قسە خۆش و شیرین و دەم بە پێکەنین بوو. ئەوە یەکەم دیداری کاریی من بوو لەگەڵ دوکتۆر سەعید لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە بناری قەندیل.

ئەوانەی دوکتۆر سەعید لە نیزیکەوە دەناسن یان ئاشنان بە نووسینەکانی و کار و چالاکی و پایەی زانستی و ڕادەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێگەیشتن و وشیاریی ئەو جوامێرە، دەزانن هەر خوێندن و هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندنی و ئەو ئاستەبەرزەی لە خوێندندا (دوکتورا لە شیمی تەجزییەدا) وەدەست هێناوە، بۆخۆی گەواهی توانای عیلمی ناوبراوی نیشان دەدا. بۆیە من ناچمە سەر ئەو بوارە. ڕاستیی تواناشم نییە لەسەر ئەو بوارە بدوێم و قەزاوەتی لەسەر بکەم. هەر ئەوەندە دەڵێم هەر کەسێک کە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ کۆنگرەی ۹ خوێندبێتەوە کە بە قەڵەمی کاک سەعید نووسراوە، قووڵی و لێزانیی سیاسیی ناوبراوی لەبوار جۆراوجۆرەکاندا بۆ دەردەکەوێ. بۆیە من ئەوە بۆ شارەزایانی ئەو بوارە بەجێ دەهێڵم. زۆرتر دەپرژێمە سەر ئەو شتانەی کە بۆخۆم لە نیزیکەوە دیتوومن وچاوم پێیان کەوتووە و گوێم لێ بووە و شاهیدی ڕووداوەکە بووم.

هەموومان لە هەڵسووڕ و پڕکاری و وشیاری دوکتۆر سەعید قسە دەکەین و جیددییەتی ناوبراو وێردی سەر زاری هەموو هاوڕێیانە لە هەموو ئاستەکانی حیزبدا. زۆر جاریش ئەو جیددییەتە دەگەیشتە ئاستی بێ سەبری و بێ تەحەمموولیش. من لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا بە چەندین جار شاهیدی ئەوە بووم. بۆ ئەوە زۆر نموونەم هەیە، بەڵام من هەر یەک دوو دانەیان دەگێڕمەوە.

ساڵی ١٣٦٧ دوکتۆر قاسملوو ڕۆحی شاد بێ لە ئورووپاوە گەڕابۆوە، وا بزانم پاییزێکی درەنگ یان زستانێک زوو بوو، کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوو. دوکتۆر قاسملوو پاش لێکدانەوەیەکی وردی سیاسی و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ناوچە بابەتی وتووێژی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی هێنایە بەر باس. بە تێگەیشتنی من دوکتۆر قاسملوو وای قسە دەکرد، زمینە و بوار بۆ وتووێژ لە باسەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا خۆش بکات و ڕەزامەندیی هاوڕێیانی ڕێبەری بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران وەربگرێ. لەڕاستیدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تایبەت بەو سەردەم زۆر لەسەر قازانج و باشی وتووێژ و ئەنجامی وتووێژ قسەی کرد. دوکتۆر سەعید کە بابەتەکەی بەم جۆرە نەدەدیت یان باشتر بڵێم خوێندنەوەی وانەبوو، لەنێو قسەکانی دوکتۆر قاسملوودا بێ ئەوەی ئێزن لە دوکتۆر قاسملوو وەربگرێ بۆ قسەکردن هاتە دەنگ و لەنێو قسەکانی دوکتۆر قاسملوودا وەقسە هات و، گوتی: "باشە ئەگەر ئەو ڕێژیمە وایە ئێمە بۆ دە ساڵە شەڕی لەگەڵ دەکەین؟" ئەوجار لەسەر ماهییەتی ڕێژیم و سیاسەتی ڕێژیم هاتە دەنگ و بە وردی شیی کردوە، کە لەو ڕێژیمە ئەوە چاوەڕوان ناکرێ کە دوکتۆر قاسملوو باسی دەکات. ئەوجار دوکتۆر قاسملوو فەرمووی "ڕاوەستە بێبەڵا بی، باسی زیانەکانی وتووێژ و ئیحتمالی سەرنەکەوتنیشی دەکەم". ئەوە نموونەیەکە کە بۆ من زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە ئەو هاوڕێیە چەندە ورد و بە بڕشت و خاوەن نەزەرە. ئەوەم بە زۆری لە کاتی کاردا، لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و لەکاتی کۆنگرەی ٩ی حیزبدا لە دوکتۆر سەعید دیتووە. من بۆخۆم ئەو هەڵسوکەوتەم پێباش نەبوو کە کاک سەعید ئاوا لەنێو کۆبوونەوەی ڕەسمی و لە جەمعی زۆردا هاتۆتە نێو قسەی هاوڕێیانی و وەک دەڵێن ڕووشکێنی کردوونەتەوە. تەنانەت ئەوە بۆخۆشم چەند جارێک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هاتۆتەپێش بەڵام ڕاستی دوکتۆر سەعید ئەوەندە شوێندانەری و کاریگەریی لە حیزبدا هەبوو کە هەستت پێ نەدەکرد کەس لە قسەکانی ناڕەحەت بووبێ یان لێی بەدڵ گرتبێ.

ڕاستە دوکتۆر سەعید پێشمەرگە بوو، بەڵام من پێم شک نایە ڕۆژێک چووبێتە نێو سەنگەر بۆ شەڕی دەستەویەخە لەگەڵ دوژمن، بەڵام بە شاهیدی زۆرکەس زۆر پیاوێکی ئازا و بەغیرەت بوو. زۆرباشم لەبیرە کە لەپاش کۆنگرەی ٩ لە دابەشکردنی کاری کۆمیتەی ناوەندیدا چاوەڕوان دەکرا کاک عەبدوڵڵا شەریفی یان من بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد وەربگرین. هەر کامەمان بە هۆکارێک ئەو بەرپرسایەتییەمان وەرنەدەگرت. کاک دوکتۆر سەعید فەرمووی من دەچم، هەموو گوتیان جا چۆن وا دەبێ؟ شتی وا نابێ، فەرمووی بەڵێ زۆر باش دەبێ، دوو سێ ڕۆژان لەگەڵ پێشمەرگەکان دەچم بۆ شاخ و تەمرین دەکەم و پشتێندی لێ توونددەکەم و دەچم. هەڵبەت دوایە بەرپرسایەتیی ئەو کۆمیتە شارستانە بە کاک عومەر باڵەکی سپێردرا.

لەکاتی تەقینەوەی مینیبووسەکەی حیزب بەهۆی تێرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ٧ی خەزەڵوەری ١٣٧٠ی هەتاویدا لە ڕێگای نێوان گوندەکانی ئێنزێ بۆ بۆڵێ کە سێ پێشمەرگە شەهید بوون و زیاتر لە ٢٥ کەس بریندار بوون، منیش بریندار بووم و گەیاندیانمە نەخۆشخانەی حیزب. هێشتا دەرمان نەکرابووم، لەبەر ئەوەی بریندارێ لە من قوورستر زیاتر بوون، دوکتۆر و کادرەکانی دەرمانی خەریکی چارەسەریی ئەوان بوون. من چوونکە سەروچاوم بریندار ببوون هەموو گیانم خوێن بوو، گوێم لە دەنگی دوکتۆر سەعید بوو هات بۆ لامان کە گەیشتە لای من بەڕاست وەک باب و براگەورە و وەک ئەوەی کە خەبەری نزیکترین کەسانی خۆی بیستبێ کە تووشی ڕووداوی ناخۆش و قوورس بووبن، ئاوا لە باوەشی گرتم و لە وەزع و حاڵی پرسیم. عەرزم کرد کە باشم، بەڵام ئەو بە کوڵی گریانەوە فەرمووی "بەڕاستی هەر باشی یان لەبەر من وا دەڵێی؟" فەرمووی هیوادارم باش بی و بۆ چارەسەریتان هەرچی لە تواناماندا بێ دەکەین. ئێوە نابێ لەدەست ئەو حیزبە بچن.

هەر ئەوە نەبوو، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بنکەی دەفتەری سیاسی لە "گەورەدێ" شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەکان زۆر بەخەستی تۆپ و کاتیۆشاباران کرابوو و چەند ماڵ بەرکەوتن و چەند کەس بریندار ببوون. دوکتۆر سەعید لە شوێنی خۆی ڕا کە تا ڕادەیەک لەو شوێنە دوور دەبێ و ئەوێش هەر تۆپباران دەکرێ، هەر لەکاتی تۆپبارانەکەدا بە هانای بریندارەکانەوە دەچێ و بەبێ سڵکردنەوە و ترس یارمەتییان دەدات هەتا بۆ نەخۆشخانە بەڕێیان بکەن. هەرچەند زۆر هاوڕێ داوا و تکای لێ دەکەن، بەڵام گوێ بە قسەکانیان نادات و تا کۆتایی هەر لەگەڵ بریندارەکان دەبێ و هاوکارییان دەکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوکتۆر سەعید ناسراوە بەوەی کە پیاوێکی تووڕە و جیددی بووە. ئەوە ڕاستە و وا بوو، بەڵام بەڕاستی شیرین و دەم بە پێکەنین و زۆر عاتفی و لەبەردڵان بوو. هەر لەوکاتەدا لەسەر شتێکی حیزبی لە کەسێک تووڕە دەبوو بەڵام دوای چەند خولەک زۆر بە ڕووخۆشی دەیدواند و ڕاوێژی پێ دەکرد کە ئەوە بۆ خۆم رووی داوە و هاتۆتە پێش.

ئەبیووبی کوڕم منداڵێکی چوار ساڵان و ژیکەڵە و جوان بوو. لە کاتی تەقینەوەی مینیبووسەکەی حیزب لە نێوان گوندەکانی ئێنزێ و بۆڵی دەم و چاوی برینداربووبوو، و زۆر شێوابوو. پاش ئەوەی چەند جارێک بردمان بۆ لای دوکتۆر برینەکانی سارێژ بوونەوە بەڵام ئاسەواری برینەکان هەر بە ڕووخساریەوە دیار بوو. لەگەڵ دایکی باسمان کرد با بە منداڵی جوانکاری بۆ بکەین تا لە داوڕۆژدا لەسەر دڵی نەبێت بە گرێ، بۆخۆمان هیچ مان شک نەدەبرد هەتا تێچووی جوانکارییەکەی دابین بکەین. ڕاستی منیش لەڕووم نەدەهات ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاک دوکتۆر سەعید و هاوڕێیانی دیکەی دەفتەری سیاسی بابەتەکە باس بکەم. پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر نامەیەکم بۆ کاک دوکتۆر سەعید نووسی و ئەویش بە نامەیەک وڵامی دامەوە. نامەکەم ئێستاش لەلایە. باوەڕ بفەرموون هیچ باوک یان برا گەورەیەکی بەرپرسیار ئاوا دڵسۆزانە نامە بۆ ئازیزەکانی نانووسێ کە چەندە بە هەستێکی پاکی برایانە نووسیبووی "ئەو منداڵە ڕەنگە بە تێپەڕبوونی کات زۆر لە ئاسەواری برینداریەکەی نەمێنێ بەڵام نیشانی دوکتۆری بدەن، چی پێویست بوو لەسەر تێچووی حیزب بۆی دابین دەکەین."

ڕاستی لەسەر ئەو شتانە و زۆر شتی دیکەی کاک دوکتۆر سەعید لە حیزبدا ئەگەر کات هەبێ دەتوانم بە دوورودرێژی قسە بکەم. لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕاستی ئەو قسەیە تەواو لە جێگای خۆی دایە کە دەڵێن "دوکتۆر سەعید جێنشینێکی شایستە بوو بۆ جێگای ڕێبەرێکی شایستە (دوکتۆر قاسملوو)" هیوادارم کورد ڕێبەری ئاوا گەورەی زۆر تێدا هەڵکەوێ.

ڕۆحی شاد و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئاوەدان بمێنێتەوە.

٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانی گەورە بۆ گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**حەسەن قارەمانی**

یەکێک لە کاراترین و دیارترین ڕێگاکانی هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە دۆخی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخستن و بەشداریکردنە لە خۆپیشاندانی گەورەدا. ئەم خۆپیشاندانانە نەک هەر وەک سەکۆیەک بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە ڕێژیمی ئێران و نفووزی ڕێژیمی ئێران لە باشووری کوردستان، بەڵکوو توانای گوشار خستنەسەر ڕێبەرانی جیهان بۆ هەڵسوکەوت و دەستێوەردان بە قازانجی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە.

کورد لە سەرانسەری جیهان، چ ئەوانەی لە حیزبە سیاسییەکاندا ڕێک خراون و چ ئەوانەی بە شێوەی ناحیزبی سەرقاڵن، ئەرکی ئەخلاقی و مێژووییان لەسەر شانە کە پشتیوانی لە خوشک و براکانیان بکەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لێرەدا چەند هەنگاوێکی گرنگ دەخەینە ڕوو کە کوردانی تاراوگە دەتوانن بیگرنە بەر بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

خۆپیشاندان لە مێژوودا ئامرازێکی بەهێز بووە بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سەرانسەری جیهاندا. توانای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردنەوەی جەماوەر و کۆکردنەوەی خەڵکی لە پاشخانی جیاواز و دروستکردنی دەنگێکی بەهێز بۆ دۆزی هاوبەشیان هەیە. بۆ کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لایەنگرانی لە دەرەوەی وڵات، خۆپیشاندان دەرفەتێکە بۆ یەکگرتن و داوای گۆڕانکاری. کاتێک هەزاران کەس لە شەقامەکانی شارە گەورەکانی جیهان بە سەرکردایەتیی کورد کۆ دەبنەوە، ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت. وێنەی خەڵک کە داوای دادپەروەری و ئازادی دەکەن لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە و ئەمەش سەرنجی نێودەوڵەتی بۆ دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەکێشێ بۆ ڕازیکردنی سەرکردەکانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

کوردانی دەرەوەی وڵات دەتوانن وەک ناوبژیوان لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان کار بکەن. دەتوانن داوا لەو ڕێکخراوانە بکەن کە بەرپرسیارێتی سەلامەتی کورد لە کەمپەکانی باشووری کوردستان لە ئەستۆ بگرن.

لایەنێکی گرنگی دیکەی خۆپیشاندانەکان ئەو فشارە نێودەوڵەتی و دیپلۆماسییەیە کە دەتوانن دروستی بکەن. لە کاتێکدا کوردانی تاراوگە خۆپیشاندان دەکەن و داوای کردەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەن، ئەستەمە حکومەت و ڕێکخراوەکان ئەم فشارە پشتگوێ بخەن. دەرفەت ئەوە زیاد دەکات کە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئاستی دیپلۆماسی تاوتوێ بکرێت و ئەو پرسە بخرێتە سەر کارنامەی نێودەوڵەتی.

نموونەیەک لەوەی کە فشارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسییەکان هەبێت، کاتێکە کە خەڵک لە هەموو جیهاندا لە ساڵی ١٩٩٠دا ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە. هەرچەندە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە، بەڵام ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە فشاری نێودەوڵەتی و چالاکیی دیپلۆماسی دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بڕیار و کردەوەی سیاسی هەبێت.

هەروەها خۆپیشاندان دەتوانێت ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO) و گرووپەکانی مافی مرۆڤدا. ئەم ڕێکخراوانە زۆرجار کار بۆ پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری لە سەرانسەری جیهاندا دەکەن و دەتوانن هاوپەیمان بن لە خەباتی کورددا.

کوردانی تاراوگە بە سازدانی خۆپیشاندان و هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەتوانن سوود لە پاڵپشتیی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە وەربگرن و لەگەڵیان کار بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان. لەوانەیە ئەمەش دروستکردنی ڕاپۆرت لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان گەیاندنی دۆسییەکە بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان لەخۆ بگرێت.

گرنگە جەخت لەوە بکەینەوە کە خۆپیشاندان دەبێت ئاشتییانە و بنیاتنەر بێت بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی هەبێت. لە خۆپیشاندانی ئاشتیانەدا ئەگەری بەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەر و چاودێرانی نێودەوڵەتی زیاترە. توندوتیژی و ئاژاوەگێڕی ڕەنگە زیان بە دۆزی کورد بگەیەنێت و دەرفەت بە ڕێژیمی ئێران بدات کە گاڵتەیان پێ بکات.

هەروەها پێویستە خۆپیشاندانەکان بە باشی پلانی بۆ دابنرێت و بە وردی ڕێک بخرێن بۆ ئەوەی پەیامەکە بگاتە زۆرترین کەس. ئەمەش واتە بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا و ئامرازەکانی تری پەیوەندیکردن بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر خۆپیشاندانەکە و ئامانجەکەی.

## پوختە!

پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە هەوڵی کورد بۆ ئازادی و دادپەروەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر گرنگە. کوردانی تاراوگە ڕۆڵێکی گرنگییان لە دڵنیابوون لەوە هەیە کە خوشک و براکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە خەباتدا نەبن. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کوردانی تاراوگە بە کردار لە چەند بەرەیەکدا دەتوانن بەشداری بکەن لە دروستکردنی ئایندەیەکی دادپەروەرتر بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

ئەنجامدانی خۆپیشاندانی گەورە ستراتێژیەکی بەهێزە کە کوردانی تاراوگە دەتوانن بۆ هۆشیارکردنەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاریگەری لەسەر بیروڕای نێودەوڵەتی سوودی لێ وەربگرن. خۆپیشاندان بە کۆکردنەوەی جەماوەر و دروستکردنی فشاری نێودەوڵەتی و هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و گرووپەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانن وەک کاتالیستێک بۆ گۆڕانکاری کار بکەن و یارمەتیدەر بن لە بەدیهێنانی خەونی چارەنووس و دادپەروەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەرکێکی گرنگە بۆ کورد ئە و ئامرازە بهێزە بە کاربهێنێت بۆ پاڵپشتیکردنی خوشک و براکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتی ئازادی و دادپەروەریدا.

٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆتایی یا دەسپێک؟



**کەریم پەرویزی**

لە دەورانی شۆڕشی سوور لە چیندا کە چەند دەیەی خایاند، چیان کای چێگ، ڕێبەری ڕاستڕەوەکان کە بە خۆیان دەگوت هێزی شۆڕشی نەتەوەیی، گوشاری وەهای بۆ هێزەکانی کۆمۆنیستی هێنابوو کە لە هێزی دەیان هەزار کەسیی لایەنگری مائۆ، چەند سەد کەسێکیان مابوویەوە و دوای هێرشی بەرفراوانی ئەرتەشی چیان کای چێگ، بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی باکووری چین هەڵهاتن و لە ناوچە کوێستانییەکاندا بە پەرتەوازەیی و لاوازی پەنایان گرت. چیان کای چێگ ڕایگەیاند کە کۆتایی بە دژەنەتەوەییەکان هێناوە.

چەند ساڵ دواتر، هێزی بەرفراوانی ئەرتەشی سووری مائۆ، ئەرتەشی چیان کای چێگیان وەها شپرز کرد کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی بۆ مایەوە و تەسلیمی مائۆ بوو بەو مەرجەی ڕێگەی بدەن کە بڕواتە جەزیرەیەک و لە تایوان جێگیر بوو و لەوێ خۆیان بە ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی چین ناودێر کرد!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا چین ڕۆژانە مانۆڕ بەسەر تایوانەوە لێ دەدا کە ئەوە خاکی چینە و دەبێ بگەڕێندرێتەوە سەر خاکی ئەسڵیی چین!

چەند ساڵێک بوو کە بەردەوام سوپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی تاران، هەڕەشەی لێدان و هێرشکردنە سەر هێزەکانی کوردستانی دەکرد و هەموو ساڵێک لە بەهار و کۆتایی هاوینیشیدا بە چەکی جۆربەجۆر هێرشێ دەکردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخەکانی کوردستان. تەنانەت لەم دواییەشدا بە درۆنی خۆکوژ هێرشی دەبردە سەر کوردستان و ڕقی خۆی بە سەر شاخ و ڕەوەزی کوردستاندا بەتاڵ دەکردەوە.

دوای ئەو چەند ساڵە هێرشە بەردەوامە کە تەنانەت لە ساڵی ١٣٩٧دا بە مووشەک هێرشی کردە سەر بنکە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات، ڕێژیم گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە بە وتەی خۆیان هێرشی یەکلاکەرەوە بکا، بۆیە لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ دا دەستی بە هێرشە دڕندانەکانی کرد.

٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی چەند ڕۆژێک بەسەر سەرهەڵدان لە سەرتاسەری ئێراندا تێپەڕیبوو و لەو سەرهەڵدانە نوێیەدا کە بە دروشمی ژن، ژیان ئازادی، لە هەموو دونیا دەنگی دایەوە، کوردستان پێشەنگی شۆڕش و سەرهەڵدان بوو وهەر بۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر زیاتر لە جاران ڕقی لە کوردستان هەستابوو و ترسی ڕووخان ڕوونتر بەربینگی گرتبوو، بۆیە لە بەرامبەر خەباتی جەماوەری و سەرهەڵدانی شاردا، کۆماری ئیسلامی بە مووشەکی بالستیک و درۆنی تیرۆریستیی خۆتەقێنەوە وەڵامی دایەوە و یەکەم جار لە ٦ی ڕەزبەر و دواتر لە چەند جاری دیکەدا بە مووشەک و درۆن هێرشی کردە سەر بنکە و کەمپ و بنەماڵە و قوتابخانە و نەخۆشخانەی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و تەنانەت منداڵی نێو سکی ژنی دووگیانیشی وەبەردا و ئەوەی تاوان هەبوو کە پێشتر ئەنجامی نەدابوو ئەمجارە بەڕێوەی برد! شەهیدانی ئەم هێرشانەی ڕێژیم شایەتی هەمیشەیی مێژوون بۆ سەلماندنی پەڵەڕەشەکان بە نێوچاوانی دەسەڵاتدارێی تارانەوە.

کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسدارانەکەی پێیان وابوو کە ئەمە کۆتایی پرۆسەکەیە و ئەو پیلانەی کە چەند ساڵێکە قۆناخ بە قۆناخ جێبەجێی دەکەن، لە قۆناخی کۆتایی خۆیدایە و هەر بۆیە دوای مووشەکباران، ویستیان گوشار و هەڕەشەکانیان بخەنە بەرگی دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەوە و لە ڕێگەی ڕێکەوتنی ئەمنییەتی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، دەستیان دایە پڕوپاگەندەی لەنێوبردنی ئیرادەی خەباتکاری لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا.

لە لای کۆماری ئیسلامییەوە، ئەمە دوایین قۆناخ بووە و هەر وەک بەرپرسانی سوپای تیرۆریستیی پاسداران باسیان کردووە دەیانەوێ هێزە تەجزیەتەڵەبەکان لە ناوچە دوور بخەنەوە!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی کوردستان بەگشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی چەندین قۆناخی جیاوازی بڕیوە و لە سەرەتای سەرهەڵدانەوە، کە دژکردەوە بووە بەرامبەر بە هرووژمی کۆلۆنیالیزمی نوێ، بە سەرکردایەتیی ڕەزاخانی میرپەنج، بە گیانفیدایی و گرتنەبەری ڕێگای جۆربەجۆر درێژەی هەبووە و هەر لەو کاتەوە تۆمەتی جوداییخوازی و دەسکردیی بێگانەیان لێ داوە! بەڵام هەر لە سەردەمی ڕەزاخانەوە تاکوو ئێستا لە هەموو قۆناخەکاندا ئەوە دەسەڵاتی حاکم لە تاران بووە کە هەوڵی داوە هەم بزووتنەوەی کوردستان بەلاڕێدا ببا و بەرەوە ئاقاری دیکە هان بدرێ و هەم لە بەرامبەر سەرکوت و بێهێزکردنی بزووتنەوەی کوردستاندا هەم ئیمتیازی زۆریان بە بێگانەکان داوە و هەم تەنانەت لە خاک و بەرژەوەندیی وڵاتی بەڵالێدراوی ئێرانیشیان بەخشیوە!

لە ڕاستیدا بەستراوە بە بێگانە و تەجزیەتەڵەبی ڕاستەقینە دەسەڵاتی پاڵەوی و دواتر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی بوون و هەن.

بزووتنەوەی کوردستان و ڕەوتی سەرهەڵدانی ڕزگاریخوازانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نە بزووتنەوەیەکی دەسکردە و نە هەڵبەزینەوەیەکی کاتییە کە بە مووشەک و درۆن لەوبەری سنوورەکانەوە کۆتایی پێ بێ!

هێزەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی سەرهەڵداو لەنێو پێداویستی و پێویستیی مێژوو و خەباتی نەتەوەیەکی ڕاپەڕیو و لەسەر هەستە و ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە ئەم ڕێکخراوەیان دامەزراندووە و چاوی هیوایان لەسەریەتی و وەکوو گلێنەی چاویان دەیپارێزن! حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند گرووپێکی چەکداری پەرتەوازەی سنوورەکان نییە کە بە هێرشی درۆنی تیرۆریستی لەنێو بچێ!

هێزەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات، لە ئیرادەی نەتەوەیەکەوە سەرچاوە دەرگرن و لە بەرامبەر ستەمێکی کۆلۆنیالیستیی ڕێژیمی حاکم لە تاراندا سەریان هەڵداوە. تەنیا ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە، نەک هێرشی نیزامی بەڵکوو نەمانی کۆلۆنیالیزم و بەرقەراربوونی پێوەندیی هاوتای نێوان هەموو نەتەوەکان لە ئێرانە!

چیان کای چێگ نەیدەزانی کە ویستی بەرابەریخوازی لە چین بەستراوە بە چەند کەس لە هێزە پارتیزانییەکەی مائۆ نییە و پێی وابوو کە بە هێرشەکەی کۆتایی بە ئەو ویستە هێناوە، بەڵام دۆخەکە و بەردەوامیی سەرهەڵدان و بەرخۆدان نیشانی دا کە ئەوە نەک کۆتایی نەبوو بەڵکوو دەسپێکی سەردەمی دیکە بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هیچ چەکێک لە دونیادا نەیتوانیوە ئیرادەی نەتەوەیکی وشیار کە ئامادەی دانی نرخەکانی ئازادییە بەچۆکدا بێنێ. هێنانەئارای چەکی بالستیکی و درۆنی خۆتەقێنەوە، کۆتایی ویستی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازی لە کوردستان نییە بەڵکوو هۆکاری گۆڕانکاری لە تاکتیکەکان و دەسپێکی قۆناخی دیکەیە!

وەرگیراو لە بەرنامەی هزرین

٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وەرزی نوێی شۆڕشی قوتابییان




**شەماڵ تەرغیبی**

بێشک  سەلماوە کە هێزی گۆڕان لە هەر وڵاتێکدا بریتییە لە هێزی چینی لاو؛ لە نێو ئەوانیشدا لاوانی خوێندەوارن کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دادەنێن لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان. ئەم شوێندانەرییە بەتایبەت لەو وڵاتانەدا کە سیستمی بەڕێوەبەری تێیدا زاڵمانە و دیکتاتۆرییە گرینگتر، ئەستەمتر و پڕتێچووترە.

لە ئێراندا و لە کۆتاییەکانی دەیەی ٥٠ی هەتاویدا، بەڕوونی لە نێوان ساڵەکانی ٥٥ تا ٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران شکڵی گرت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پاڵەوی دووهەم هات ، ئەم نەخش و دەورە گرینگە زیاتر لە هەر کاتێک دەرکەوت. چاوخشاندنێک بەسەر ئارشیوە تەسویرییەکانی ئەو سەردەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەوە چینی لاوی خوێندەواری کۆمەڵگا بوون کە دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی ڕاسان و کۆتاییان بە چەند سەد ساڵ زوڵم و زۆری سیستمی حاکم هێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم شوێندانەرییە بەنیسبەت ئەزموونی وڵاتانی دیکەشەوە دەکرێ بخرێتە بەر تیغی شەنوکەوکردن؛ بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠١٩دا لاوانی ئەندۆنێزی دژ بە سەپاندنی حوکمی بە ئیسلامیکردنی وڵات ڕاپەڕین و سەرکۆماری وڵاتەکەیان ناچار کرد کە واز لە دەسەڵات بهێنێ.

ڕەنگە لە ئێستەدا بەرهەستترین نموونە کە بۆ ئێمە گرینگیی تایبەتی خۆشی هەیە هەمان ڕاپەڕینی سەرانسەری لە ئێران و لە پاش کوژرانی بەئەنقەستی ژینا ئەمینی لە ساڵی ڕابردوو بێت کە دیتمان چلۆن لە هەموو شارەکانی ئێران و کوردستان خەڵک و بەتایبەت لاوانی دەروەست ڕژانە سەر شەقامەکان و دژ بە دەسەڵاتی حاکم دروشمیان دا و خوازیاری لەنێوبردنی یەکجارەکیی سیستەمەکە بوون. چاوخشاندنێک بەسەر ئاماری شەهیدەکان و دەسبەسەرکراوان لە یەک ساڵی ڕابردوودا دیسانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو هێزەی شەقامەکانیان کردە سەنگەری بەرخۆدان دژ بە دەسەڵاتی ملهوڕی تاران ئەوا لاوانی نێو شارەکان بوون.

یەک ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا تێپەڕی؛ حکوومەت باشتر لە هەموو کەس دەزانێ کە هێزی لاوان چەندە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕەوشی سیاسی و هزری کۆمەڵگا هەبێ بۆیە هەر لە ڕەوتی خوێندندا لە ساڵی ڕابردوو دیتمان کە چلۆن بە ژەهراویکردنی قوتابخانەکان هەوڵی شکستپێهێنانی بزووتنەوەکەی دا. ئەمساڵیش هەر لە ئەنجامی ئەو ترسە دەبینین کە بە سنووردارکردنی تایبەت و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەتیتر لە هەوڵدایە کە پێش بە سەرهەڵدان و نارەزایەتیی نوێ بگرێت. غافڵ لەوەیکە بیری ئازادیخوازی و دەربازبوون لە حوکمڕانیی سیاسی لە چەشنی کۆماری ئیسلامی لە ئێستەدا بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی چوونەوەی قوتابییان بۆ قوتابخانەکان.

بەگوێرەی دوازانیارییەکان لە ڕۆژانی ڕابردودا و تەنیا پاش چەند ڕۆژ لە کرانەوەی قوتابخانەکان لە ئێران و کوردستاندا، خوێندکارانی خوێندنگەکان بە هیچ شێوەیەک حازر نین ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە قوتابخانە و پۆلەکانی خوێندن کە لەلایەن ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندییەوە بە سەریاندا سەپابوو، بەڕێوە ببەن.

کچانی قوتابخانەکان لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان پێش لەوە بچنە نێو کلاسی دەرس وڵامی دۆعا و نیایش و سەڵەواتەکانی بەرپرسانی قوتابخانەکان نادەنەوە.

ئەوان سروودی ڕێژیم دووپات ناکەنەوە و تەنانەت لە کاتێکدا مودیر و نازمی مەدرەسەکان داوایان لێدەکەن سروودەکە بخوێنن، ئەو کچە ئازادیخوازانە گاڵتە بەو سروودە دەکەن، بە جۆرێک کە تەواوی نەزمی مەدرەسەکان لەنێو دەچێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قوتابییەکان لەنێو پۆلەکانی خوێندندا مەقنەعەکانیان فڕێ دەدەن و دوگمەی مانتۆکانیان دەکەنەوە. زۆربەی مامۆستاکان لە ناو پۆلەکاندا لەگەڵ ئەم بارودۆخە ڕاهاتوون و بەگشتی ئەوانیش هاوتەریبی خوێندکاران ڕەفتار دەکەن و پاڵپشتی لە کچانی قوتابخانەکان دەکەن.

ئەم بارودۆخە لە سەرانسەری قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندیی کچان لە شارەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێ و حاکمە و بەرپرسانی ئەمنییەتیی ڕێژیم هەوڵی هێورکردنەوەی وەزعەکە دەدەن. کاربەدەستانی ڕێژیم بە ڕەنگکردنی دیوارەکانی مەدرەسەکان لە هەوڵدان دروشمەکانی دژ بە ڕێژیم بسڕنەوە.

ئەوان بە گرتنی قورعان و سروودی ڕێژیم لەسەر مۆبایلەکان چیدی نایانهەوێ قوتابییەکان ئەو شتانە دووپات بکەنەوە هەتا کێشەیەکی جیددی نەیێتە پێش، ڕێژیم لە بەرانبەر قوتابییەکاندا خەریکی پاشەکشێیەکی ڕانەگەیێندراوە.

بارودۆخی قوتابخانەکانی کوڕانەش بەگشتی پڕە لە حاڵەتگەلی نافەرمانیی مەدەنی و دژایەتیی ڕێژیم. دروشمدان و نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە، خوێندنەوەی سروودی نیشتمانپەروەرانە و گاڵتەکردن بە مۆرەکانی ڕێژیم لەنێو قوتابخانەکاندا بەشێکن لە ئەو ڕەفتارانە کە دەتوانین بە درێژەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، ناوی ببەین .ئەو شۆڕشەی کە کۆماری ئیسلامیی لە گشتییەتی خۆیدا هێنایە ژێر پرسیار و ئومێد دەکرێ لە سێبەریدا کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیم بێت و کەشی ئازاد باڵ بکێشێت بەسەر جوغرافیای ئێراندا

١٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئایا کۆماری ئیسلامی ئامانجی خۆی پێکا؟



**شیوا مورادیان**

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا، لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تاکوو ئێستا کە ٧٨ ساڵ بەسەر چالاکی و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا تێپەڕ بووە، ئەم حیزبە کە بە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناسراوە هەوراز و نشێوی زۆری لە ڕەوتی خەباتدا ئەزموون کردووە. حیزبی دێموکرات چ لە کاتی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پەهلەوی و چە دوای ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی سەرەڕۆی ویلایەتی فەقیھ بە مەبەستی ڕاوەستانی لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام لەژێر هێرشی جۆراوجۆری وەکوو نیزامی، تەبلیغاتی، تیرۆر، ئێعدام، زیندان، تۆپباران و مووشەکباران و ... بووە.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە بۆ هەموو جیهان و بەتایبەت کوردستان، بە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران و هاتنەسەرکاری حکوومەتی ئاخوندی بەردەوام هەموو شێوازەکانی شەڕ و ستەم دژ بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری خومەینیی جەلاد و فتوای جیهادی ٢٨ی گەلاوێژ دژ بە کورد، ماهییەتی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە بۆ میللەتی کورد دەرکەوت و بینیمان کە چلۆن بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان شەڕێکی هەمەلایەنەی سەربازی، ئابووری، ژینگەیی، کلتووری، تێرۆری فیزیکی و ... دەستی پێکرد بەڵکوو بتوانێ نەتەوەی کورد و حیزبی پێشڕەوی ئەو خەڵکە لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکانی ڕاوەستێنێ، بەڵام ئەوەی تاکوو ئێستا بەو هەموو هەزینەی ماددی و گیانییەی نەیتوانیوە دەستەبەری بکات سڕینەوەی ئازادی بووە لە ڕۆحی تاک بەتاکی کورددا، هەر وەک ڕێبەری گەورەی گەلەکەمان شەهید قاسملووی نەمر فەرموویەتی ئازادی بووەتە بەشێک لە ژنێتیکی کورد.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دوا بە دوای قۆناغی نوێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە ڕاسانی خۆرهەڵات ناوبانگی دەرکرد، ڕێژیمی بە ناو کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەموو کات باسی لەوە دەکرد حیزبی دێموکرات نەماوە و حیزبێکی "مونحەلەیە" بەڵام بۆ چەندین جار هێرشی درۆنی و مووشەکی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی لە باشووری کوردستان. یەکەم مووشەکباران ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧بوو، هێرشی دیکەی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی بوو کە سێ جار هێرشی درۆنی و مووشەکی کردە سەر حیزبە کوردییەکان و لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا چەندین کادر و پێشمەرگە شەهید و دەیان خەباتکار و خەڵکی سڤیل بریندار بوون. ئەو هێرشە لە کاتێکدا بوو کە ناڕەزایەتییەکانی پاش شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی سەقز کە بەدەستی جنایەتکارانی ئەو ڕێژیمە شەهید کرا لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و لەماوەیەکی کورتدا تەواوی ئێرانی گرتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش کە باش لەوە تێگەیشتبوو وشیاری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات گەیشتووەتە لووتکە و چیدیکە ناتوانێ مافەکانیان زەوت بکات و گۆڕانی ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیە لە کوردستان دەست پێدەکات لە ترسی مانەوەی خۆی دەستی دایە جینایەتێک کە تەنانەت سنووری وڵاتێک و سنووری مرۆڤایەتیشی بەزاند و ڕووی هیتلێریشی بەم کارە قیزەوەنەی سپی کرد، ئەوەش ئەوە بوو کە بنکە و بارەگای حیزبە پێشەنگ و پێشڕەو و ڕێنیشاندەرەکانی خەڵکی کوردستانی کە جێگای حەوانەوەی ژن و منداڵی پێشمەرگەکان بوو کردە ئامانج. ئامانجی ڕێژیم لەو هێرشەدا کە کرایە سەر حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ئەوە بوو تاکوو نیشان بدات کە ئەم شۆڕشە لە ئێران هۆکاری دەرەکیی هەیە تا بەم جۆرە ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی ئێرانی پێ داپۆشێت و ڕای گشتی بە لاڕێدا ببات و جارێکی دیکە باسی لەوە کرد کە نەتەوەکانی ئێران سەودای سەربەخۆییان هەیە و داوای لەتبوونی ئێران دەکەن. بەڵام لە ڕاستیدا ئامانجی ئەو هەڕەشە و هێرشانە ئەوە بوو کە بۆ مانەوەی دەسەڵاتە سەرەڕۆکەی پەنای بۆ درۆن و مووشکەکانی بردووە و بەم شێوەیە دەیەوێت لە خۆی بەرگری بکات و ئیرادەی نەتەوەیەک بە درۆن و مووشەک لەنێو ببات یان زەعیفی بکات کە دیسانەوە جیا لەوە کە ڕووی هەموو دیکتاتۆرەکانی سپی کرد قەد نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێت و ئەوەی کە پێی نەکراوە و ناشکرێت سڕینەوەی ئازادیە لە ناو ڕۆحمانا.

١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئایا حیجاب (لەچک) نەکردن شکاندنی نەریتە؟




**مامۆستا هەتاو**

ئایا حیجاب ( لەچک) نەکردن شکاندنی نەریتە؟ یا خود شکاندنی یاسایکی بەزۆر داسەپاوە بە سەر کۆمەڵگەدا کاتێ دەسەڵات ستوونەکانی مانەوەی خۆی لە سەر چەند نەریتێکی کۆن بەرپا دەکا. ئاشکرایە کە چینێکی تازەپێگەیشتوو ناچێتە ژێر باری ئایدۆلۆژیایێک کە لەگەڵ زانستەکانی سەردەم یەک ناخوێنێتەوە. لە ئەنجامدا نەچوونە ژێر ڕکێفی دەسەڵات لەلایەن خەڵک و پێداگریی حکوومەتی بەناو ئایینی بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان نارەزایەتیی تاکی لێ دەکەوێتەوە. کاتێ تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی هزریەوە یەکتر دەدۆزنەوە ماتەوزەیێکی ئامادەی تەقینەوە درووست دەبێ کە لە ڕۆژێکی وەکو شەهیدبوونی کچە کوردی بێتاوان "ژینا ئەمینی"دا بەوێنەی گڕکانێک ڕاپەڕین بەرهەم دێنێت. ڕاپەڕینێک هاوکات هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە هەمیش گشت سنوورەکانی ئایدۆلوژیای حاکم تێدەپەڕێنێت بە شێوەیێک کە دەسەڵات دەڵێ نابێ پرچت دیار بێت، لە بەرامبەردا کیژ و لاوەکان بەبێ حیجاب لە سەرشەقام سەما دەکەن.

بێگومان گرینگی پێدانی ناوەندی هاوکاری بە تایبەت حیزبی دێموکرات بەو ڕاپەڕینە لە کات و ساتی خۆیدا وەکوو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەرکێکی مێژوویی نەتەوەیی پێگەیەکی تایبەتی بە خەباتی گەلی کورد بەخشی و شۆڕشی ژینا لە ماوەیکی زۆر کورتدا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. بە ڕێنمایی و ڕێنیشاندەریی ڕێبەریی حیزب و ناوەندی هاوکاری زۆر سروشتیە شۆڕش لە کوردستان ڕەوتی سەرکەوتن بگرێتە بەر، بەڵام بەداخەوە لە پارێزگاکانی دیکەی ئێران هیچ کە ناوەندیکی ڕێنماییکەر یا ئۆپۆزسیونێکی چالاک نەبوو، بگرە دژبەرانی شۆڕشی ژینا لە دەرەوەی وڵات چوونە پێستی مەڕ و پتانسیلی ڕاپەڕینیان دامرکاند و ئامانجەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان بە لاڕێدا برد.

ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنها نارەزایەتی نەبوو بەڵکوو خەباتێکی بەرینی هەمە چەشنە بوو کە توانی لووتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بشکێنێت و بە هەموو لێکدانەوەیەکی سەردەمیانە دەبا ئەو شۆڕشە هەر لە چەند مانگی سەرەتای دەسپێکدا سەر بکەوێ .بەڵام کاتێ درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەرگی کوردیی پۆشی و سەرانسەری جیهانی تەنی و ناوی کیژی کورد" ژینا " بوو بە باڵەندەیێک و سەردانی پارلەمانی ئۆرووپای کرد و چووە نەتەوە یەکگرتووەکان و بوو بە سەردێڕی گشت ڕۆژنامەکانی دنیا؛ ئەو کات نەیارانی کوردستان وەخۆ کەوتن. ئەوان سەرەتا ژن، ژیان، ئازادییان گۆڕی بە "زن، زندگی، آزادی" و ڕاستە نێوەرۆکی دروشمەکە نەگۆڕاوە، بەڵام توانیان ئامانجەکە دەستەمۆ بکەن. هەروەها کە نەیاندەتوانی بڵێن ژینا، ناوی "مەهسا"یان خستە سەر زار و هەموو ڕێگایێکیان تاقی کردەوە تا بتوانن هێما کوردییەکان لەو شۆڕشە ڕاماڵن کە بە خۆشییەوە سەرکەوتوو نەبوون.


بەڵێ، پاش چل و چوار ساڵ داگیرکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان خەبات بە دژ ئەو ڕێژیمە درێژەی هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ بەها و پێگەی ڕۆڵە ئازادیخوازەکان بەرزتر دەبێتەوە، بەهای ئازادییش ئەو کاتە دیاری دەکرێت کە باوکی شەهیدێک لە کاتێکدا کە ڕۆڵەکەی بە خاکی کوردستان دەسپێرێت بە وێنەی ڕێبەرێک دەر دەکەوێت و دەڵێ: من ڕۆڵەی خۆم پێشکەش بە نیشتمان کردووە. بۆیە ئەم شێوە هەڵوێستانە متمانەمان پێ دەبەخشێ کە دڵنیا ببینەوە شۆڕشمان سەردەکەوێت.

۱۳ی ڕەزبەری ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## باوەڕ بە سەرکەوتن




**عەلی بداغی**

ساڵێک لە شۆڕشی ژینا تێپەڕی. ساڵێک کە لەودا هەم وێنەیەکی شکۆدار -ئەگەرچی پڕتێچوو-ی دیکەمان لە خەبات و مافخوازیی خەڵکی ئێران بینی، هەم بینیمان ئاستی سەرکوت و دڕندەیی ڕێژیم لە کوشتن و بەندکردن و خنکاندنی هەناسەکانی خەڵک و کۆمەڵگە هیچ سنوورێک ناناسێت.

دوای تێپەڕینی ساڵێک لە بەربەرینترین نارەزایەتییەکانی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی، حەق وایە پتر لەوە بکۆڵینەوە کە سەرەڕای هەموو قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕێژیمە بۆ هێشتا لەسەر پێیە و شۆڕش و بزووتنەوەی نارەزایەتی بۆچی هەتا ئێستا چۆکی بە ڕێژیم دانەداوە؟ گرینگترین ئاڵەنگاری و قەیرانەکانی بەردەم ڕێژیم چین و، فاکتەرەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی کامانەن؟

بێشک یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا بۆ سەرکوتی خوێناویی شەپۆلی نارەزایەتییەکان دەگەڕێتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو زەرفییەتەکانی سەرکوتکاریی خۆی، بە هەموو چەکێکی نیزامیی بەردەست تەنانەت چەکی بیولۆژیک شمشێری سەرکوتکردنی خەڵکی لە ڕوو بەست. بەپێی زۆر بەڵگە تەنانەت بۆ دڵنیایی پتر لە خنکاندنی هەناسەی خەڵک، هێزە نیابەتی و میلیشیاکانی گوێڕایەڵی خۆی لە ناوچەدا بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان بەتایبەت لە تاران و کوردستان بانگ کردبوو. دوای دامرکانەوەی بڵێسەکانی شۆڕشیش بە گرتن و بەندکردن و ئەشکەنجە و تەنانەت ئێعدامی کەسانی ڕیزی پێشەوە ناڕەزایەتییەکان و، گوشارهێنانی پتر بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بزووتنەوەی خوێندکاری هەوڵی داوە تێچووی بەردەوامیی سەرهەڵدانەکان لەسەر خەڵک زیاتر بکات.

هۆکارێکی دیکەی سەرنەکەوتنی شۆڕشی ژینا لە قازی یەکەمیدا ئەوە بوو نەیتوانی پێوەندییەکی بەهێزی ئەوتۆ لەنێوان دوو خواستی سەرەکیی خەڵک، واتا مافی ئازادی و مافی ژیان و بژێودا دروست بکات. بێگومان لە کاتێکدا گرانی و هەژاری برستی لە خەڵک بڕیوە و داخوازە ئابوورییەکان لەپێشەوەی داواکانی خەڵکن؛ بەڵام دەرفەت بۆ لێکگرێدانی داخوازییە سەرەکییەکانی خەڵک و لەو سۆنگەیەوە بەشداری هەراوی کۆمەڵگە لە ڕاپەڕینەکە بە خەڵک نەدرا. هاوکات نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێوان نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان و زەقکردنەوەی بابەتگەلی وەک پیلانی دەستی دەرەکی بۆ هەڵوەشاندنی ئێران و مەترسییەکان بۆ سەر تەواوەتیی ئەرزی! کە بەتوندی لەلایەن دامودەزگای تەبلیغیی ڕێژیم و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە لە کەرەنا دەدرا؛ ئەو یەکگری و یەکخستنی وزەی خەباتگێڕییە سەرانسەرییەی بۆ جارێکی دیکەش وەدوا دا.

بەڵام لە خەسارناسیی شۆڕشی ژینادا لە یەکساڵی ڕابردوودا خاڵی لاواز و هەرەسەرەکی، لێکدووری و پەرتەوازەیی ئۆپۆزیسیۆن و دەستەوەستانییان لە سەلماندن و جێخستنی خۆیان وەک ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بوو. سروشتییە کە ناڕەزایەتی و شۆڕشی خۆڕسکی خەڵک با لە پاشخانی دەوڵەمەندی خەباتکاری و لەسۆنگەی کەڵەکەبوونی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە سەرچاوەیان گرتبێ؛ بەڵام گەیشتن بە خاڵی ئامانج و دەستەبەری دەسکەوتەکانی ڕێبەری و نەخشەڕێی بەردەوامی هەتا سەرکەوتنی دەوێ. بۆشاییەک کە بەڕوونی بە شۆڕشی ژیناوە دیار بوو و شۆڕش لە بەردەوامیی خۆیدا یان دەبێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، یان خەڵک دواجار و بەناچار لەو خاڵ‌هیوایە کە بەداخەوە هێشتا بە پێگەیشتوویی سیاسی نەگەیشتووە تێدەپەڕن و بەدیلی خۆیانی بۆ دێننە گۆڕێ.

جیا لە سەرنجدان بەو خاڵانەی ئاماژەیان پێ درا، شۆڕش لە بەردەوامیی خۆیدا دەبێ بەسەر چەند کۆسپی دیکەشدا سەر بکەوێ، وەک گۆڕینی هاوکێشەکانی هێز لەنێوان بەشداریی خەڵک و توانای سەرکوت کە ڕاستەوخۆ گرێدراوی پرسی ڕێبەری و ڕێبەریکردنی شۆڕشە. پرسێک کە دەبێ وەڵامی بۆ ڕەواندنەوەی دوودڵیی توێژی خۆڵەمێشی بۆ ڕەگەڵخستنی ئەو زۆرینەیە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەبێ و بتوانێ هەموو فرەییەکانی کۆمەڵگە بە خواست و ئامانجی جۆراوجۆرەوە لە چوارچێوەی گوتارێکی هاوبەشدا ڕێکبخات. چونکی ئەگەر هەتا ئێستاش بەشێکی گرینگ لە چینەکانی مامناوەندی کۆمەڵگە تەقڵی نارەزایەتییەکان نەبوون هۆکارەکەی نەک ترس، بەڵکوو بۆ دوودڵیی ئەوان لە ئاڵترناتیڤی جێگرەوەی ڕێژیم و ئاسۆی خەبات و نارەزایەتییەکان و دۆخی ئێران دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دڵنیایی لە شێوەی ئیدارەدانی وڵات دەگەڕێتەوە.

ئەگەرچی لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بە گرتنەبەری هەندێ تاکتیکی وەک هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ نەیار و رکەبەرە ناوچەییەکانی و، نەویکێشان بۆ ئەمریکا و ئورووپا لە سیاسەتی دەرەکیدا و لە نێوخۆی وڵات بە سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار بۆ سەر بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک دەیەوێ کۆنترۆڵی دۆخەکەی بکات؛ بەڵام ئەو ڕێوشوێنانە دادی نادەن، بە چەند هۆکار:

یەکەم. هەر لە ڕووی تیۆری و بەپێی ئەزموونە مێژووییەکانیش سروشتی دێتە بەرچاو کە سەرهەڵدان و ڕاپەڕین لەدژی دیکتاتۆرەکان لەوانەیە لە چەند هەنگاوی یەکەمدا بە ئاکام نەگات؛ بەڵام شۆڕش کە پنجی داکوتا ئیدی وەک ئاگری بنخۆڵەمێش بۆ گەشانەوە و بڵێسەسەندنەوەی بچووکترین هەل و دەرفەتی بەسە.

دووهەم. کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە ئێستادا کە یەکدەستترین دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی خۆیدایە، چ لە ڕووی فۆنداسیۆن و پێکهاتەوە و چ لە ڕووی عەقڵییەتی سیاسی و بەڕێوەبەرییەوە نە توانای ئاڵوگۆڕ و پێستفڕیدان و چاکسازیی هەیە، نە دەشتوانێ کەمترین ئارێشەکانی کۆمەڵگە و خەڵک چارەسەر بکات. حکوومەتێک کە گەورەترین هۆکاری مانەوەی وەک هەر دەسەڵاتێک کە متمانەی خەڵک و ڕەوایی سیاسییە لە دەست داوە و، دەسەڵاتێک کە هەڵۆڵە و نەک توانای زاڵبوون بە سەر بچووکترین قەیرانەکان و وەڵامدانەوە بە لانیکەمی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی نییە، بەڵکوو بابەتە هەرچەشنە وردەبابەتێکی کۆمەڵایەتی دەکاتە قەیرانیکی سیاسی و ئەمنیەتی. دەسەڵاتێک کە لە هەموو پێوەر و تایبەتمەندییەکانی حکوومەتبوون داماڵدراوە و تەنیا پشتی بە هێزی سەرکوت و کوشتوبڕ بەستووە؛ سروشتییە لەو ڕەوشەدا کۆمەڵگەش هەموو کات لە دۆخی شۆڕش و ڕاپەڕیندا خۆی ببینێتەوە و بە گۆڕینی تاکتیکەکانی خەبات لە بەستێنی مەدەنی و نامەدەنیشدا ڕەوتی بەرەوپێشی خۆی بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵات بپێوێ.

**هۆکاری سێهەم.** هاوکێشەی تەمەنی و گۆڕانکاری حەشیمەتییە. ئەگەر لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧دا سەتا ٤٠ی پیاوان و سەتا ٧٠ی ژنان نەخوێندەوار بوون و لە سۆنگەی خۆشەویستیی مەلا و مزگەوتەوە ئینتیمای ئایینیی خەڵک یەکجار زۆر بوو؛ ئێستا زۆرینەی حەشیمەتی ئێران -کە لە لاوان پێکهاتوون- خوێندەوارن، بەتایبەت کە خوێندەواری و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێگەیشتوویی لە ژناندا چەندقات بەرز بووەتەوە. هەروەها مەیلی ئایینی لە کۆمەڵگەدا تا ئاستێکی یەکجار زۆر لە کەمی داوە و زۆرینەی خەڵکی ئێران بیر و ئینتیمای سێکۆلاریان هەیە. لەوەش تایبەتتر پشتگوێخستنی لاوان و مافەکان و داهاتوویان لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەویش لە سەردەمی تەقینەوەی زانیاری و سۆسیالمێدیادایە کە هەم لەسەر سێکۆلاربوونی زیاتری توێژی لاوان و هەم لەسەر خەباتگێڕی و مافخوازییان شوێنەواری قووڵی داناوە.

چوارەم فاکتەر ئەزموونە مێژووییەکانن. شۆڕشی ژینا کە هەرخۆی لەسەر بنەمای پاشخانێکی دەوڵەمەند لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووە، بەپێی ئەزموونەکان دەزانێ بۆ سەرکەوتن پێویستە هەموو خەڵکی وڵات دووردیمەنێکی ڕوونیان لە داهاتوو بوێ و سەرکەوتنی شۆڕش بە سەرکەوتنی خۆیان و دەستەبەری مافەکانیان بزانن. شۆڕشی ژینا ئێستا لەو دۆخەدایە و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە گوندی و شاری و، لە وەرزێڕ و بازاڕی و بازرگانەوە هەتا کرێکار و قوتابی و خوێندکار ئەو خولیایەیان بۆ چێ بووە کە داهاتووی ڕوونیان لەگرەوی نەمانی کۆماری ئیسلامیدایە. ئەم خولیا هاوبەش و گەورەیەش هەم یەکیەتییەکی دەروونی لەنێو خەڵکدا پێکدێنێ، هەم هۆکارێکیشە بۆ دروستبوونی هاوپەیمانییەکی بەرین لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشی مافخوازیی خەڵکی کوردستان و ئێران کە هەڵقوڵاوی ئیرادەی گشتی بۆ ڕامالینی دیکتاتۆرییە سەر دەکەوێ، چونکی هەم بەرهەمی وشیارییەکی گشتی و نەتەوەییە، هەم کۆمەڵگە لێبڕاوە هەموو تێچوویەکی بۆ بدات.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حیجاب و دەسەڵاتی دادوەرێن



**دارسمە**

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە ماندووبوونی نەناسیووە و لە تێکۆشان بۆ ناساندنی زیاتری خۆی بەردەوام بووە. ئەم دەسەڵاتەی ئێران لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داوە هاووڵاتیان و بێگانانیش تێبگەیەنێت خەریکی وەراندنی دادە و بەردەوام داد دەوەرێنێت.

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرلە پیرۆکە بوون، نزیکەی چلوپێنج ساڵ لەمەوبەر، ئەوکاتەی لە زیندانی قەسری تارانەوە لە ژێرچاودێریی ئاغای خومەینیدا گڕوگاڵی دەکرد و بە قنکەخشکێ دەڕۆیشت، قۆڵی لە دادوەراندن هەڵماڵی و بەبێ دادگاییکردن، دەستوپێوەندیی بەرز و نزم و گەورە و بچووکی سەردەمی پاشایەتیی لە زیندانی قەسرەوە وەک دوژمنی خوا و بۆگەنی سەر زەوی ناساند و هەر یەکەو بە قوربانی چەند فیشەکێکی کردن.

دەسەڵاتی دادوەرێنی کۆماری ئیسلامی ئەوکاتەی کەوتە سەرپێ، وەک ئەوەی بچێتە گوێز داوەراندن، بەرەو گۆشە و کەناری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانی پان و بەرین کەوتە ڕێگاوە و هەر جارە ڕووی کردە باغ و دارستانێکی ئەم وڵاتە. لە تورکەمەنسەحرا دادگای سەحرایی دانا، لە فرۆکەخانەی سنە ڕیزی گوللەبارانکراوانی درێژ کردەوە و لە ڕۆژێکدا ٥٩ لاوی مەهابادی داوەراند و چەند ساڵ دواتر خاکی دەشتی خاوەرانی تارانی بۆ شاردنەوەی تەرمی بەکۆمەڵی دادخوازان شێو و وەرد کرد.

نەخۆشیی ئەم دادوەرێنە دەگەڵ چوونە نێو تەمەنەوە زیادتر تەشەنە دەکات و لە سەردەمی پیربوونیدا، بیستنی هێندێک وشەی وەک ژن و ژیان و ئازادیی زۆر تووڕەی دەکات و لەلایەکی دیکەوە بە بیستنی وشەی حیجاب دڵی دەکرێتەوە.

ئێستا، دوژمنانی خوا و بۆگەنانی سەر ڕووی زەوی، سێ وشەی ژن و ژیان و ئازادییان کردووە بە دروشم. فارسان لە بنەوپاڵەوە کردوویانە بە" زن، زندگی، آزادی" و لە دەرەوەش بە زمانانی زیندووی جیهان دەگوترێتەوە. ئەم دروشمە وەک دروشمێکی مافخوانە و هاچەری جۆکەری لێ هاتووە و لە هەموو وڵاتێک و بۆ هەموو نەتەوەیەک کلیلی کردنەوەی ڕێگەی نزیکبوونەوە لە دادە. هەر لەبەر ئەمەشە دادوەرێن لە هەموو دارستان و لێڕەوارێکەوە بەدوای وەراندنیەوەیە.

دەستەڵاتی دادوەرێن ئەوەندەی بە وشەی "داد" تووڕە دەبێت و هەڵدەچێت، ئەوەندەش بە دست وشەی حیجابەوە سەرگەردانە و نازانێت چی لێ بکات. لەگەڵ وشەی "داد"دا ساخ بووتەوە و لە هەر شوێنێک هەست بکات هەیە، دایدەوەرێنێت. بەڵام ئەم حیجابە کێشەیە و سەپاندنی زەحمەتە و شتێکیشە بۆ مانەوەی دەستەڵاتی دادوەرێن لە نان و ئاو پێویستترە. دوای دارشتن و پەسندکردنی ئەم هەموو قانوون و مانوونە بۆ سەپاندنی حیجاب، بێحیجابی بووەتە دیاردەی سەرەکیی لایەنگرانی ژن و ژیان و ئازادی.

ئەم دادەورێنە لەم دواییانەدا فێری کاری سەیر و سەمەرەش بووە. لەوکاتەوە هەستی کردووە دادخوازانی وڵاتانی دیکە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە زمانانی خۆیان دەڵێنەوە، دەیهەوێت بەم شەقڵە کورتەی بە دەستیەوەیە، دادی وڵاتانی دیکەش دابوەرێنێت. بۆ ئەم مەبەستە لەم دواییانەدا جێگری بەڕێزی دەستەڵاتی دادوەرێنی ئێران بە ناوی محەمەد موسەدیق، ڕایگەیاندووە دۆناڵد ترامپی سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا و نەوەد و شەش کەس لە دەرەوەی ئێران دەستیان لە کوشتنی قاسم سولەیمانیدا هەبووە و لەمانە فەرمانی داوەراندنانەمان بۆ ٧٣ کەس دەرکردوووە.

بەپێی ئەم لێدوانە، نۆ وڵاتی دوور و نزیکیش دەستیان لە کوشتنی قاسمدا هەبووە، بەڵام داوەراندنی وڵاتان بەم شەقڵە دارەی دەستی دادوەرێنان لە عەقڵی هیچ بوونەوەرێکی دووپێدا ناگونجێت. جا لەبەر هەندێ بەهەر شێوەیەک خەڵکی ئەم وڵاتانە بێنە نێو ئێران پێویستە لایەنی کەمەکەی چاویان بە پەیکەری قاسم بکەوێت و کاتێک گەڕانەوە وڵاتانی خۆیان،


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەونی ناخۆشی پێوە ببینن و لێیان ببێت بە مۆتەکە و دەست بخاتە قوڕگیانەوە. باشترین ڕێگەش ئەمەیە وێنەی قاسم لە کامێرای خۆیانەوە پێشان بدرێت. باشترین ڕێگەش بۆ ئەم کارە ئەوەیە میوانانی دەرەوە لەنێو ئێراندا دەگەڵ قاسم بەیەکەوە بکەونە نێو کادری فیلم و وێنەوە. لە پێناو ئەم کارەشدا گۆڕەپانی تۆپانێی "نەقشی جەهان"ی ئیسفەهانیان بە سەلکی قاسم ڕازاندەوە. ئەو میوانانەی لە سعوودییەوە بۆ کێبڕکێی تۆپانێ هاتبوونە ئیسفەهان لە ترسی ئەوەی دواتر خەونی ناخۆش بە سەلکەقاسمەوە ببینن و تووشی مۆتەکە بن، نەیانوێرا وێنەیان لە پاڵ دیمەنی گۆڕەپانەکەدا تۆمار بکەن و ناچار بارگە و بنەیان تێکەوە پێچا و بەرەو وڵاتی خویان گەڕانەوە. میوانانی گۆڕەپانی نەقشی جەهانی ئیسفەهان داوایان کردبوو سەلکەقاسمی گۆڕین لە گۆڕەپانەکە لاببرێت. بەڵام دوای ئەوەی خانەخوێ ئەم داوایەی جێبەجێ نەکرد، ئەوانیش بە ناچاری پەنایان بردە بەر حیجابی زۆرەملێ و گوتیان ئەگەر حیجابێکیش بەسەر سەلکەقاسم دابدەن و لە کامێراکانمانەوە دەرنەکەوێت، ئامادەین لەم مەیدانەدا لەگەڵ تیمی خانەخوێدا بۆماوەی زیاتر لە نەوەد خولەک بەدوای تۆپێکدا ڕا بکەین.

ئەمانیش لەسەر ئەو بنەمایەی حیجاب و ژن تەواوکەری یەکترن، نەک حیجاب و پیاو، دژایەتیی داوای میوانانی تۆپانێیان کرد و لە ئاکامدا تۆپانێکە سەری نەگرت.


ئەمەیە ئەرکی حیجاب! حیجاب بۆ ئەوە دانەندراوە پیاو بیدا بەسەر خۆیدا. بۆ ئەمەش نییە ژن لە بەرچاوی پیاودا دیار نەبێت. هەموو پیاوێک چ لە ڕێزی دادوەرێن و چ لە ڕیزی داوەرێندراواندا بێت، حەزی لە دیتنی ژنی بێحیجابە. بە تێگەیشتنی دەستەڵاتی دادورێن حیجاب تەنیا بۆ داپۆشینی ژن دە بەرانبەر ژیان و ئازادیدا لە هەموو شتێک پێویستترە و سەرەقاسم پێویستیی بە حیجاب و میجاب نییە. لێرەدایە دەستەڵاتی دادوەرێن هەمان حکوومەتی دادوەرێنە.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## گیانبەخشین لەپێناوی ئازادژیاندا (شەهید حەمەکەریم فرووغی)




**برایم چووکەڵی**

سروشتی ئەفسوناویی کوردستان بە ئاو و هەوای سازگار و دار و دەوەن و، چەم و چەمەن و، تاڤگە و شەتاو و لوتکە و، بنار و زەمەند و، بژوێن و قۆپی و نزار و، نواڵ و لاپاڵ و کانیاوی بەر تریفەی مانگەشەو، کە وەک بووکی خەیاڵ خۆی دەنوێنێ، مەل و پەلەوەر و باڵندەی خۆش ئاواز لە شەقەی باڵ دەدەن و بەستە و گۆرانی دەچڕن، سروە تارای سروشت ڕادەژێنێ و گوارەی گوێی داربەروەکان بە ناز دەلەرێنەوە، شەماڵ شلکە گیای خاوی کوێستانی بەلا دادەخا و کەروێشکەڕاوی پێ دەکا، فرمێسکی چاوی ئاسمان بەسەر پەلکی شا گوڵاندا دێتە خوارێ و بولبولی هەزاردەستان شێت و شەیدا دەکا و دڵان دەرفێنێ و هەستان دەبزوێنێ، گشت بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بە ئازادی تێیدا بژی و بۆ ژیان کەڵکی لێ وەرگرێ.

بەڵام بەداخەوە ئەو دیمەنە هەست بزوێنە و ئەو سروشتە ڕەنگینە، بە هۆی سیاسەتی دژی ئازادی و کۆنەپەرستانەی کوردکوژان، بۆ گەلی کورد کراوەتە بەندیخانەیەکی سەر داپۆشراو. بە مەبەستی خنکاندنی هەر جۆرە دەنگێکی ئازادیخوازانە لە گەروودا و سەرکوتکردنی هەرشێوە بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی، گەمارۆ دراوە و ئەم نیشتمانە ڕەنگینە کەوتۆتە بەر



https://serchawe.com

تەوژمی گڕ و دوکەڵی باڕووت و سیمای جوان و ڕەنگینی ژاکاوە. هەر بۆیە گەلی کوردیش بە درێژایی تەمەنی بۆ ڕزگارکردنی زێد و ژینگەی، ئاڵای خەباتی لەسەر شەپۆلی دەستان شەکاوە ڕاگرتوە و بەئاشکرا و نهێنی بۆ تاوێک ڕانەوەستاوە و هەنگاوی پێ شل نەبووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو خەباتە سەخت و خوێناوییە، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیان ساڵە درێژەی هەیە و گەلیک شۆڕەسواری ناودار و ڕۆڵەی فیداکاری کردۆتە قۆچی قوربانی و بۆ دابینکردنی ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلەکەی زۆر هەوراز و نشیوی بڕیون. یەکێک لەو ڕۆڵە فیداکارانە کە لەو ڕێگایەدا سەری بە سەربەرزی دانا و لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش" ئەمجارەدا ڕێز لە یاد و ناوی دەگرین، شەهید حەمەکەریم فروغی لە ناوچەی مەریوانە.

هاوڕێ حەمە کەریمی فروغی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە داوێنی بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی ژاوەرۆی ناوچەی مەریوان چاوی بە ژیانێکی نابەرابەر و پڕ لە تەنگ و چەڵەمە هەڵێنا و بزەی شادیی خستە سەرلێوی دایک و بابی هەژاری. بەهۆی نەداری و دەستکورتی بنەماڵەی لە ڕووناکی زانست و خوێندن بێبەش ماوەتەوە و دەرگای قوتابخانەی نەکردۆتەوە. هەر لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بۆ کرێکاری و بەدەستهێنانی بژێوی ژیانی بنەماڵەی ڕووی کردۆتە شارە گەورەکانی ئێران و لە بەرانبەر داهاتێکی کەمدا هێزی باسک ودەستومەچەکی فرۆشتووە. گەڕان بە شارەکانی ئێراندا و دووری لە زێدی باوان و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ زەحمەتکێشانی وڵاتەکەی، بوو بە هۆی ئەوە زیاتر هەست بە چەوسانەوە بکا و زۆرتر تامی تاڵی بندەستی بچێژێ. سەرەنجام پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و تیکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ڕێبازی حیزبی هەڵبژارد و لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی حیزبدا سازمان درا.

ساڵی ١٣٦١ چەکی دەست دایە و بەکردەوە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی زرێباری مەریواندا پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی پێشەرگانە. شەهید حەمە کەریم پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس و بێباک بوو، هەر بەو بۆنەوە ساڵی ١٣٦٥ بە جێگر پەل دیاری کرا و چالاکانە و سەرکەوتوانە ئەو قۆناغەشی تێپەڕ کرد و بەکردەوە پێشانی دا کە هەڵگری بەرپرسایەتیی زیاترە. هەربۆیە دواتر بە فەرماندەری پەل و پاشان بە فەرماندەری لک دیاری کرا. شەڕە بەناوبانگەکانی ئەو ناوچەیە وەک شەری ژاوەرۆ، کەڵاتەرزان، کۆماسی، شامیان، سەرشیو، هەورامان، ساراڵ و بەرپلەی ساراڵ، ناوچەکانی بانە، سەقز، دیواندەرە، سنە، کامیاران و کورەیمیانە، کوچک چەرمووی کاشنەر، شەری کەللەقەندی، نێو شاری مەریوان و لێدانی فرۆکەخانەی سنە کە بەشێکی زۆریان لە ژێر فەرماندەری شەهید حەمەکەریمدا بەڕێوە چوون، بۆ هەمیشە شاهیدی لەسەر ئازایەتیی ئیرادەی پتەوی ئەو ڕۆڵە فیداکارە دەدەن و بۆ هەتا هەتایە مۆرکی شەهامەت و فەرماندەیی حەمەکەریمیان پێوە دیارە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید حەمەکەریم کوڕێکی بەئەخلاق، گەلدۆست، زیرەک و وشیار و لێوە شاوە بوو. هەربۆیە لە نێو هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەدا مرۆڤێکی خۆشناو و خۆشەویستی هەموویان بوو. لەو سۆنگەیەشەوە چەندین جار لەلایەن هێز و کۆمیتەی شارستانەوە بە نووسراوە تەشویق کرابوو. ئەو جارێک لە شەڕدا بە توندی برینندار بوو، بەڵام پاش چاکبوونەوە هەر حەمەکەریمەکەی جاران بوو، و هەر بەو ئیمانەوە لە سەنگەری دیفاع لە مافی گەلەکەیدا مایەوە.

بەڵام حەیف و مخابن، ڕۆژی ٥ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٧٤ لە ئاوایی "بندۆڵ"ی مەریوان لە شەڕێکی خوێناویدا تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو. شەهید حەمەکەریم لەو شەڕەدا کە چەکەکەی لە دەست پەڕیبوو و کەوتبووە گەمارۆی جاشەکان، بە بێسیمەکەی داوای لە هاوسەنگەرانی کردبوو فریای کەون. پێشمەرگەکان کە لە شەری سەنگەر بە سەنگەردا بەرەو پیری دەچوون، دیسان بانگی کردنەوە و گوتی "ئەوا چەند گوولەی دیکەم وێکەوت و شەهید دەبم، ماڵئاواییتان لێ دەکەم، داوام ئەوەیە ڕێبازی من درێژە پێ بدەن". ئەمە دوا وشەی سەرزاری حەمەکەریم بوو کە ئێستاش لە گوێی هاوسەنگەرانیدا دەزرینگێتەوە.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ساڵێک دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا، دەسکەوت و ئاستەنگەکان




**د. ئاسۆ حەسەنزادە**

**(وەرگێڕدراوی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە لە سیمیناری "یەک ساڵەی شۆڕشی ژینا" لە پاریس)**

سەرەتا سوپاسی ئەنستیتۆی کورد و شارەوانیی ژمارە (١٠)ی پاریس دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم سیمینارە. یادکردنەوەی دەسپێکی شۆڕشی ژینا تەنیا نیشانەی هاوپێوەندیی فەڕانسە لەگەڵ ئازادیخوازانی ئێران نییە (شتێک کە بێگومان مایەی ئەمەگناسیی ئێمەیە)، بەڵکوو هەروەها یارمەتی بەوە دەکا کە سەرنجی نێونەتەوەیی لەسەر بارودۆخی نێوخۆی ئێران بە زیندوویی بمێنێتەوە.

هەروەک دەزانن یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی شۆڕشی ژینا ئەوە بوو کە ئەو بزووتنەوەیە زیاتر لە هەر بزووتنەوەیەکی مەدەنیی دیکەی نێوخۆی وڵاتان دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهانیدا هەبوو. ئەمە تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە ئێران جێگە و پێگەیەکی ژیئۆستراتژیکی تایبەتی هەیە یان ئەوە کە کۆماری ئیسلامی چوار دەهە و نیوە لەگەڵ ڕۆژئاوا لە گرژیدایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو هەروەها لەبەر ئەوە بوو کە شۆڕشی ژینا هەڵگری کۆمەڵێک ئیدەئال و بەهایە کە نەک تەنیا بۆ ئێران و ناوچە، بەڵکوو بۆ ئەو وڵاتە ڕۆژئاوایی و ئورووپاییانەش کە لە بواری پێکەوەژیان و ناسنامە و سێکۆلاریزمدا لەگەڵ ئاستەنگ و ئالەنگاری بەرەوڕوون، گرینگ و ئیلهامبەخشن. هەربۆیە خۆشڕاگرتنی بلێسەی شۆڕشی ژینا بەشێکیشی بەوە بەستراوەتەوە کە ئەو سەرنجە نێونەتەوەییە لەسەر ئەو شۆڕشە هەروا بەزیندوویی ڕابگیرێ.

ئەمن ئەمرۆ لێرە دەبێ بارودۆخی کوردستانی ئێران باس بکەم. بەڵام پێموایە بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ئێستای کوردستان تێبگەین پێویستە دۆخی کوردستان لە کۆنتێکستی بارودۆخی گشتیی ئێراندا چاو لێ بکەین و کۆبەندێکی یەک ساڵی ڕابردووی ئەم شۆڕشەش بکەین.

وەک دەزانن چەخماخەی ئەم ڕاپەڕینە بێوێنەیەی خەڵکی ئێران لە کوردستان لێ درا. بەڵام ئەگەر هەستانی کۆمەڵانی خەڵک سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، لە سایەی ئەوە بوو کە مەرگی ژینا بوو بە دەمەساتێکی بێوێنە لە مێژووی هەنگاونانی سەت ساڵەی گەلانی ئێران بەرەو دێموکڕاسی: دەمەساتی دیتنی خەونێکی هاوبەشی ئێرانی کە دروشمی کوردیی "ژن، ژیان، ئازادی" گێڕانەوەی ئەو خەونە بوو. بێگومان ژینا کورد بوو، بێگومان دۆخی ژنان لە ئێران پاڵنەر و بزوێنەری ئەو شۆڕشە بوو، بەڵام هەردووکی ئەمانە بوونە مایەی شکڵگرتنی ڕنوویەکی جەماوەری کە بە شێوەیەکی کۆکەرەوە بەسەر جیاوازییە ئێتنیکی و چینایەتییەکان بازی دا، کێشەی باڵ و لاباڵەکانی نێوخۆی ڕێژیمی وەلا نا و کۆی ڕێژیمی بە ئامانج گرت، پرسی کۆمەڵایەتیی بەسیاسی کرد، و سەرەنجام هاوکێشەی ترس لەنێوان خەڵک و ڕێژیمی بەپێچەوانە کردەوە. بەم چەشنە بزوتنەوەیەک لەدایک بوو کە ئیدئۆلۆژیک نەبوو بەڵکوو هەڵگری ئیدەئال بوو، یەکدەست نەبوو بەڵکوو یەکگرتوو بوو، یەکناسنامەیی نەبوو بەڵکوو فرەچەشن بوو. بۆ هەمووو ئەوانەش کوردەکان نەخشی پێشەنگیان گێڕا و ئیلهامیان دایە سەرجەم کۆمەڵگەی ئێران. بەمجۆرە تێکەڵاوی و هاوهەنگاوییەک لەنێوان کورد و باقیی ئێراندا دروست بوو کە لە مێژووی ئەو وڵاتەدا هەرگیز نەدیترابوو و بووە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەیەک کلێشە و پرۆپاگەندای کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەوە کە کورد کێیە و چی دەوێ، پووچەڵ بوونەوە.

بەڵام کە گوتمان خەونی هاوبەش هێشتا هیچمان لەبارەی سروشت و نێوەرۆکی ئەو خەونە هاوبەشە نەگوتووە. سەیرەکە لەوەدایە کە خاڵی لاوازی بزوتنەوەی ژینا ئەوە نییە کە ئەو هاوبەشییە، هاوبەشی لە شتێکی بچووکدا بێ، بەڵکوو هاوبەشی لە شتێکی ئەوەندە گەورەدایە کە یەکجار زۆر گشتیە و ڕێککەوتن لەسەر نووسینەوەی نێوەرۆکی ورد و پێناسە و پێوەندیی توخمە پێکهێنەرەکانی کارێکی ئاسان نییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە کەس شاراوە نییە کە بەداخەوە لە ئێستادا هەستانی خەڵک لە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو دامرکاوە. بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی ئەو واقعیەتە تاڵە ببینەوە، دەبێ سەبارەت بە هۆکارەکانی لە خۆمان بپرسین. ئەمن ئەو هۆکارانە بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکەم. ئەوە دەرفەتێکیش دەبێ بۆ ئەوەی هێندێک زانیاریی نوێ لەسەر بارودۆخی کوردستانتان بدەمێ.

دەستەی یەکەمی هۆکارەکان پێوەندییان بە کەموکوڕییە پێکهاتەیی و بنەڕەتییەکانی بزوتنەوەکەوە هەیە کە وا دەکەن کە یەکگرتوویی هەفتە و مانگەکانی سەرەتای ئەو شۆڕشە زۆر زوو جێگای خۆیان دایەوە بە گەڕانەوەی دابەشبوون و ناڵێکییەکان. ئەو دابەشبوون و ناڵێکییانە تەنیا سروشتێکی کۆمەڵایەتییان نییە (بۆ نموونە ئەوە کە هەموو چین و توێژەکان بەتایبەتی چینی مامناوەند بەشێوەیەکی بەردەوام لە زەمان و جوغرافیادا پەیوەستی بزوتنەوەکە نەبوون یان پەیوەست بوون و تێیدا نەمانەوە)، بەڵکوو سروشتێکی نەتەوایەتیشی هەیە. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە و لە تەواوی ئەو یەک ساڵەدا هەموو هەوڵی خۆی دا و زۆری نەبرد تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتووش بوو کە ئەو هەستانە سەراسەرییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەناو پەراوێز و ناوەنددا -ئەگەر نەڵێم شیعە و سوننەدا- کورت بکاتەوە. بەم جۆرە لە چەند مانگ پاش دەسپێکی ئەو شۆڕشەوە هەتا ئێستا کوردستان و بەلوچستان وەک تەنیا دڵی لەحاڵی لێدانی جەستەیەکی سست ماونەوە. تەنانەت لە سالوەگەڕی دەسپێکی ئەو شۆڕشەدا لە حاڵێکدا کوردستان و بەلوچستان هەروا بە پێوە و لەمەیداندا بوون، باقیی خەڵکی ئێران بێدەنگ و بێتەفاوەت دیار بوون.

لەوەش تاڵتر ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بوو بە هاودەستی ڕێژیم بۆ دابەشکردنەوە و لێکدوورخستنەوەی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران. تەنیا چەند حەوتوو پاش وەڕێکەوتنی ئەو شۆڕشە، بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆنێک کە دەیان ساڵ بوو بۆخۆی بەدەست نایەکگرتوویی و ورد و خاشیەوە دەیناڵاند، لەژێر کاریگەریی هات و هاواری سەڵتەنەتتەڵەبەکاندا و بە گەڕانەوە بۆ عەقڵیەتی مەزنیخوازیی ناسیۆنالیزمی فارس و بەرزکردنەوەی داوەڵی لەبەریەکهەڵوەشانی ئێران، کەوتنە داوی جەمسەرسازی لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەوە لانیکەم ئەو سوودەی هەبوو کە سنووربەندییەکانی نێوخۆی ئۆپۆزیسیۆنی چاکتر لە جاران ڕوون کردەوە و دەرکەوت کە تەنیا ئالترناتیڤی مەعقول و مومکین بۆ کۆماری ئیسلامی یەکگرتنی نەتەوە ژێردەستەکان و ئەو هێزە چەپ و کۆماریخوازانەیە کە حازرن دان بە فرەنەتەوایەتی لە ئێران دابنێن.

بەڵام ئەم جەمسەرسازی و دابەشبوونەوەیە بێگومان کاریگەریی گەورەی لەسەر چارەنووسی ئەم شۆڕشە دەبێ. هۆکارەکەشی بۆ ئەو کەمایەسییە زاتییە دەگەڕێتەوە کە پێشتر لەبارەی خەونە هاوبەشەکەوە باسم کرد. لەڕاستیدا دروشمی"ژن، ژیان، ئازادی" لەگەڵ هەموو جوانی و پڕمانایی و پڕ بەڵێن بوونەکەی، ئەوەندە گشتگیرە کە هەموو کەس دەتوانێ بانگی بدا، بەڵام تەرجومەکردنەوەی ئەوەندە ئاسان نییە کە بیکەیە بنەمای نەخشەڕێگای خەبات و بنەمای کۆنکرێت بۆ دروستکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئالترناتیڤی سیاسی، بەچەشنێک کە بەشێک لەو هێزە ئێرانییانەی وا خۆیان بەو دروشمەوە هەڵدەواسن، شرۆڤەی وەها بۆ جێبەجێکردنەکەی دەکەن کە لە دژایەتیی تەواو لەگەڵ نێوەرۆک و فەلسەفەی خودی ئەو دروشمەدایە. ئەم هاودژییە زۆر جار نادادپەروەری و بێئینسافیی دەرهەق بە کوردستان لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە لە یەک ساڵی شۆڕشی ژینادا ژمارەی کوژراوان و دەستگیرکراوانی کوردستان بە شێوەی ڕێژەیی دوو هێندە و بگرە سێ ئەوەندەی نێونجی گشتیی ئێران بووە، بە چەشنێک کە یەک لەسەر سێی کوژراوەکان لە کوردستان بوون و کوردستان و بەلوچستان بەیەکەوە هەمیشە زیاتر لە نیوەی قوربانییانی سەرکوتیان بە هەموو جۆرەکانیەوە وەبەرکەوتووە. کەچی زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆن و ناوەندە مێدیایی و سیاسییە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات نەک هەر هیچ چەشنە ئاکامگیرییەکی سیاسیی دروستیان لەو ناهاوسەنگییە لە قوربانیدان و لە مەیدانداریونی خەڵکی کوردستان و بەلوچستان نەکردووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەسەر حاشالێکردنی ئەو واقعییەتە و خۆبواردن لە داننان بە ماف و ویستەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەردەوام بوون. لەڕاستیدا لەحاڵێکدا کوردەکان لەو یەک ساڵەدا لە مەیداندا یەکجار زۆر دیار بوون، لە دیسکۆرسی سیاسیی ئێرانیدا هەروا حاشا لە جەوهەری پرسەکەیان دەکرێ.

دەستەی دووەمی هۆکارەکان دەگەڕێتەوە سەر دژواریی ڕووبەڕووبوونەوەی نابەرابەری نێوان بزوتنەوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکار کە هیچ باکی نییە لەوەی خۆپێشاندەران خەڵتانی خوێن بکا. دیارە عەرزی ئێران مەخمەلی لێ ناڕوێ و بۆ شۆڕشی مەخمەلی دەست نادا. هەر ئەوەش جۆرێک دوودڵی سەبارەت بە شێوازەکانی خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لەلای نەیارانی ئەو ڕێژیمەی لێ کەوتۆتەوە. ئەگەر تەنیا باسی کورد بکەم، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەحاڵێکدا لە سەرەتای شۆڕشی ژینادا دەرفەتی ئەوەیان هەبوو پێشمەرگە بنێرنەوە نێوخۆی وڵات و ڕەنگە توانیبایان هێندێک بەشی کوردستانیش ئازاد بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی بانگەشەی ڕێژیم سەبارەت بە هێزی چەکدار و مەیلی جوداییخوازانەی کورد نەبێتە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی و مەیدانداریی بزوتنەوەی سەرتاسەریی خەڵک لە ئێراندا، ئەو کارەیان نەکرد. ئەمڕۆ ساڵێک پاش شۆڕشی ژینا نەک هەر شتێکی ئەوتۆ لە ڕۆژەڤدا نییە، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی ئەوەندە زێدەخواز و هار بۆتەوە کە نەک هەر لە نێوخۆی کوردستان سەرکوتی چڕ کردۆتەوە، بەڵکوو لە کوردستانی عێراقیش حیزبە کوردییەکانی ئێران تەعقیب دەکا و دەیەوێ لەوێ جێگەیان پێ لێژ بکا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر زانیاری و ئاماری بەڕۆژی دۆخەکە لە کوردستان، بەپێی هێندێک سەرچاوەی وەک ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو" تەنیا لە دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە دوو سەت و حەفتا کەس لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵک دەستگیر کراون و دوو سەت خۆپێشاندەر حوکمی قورسی زیندان و سزای جەستەییان بەسەردا سەپێندراوە. هەر ئێستا لانیکەم پازدە کەس مەترسیی مەحکوم بوون بە ئێعدام و بەڕێوەچوونی ئەو حوکمەیان لەسەرە. لە ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان دۆخێکی تەواو نائاسایی هەبوو، خودی کەسوکاری ژینا لەژێر هەڕەشە و چاوەدێریدا بوون و زۆر شاری کوردستان وەک سنە و مەهاباد و بۆکان و سەقز و جۆنراوّ و دیواندەرە میلیتاریزە کراون. ئێستا کە نزیک بە دوو حەوتوو لە ساڵوەگەڕی مەرگی ژینا تێدەپەڕێ، هێشتا زرێپۆشەکانی ڕێژیم لە زۆر لەو دەڤەرانە نەکشاونەوە.

لە ئاستی ئێرانیشدا ئەگەرچی ڕێژیم بەڕواڵەت و بەشێوەی تاکتیکی لە هێندێک بواری سەمبولیکی وەک پۆشینی حیجاب دا تا ڕادەیەک پاشەکشەی کردووە، بەڵام ئەو ڕێژیمە لە هەموو کاتێک زیاتر لێ بڕاوە کە ئەو بزوتنەوەیە بە سەرکوتی زیاتر بخنێکێنێ و لە دەرەوەی سنوورەکانیش توانای تێکدەرانەی خۆی باشتر پیشان بدا بۆ ئەوەی دەوڵەتە گەورەکان ناچار بکا لەگەڵی بکەونەوە ساتوسەودا.

ئەوەش دەمهێنێتە سەر دەستەی سێهەمی هۆکارەکان واتە فاکتەری نێونەتەوەیی کە ئەویش بەداخەوە ئێستا بە قازانجی جوڵانەوەی خەڵک لە ئێران ناگەڕێ. ئەمن زۆر سوپاسی ئەو قسانە دەکەم کە بەڕێز سەناتۆر لەو بارەوە کردی. بەڵام هەموومان دەزانین واقعیەتەکە ئێستا شتێکی دیکەیە. لەحاڵێکدا لە سەرەتاکانی شۆڕشی ژینادا شاهیدی هاوپێوەندییەکی بێوینەی نێونەتەوەیی بووین کە هێندێک هەنگاوی کردارییشی لەگەڵ بوو؛ لەحاڵێکدا لە یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە سەرکوتی خەڵک و چالاکیی تێکدەرانە لە ناوچەدا بەردەوام بووە، بەڵکوو لە شەڕی ئۆکراینیشەوە گلاوە، کەچی بەداخەوە دەبینین کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە سەر باری سیاسەتی ساتوسەودا و چاوپۆشی لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی، ئەوەش لە ڕێگای خۆبواردنی یەکیەتیی ئورووپا لە تۆمارکردنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، فرۆشی نەوتی ئێران و دەوردانەوە و شلبوونەوەی مێکانیزمی گەمارۆکان، ئازادکردنی بە میلیارد دۆلار لە بەرانبەر ئازادکردنی بارمتەکان، مەیدان دان بە ئێران لە هێندێک لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و زۆر شتی دیکە. ئەمن لە هۆکارەکانی ئەم پاشگەزبوونەوە ڕێژەییەی ڕۆژئاوا لە بارودۆخی نێونەتەوەیی ئێستادا تێ دەگەم. بەڵام ئیجازەم بدەن کە بڵێم ڕۆژئاوا و بەتایبەتی ئورووپا لە درێژخایەندا فیشەک لە لاقی خۆیان دەدەن ئەگەر لەگەڵ ئێران بە مێتۆدی "ئاشتیی موونیخ" بجوڵێنەوە، واتە ئەو شتەی ساڵی ١٩٣٨ لەگەڵ هیتلێریان کرد و بە خەیاڵی خاوی پێشگیریکردن لە شەڕ، لەگەڵی سازان.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە داننان بە کەموکوڕییەکانی شۆڕشی ژینا و دیتنی واقعبینانەی دۆخی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران بۆ ئازادی بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە شۆڕشی ژینا پۆتانسیەلی خۆی لەدەست داوە. بەپێچەوانەوە، بەلەبەرچاوگرتنی ماهیەتی تیئۆکراتیک و دژە گەلیی کۆماری ئیسلامی و نالایقی و نائامادەیی ڕێژیم بۆ چارەسەری کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات و ئیرادەی بەردەوامی بۆ ژیان لە گرژیدا لەگەڵ جیهان، ئەو بزوتنەوەیە دەتوانێ بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەو و ڕۆژێک بە هەمان کەفوکوڵی پار و بگرە زیاتریش سەرهەڵبداتەوە. حاشای لێ ناکرێ کە بزوتنەوەی مافویستانەی خەڵک بەتایبەتی لە کوردستان ڕۆژانی دژواری لەپێشە. بەڵام ئەگەر شۆڕشی ژینا تەنیا یەک دەسکەوتی بووبێ، ئەو دەسکەوتە ئەوەیە کە شتێک کە پێشتر لە ئاستی گشتیی ئێراندا وەک کوردستان وجوودی نەبوو و ئەمجار هەیە و بۆ هەمیشە دەمێنێ، زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوەی هەمەلاگیر و ڕاستەوخۆی نێوان خەڵک و ڕێژیمە. ئەوە کە ئایا ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە چەندی دیکە دەخایەنێ و سەرەنجام بە چ لایەکدا دەشکێتەوە، بەستراوەتەوە بە وڵامێک کە حازرین پێکەوە بەو کەموکوڕییانەی شۆڕشی ژینای بدەینەوە کە ئیشارەم پێ کردن.

ئەوەی بۆم باس کردن سەرنجەکانم بوو لە یەک ساڵەی شۆڕشی ژینادا کە تێکەڵاوێک بوو لە شرۆڤە و سیاسەت. دیارە ئەرکی یەکەمی من لێرەدا ناردنی پەیامی سیاسی نەبوو، بەڵام چ شتێک سیاسی نییە کاتێک کوردی؟ چ شتێک سیاسی نییە کاتێک لە ئێران دەژی؟ چ شتێک سیاسی نییە کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ مافەکانی خۆت خەبات دەکەی؟

سوپاستان دەکەم.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کێشەی ئەرمەنستان-ئازەربایجان دەتوانێ هاوسەنگیی دەسەڵات لە ئێران، تورکیە، ڕووسیە هەتا چین بگۆڕێ




**- فۆربز- مەلیک کایلان ... و: کەماڵ حەسەنپوور**

وا دیارە کەس نایهەوێ باسی ململانێ قووڵترە ژێئۆ-پۆلیتیکییەکەی پشت کێشەی ناگۆرنۆ-قەرەباغ بکات، کە ئێستا سەری هەڵداوەتەوە و لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی لە سەرانسەری دنیادا پڕ کردۆتەوە. چیرۆکێکی دەساڵە لەبارەی هەرێمێک لە قووڵایی دەڤەرێکی تەریککەوتوودا، چۆن دەتوانێ کاردانەوەی بەربڵاوتری بۆ هاوسەنگیی دەسەڵاتی جیهانیی هەبێ؟ چۆن دەتوانێ بۆ وێنە کاریگەریی لەسەر چین یان ئورووپا یان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێ؟ ئەگەرچی وەک خەیاڵ دێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی لەنێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان ڕوو دەدا، ئەگەری گۆڕینی ڕێکخستنە بەرفراوانە نێوان-کیشوەرییەکانی هەیە. بێتوو بیانهەوێ، تەنیا وڵاتانی دراوسێ باسی دەکەن. هێندێک باسی ناکەن چونکە ئەو فیلەکەی نێو ژوورەکەیە.

ئەو وتارە باسی سکاڵا مێژوویییەکان یان توورەیییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە قەیرانی قەرەباغ ناکات. ئەوان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرینگن بەڵام لە شوێنی دیکە بەوردی باسیان دەکرێ. ئەوەی لە هیچ شوێنێک نایبینی بۆچوونێکی پێویست لەسەر بەرژەوەندیی شاراوەی زلهێزان لە جوغرافیاکەیە.

بە وردی بڕوانە نەخشەی قەرەباغ. شاخێکی چیاکانی قەفقازە کە ئەوسەری هێندە بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوە کە دەگاتە سنووری ئێران. لە ڕوانگەی لۆجیستیکییەوە، هەر کەس کۆنترۆڵی بەرزاییەکانی قەرەباغ لە ئازەربایجانی بە دەستەوە بێ، توانایی سەروەریی ئەو پارچە هەستیارەی سنووری بەدەستەوەیە، ئەوە سەرەداوێکی خوێنڕێژییە دەیان ساڵەکە ئاشکرا دەکات. ئێستا ئەو بەشەی باسەکەمان ناتوانێ بێ سەرنجدانی جیددی بە وردەکارییە ژیئۆپۆلیتیکییەکان گەشە بکات. ئێمە ناوی دەنێین چیرۆکی دوو داڵانان. یەکەم، داڵانی زەنگەزوور، بە درێژایی سنووری ئێران-ئازەربایجان کە چیاکانی قەرەباغ بەسەریدا دەڕوانێ. ئەوسا داڵانەکە بە باسکێکی خاکی ئەرمەنستاندا تێپەڕ دەبێ، بەو شێوەیە ئازەربایجان ڕاستەوخۆ بە تورکیە دەبەستێتەوە، پەیوەندییەکی پچڕاوی لەمێژینە کە ئەو دوو وڵاتە تورکە دەیانهەوێ بیگەڕێننەوە. ئێرانییەکان دژی ئەوەن، ئەرمەنییەکان دژایەتیی دەکەن و مۆسکۆ دژی بوو. ئەوە بۆچی هێندە گرینگە؟ وەڵام: چونکە "داڵانی زەنگەزوور" دوایین بەشی ڕێگایەکی گەلێک درێژتر بە ناوی "داڵانی نێوەڕاست"ـە کە دەتوانێ کۆمارە تورکەکانی ئاسیای ناوەندی لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە بە خاکی تورکیەوە ببەستێتەوە. ئێمە باسی ڕێگای ژێنەکیی خاکی و ڕێگای ئاسن و، چەند بۆڕیی سووتەمەنی دەکەین کە دەتوانێ جادەی ئاوریشمی کۆن بۆ بازرگانیی زیندوو بکاتەوە کە ڕووسیە دوو سەدە پێش ئێستا لە سەردەمی تێزارەکاندا بەستی.

ئەو وتارە قەت لە گوتنی ئەوە ماندوو نابێ، ئێستا کە شەڕی ئەفغانستان کۆتایی هاتووە، ئاسیای ناوەندی، بێجگە لە ئوکراین، شوێنی فرە ژیئۆستراتێژیکی داهاتوویە. ئێمە باسی کۆبوونەوەی بایدن لەگەڵ سەرکۆماری "ستانەکان" لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مەکۆیەک بە ناوی C5+1 مان کرد. ئێمە باسی تورکمەنستان، ئوزبەکستان، قەزاقستان، قرقیزستان، تاجیکستان واتە C5 دەکەین. لە ئێستادا سەرجەم ئەو وڵاتانە، ڕووسیە، چین و ئێران دەورەیان داون و پێویستە بەناو ئەو وڵاتانەدا تێپەڕ بن تا دەستیان بە دنیا ڕابگات و بتوانن مادە خاوەکانیان کە ڕێژەیەکی گەلێک بەرچاو و ستراتێژیک زێڕ، نەوت و شتی ئەوتۆ دەگرێتەوە، بفرۆشن. بەڵام کاتێک لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە ئازەربایجان و تورکیەیان پێوە زیاد بکەی، ئەو ئابلۆقەیە کۆتایی پێ دێ. لێرەیە "داڵانی نێوەڕاست" دێتە نێو کایەوە، کە دەبێتە هۆی خۆبواردن لە زلهێزە ناوچەییەکان و لە ناوەندی ئاسیا تا داڵانی زەنگەزوور پێکەوە دەبەستێتەوە و شارێیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان وڵاتانی تورک (و سامانە سروشتییەکانیان) بەرەو دنیای دەرەوە دروست دەکات. ئەوە پێنج "ستانەکان" دەریای کاسپیەن، ئازەربایجان و ئەولاتر دەگرێتەوە. ئەرمەنییەکان تەنیا بەربەستی جوغرافیایین. یەکیەتیی سۆڤیەت بەو شێوەیە نەخشەی سنوورەکانی دارشت، تا ژمارەیەکی زۆر وڵات دژی یەکتر بن و تەنیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە ڕووسیەدا ڕێگایان هەبێ. کاتێک قەرەباغ چیدیکە هەڕەشەیەکی تاکتیکی نەمێنێ، شادەماری تورکی هەنگاوێک لە تەکمیلبوون نزیک دەبێتەوە.

بەڵام هەڵبەت بێجگە لە جیاکردنەوەی ڕێگایەکی بازرگانیی سەربەخۆ، ئەو لێکگرێدانە نوێیە دەبێتە هۆی بووژانەوەی "پان تورکیزمی" ناسنامەیی و کولتووری، هاوپشتییەکی لێک گرێدەر کە، سەدان ساڵ بە نوستوویی ماوەتەوە و دەبێتە گۆڕینی لێکدانەوەکانی دەسەڵات لە سەرانسەری ئاسیا. بێتوو بلۆکی تورک یەکگرتوو و هاوئاهەنگ بن، هەڕەشەیەکی نوێ دەبێ بۆ سەر ئێران، ڕووسیە و چین، ئیدی باسی ئەرمەنستانیش ناکەین. لە چین، تورکە ئۆیغوورەکان هەست بە بوێریی دەکەن. لە ڕووسیە، ژمارەیەک ناوچەی تورک لە تاتارستان تا بوریاتیا ڕەنگبێ دەست بە جیا بوونەوە بکەن. لە پێش هەموویانەوە، ئێران لەبەر ئەو هۆیە کە دانیشتووانی پارێزگای ئازەربایجانی خۆی، بیانهەوێ لەگەڵ ئامۆزاکانیان لە باکوور یەک بگرنەوە، هەست بە هەڕەشە دەکات. لەبەر هاوپشتیی تورکی بوو کە سەرەڕای ڕەخنەی جیهانیی، ئەردۆغان لەو دواییانەدا سەردانی باکوی کرد تا "سەرکەوتن" لە قەرەباغ بە سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلییەڤ پیرۆزبایی بڵێ.

بۆ زۆرێک لە وڵاتانی خۆراوایی، بیرۆکەی "پان تورکیزم" ڕەنگبێ دوور یان خەیاڵی بێ، بەڵام بۆ وڵاتانی دەوروبەری ناوچە، بیرەوەرییەکی دووری باوباپیران لەو دیاردەیە ماوە، ترسێک لە هۆزە تاتار یان هونەکان یان هۆزە داگیرکارە سوارەکان لە ئاتیلا تا تەیموور؛ بۆیە چین شووره مەزنەکەی دروست کرد. بۆ وێنە ڕووسەکان بەشێکی زۆری شوناسی مێژوویی خۆیان لەسەر وەخۆ گرتن، دوورکردنەوە و ژێردەستەکردنی ئەو دیاردەیە و لەو ڕێگایەوە پاراستنی ئایینی کریستیان دروست کردووە. دەستەواژەی وەکوو، "دایکی پیرۆز، ڕووسیە" و تزارەکان وەک "نێردراوی خودا" لێرەوە سەرچاوەیان گرتووە. بە هۆی ئەو پێ سپاردەییە، موسکۆ سەدان ساڵە ڕەوایی بە سەپاندنی هێژەمۆنی نەتەنیا بەسەر موسڵمانانەوە، بەڵکوو بەسەر سەرجەم حەشیمەتی کریستیانی ناوچەکانی دەوروبەر، لە ئەرمەنستان تا گورجستان و ئوکراین، بەخشیوە. ڕووسەکان لەوە تێناگەن، پاش ئەو هەموو پارێزگارییە، بۆچی دانیشتووان دەیانهەوێ لە کۆنترۆڵی ڕووسیە ڕزگاریان بێ. گەلۆ ئەوان لە سەدەی ۱۸، ئوکراینییەکانیان لە تاتارەکانی کەریمە نەپاراست؟ تووڕەیی خۆڕسکی پوتین، کاتێک هەرکام لە وڵاتانی نزیکی ڕووسیە، چوون بەرەو خۆراوایان پێ باشترە، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەوە تەنیا پوتین نییە، بەڵکو زۆرینەی حەشیمەتی ڕووسیە، کە بەرانبەر بە مێژووی پڕ لە کوشتوبڕی مۆسکۆ بە نێوی پاراستن کوێرن، دەگرێتەوە.

کە وابوو، لە کێشەی ئەو دواییانەی قەرەباغ، بۆچی پوتین ئەرمەنییەکانی لە بەرانبەر ئازەربایجان نەپاراست؟ بۆچی ئەو لایەنی ئازەربایجانی گرتووە؟ ئەوە لێکدانەوەیەکی ئاڵۆزە. وەکوو عەمبەرین زەمان لە وتارەکەیدا باسی کردووە، سەرۆک کۆماری ئەرمەنستان، نیکۆل پاشینیان ئاکامی شۆڕشێکی ڕەنگینی خەڵکە، واتە خراپترین شێوەی هەڕەشە بۆ سەر پوتین،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە تایبەت ئەگەر لە نێوخۆی ڕووسیە ڕوو بدا. ئەو پێی باشترە مامەڵە لەگەڵ دیکتاتۆڕی وەکوو عەلییەڤ، ئەردۆغان و ئیڤانیشڤیلی لە گورجستان بکات. هەروەها لێکدانەوەی نەوتیش دەور دەگێڕێ. بە گوتەی عەمبەرین زەمان، ئازەربایجان بە فرشتنەوەی نەوتی ڕووسیە بە نێوی نەوتی باکو، پارمەتیی پوتین دەکات تا ئابلۆقەکان دەور لێداتەوە. بە تایبەت لە ڕێگای تورکیە، بە بۆڕیی باکو-تفلیس-جەیهاندا. لە کۆتاییدا، کرێملین لە سەر ئەو بڕوایەیە کە باشترین شێوازی کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی تورک، هاوکاریکردنی ڕێبەران و سیستەمەکانی پاش یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ ئافراندی سامانی دوولایەنە لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. بە هەمان شێوە، لێکدانەوەی چین ئەوەیە کە دەتوانێ هەمان کار بە یارمەتیدان بە سەر گرتنی "دالانی نێوەڕاست" لە ڕێگای "دەستپێشخەریی پشتێند و ڕێگا"ی بەیژینگە، ئەگەرچی ئابلۆقەی ڕووسیە-چین-ئێران بشکێنێ. وەکوو نەوتی ڕووسیە بە باکودا دەڕوا، کاڵای چینیش دەتوانێ بە ئاسیای ناوەندیدا بگاتە دنیا و کۆمارە تورکەکانیش لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بە بەیژینگ دەبەسترێنەوە.

کە وابوو، ئەوە لێکدانەوەی مۆسکۆ-بەیژینگە. بەڵام لێکدانەوەیەکی دژوارە، چونکە دەتوانێ ببێتە هۆی لەکیس‌چوونی خێرای کۆنترۆڵ. زۆربەی چاودێران دەڵێن ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەو زووانە پارێزەرە ڕووسییەکانی ئاشتی دەر دەکەن. وەکوو چۆن من زۆر جار باسم کردووە، وڵاتانی ئەندامی C5 لە ناوەندی ئاسیا وردە وردە دەبنە دێموکراتیک، ئابوورییەکانیان گەشە پێ دەدەن و بەئانقەست پەرە بە یەکگرتوویان دەدەن تا خۆ لە بەسترانەوە بە وڵاتانی خاوەن هێژەمۆنیی ناوچەکە ببوێرن. ئەوە هۆی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سەرۆک کۆمار بایدنە. حەزی کۆمپانیا نەوتییە خۆراواییەکان بۆ بۆڕیی نەوتی جێگرەوە، بەو لێکدانەوەیە زیاد بکە و خێراییەکی بەرچاوت بۆ دەردەکەوێ. بەشێکی بەرچاو لە هیواکانی ئەوان لەسەر پەیوەندیی تورکیە-ئازەربایجان بە درێژایی سنووری ئێران و بەسەر خاکی ئەرمەنستاندا هەڵچنراوە. قەرەباغ بەربەستێک بوو، بەڵام چیدیکە بەربەستی دالانی زەنگە زوور نییە.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟



ئا: عەلی لەیلاخ

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکوو ئێستا ئەو دەرەتانەی بۆ نەڕەخساوە کە وەکوو حیزبێکی سیاسی و خاوەن بەرنامە چالاکیی سیاسیی خۆی هەبێ و بەپێچەوانەوە و بە بەردەوامی لەلایەن ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکان لە ئێران هەوڵ دراوە بەشێوازی جۆراوجۆر هەناسەی لێ ببڕن.

سەرەڕای هەموو ئەو هێرش و لێدانانە کە زیانێکی گەورەی بە توانا مرۆییەکانی ئەو حیزبە گەیاندووە، ئێستاشی لەگەڵ بێ حیزبی دێموکرات چ وەکوو ڕێباز و ڕێچکەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران و چ وەک قەوارە و ناونیشانێک بۆ ئازادیخوازانی کورد هەر ماوەتەوە و لەبەرامبەریشدا گەیشتووەتە ئاستێک کە دەگوترێ هیچ هاوکێشەیەکی سیاسی لە ئێران بە بێ کوردستان ناگاتە ئەنجام و هیچ کردەیەکی سیاسیش لە کوردستان بەبێ حیزبی دێموکرات سەرناگرێ.

کەواتە هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە ئاستی ئێران بەبێ موشارەکەت و بەشداریی حیزبی دێموکرات بە دڵنیاییەوە سەر ناگرێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**عەلی لەیلاخ:** پرسیار ئەمەیە حیزبێک کە بە پێی پێڕەو و بەرنامەی سیاسی خۆی کە لەسەر سێ بناغەی گرینگی دێموکراسی و مافی نەتەوەیی و کەرامەتی ئینسانی دامەزراوە، بۆچی لەگەڵ زیاترین و زۆرترین کردەوەی تیرۆریستی ڕووبەڕوو بۆوەتەوە؟

**ئاگری ئیسماعیل نەژاد:**

بنەمای بزووتنەوی کوردستان بەگشتی و بنەمای دامەزرانی حیزبی دێموکرات لەسەر یەک شتە، ئەویش قایلیم بە مافی سەروەری بۆ نەتەوەی کورد، واتە پێداگری لەسەر پرسی شوناسی سەربەخۆی کورد و خەبات لە پێناو دەستەبەری ئەو مافەدا. ئەو داوایە کاتێک لەبەرانبەر ئەو ڕوانگەیەی فارسەکان لە ئێران لە بەرانبەر ئەو کۆڵەکانە دادەنرێ کە دەسەڵاتی ئێرانی لەسەری دامەزراوە، واتا تاکدینی، تاکزمانی و شوناسی ئەفسانەیی سازکردن و تواندنەوەی هەموو شوناسەکان لەنێو ئەو شوناسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هۆکاری سەرەکیی دژایەتیی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی باوەڕی بە شوناسێکی یەکسان لە جوغرافیای خۆیدا هەیە؛ بەڵام بزووتنەوەی کوردی و حیزبی دێموکرات باوەڕی بەوەیە شوناسی کورد شوناسێکی سەربەخۆیە لەو شوناسە ئێرانییە خەیاڵییە کە هەوڵ دەدرێ بە سەریدا بسەپێنن. ئەو شوناسە سەربەخۆ کوردییەش مافی دەسەڵاتدارەتیی هەیە و سرووشتییە وەختێک ئەو مافەی هەبێت، مافی کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەرهەنگییش بەدوای خۆیدا دێ لە گەڵی.

بۆیە ئەوان هەمیشە حیزبی دێموکراتیان بە سەرچاوەی نەمانی خۆیان زانیوە و هۆکارەکەش ناگەڕێتەوە سەر ئەوەی بڵێین دەسەڵاتی سیاسی یان هێزی حیزبی دێموکرات ئەوەندە بووە کە بتوانێ شوناسی ئەوان لەبەین ببات، بەڵکوو بنەمای فکریەکە بە شێوەیەکە لە بەرانبەر بنەمای فکری ئەواندا ڕادەوەستێ. یانی تۆ ئەو بەرت بزووتنەوەی کوردییە کە باوەڕی بە پلۆرالیزم، مافی ئینسانەکان و مافی شوناسی سەربەخۆ هەیە. یانی ئەو بەری تۆ ڕوانینێکە هەموو ئەو شتانە ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بە شوناسێکی خەیاڵیی ۲۵۰۰ ساڵە و زمانی فارسی و ئایینزای شیعە وەک ئایین و زمانی هەمووان هەیە و لە پشت ئەوانەوە هەموو شوناسێک دەسڕێتەوە. بەمجۆرە سروشتییە کە گوتاری حیزبی دێموکرات وەک گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی ڕێک بەرانبەر بە گوتاری ئێرانییە و بۆیەش ئەوان چ لە قاڵبی ئۆپۆزیسۆندا و چ دەسەڵاتدا هەمیشە دژایەتیی گوتاری حیزبی دێموکراتیان کردووە.

***

بە چاوخشاندنێک بە مێژووی ئەو حیزبە و کۆی ئەو کارەساتانەی بەسەریدا هاتووە بۆمان دەردەکەوێ کە دامەزران و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەشەکردنی ئەم حیزبە وەکوو دەرفەتێکی سیاسی و ژیرانە بووە بۆ بنیاتنان و پەرەپێدان بە دێموکراسی و بەها ئەخلاقییەکان لە کۆی ئێران و نێو گەلانی ئەو جوغرافیایە؛ بەم پێیە قسەیەکی بێجێ نییە گەر بڵێین ئەو حیزبە بۆ گەشەی داری ئازادی و دێموکراسی تێچوویەکی خوێناوی داوە و هەموو ئازادیویستانی غەیرەکوردیش دەبێ خۆیان بەقەرزداری بزانن.

وەک روئیا حەکاکیان ژنەنووسەری فارس لە پێوەندی لەگەڵ کردەوە تیرۆریستییەکانی ڤییەن و میکۆنۆس‌دا دەڵێ: ڕێبەرانی شەهیدکراوی حیزبی دێموکرات تەنانەت لە ئاستی ئیدارەکردنی کۆی ئێرانیش‌دا بوون بۆیە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی دا بۆ تیرۆرکردنیان.

## مامەند ڕۆژە

سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە سیاسەتێکی ئەمنیەتی بووە و لەنێو سیاسەتی ئەمنیەتیشدا ئەو ستراتیژییەی کە شوڕای عالیی ئەمنیەتی میللی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایڕشتووە، تیرۆریزەکردنی پرسی کوردە. سەردەمێک بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە هێرش و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پاشەکشە بوو، سەردەمێک جۆرێک لە هاوسەنگی ستراتیژیک دروست بوو، سەردەمێکی تریش بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان چەند جارێک لە دوای یەک شکستی قۆناغی خوارد و ناچار بوو پاشەکشە بکا بۆ قووڵایی باشووری کوردستان. لەم پاشەکشەیە بەتایبەت کاتێک پێگە ستراتیژیکەکانی خۆی لە زەنجیرە چیاکانی زاگرۆس لەدەست دا، لەم دۆخەدا کۆماری ئیسلامی لە ڕووی سیاسەتی ئەمنیەتیی خۆیەوە کەوتە پۆزیسیۆنی هێرشبەر لە پۆزیسیۆنی هێرشبەریشدا هەموو مێتۆدەکانی تێرۆر، ڕەشەکوژی و ڕاودوونانی تاقی کردۆتەوە. ئەم قۆناغەش دەکرێ بە سەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین. قۆناغی یەکەم لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کە زۆرتر کادری لیدەری بە ئامانج دەگرت. قۆناغی دووهەم سەرەتاکان و نێوەڕاستەکانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو بوو کە نەک هەر کادری سەرکردە، بەڵکوو کادرەکانی مامناوەندیی و کادرەکانی خوارەوە و پێشمەرگەشی بەئامانج دەگرت. ئەو جۆرە ڕەشەکوژییەشی بە ژمارە تەنیا ئەمە نەبوو تاک بکاتە ئامانج، بەڵکوو بەگرووپیشی بەئامانج دەگرت و لە ژارخواردووکردنەوە بگرە تا هێرشی سەربازی و تەقاندنەوە و دانانەوەی مین کە بەم شێوە زیاتر لە ٢٥٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوونە قوربانی. قۆناغی سێهەمیش لەم ١٠ساڵەی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە و بە هێرشی مووشەکی و درۆن و تێرۆر و ڕاکێشان و کوشتنی جۆراوجۆر دەیباتە پێشێ. شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکرات شەڕ لەگەڵ شەرعییەتی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە کە لە چەند ڕەهەندەوە ڕەوایی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەک لە ڕەواییەکان، ڕەوایی خاک و خەڵک و ئیرادەی سیاسییە. هەر جۆرە مەشرووعیەتێک پێوەندی بە خاک و خەڵک و دۆزی سیاسی و خەڵکەوە هەبێ و بەتایبەت مافی ڕەوا و مەزڵوومییەت لەئارادا بێت و ئەم سیاسەت و ستراتیژییە لە خەڵک و خاک و ئیرادەی مێژووییەوە هەڵبقووڵێ، بەئاسانی بنەبڕ ناکرێت. ئەم شەرعییەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا چەند قۆناغێکی بڕیوە، وەک ڕێفراندۆم و هەڵبژاردنەکانی سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی. ئێمە دەزانین کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خۆبرەگاندا نوێنەرەکانی حیزبی دێموکرات ژمارەیەکی یەکجار زۆری دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەدەست هێنا، لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی دەوەی یەکەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیشدا بەربژێرەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دەنگی خەڵکی کوردستانیان بەدەست هێنا و ئەمەش شەرعییەتێکی هەڵبژاردنە، شەرعییەتێکی قانوونیی دێموکراتێک. جگە لەمەش کاتێک بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بەرگریی ڕەوای دەست پێ کرد و لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا دەستی بۆ چەک برد، مقاومەتێکی میللی هەر لە ماکۆ و خۆیەوە هەتاکوو کرند و شاباد لە پارێزگای کرماشان دەستی پێ کرد و سێ پارێزگای کوردستانی گرتەوە. لە قۆناغی مقاومەتی میلیی بەرگری ڕەوادا، خەڵکی کوردستان پشتیوانی سەرەکیی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوون.

***

بەم خوێندنەوەیە دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکرات بۆتە قوتابخانەیەک بۆ پەروەدان بە حەقانیەتی خەباتێکی ڕەوای شوناسخوازانە لەسەر بناغەی پێوەرە ئینسانی و دێموکراتیکە جیهانییەکان. ئەگەرچی هێشتا لەلایەن پیلانداڕێژەرانی مەدرەسەکانی "حقانی" لە قوم و تاران هێشتا سێبەری سامناکیی تیرۆرو ڕەشەکوژیی لەسەرە. کەواتە پرسیاری جیددی لێرەدا ئەوەیە کە بۆ دەبێ حیزبێک کە تەنیا بەتەمای دەستەبەرکردنی مافی خەڵکی خۆی نییە، بەڵکوو مافی گەلانی دیکەیشی ڕەچاو کردووە و باس لە دێموکراسییەکی بەرفراوانی هەمەگیر بۆ کۆی ئێران دەکات، وەها دڕندانە بەر پەلامار بکەوێ؟

لە دەسپێکی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە تاکوو ئێستە دەوڵەتی سێبەر هەموو کات دەسەڵاتی لە دەوڵەتی یاسایی زیاتر بووە؛ بەتایبەر دوای مردنی خومەینی ئیتر ئەوە دەوڵەتی سێبەر بوو کە ڕێوشوێنی بۆ دەوڵەتی یاسایی دیاری دەکرد.

خومەینی مرد، بەڵام شێوەڕوانینی بۆ دژبەرانی ئەو ڕێژیمە و حوکم دەرکردنی بۆ لێدان و لەنێوبردنی جیابیران وەکوو ئەرکێک لە مەردەسەی ڕیفا و کۆشکی فیرۆزە هەتا بچووکترین ناوەندی ئەمنیەتی بە دەقنەشکاوی مایەوە و هەر چل ڕۆژ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاش نەمانی، بۆ ئەوەی بڵێن ڕێژیم بە مردنی دامەزرێنەرەکەی هەر ڕێگەی ڕەشی هەڕەشە و کوشتن بەر نادا، سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، د.عەبدوڵڕەحمان قاسملوویان تێرۆر کرد و بە هەناسەبڕکێوە تەنیا سێ ساڵ دواتر پەلاماری جێگری بەحەقی قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندیشیان دا و لە میکۆنۆس شەهیدیان کرد. ئەمە زەبرێکی گەورە و گران بوو بۆ حیزبێکی لە حاڵی شۆڕش کە لە زێد و خاکی خۆی دوورە! بەڵام ئەو کەشتییەی سەر زەریای زوڵم و زەلکاوی کوشتن و بڕین ڕانەوەستا و لەگەڵ ئەوەیکە زۆرترین زیان و زەربەی لێ کەوتووە، بە پاراستنی پڕەنسیپ و بەها ئینسانی و خەباتکارانەکانی خۆی درێژەی بە ژیانی سیاسی خۆی داوە.

لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا کۆماری ئیسلامی هەم شەقامە ڕازاوەکانی وڵاتانی ئورووپایی بە قوڕولیتەی تێرۆر قیزەون کرد، هەمیش بە پێشێلکردنی یاسا و ڕێسای دراوسێیەتی خاکی عیراق و هەرێمی کوردستانی کردە مۆڵگەی تێرۆریستەکانی و مەیدانی ڕمبازێن و تەڕاتێنەکانی خۆی؛ ئەویش لەژێر ناوی باشترین بەرگریکردن هێرش بردنە! کە دیتمان بە شێوازی جۆراوجۆری وەک دەرمانداوکردن، تەقینەوە، ڕفاندن و تێرۆر زیاتر لە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگەیان تێرۆر کرد. بەڵام سووڕی خوێناویی هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات لە ١٧ خەرمانانەوە بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبە چووە قوناخێکی دی. مووشەکبارانی قەڵا و بنکەکانی دیکەی ئەو حیزبە کە بە دەیان ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و ژن و منداڵی تێدا شەهید بوون، پەڵەیەکی ڕەشی دیکەی کردەوە تێرۆریستی و تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنایەتیی ڕێژیم لەگەڵ حیزبی دێموکراتە کە ئەگەر بەجیددی سەرنجی درابا و پێش بەو هەوسارپچڕاوییە زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامی گیرابا، لەوانەیە دووپاتبوونەی هێرشە مووشەکییەکەی ٦ی ڕەزبەر و هێرشەکانی مانگی خەزەڵوەری هەمان ساڵ بەو شێوەیە نەبووایە.

لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بەولاوە کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی دڕندەی خۆیی نیشان داوە بۆ لێدان لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە لە مافخوازی و ئازادیویستی و شوناسخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کۆماری ئیسلامی بنکەی سیاسیی ئەو حیزبەیان بە مەبەستە پێکاوە و ئامانج لە هێرشکردن بۆ سەر بنکەی سیاسیی لە واقیعدا هەر درێژەی پرۆسەی لێدان و تێرۆری ڕێبەرایەتی و کادر و ئەندامانی ئەو حیزبەیە، دەنا خۆیشیان باش دەزانن ئەوەیکە دەڵێن کاکڵەی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جا ڕێژیم کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسییانەی لەگەڵ حیزبێکی بەمێژوو بەڕابردوو نییە، هەر زمانی مووشەک و هەڕەشە شک دەبات. ڕاستە ئەم هێرشانە زیانێکی گەورەی گیانی لێ داوین و زۆر بنکە و بارەگامان لەو سۆنگەیەوە وێران بوون؛ بەڵام ئەوەی ڕێژیم ناتوانێ زەفەری پێ ببات، ئازادی خەبات بۆ ئازادی و ئازادیخوازیی تێکۆشەرانی دێموکراتە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حەمەنەزیف قادری

دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و ئەو دۆخە نوێیەی لەو سۆنگەیەوە هاتە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی لەو کاتدا کە هێشتا دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەک ئەنجوومەنی وەزیران، پارلمان، دامەزراوە ئەمنییەکان نەکەوتبوونە سەر پێ، لەو دەرفەت و بۆشایی دەسەڵاتە کەلکی وەرگرت و دەیان کردەوەی تێرۆریستیی لەدژی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات کرد.

باسێکی‌تر لە ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی عێراق بەتایبەت دوای ٢٠٠٣ کە حکوومەتی بەعس ڕووخا و پاشاگەردانی لە عێراق ڕووی دا، کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی عێڕاق بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی دا گرووپە میلیشاییەکان ڕێک بخات و تەیاریان بکات و ئەو گرووپانە بەشێکی هەرەزۆریان ئەو لایەنانە بوون کە لە کاتی نیشتەجێبوونیان لە ئێران لەژێر کاریگەریی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوون. هەر لەجێشدا پرسی ئیدئۆلۆژیکیی ناردنەدەرەوەی شۆڕش و دواتر پرسی بەهاری عەرەبی و کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی سیاسی کە لە ناوچەدا ڕوویان دا؛ کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتی نانەوەی ئاژاوە لە وڵاتانی ناوچە و تەڕاتێنی لە سووریە، لوبنان و یەمەن هەڕەشە و قەیرانی ئەمنیەتیی لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست کرد. لەو چوارچێوەیەشدا لە ڕێگەی ئەو گرووپە نیابەتی و میلیشیایەی ڕێکی خستوون و هەر لەجێدا لەژێر چەتری سپای قودس و دامەزراوە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێک خراون؛ کەوتە سڕینەوە و لێدان لە دژبەرانی خۆی. تەنانەت نەک لە ناوچە کوردییەکان، بەڵکوو لە ناوچە سوونەنشینەکان و تەنانەت لە شوێنە شیعەنشینەکانی عێراقیشدا کۆمەڵێک کەسایەتی و سیمای ناسراوی دژبەری خۆی تێرۆر کرد. بۆیە کۆماری ئیسلامی لە هەر شوێنێک بۆشاییەک بێ، لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانی خۆیەوە سیاسەتی تێرۆر و قەیرانخوڵقێنیی خۆی دەباتە پێشێ.

***

بێگومان ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتان بەجدی لەبەرانبەر ئەو دەستدرێژییانەی کۆماری ئیسلامی کەمتەرخەم نەبان، بەرنامە پەهبادییەکانی کۆماری ئیسلامی ئاسایشی وڵاتانی ناوچە و وڵاتێک وەکوو ئۆکراینیشی نەدەخستە مەترسییەوە. جیا لەم پرسانەی باس کران ئەو ڕاستییەش دەبێ بخرێتە بەر باس کە بەتەنیاجێهێشتنی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە ئاگری جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا ژن و منداڵی بێدیفاع و تێکۆشەرانی ئەو حیزبەی نەکردە قوربانی، بەڵکوو دووکەڵی ئەم شەڕەنگێزییانە لایەنەکانی دیکەشی گرتەوە و هەڕەشەی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێشکەوتنەکانی لە پیشەسازیی دڕۆنسازیدا مەترسیی ئەمنیەتیی بۆ کۆمەڵگەی جیهانی دروست کردووە. هەر بۆیە ڕاوەستان بەرانبەر بە کردەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تیرۆریستییەکان و لەقاودانی پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بەدژی حیزبێکی سیاسی و خاوەنڕابردووی وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەرەنتییەکی قایمە بۆ ئەمنیەتی گشتی و بۆ پێکەوەژیانی سیاسی لە ئێستا و لە داهاتوودا.

## ناسر باباخانی

بەداخەوە بەشێک لەو کارەساتانەی بەسەر ئێمە دێ ڕاستە بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی دەسەڵات بە زەبری ئەو هێزە سەختئامێرەی هەیەتی بەسەر ئێمەیدا دەیسەپێنێ، بەڵام لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا کە کورد قوربانی کراوە، بە شێوەیەک بۆخۆیشی نەیتوانیوە خۆی لە دۆخی قوربانی ڕزگار بکا بۆ ئەوەیکە بتوانێ دەنگی خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنانەی دەتوانێ شوێندار بێ و لە داهاتوودا بتوانێ یارمەتیدەری بێت.

سەبارەت بە پرسی مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانان تا ٢١ی خەرمانانی ئەو ساڵدا لە ماوەی ئەو ٥ ڕۆژەدا ئەو جموجۆڵەی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ساز بوو، بە تایبەتی کە ئەوپەڕەکەی لە ٢١ی خەرمانانەدا خۆی نیشان دا و خەڵک وەک پشتیوانیی سەرەکیی بزووتنەوەی کوردی بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشانیان دا تا چ ڕاەیەک گوتاری ئەم حیزبە لەنێو دڵ و دەروون یان با بڵێین مێشک و زەینی تاکەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرەی ستاندووە. ئەمن هەر ئەوکات پێشنیارم کرد ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی خۆڕاگریی نەتەوەیی نێودێر بکرێ. چونکی کاتێک کارەساتێکی ئاوەها ڕوو دەدا و ڕەنگدانەوەی بەربڵاوی هەبوو لە میدیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان و تەنانەت کەسێکی وەکوو نیکی هەیلی -کە ئەوکات باڵوێزی ئەمریکا بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئێستا دەیهەوێ خۆی بەربژێر بکا بۆ سەرۆکایەتیی کۆماری ئەمریکا- بەڕاشکاوی باس لەوە دەکا و یەکەم جارە ناوی حیزبێکی سیاسیی کوردی بەڕاشکاوی بێنی و باس لە ڕادەی قوربانیان و زیانلێکەوتووان و ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێنی؛ بە باوەڕی من ئەوە دەتوانێ پۆتانسییلێکی بەهێز بێت بۆ ئەوەیکە تیمێکی یاسایی بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسانە بکەن. بەڵام بەداخەوە ئێمە لەو جۆرە مەیدانانەدا لاواز بووین. تەنانەت لە کەیسی شەهید بوونی د. قاسملووشدا ئاکامێکی ئەوتۆ وەرنەگیرا. ڕاستە لە میکۆنووسدا کورد توانی هیچ حەیایەک بە کۆماری ئیسلامییەوە لە جیهاندا نەهێڵێ، بەڵام دیسان بە باوەڕی من دەکرا کورد لەو کارتە زیاتر کەڵک وەربگرێ بۆ بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. ...

***



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەحسەن حەسەنپوور (مافناس)

لە یۆنانی باستان گوتیانە ئەگەر خواکان گەرەکیان وێت کەسێک نابوود بکەن، بەر لەوە تووشی جنوونی دەکەن. ئەو هێرشە ئاسمانییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان و شەهیدکردنی ژنان و منداڵان و مرۆڤە مەدەنییەکان نیشانەی جنوونێکە و ئەو جنوونەش خاوەنەکەی بەرەو مەرگ و نابوودی ڕەکێش دەکات.

ئێمە ئەگەر لە بواری یاساییەوە بمانەوێ ئەم کەیسە ئانالیز بکەین، قەتعەن ئەوەی ڕووی داوە جینایەت و تاوانە، بەڵام یاسای نێونەتەوەیی وەکوو سیستم وەکوو عەمەڵ ناکات و ئەوە نییە ئێمە بتوانین بە متمانەوە چاوەڕێی کاردانەوەیەکی سازمانە مەربووتەکان بین. ئەمە واقعیەتێکی تاڵە، بەڵام ئێمە دەبێ قەبووڵی کەین ئەو نائۆمێدیە لە ئۆمێدێکی واهی و پووچ بۆ ئێمە بەنرخترە. ئەو شتەی دەتوانێ خەڵکێک ڕزگار بکات، درۆ یا ئۆمیدی واهی و پووچ نییە، بەڵکوو ناهۆمیدیە. ئێمە لەگەڵ ئەم واقعیتە سەختە بەرەوڕووین کە تەنیاین و تەنیا لایەنێک کە دەتوانێ ڕزگارمان بکات، هەر خۆمانین و متمانەکردن بە خۆمانە. بەڵام ئەو ناهۆمیدیە نابێ ببێتە هۆی بێدەنگی. کۆمەڵگەیەکی زیندووە لە بەرانبەر تاوان و جینایەتدا بێدەنگ نییە. هانا ئارێنت لە تەحلیلەکانی لە سەر ئورشەلیمدا دەڵێ: ئەگەر تاوانبار و جینایەتکارەکان موحاکمە نەکرێن و سزا نەدرێن، ئەوە بێڕێزییە لە حەق قوربانییەکاندا. هەر هەنگاوێک لەم ڕێگە کە داکۆکی لە قوربانییەکانی ئەم جینایەتانەی ڕێژیم دەکا بەنرخە و دەتوانێ لە خزمەت ڕزگارکردنی ئێمە دابێت. بێگومان قوربانییەکان قەت ڕوخساری جەللادەکانیان لەبیر ناکەن.

***

پاش هێرشە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەزبەر و خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوودا (١٤٠١)، بیرەوەریی شەهیدانی ئەو هێرشانە و قەڵای دێموکرات وەکوو بیرەوەرییەکی خوێناوی لە یادمان دەمێنێتەوە. لەوەش دڵنیاین قەڵای خۆڕاگری و تێکۆشانی خەڵکی خۆڕاگر و تێکۆشەری کوردستان، بنەماڵەی سەرفەرازی شەهیدان بەتایبەتی شەهیدانی هێرشی هەوایی بۆسەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات بە هیچ هێزێک لەبن نایەت.


ئێوە هەر ئەو خەڵکەن کە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو سەلماندتان کە هێزی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتە.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی: هێمای ئاشتی و هاوسەنگیی جیهانی!




**حەسەن قارەمانی**

براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی ٢٠٢٣ ڕۆژی هەینی ٦ی ئۆکتۆبەر ڕاگەیەندرا، جیهان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ڕاگەیاندنی براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی دەکات. بەڵام لە سایەی چاوەڕوانی و ئومێددا نیگەرانییەک بەدی دەکرێ، نەبوونی ژنی کورد لەنێو پاڵێوراوەکاندا.

## ژن – ژیان – ئازادی"

کۆمیتەی نۆبێلی نۆرویژ بڕیاری دا خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٣ ببەخشێ بە نەرگس محەممەدی، بەهۆی بەرەنگاربوونەوە دژی چەوساندنەوەی ژنان لە ئێران و خەباتی ئەم ژنە بۆ بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بۆ هەمووان. بەگشتی ڕێژیم ١٣ جار دەستگیری کردووە و پێنج جار سزای بەسەردا سەپاندووە و بەگشتی ٣١ ساڵ زیندانی و ١٥٤ قامچییشی بەسەردا سەپاندووە. خاتوو محەممەدی هێشتا لە زینداندایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ٢٠٢٢دا کچێکی کورد بە ناوی ژینا - مەهسا ئەمینی لە کاتی دەسبەسەرکرانی لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ئێرانەوە کوژرا. کوشتنی ئەو کچە گەورەترین خۆپیشاندانی سیاسی دژ بە ڕێژیمی تیئۆکراتی ئێران بوو کە لەژێر دروشمی "ژن - ژیان - ئازادی"دا دەستی پێ کرد و سەدان هەزار ئێرانی بەشدارییان لە نارەزایەتیی ئاشتیانەدا کرد بەرامبەر بە درندەیی و چەوساندنەوەی دەسەڵاتداران بۆ سەر ژنان. ڕێژیم بەتوندی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی کرد: زیاتر لە ٥٠٠ خۆپیشاندەر کوژران. هەزاران کەس بریندار بوون کە ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی فیشەکی ساچمەییەوە کە لەلایەن پۆلیسەوە تەقێندرابوون، نابینا بوون. لانیکەم ٢٠ هەزار کەس دەسبەسەر کران.

دروشمی خۆپیشاندەران - "ژن - ژیان – ئازادی" - بە شێوەیەکی گونجاو گوزارشت لە خۆبەخشی و کاری نەرگس محەمەدی دەکات.

ژن؛ ئەو لە پێناو ژناندا لە دژی جیاکاری و ستەمکاریی سیستماتیک تێدەکۆشێت.

ژیان؛ ئەو پشتگیری لە خەباتی ژنان دەکات بۆ مافی ژیانێکی باش و شکۆمەندانە. ئەم خەباتە لە سەرانسەری ئێراندا لەگەڵ گۆشەگیری، زیندان، ئەشکەنجە و تەنانەت مردنیش بەرەورووبووەتەوە.

ئازادی؛ ئەو خەبات دەکات بۆ ئازادی ڕادەربڕین و مافی سەربەخۆیی، هەروەها دژی ئەو ڕێسایانەی کە ژنان لە چاوی خەڵک دوور بمێننەوە و جەستەیان داپۆشن. ئەو داواکاریی ئازادییەی کە خۆپیشاندەران دەریدەبڕن، نەک تەنیا ژنان، بەڵکوو هەموو دانیشتووانیش دەگرێتەوە.

نەرگس محەممەدی لە ساڵانی نەوەدەکاندا، وەک گەنجێکی خوێندکاری فیزیک، خۆی وەک داکۆکیکارێکی یەکسانی و مافەکانی ژنان، جیا کردەوە. دوای کۆتاییهێنان بە خوێندن، وەک ئەندازیار و لە ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکانی چاکسازیخوازدا کاری کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٣ پەیوەندیی بە ناوەندی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ لە تاران کرد، کە ڕێکخراوێکە لەلایەن شیرین عیبادی خاوەنی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتییەوە دامەزراوە. لە ساڵی ٢٠١١ بۆ یەکەمجار بەهۆی هەوڵەکانی بۆ هاوکاریکردنی چالاکوانانی زیندانیکراو و بنەماڵەکانیا .دەسبەسەر کرا و سزای چەندین ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندرا.

ئێران لە مێژە لە ڕیزی ئەو وڵاتانەدایە کە ساڵانە زۆرترین ڕێژەی دانیشتووانی خۆیان لە سێدارە دەدەن. تەنها لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٢ەوە زیاتر لە ٨٦٠ زیندانی لە ئێران سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناوبراو دوو ساڵ دوای ئازادبوونی بە کەفالەت، دەستی بە چالاکی لە دژی بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان کرد.

چالاکییەکانی دژی سزای لەسێدارەدان بووە هۆی دەستگیرکردنی لە ساڵی ۲۰۱۵دا. لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ زیندان، دەستی کرد بە دژایەتیکردنی بەکارهێنانی سیستماتیکی ئەشکەنجە و توندوتیژی سێکسیی ڕێژیم لە دژی زیندانیانی سیاسی، بە تایبەت ژنان، کە لە زیندانەکانی ئێراندا ئەنجام دەدرێت.

شەپۆلی نارەزایەتییەکانی ساڵی ڕابردوو بە ناوی زیندانییانی سیاسی کە لە ناو زیندانی بەدناوی ئێڤین لە تاران ڕاگیراون، ناسرا. جارێکی تر نێرگز محەممەدی سەرکردایەتی گرتە ئەستۆ. لە زیندانەوە پشتگیریی خۆی بۆ خۆپیشاندەران دەربڕی و چالاکیی هاودەنگی لە نێوان هاوڕێ زیندانییەکانیدا ڕێکخست. بەرپرسانی زیندانەکەش بە سەپاندنی مەرجی توندتر وەڵامیان دایەوە. خاتوو محەممەدی ئیزنی پەیوەندی و چاوپێکەوتنی لێ قەدەغە کرابوو. سەرەڕای ئەوەش توانی بە قاچاخ بابەتێک بخاتە دەرەوە کە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ساڵڕۆژی یەک ساڵەی کوژرانی ژینا ئەمینیدا بڵاوی کردەوە. پەیامەکە ئەوە بوو: "هەرچەندە زیاتر ئێمە قفڵ بکەن، بەهێزتر دەبین".

نێرگز محەممەدی ژن و داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و ئازادیخوازە. کۆمیتەی نۆبێلی نۆرویژ لە پێدانی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی ئەمساڵدا، دەیەوێت ڕێز لە خەباتی بوێرانەی ئەو بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئازادی و دیموکراسی لە ئێران بگرێت. هەروەها خەڵاتی ئاشتیی ئەمساڵ، دان بەو سەدان هەزار کەسەدا دەنێت کە لە ساڵی پێشوودا دژی سیاسەتەکانی ڕێژیمی تیئۆکرات و هەڵاواردن و ستەمکاری کە ژنانی کردۆتە ئامانج، خۆپیشاندانیان کردووە.

تەنها بە وەرگرتنی مافی یەکسان بۆ هەمووان جیهان دەتوانێت ئەو برایەتییەی نێوان گەلان بەدەست بهێنێت کە ئەلفرێد نۆبێل هەوڵی پێشخستنی دەدا. پێشکەشکردنی خەڵاتەکە بە نێرگز محەممەدی پەیڕەوی لە نەریتێکی دوورودرێژ دەکات کە تیایدا کۆمیتەی نۆبێلی نۆرویژ خەڵاتی ئاشتی بەخشییە ئەو کەسانەی کە کار بۆ پێشخستنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی دەکەن. ئەمانە پێشمەرجێکی گرنگ بۆ بەردەوامبوونی ئاشتین.

لەوەتەی وەسیەتنامەی ئەلفرێد نۆبێل لە ساڵی ۱۸۹۵ داڕێژراوە، خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی وەک هێمای جیهانێک کە هەوڵ بۆ ئاشتی و هاوسەنگی دەدات، ڕۆڵێکی جێگرەوەی نەبووە. ئەم خەڵاتە لە دیدگای دروستکەرەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و کەمکردنەوەی ململانێکان، پەرەی سەندووە بۆ یەکێک لە بەناوبانگترین دانپێدانانەکانی نێودەوڵەتی بۆ هەوڵە نائاساییەکان لە بوارەکانی وەک چارەسەرکردنی ململانێکان، مافی مرۆڤ و هاوکاریی جیهانی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەبەستی ئەلفرێد نۆبێل و بڕیاری خستنەڕووی ئەم خەڵاتە لە وەسیەتنامەکەیدا دەست پێدەکات. نۆبێل کە داهێنەر و زانا و خێرخواز بوو، دیدێکی ڕوونی هەبوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی دوای ئەوەی بینی کە چۆن داهێنانەکانی بە تایبەت دینامیت لە شەڕدا بەکاردەهێنرێن. خەڵاتەکە بۆ ڕێزلێنان لەو کەسانە دامەزراوە کە بەشدارییەکی بەرچاویان بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی و دروستکردنی پردی لێکتێگەیشتنی جیهانی کردووە.

خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی زۆرجار بۆ ئەو کەسانە یان گرووپانە دراوە کە لە ململانێ بەردەوامەکاندا بەشدار بوون یان یارمەتیدەر بوون لە دانوستاندن بۆ چارەسەرکردنی ئاشتی. ئەم جۆرە دانپێدانانە دەتوانێت وەک پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆ هاندانی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتی، ئەمەش کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر ئاشتی بە پێشخستنی بنەماکانی وەک ڕێزگرتن لە کەرامەتی تاک و یەکسانی و دادپەروەری هەیە.

خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی گەشەی کردووە و بووەتە هێمای هیوا بۆ جیهانێکی ئارام. خەڵاتەکە نەک تەنها تاکێک یان ڕێکخراوێک بەڵکوو نوێنەرایەتیی بەکۆمەڵ بۆ ئاشتیی جیهانی دەکات. سیمبۆلیزمێکە لە دەستکەوتە تایبەتەکانی هاوکاری و نێوەندگیری و هاودەنگیی نێودەوڵەتی.

کاریگەرییەکانی خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی لەسەر دیپلۆماسیی جیهانی، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە خەڵاتەکە وەک کاتالیستێک بۆ هەوڵە دیپلۆماسییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کاری کردووە. زۆرێک لە براوەی خەڵاتەکان بەشدارییان لە پرۆسەکانی ئاشتی و دانوستانەکاندا کردووە و بەم شێوەیە براوەی خەڵاتەکە بەشداری کردووە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە هەوڵەکانیان و پاڵنانی کەسانی دیکە بۆ شوێنکەوتنی نموونەی ئەوان .

سەرەڕای سەرکەوتنەکانی، خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی ڕووبەڕووی ئاستەنگ و ڕەخنە دەبێتەوە. پرسیارەکانی لایەنگری، دەنگە سیاسییەکان و هەندێک جار هەڵبژاردنی جێی پرسیاری خەڵاتکراوەکان، گفتوگۆیان لەسەر ئەوە داناوە کە ئایا بەڕاستی خەڵاتەکە لە ئاست ئایدیاڵەکانیدایە یان نا. چارەسەرکردنی ئەم تەحەددیانە زۆر گرنگ دەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خەڵاتەکە پەیوەندیدار و کاریگەر دەمێنێتەوە لە پێشخستنی ئاشتیدا.

لایەنێکی سەرەکیی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی پەیوەندییەکەی بە مافەکانی مرۆڤەوەیە. زۆرێک لە براوەی خەڵاتەکان خەباتکاری دادپەروەری و ئازادی بوون و بەم شێوەیە خەڵاتەکە بەشداری کردووە لە درەوشاندنەوەی ڕووناکییەک لەسەر ئەو تەحەددیانەی کە ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوە لە سەرانسەری جیهاندا. خەڵاتی ئاشتی هەندێک جار ڕەخنەی زۆری لێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گیراوە بەهۆی زەنگە سیاسییەکانی و بەهۆی پێدانی خەڵاتەکە بەو کەسانە یان ڕێکخراوانەی کە تەنها نوێنەرایەتیی یەک لایەنی ململانێییەک دەکەن. ئەمەش هەندێک جار دەتوانێت مشتومڕ و پرسیار لەبارەی بێلایەنی دروست بکات.هەندێک لە ڕەخنەگران پرسیاریان کردووە کە ئایا خەڵاتی ئاشتی کاریگەرییەکی درێژخایەنی هەیە یان زیاتر ڕەمزییە.

ئەمڕۆ جیهان ڕووبەڕووی چەندین تەحەدای جیهانی بووەتەوە، لە گۆڕانی کەشوهەوا و قەیرانی کۆچەوە تا دەگاتە گرژییە جیۆپۆلیتیکییەکان. خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە هێزێکی ڕێنوێنی لە یەکخستنی جیهان بەرەو ئامانجە هاوبەشەکان و تەحەداکردنی وڵاتان بۆ ئەوەی پێکەوە کار بۆ داهاتوویەکی بەردەوام و ئاشتیانە بکەن.

داهاتووی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی لە توانای خۆیدایە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ تەحەددیاتی نوێدا. لە پێشخستنی نێوەندگیری ئاشتییەوە تا پشتگیریکردنی توێژینەوە و داهێنان بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە جیهانییەکان، خەڵاتەکە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕێت لە دارشتنی داهاتوویەکی بەردەوامدا.

خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر گفتوگۆی جیهانی سەبارەت بە ئاشتی هەیە. خەڵاتەکە بە ناساندن و پاداشتکردنی ئەو کەسانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر کار بۆ ئاشتی دەکەن، وەک سەرچاوەی ئیلهام و بیرهێنانەوەی گرنگی هاوکاری ئاشتیانە کار دەکات.

سەرەڕای ڕەخنەکان لەسەر کاریگەرییە سیاسییەکان و پرسیارەکان سەبارەت بە کاریگەرییە درێژخایەنەکان، خەڵاتی ئاشتی بەردەوامە لە بوون بە دامەزراوەیەکی گرنگ لە کارکردن بەرەو ئاشتیی جیهانی و گەشەپێدانی مرۆیی.

خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بە مێژووی دەوڵەمەند و هێماسازییە بەرچاوەکەیەوە، بەردەوامە لە بوون بە پارێزانێکی چارەنووسساز لە گفتوگۆی جیهانی سەبارەت بە ئاشتی. کاریگەرییەکانی هەوڵە دیپلۆماسییەکان و مافەکانی مرۆڤ و تەحەددای جیهانی دەگرێتەوە. خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی بە ناساندنی براوەکان بۆ هەوڵەکانیان و بە ڕۆڵگێڕان وەک کاتالیستێک بۆ گۆڕانکاری، لە ناوەندی بەدواداچوونی جیهانێکی ئارامتر و یەکگرتووتردا دەمێنێتەوە. هاوسەنگکردنی سەرکەوتن و تەحەددیاتەکانی گرینگ دەبێت بۆ زیندوو ڕاگرتنی ئامانجە سەرەتاییەکەی و زۆرترین توانای کاریگەری لەسەر گۆڕانکاری ئەرێنی لە جیهاندا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## داهاتووی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و پرسی کورد!

**نەبوونی ژنی کورد لە کاندیدکردنی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی: کەموکوڕییەکی ئاشکرا و ڕەخنە!**

لە کاتێکدا جیهان بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنی شۆڕشی ژینا دەکات، لە خۆمان دەپرسین: بۆچی نەمانتوانیوە ئەو ژنە ئازا کوردانەی کە لە پێناو ئاشتی و دادپەروەریدا خەباتیان کردووە، بناسین و کاندیدیان بکەین؟ سەرەڕای ئەمەش، ئێمە لە بەردەم کەموکوڕییەکی قبوڵنەکراوداین، بێدەنگییەک کە بە دەنگی بەرز قسە دەکات - دوورخستنەوەی ژنانی کورد لەم هەوڵە گرنگە. ئەم هەڵوێستە کەمتەرخەمییە نەک هەر ڕەخنەیەک لە کەسانی کاندیدکردن، بەڵکو بانگەوازێکی بەئاگاهاتنەوەیە بۆ هەمووان کە خەبات بکەن بۆ ئەوەی ئەم ژنە ئازایانە بخەنە نێو دانوستانەکانی ئاشتی و ئەو دانپێدانانەی کە شایەنیەتی. ئەوەی کە ژنانی کورد لە لیستی کاندیدەکانی خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی جێگایان پێ نەدرێت،

کەموکورتییەکی قبوڵنەکراوە لە خەباتی جیهانی بۆ ئاشتی و دادپەروەری. ڕەخنەیە لە سیستەمی ئێستا، کە دەنگ و هەوڵی ئەو ژنانە پەراوێزخراون و چاوپۆشییان لێ دەکرێت. کاتی ئەوە هاتووە تیشک بخەینە سەر ئەم نادادپەروەرییە و کردار بکەین.شۆڕشی ژیناوا بۆتە هێمای گۆڕانکاری و ئومێد بۆ ئایندەیەکی باشتر. خەڵکی بۆ ئاشتی و دادپەروەری کۆ کردۆتەوە. دوورخستنەوەی ژنانی کورد لەم گێڕانەوەیە نەک هەر پێشێلکردنی پابەندبوونیان بەڵکوو نکۆڵیکردنە لەو هیوا و وزەیەی کە بەشدارییان لە هەوڵەکانی ئاشتی جیهانیدا دەکەن.

بیرهێنانەوەیەکی دڵتەزێنی ئەو باجەی کە بۆ بەدواداچوونی ئاشتی درا، چارەنووسی کچێکی کوردە لە تاران، کە شەهید بوو. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەبێ ببێتە بانگەوازێکی بەئاگابوونەوە بۆ ئەوەی جیهان نەک هەر گرنگی پێ بدات، کۆمای ئارمیتا یەکێکی ترە لە بیرهێنانەوەی بە ئازاری ئەو مەترسی و تاقیکردنەوانەی کە ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبنەوە کە لە پێناو ئاشتیدا خەبات دەکەن. قوربانیدان و قوربانیدانەکانی نابێت پشتگوێ بخرێن. بەڵکوو وەک هێزێکی بزوێنەر بۆ تیشک خستنەسەر خەباتی ژنانی کورد و پێویستی بەشداریکردنیان لە دانوستانەکانی ئاشتی و دانپێدانانەکاندا مامەڵە بکەن.
شۆڕشی ژینا کاتالیستێک بووە بۆ گۆڕانکاری و مەکۆی دەربڕینی حەسرەتی ئاشتی. جێگای گاڵتەجاڕی و جێگای داخە کە سەرەڕای پێشکەوتن و کاریگەریی شۆڕش، هێشتا ژنی کورد کاتێک باس لە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی دەکرێت، پشتگوێ دەخرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە تێکۆشەر و غەیرە تێکۆشەرەوەیە کە نەمانتوانیوە و دەبێ قورسایی ئەم کەموکوڕییە لە ئەستۆ بگرین. پرسیارەکان سەبارەت بەوەی کە بۆچی لە کاندیدکردنەکاندا ژنانی کورد نین، دەبێت لەو کەسانە بکرێت کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە ئەو کاندیدکردنانە بکەن و تیشک بخەنە سەر ئەو دەنگانەی کە پێشتر لە ڕیزبەندی دەرچوون.

گرنگە چاوپۆشی لەو ڕۆڵە نەکەین کە ڕێکخراوە فارسییەکان بینیویانە، بەڵام ئەمە نابێت بیانوویەک بێت بۆ بەشدارینەکردنی ژنانی کورد.

خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی پێویستە نوێنەرایەتیی باشترینەکانی مرۆڤایەتی و بەدواداچوونی ئاشتی بکات. وەدەرنانی ژنانی کورد ئەم دیدگایە تێک دەدات. کاتی ئەوە هاتووە نەک تەنها ڕەخنە لەو کەموکوڕییە بگرین بەڵکوو بۆ گۆڕینی هەنگاو بنێین.

ئەگەر بتوانین مەسەلەی کورد بە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بناسێنین، خەڵکی هەموو جیهان لەو بارەوە دەتوانن هاوکار بن. خستنەڕووی پرسی کورد لە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی نەک هەر دیدگای جیهانی بۆ بابەتەکە دەبەخشێت، بەڵکوو خەڵک لە سەرانسەری جیهاندا کۆ دەکاتەوە بۆ هۆشیارکردنەوە و پشتیوانی. سەکۆیەکی بەهێز دەبێت بۆ تیشک خستنەسەر ئەو تەحەددا و ململانێیانەی کە کورد ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بە درەوشاندنەوەی ڕۆشنایی لەسەر ئەم بابەتە لە گۆڕەپانێکی بەناوبانگی وەک خەڵاتی نۆبڵدا، دەتوانین هاوپەیمانییەکی بەهێزتر بۆ گۆڕانکاری دروست بکەین و هاودەنگی نێودەوڵەتی بەرەوپێش ببەین.

کورد، نەتەوەیەک کە زیاتر لە ٤٠ ملیۆن کەس، لە چوار وڵاتی تورکیا، عێراق، ئێران و سووریادا بڵاو بوونەتەوە. مێژووی ئەوان بە دوورخستنەوە و حەسرەتی چارەنووسی خۆیان دەناسرێتەوە.

مەسەلەی کورد ململانێیەکی ئاڵۆزە کە دەیان ساڵە بەردەوامە و ئازاری زۆری لێکەوتووەتەوە. لایەنێکی سەرنجڕاکێش کە دەبێت لەبەرچاو بگیردرێت ئەوەیە کە ئایا دەکرێت خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی وەک سەکۆیەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئاشتی و دادپەروەری بۆ کورد کەڵک وەربگیرێت؟

بەخشینی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بە تاک، ڕێکخراو یان دەستپێشخەری کار بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، سیگناڵێکی بەهێز دەنێرێت سەبارەت بە گرنگیی چارەسەرکردنی ململانێ نەتەوەیی و کولتوورییەکان. ئەم خەڵاتە دەتوانێت وەک پاڵنەرێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێت بۆ ئەوەی سەرنجی جیهان بۆ ململانێیەک ڕابکێشێت کە لەمێژە پشتگوێ خراوە.

تاک و ڕێکخراوەکان کە کار بۆ پاراستنی مافەکانی کورد و بەرەوپێشبردنی چارەنووسی خۆیان دەکەن، کاندیدی بەهێز دەبن. لەوانەیە ئەو چالاکوانانە بگرێتەوە کە لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ کار دەکەن یان ئەوانەی خەبات دەکەن بۆ گۆڕانکاری و دیموکراسی.
هەوڵە دیپلۆماسییەکان بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ و دانوستان لە نێوان وڵاتانی پەیوەندیدار و گرووپە کوردییەکان زۆر گرنگ دەبێت. لەوانەیە ئەو کەسانە یان تیمانەی کە بەشداری پرۆسەی ئاشتییان کردووە، کاندیدی بەهێز بن.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە پرسی کورد و دروستکردنی سەکۆیەک بۆ چارەسەری ئاشتییانە. ئەو خەڵاتە دەتوانێ بە دانپێدانان و پاڵپشتیکردنی ئەو کەسانەی کار بۆ دادپەروەری و ئاشتی بۆ کورد دەکەن وەک کاتالیستێک بۆ گۆڕانکاری.

## پوختە

خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی بووەتە هۆکارێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و خەڵاتەکەی زۆرجار ڕەنگدانەوەی زەقترین ئاستەنگە جیهانییەکانی ئەو سەردەمە بووە. خەڵاتەکە دان بە هەوڵەکانی بەرەوپێشبردنی چارەسەرە دیپلۆماسییەکان و ڕێگریکردن لە ململانێکان دەنێت و پاڵپشتی دەکات، ئەمەش ئاماژەیەکی بەهێز بۆ سەرکردەکانی جیهان و هاووڵاتییان دەنێرێت سەبارەت بە گرنگیی ئاشتی.

خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی لە مێژوودا پاداشتی هەوڵەکانی بەرەوپێشبردنی ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی داوە. پێدانی خەڵاتەکە بەو کەس و ڕێکخراوانەی کە کار بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکەن، نەک هەر ڕێزگرتنێک دەبێت بۆ هەوڵەکانیان بەڵکوو دەرفەتێک دەبێت بۆ درەوشاندنەوەی ڕووناکییەک لەسەر ململانێیەک کە شایەنی سەرنج و تێوەگلانی نێودەوڵەتییە. لە ڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و ئامرازی ئاشتیانەوەیە کە دەتوانرێت چارەسەری بەردەوام بەدەست بهێنرێت و خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی توانای ئەوەی هەیە کە ببێتە هێزێکی بزوێنەر بۆ ئەو جۆرە گۆڕانکارییە ئەرێنییە.

پرسی کورد نوێنەرایەتیی یەکێک لە تەحەداترین ململانێ نەتەوەیی و کولتوورییەکانی سەردەمی مۆدێرن دەکات. کورد بە مێژوویەکی ئاڵۆزی لە بەدیهێنانی چارەنووسی خۆنووسین و دادپەروەریدا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبێتەوە. چۆن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی دەتوانێت وەک کاتالیستێک کار بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم ململانێیە و پێشنیارکردنی چارەسەر بۆ ئاشتی بەردەوام.

بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزیی پرسی کورد، گرنگە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی شی بکەینەوە. کورد لە هەوڵەکانی سەربەخۆیی لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا هەوڵەکانی ئێستای، ڕووبەڕووی بەرەنگاری و چەوساندنەوەی ئەو دەوڵەتانە بووەتەوە کە تێیدا نیشتەجێیە. پێداچوونەوەی مێژوویی یارمەتیدەرە بۆ چوارچێوەدان بە تەحەددیاتی ئەمڕۆ و تێگەیشتن لەوەی بۆچی ئاشتی و دادپەروەری جەوهەرییە.

هەروەها لەوانەیە ئەو کەسانەی کە خەریکی پرۆسەی دیپلۆماسی و ئاشتی بوون بۆ ئاسانکاری گفتوگۆ لە نێوان وڵاتان و گرووپە کوردییەکان، کاندیدی ئەگەری بن. کارەکانیان دەتوانێت بنەمایەک بۆ چارەسەرێکی بەردەوام پێکبهێنێت.

دەکرێ خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی وەک دەرفەتێک بۆ پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە پرسی کورد کەڵکی لێ وەربگیرێت. خەڵاتەکە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ئاڵۆزیی ململانێکان و پێویستی چارەسەرێکی دادپەروەرانە دەتوانێت بەشداری بکات لە کۆکردنەوەی پشتیوانی جیهانی.

لە کۆتاییدا دەڵێین خەڵاتی نۆبێل بۆ ئاشتی دەتوانێت ببێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد بە بەخشینی بە تاک و دەستپێشخەرییەکانی کار بۆ ئاشتی و دادپەروەری. دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ململانێکان لەسەر شانۆی جیهانی دەربکەوێت و دەنگ بدرێت بەو کەسانەی کە خەبات دەکەن بۆ چارەسەری بەردەوام. خەڵاتی ئاشتی بە داهێنان و لێهاتوویی دیپلۆماسی و پابەندبوونی نێودەوڵەتی دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی سەرەکی لە کارکردن بۆ ئاشتییەکی بەردەوام لەم ناوچە ئاڵۆزەدا.

خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی: هێمایەک بۆ چارەسەرکردنی ئاشتی و ململانێکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

نموونەی براوەکانی ڕابردوو

١- مارتن لوتێرکینگ جونیۆر. (١٩٦٤)



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مارتن لوتێر کینگ جونیۆر. خەڵاتەکەی پێ بەخشرا بەهۆی ڕۆڵی لە بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکانی ئەمریکا و ستراتێژییە ناتوندوتیژییەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و نادادپەروەری.

٢- مەلالە یوسفزای و کایلاش ساتیارتی (٢٠١٤)

مەلالە و ساتیارتی خەڵاتەکەیان وەرگرتووە بەهۆی کارەکانیان بۆ مافەکانی منداڵان و بەرەنگاربوونەوەی کاری منداڵان، بە ڕێککەوت بۆ مافی خوێندنی کچان.

ICAN (2017)

٣- کەمپەینی نێودەوڵەتی بۆ قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەو خەڵاتەیان پێبەخشرا بەهۆی کارەکانیان بۆ پەرەپێدانی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی جیهانی.

هەرچەندە خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی بەهۆی دانپێدانان بە بەشدارییە گرنگەکانی ئاشتی ستایشی زۆری لێکرا، بەڵام ڕەخنەی زۆری لێ گیرا. لە هەندێک کاتدا ئەو خەڵاتە مشتومڕێکی زۆری لەسەر بووە و حاڵەت هەبووە کە خەڵاتەکە بەو کەسانە یان ڕێکخراوانە دراوە کە دواتر تووشی ململانێ بوون یان لە هەوڵەکانی ئاشتیدا شکستیان هێناوە.

لە جیهانێکدا کە ململانێ و ئاڵۆزییەکان بەردەوامن لە تەحەدای ئاشتی، خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی وەک دامەزراوەیەکی گرنگ دەمێنێتەوە. وەبیرهێنانەوەیەکە کە تاک و ڕێکخراوەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی ئاشتیانە گۆڕانکاری ڕاستەقینە ئەنجام بدەن و سەقامگیریی جیهانی بەرەوپێش ببەن.


لە کۆتاییدا دەڵێین خەڵاتی نۆبێلی ئاشتی وەک ئیلهامبەخش و بیرخستنەوەیەک کە ئاشتی ئامانجێکە کە پێویستە هەموو گەلان و کۆمەڵگاکان هەوڵی بۆ بدەن.

١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کاک مستەفا هیجری: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین




**(دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنفرانسی "لەپێناو یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" لە فرانکفۆرتی ئاڵمان)**

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران**

**حیزب و لایەنە سیاسییەکان**

جێگای خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ بە نوێنەرایەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوانگەی گشتیی بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەتیش ڕوانگەی ئەم حیزبە سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پلاتفۆرمی "هاوپەیمانیی گشتگیر"تان پێ ڕادەگەیێنم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕوانگەی ئێمە بە سەرنجدان بە ئەزموونی دووردرێژ و مێژوویی سەرەڕۆیی ئێرانی، لە بنەڕەتدا ئاراستەکەی بەرەو داهاتوویە. داهاتوویەک کە لەودا "ئێرانێکی تر"، بونیات بنرێ. ئێرانێک کە تێیدا ئیرادەکان دژی تەواویەتخوازی بە هەر چییەتی و قەوارەیەکەوە بن. ئێرانێک کە راستییەکانی نێو جوغرافیا سیاسییەکەی، جێگرەوەی ئەفسانە تەواویەتخوازانە کۆن و ئایینییەکان بن. ڕاستیگەلێک کە لەواندا، کۆمەڵگاکان، بەپێی ئێختیار و ئیرادەی خۆیان و وێڕای مافی یەکسان، پێکەوەبوون ئەزموون بکەن و شوناسیان بە فەرمی بناسن. وەبیر خۆمان دێنینەوە کە بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، بەستێنێکی مرۆڤانە و دوورەدیمەنانەی نوێنەرایەتی دەکرد کە دەفرایەتی و توانای بنیاتنانەوەی ئێرانێکی جیاواز لە ڕابردووی هەیە، ئەویش گرێدراو بەو ناسین و تێگەیشتنە قووڵەیە کە لە گوتارە بونیادی و پێشکەوتوانەکاندا هەمانبێت. ئەمڕۆ دێموکراسی وەک بەستێنێکی سەرەتایی، توانای وەڵامدانەوەی بە زۆربەی پرسیارەکان لەسەر شوناس هەیە. لە دۆخی ئێستاشدا، ئێمە وەک بزووتنەوەی ڕزگاریدەری کوردستان و هەروەها بزووتنەوەی شوناسخوازیی نەتەوە ژێر ستەمەکان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، خۆمان لە بازنەیەکدا پێناسە دەکەین کە لەوێدا سیاسەتی دێموکراتیک و سەقامگیر و بنەڕەتیی داهاتووی ئێران، ژێربینای چارەسەرکردنی پرسەکان بێت نەک سیاسەتی حاشا و سەرکوت.

ئەوەیکە لە ئەسڵەکانی "هاوپێوەندیی گشتگیر"دا هاتووە، مافی مرۆڤ لە ئەسڵە بنەڕەتییەکانی وەها هاوپێوەندییەک لە داهاتووی ئێراندا دەبێ. ڕوانگەی ئێمە بەنیسبەت مافی مرۆڤ، ڕوانگەیەکی پراکتیکییە. بە واتایەکی دیکە مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەو پلاتفۆرمی یەکگرتووییەوە، دەرهاویشتەی تێگەیشتوویی و ناسینێکە کە بەڕێوەبردنی گرینگتر لە گەڕانەوەی بۆ یاسای بنەڕەتییێکە کە ئەگەری هەیە دیاری بکرێت. چونکە دانپێدانان و بە فەرمی ناسینی فرەچەشنی بە ڕاستییەکی گرینگ دەزانین هەتا پرسێک کە دواتر و لە داهاتوودا کاری لەسەر بکرێت.

بە فەرمی ناسینی ئێران وەک جوغرافیایەکی چەند نەتەوەیی پرسێک نییە کە لە داهاتووی ئێرانی ئازاددا و لە یاسای بنەڕەتیدا بەدوایدا بگەڕێین، بەڵکوو لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا، پرسێکی تەواو سروشتی و ئاشکرایە کە دانپێدانان پێیدا لە دۆخێکی تایبەتدا دەتوانێ بەردی بناغە و پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی باوەڕی کردەیی بە پرسەکانی مافی مرۆڤی و پرسی نەتەوەیی لە ئێراندا بێ.

ئێرانی ئەمڕۆ لەسەر دوو پرسیاری نکۆڵیکردن دامەزراوە. لەلایەک ئازادی و مافی تاکەکەسیی مرۆڤەکان لەلایەن نیزامە دیکتاتۆرەکان لەو جوغرافیایەدا ڕەت کراوەتەوە و لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگەی شوناسخواز لەلایەن نیزامە تەک شوناسی_قەومییەکان بە گێڕانەوەی باستانی و ویلایەتمەدار و بە بیانووی تەواوییەتی ئەرزی و ئەمنییەتی نەتەوەیی، سەرکوت کراون. لێرەدا پرسێکی حەیاتییە کە وەڵامێکی پێویستمان بۆ ئەمە هەبێ و چوارچێوەیەکی ڕوون و دوورەدیمەنێکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دیاریکراوی بۆ دەستنیشان بکەین.

بۆ دروستکردنی بەستێنێکی گۆڕان لەو دۆخە بەستوویەدا، هاوپێوەندیی لەو چەشنە هاوکات لەگەڵ قەبووڵی فرەچەشنی و زۆرینە و بنەجێکردنی، دەتوانێت ڕێگای کرانەوە بێت بۆ چارەسەریی دێموکراتیکی پرسە کەڵکەبووەکان لە ئێراندا. لە هەمان حاڵدا نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین ئەویش ئەو بەرچەسپانەیە کە لەو هاوپەیمانییانە دەدەن. چونکە دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرماوەی بیرۆکەی تەواوییەتخوازی هەروا زیندوون تا هێز بدەنە فەزای حاشا و سەرکوت لە جوغرافیای ئێراندا.

بە هەر حاڵ ئەرکی ئێمەیە تا بە سینگ فراوانی، یەکیەتی، هاوئاهەنگی و هاوپێوەندیی زیاتر، وێنایەکی باشتر و عەقڵانیتر بە بیروڕای گشتی بدەین، وێنایەک کە نموونەی ئەومان لە مانگەکانی سەرەتای بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی دیت. وێنایەک کە تەنیا لە دوای ئازادی و ڕزگاری لە تەواوییەتخوازی بوو. چونکە باوەڕ ئەوە بووە و هەیە کە دەتوانین لەگەڵ یەکتری بین و داهاتوویەکی جیاواز دروست بکەین. بۆیە سەرەتیی ئێمە لە دۆخی ئێستادا تەنیا خەبات و هاوپێوەندی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە بەڵکوو دانی پلاتفۆرمێکی گشتگیرە کە توانایی نوێنەرایەتی فرەچەشنیی نەتەوەیی و شوناسی ئەو جواغرافیا هەمەڕەنگەی هەبێ.

## دۆستانی بەڕێز

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیاڤی شوناسی کوردستانیدا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیەکی زیندوو دەکەین. وێڕای پابەندبوون بە ئەسڵەکانی چەسپاو لەو یەکیەتییەدا، هێنانەدی و وەگەڕخرانی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا گرێدراو بە یەکیەتیی کردەوەی لایەنەکانی ئازادیخواز و بە پێویستیی پرسی نەتەوەیی و دێموکراسی دەزانین. ئەوەیکە دەبێ پێی لەسەر دابگرینەوە ئەوەیە کە دێموکراسیی قووڵ و مافی مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لەسەر ئەساسی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵک لەسەر پێ بێت و پرسیارەکانی وەک دەسەڵات، دادپەروەری، کەرامەت، مافی تاکەکەسی و نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەی شوناسخواز و ژێر ستەم لە ئێراندا بێوڵام نەمێنێتەوە. وەها خوێندنەوەیەک دەتوانێ ئیمکان و خاڵێکی وەرچەرخان بێت بۆ کۆتایی بەخشین بە تەواویەتخوازی. بۆیە پێویستە کە بەرژەوەندیی بەرانبەرمان و هاوپێوەندیی گشتگیر و بەردەوام سەرمەشقی بیر و کردەوەی هەر کام لە لایەنەکان بێت تا بیسەلمێنین ئەگەر تاران، ئازەربایجان، کوردستان، سیستان و بەلووچستان، ئەحواز، تورکمەن سەحرا، مازەندەران و... لە سەر ڕێگا نەبن ئێران هەرگیز نابێتە گوڵستان.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل و، کۆماری ئیسلامی ئێران



**سمایل شەرەفی**

سێ ڕۆژ پێش لە پەلاماری سەربازیی حەماس بۆ سەر ئیسراییل، عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەی تایبەت بە حەوتووی "وەحدەتی ئیسلامی" و ڕوو بە نوێنەران و ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامی، باسی لە "مەرگی ئیسراییل" کرد و بێ‌ئەوەی ئاماژە بە هەوڵی دوو لایەنەی عەرەبستان و ئیسراییل بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان بکات، وتی؛ "ئەوانەی قومار لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن، دەدۆڕێن". ئەمە ئادرەسێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی فەرماندەری ڕاستەوخۆی ئەم شەڕە نەبێت، هیچ گومانی تێدانیە کە دنەدەری پەلامارەکەیە. هەم کاربەدەستانی ڕێژیم و هەم بەرپرسانی حەماسیش ڕاشکاوانە و بەشانازیشەوە باس لەم پێوەندی و پشتیوانییەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی نێوان فەلەستین و ئیسراییل لە کۆنەوە تا ئێستا هەرچی بووبێ، گومانی تێدانیە کە نەتەنیا هیچ پێوەندییەکی بە مافی فەلەستینییەکان و ئاشتیی نێوان گەلانی ئەم دوو خاکەوە نەبووە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو تێکدانی ڕەوتی ئاشتەوایی، پەرەپێدان بە گرژی و ئاڵۆزی و هاندانی تاقم و گرووپە توندڕەوەکان و بەگشتی لەباربردنی پرسی دیالۆگ و ئاشتیی نێوان گەلان، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێژیمە بووە بۆ مەرامێکی پاوانخوازانەی ئیدئۆلۆژیک.

کۆماری ئیسلامی بەکەڵک وەرگرتن لە هەست و باوەڕی مەزهەبی لەناوچەکە و لە چوارچێوەی پڕۆژەی "صدور انقلاب"دا توانیویەتی کۆمەڵێک کارت و دەرفەتی ئەمنیەتی دەستەبەر بکات و هەر جارەو بۆ مەرامێکی تایبەتی بیانجووڵێنێ.
هەر لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا کە تەوایەتی ئەم نیزامەی بردە ژێر پرسیار و مەترسییەوە، کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی دیکەی وەک؛ ناکۆکیی نێوان کابوڵ و تاران لەسەر ئاوی هیرمەند، کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان و وەک ئامាژەی پێکرا، نزیکبوونەوەی عەرەبستان و ئیسراییل، بەتەواوەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییان نیگەران کرد و وەک چەندین جار خۆیان ئاماژەیان پێکرد، پێیان وابوو بەشێک لەم ڕووداوانە تەڵەی خستنەداوی شەڕە کە بۆ ئێران نراوەتەوە. بۆیە هەم بەرانبەر بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی تاڵبان، نەرمییان لەخۆ نیشاندا و هەم بەنیسبەت مەسەلەی ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە — وێڕای مانۆڕێکی گاڵتەجارانەی سەربازی — لە کۆتاییدا بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند و قەناعەتی بە "دەربڕینی نیگەرانیی لە ئاڵوگۆڕی ژێئۆپلۆتیکی ناوچەکە" هێنا.

بۆ دەربازبوون لەم قەیران و مەترسییانە و ئاراستەکردنی بیروڕای ناوچەیی و جیهانی، وەک خامنەیی پێشتر باسی لێوەکردبوو و میدیاکانی ڕێژیمیش چەند ڕۆژێک بوو بە چڕی سەرنجیان خستبووەسەر، کۆماری ئیسلامی کارتی ئاڵۆزییەنانەوەی نێوان فەلەستین و ئیسراییلی جوڵاند و حەماس لە نیوەشەوی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا، لە ماوەی ٢٠ دەقیقەدا ٥٠٠٠ موشەکی بە ئیسراییلەوە ناو و شەڕێکی خوێناویی دیکە دەستپێکرد کە تا ئێستا درێژەی هەیە و پێدەچێ جارێ بەمزوانە کۆتایی پێنەیەت.

وەک شارەزایانی سەربازی باسی دەکەن و خودی ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرایلیش ڕایگەیاند، ئەم هێرشانە لە چوارچێوەی "عەمەلیاتی بڵاو" و کاتی چوونەتەدەر و ئەوەی ئێستا لە ئارادایە شەڕێکی تەواو عەیارە کە ئیسرایلییەکان هۆکارەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێننەوە و ڕاشیانگەیاندووە کە ئێران بێوەڵام ناهێڵنەوە.

ئەوەیکە کۆتایی ئەم شەڕە لە نێوان حەماس و ئیسراییل و فەلەستینییەکاندا چی لێدەکەوێتەوە کە بێگومان گەلی فەلەستین لە ئارەزووی دێرینەیان کە سەربەخۆیی وڵاتەکەیانە زۆر دوور دەخاتەوە شتێکە و، ئەوەیکە چی بۆ وڵاتی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتەی لێ دەکەوێتەوە باسێکی دیکەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بە پێی دانپێدانانی خودی بەرپرسانی سازمانی جیهادی ئیسلامی (حەماس) ٧٠٪ی هەزینە سەربازییەکانی ئەم گرووپە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دابین دەکرێ. ئەمە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانە کە خۆیان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین و قەیرانی ئابووری ئەم وڵاتەی بەرەو داڕمان و خەڵکەکەی تووشی چارەنووسێکی نادیار کردوە. لەهەر ئەگەرێکی شەڕئەنگێزانەدا خەڵکی ئەم وڵاتە تووشیان بە شەڕێکەوە دەبێت کە نەتەنیا شەڕی ئەوان نیە، بەڵکوو لەلایەن کەسانێکەوە بۆیان ساز کراوە کە خۆیان(خەڵک) زیاتر لە چل ساڵە لە دژی خۆیان و ڕێژیمەکەیان خەبات دەکەن.

کۆماری ئیسلامی لەم یەک دوو ڕۆژەدا بە سازکردنی هێندێک شانۆ و سناریۆی درۆین دەیهەوێ وانیشان بدات کە خەڵکی ئێران بە هێرشکردنە سەر ئیسراییل خۆشحاڵن و لایەنگیری لە حەماس دەکەن و بەجۆرێک دەیهەوێ پاساوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی وا بداتەوە کە ئەوەی دەیکات لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا دەکات و خەڵک پێی ڕازییە. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەو بەرداشت و سناریۆ درۆیینانە ڕاستیی مەسەلەکەیە. هیچ گومانی تێدانیە کە گەلانی ئێران لەمێژە بە بەرزکردنەوە درووشمی "نەغەزە، نەلوبنان" هەڵوێستی خۆیان لەم بارەوە ڕوون و ئاشکرا دەربڕیوە. بە پێچەوانەی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەشەڕ و قەیرانخوڵقێنی و ئاژاوە و دەستێوەردان لە وڵاتان و بەگژیەکداکردنی گەلاندا دەبینن، گەلانی ئازادیخواز و مافویستی ئێران نەتەنیا ئارەزووی دوژمنایەتی هیچ گەل و وڵاتێک بەئاوات ناخوازن، بەڵکوو زیاتر لە ٤٠ ساڵە دژ بەم تێفکرینە شەڕانگێز و مەترسیدارە کە لە وجوودی کۆماری ئیسلامیدا خۆی وێنا کردوە، خەبات دەکەن.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## دوکتور بابان ئەلیاسی: شۆڕشی ژینا لەلایەک هەیمەنەی کۆماری ئیسلامیی شکاند و لەلایەکی تر پێگەی خەڵکی ئێرانی لە بەرانبەر ڕێژیمدا بەهێزتر کرد



**وتووێژ: دیاکۆ دانا**

**بەرایی:** هەموو چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو بابەتە کۆکن کە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی (ژینا) کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی زۆر ئاڵنگاری و بەرگژەی جدی کردووەتەوە. ئەم جووڵانەوەیە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیی چ لە نێوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەتەواوەتی خستووەتە ژێر پرسیار و بەپێی ماهییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامییش، ئەم ڕێژیمە نە توانا و زەرفییەتی چاکسازی و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکانیدا هەیە و نە خەڵک ئامادەن چیدی متمانە بەو دەسەڵاتە بکەن. "کوردستان" بەمەبەستی تاوتوێکردنی دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران پاش شۆڕشی ژینا، پێگەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵگەی جیهانی لە پشتیوانیکردنی خەڵک و ڕێکارەکانی بەرینکردنەوەی داکۆکییەکان لە جووڵانەوەی ئێعترازیی خەڵک دیمانەیەکی لەگەڵ دوکتور بابان ئەلیاسی، چالاکی سیاسی و کارناسی یاسای نێودەوڵەتی پێک هێناوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دیاکۆ دانا**: دوکتور بابان، ساڵێک دوای شۆڕشی ژینا پێگەی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا چۆن هەڵدەسنگێنن؟

**د. بابان ئەلیاسی**: لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩، ئەمە یەکەمجار بوو ڕاپەڕینێکی ئاوا سەرانسەری بتوانێ هەڕەشەی جیددی لەسەر سیستەمی سیاسی لە ئێراندا دروست بکات. ئەم ڕاپەڕینە لەلایەک هەیمەنەی سیستەمی سیاسیی لە ئێراندا شکاند و، لەلایەکی ترەوە پێگەی خەڵکی لەبەرانبەر ڕێژیم بەهێزتر کرد. ئەم ڕاپەڕینە بە پێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی تر، بەربڵاو بوو و لە ناوچە جیاجیاکانی ئێراندا ڕووی دا. هەرچەندە لە هەموو شوێنێکی ئێران خۆپیشاندان دەکرا، بەڵام داخوازییەکانی دانیشتووان هەم هاوبەش و هەمیش جیاواز بوون. بۆ نموونە بە پێچەوانەی ژنانی هێندێک لە ناوچەکانی ئێران کە بنەمای داخوازییەکانیان پرسی ماف و ناسنامەی ژنان بوو، بەڵام ژنانی کورد، سەرەڕای ئەوەی لە گشتییەتی خۆیدا داخوازی پرسی ماف و ناسنامەی ژنانیان هەیە، داخوازیی هۆوییەتی و نەتەوەییشیان هەیە. واتە خواستەکان لە چەند بەستێنێکدا هەم هاوبەش و، هەمیش جیاواز بوون.

لە پێوەندی لەگەڵ پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا، دوای زیاتر لە دوو دەیە بێدەنگی، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە شەهیدبوونی ژینا، کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد و حیزبەکانی جدیتر هێنایەوە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران. دواتریش ڕووداوەکان دەریانخست کە کورد لە ڕۆژهەلات لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران، ڕێکخراوترن. دیارە ئەوەش بەرهەمی چەندین دەیە خەباتی سیاسیی حیزبەکان و کار و چالاکی ڕۆشنگەرییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن. لە دەرەوەش، ڕەوەندی کوردی توانی چالاکیی باشی هەبێ و تا ڕادەیەکی باش لە کاتی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ڕابردوودا، حزووری هەبوو. بەڵام ڕەوندی کوردی ئەگەر ڕێکخراوتر بێت، دەتوانی پاڵپشتێکی گەورەتر بێت بۆ دۆزی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات.

**دیاکۆ دانا**: لە ڕوانگەی ئێوەوە گەورەترین کێشە و ئاڵنگارییەکانی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا چین؟

**د. بابان ئەلیاسی**: لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەوڵەتێکی ئاسایی هەڵسوکەوت ناکات. لە دوای شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، ڕێژیم هەوڵی هەناردەکردنی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسیی شیعەی بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە داوە. ئەم سیاسەتە دەرەکییە شەڕەنگێزە، بۆتە هەڕەشەی وجودی بۆ سەر هێندێک وڵات. جگە لەوەش، ڕێژیم شەرعییەتی بۆ سیاسەتی دەرەوەی، لە دژایەتیکردنی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی ئیسراییل و ئەمریکا وەردەگرێ. جیا لەوە، ڕێژیم سیاسەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەرەوەی لەسەر دژایەتیکردن دامەزراندووە. ئیدئۆلۆژیی میللی- مەزهەبیی شیعەی وەک پۆششێک بۆ بەرەوپێشبردنی ئیمپراتووریی فارس بەکار هێناوە. ئەمەش وای کردووە زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەت وڵاتانی عەرەبی، ئێران وەک هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵات و مەزهەبی سوونە ببینن. ڕێژیم هەوڵی داوە لە بواری دینیدا، مەزهەبی شیعە لە بەرانبەر مەزهەبی سوونە بەهێز بکات و لە ڕێگای تایفیگەرییەوە چ لە نێوخۆ و چ لە ناوچەدا، دەسەڵات لە دەستی دەسەڵاتدارانی سوونە دەربێنێ. نموونەیەکی دیکە، دروستکردنی میلیشیای ئیدئۆلۆژیکی شیعەیە لە چەندین وڵاتی ناوچەدا وەکوو عێراق، لوبنان و یەمەن کە دژایەتیی سپای فەرمی ئەو وڵاتانە دەکات. ڕێژیم هەوڵ دەدا بە ناسەقامگیرکردنی ئەم دەوڵەتانە شیعە مەزهەبەکانی ئەو شوێنانە دەسەڵات بگرنە دەست.

لەکاتێکدا بۆ ماوەی چەند دەیەیە هاوکێشەکانی ناوچەکە دژایەتیی عەرەب- ئیسراییل بوون، بەڵام لەوساوە کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ هاتۆتە سەر دەسەڵات، بەتایبەتیش لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن لە ساڵی ٢٠٠٣، ترسی هەڕەشەی ئیدئۆلۆژی ئیسلامیی شیعە لە دژی وڵاتانی سوونە، بەشێکی بەرچاوی وڵاتانی عەرەبی پەلکێشی ئاساییکردنەوە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسراییل کردووە. واتە بۆ وڵاتانی عەرەبی، هەڕەشەکانی ئێران و ئیسلامی شیعە مەترسیدارترن هەتا هەڕەشەکانی ئیسراییل.

**دیاکۆ دانا**: **بە بڕوای ئێوە شۆڕشی ژینا شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بردووەتە ژێر پرسیار؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: هەرچەند ئەوە پێوەندیی نێوان وڵاتانە بەرژەوەندی دیاری دەکا و پرسی مەشرووعییەت لە ئەولەویەتدا نییە، بەڵام بۆ ئەو وڵاتانەی پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆیان گرینگە، ئیدی ناتوانن بیانوو بهێننەوە کە لەگەڵ ڕێژیمێکی قاتڵ لە ئێران سەروکاریان نییە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ساڵانێکە بە بیانووی جۆراوجۆر، جارێک لەژێر ناوی ڕەخنە و گفتوگۆ بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم، جارێک لەژێر ناوی وتوویژ لەگەڵ میانەڕەوەکان بەردەوام ڕەواییان بە وتوێژەکانیان لەگەڵ ڕێژیم داوە. بەڵام، ئیدی ماهییەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم، بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. لایەنێکی دیکەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردوو، دەتوانێ لەسەر داهاتووی سیاسی هەڵبژاردن کاریگەری دابنێن. هەرچەند سیستمی سیاسی لە ئێراندا بەشێوەی دیکتاتۆرانەیە و خامنەیی زۆربەی بڕیارە گرینگەکان دەدات، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژیم مەشروعییەت وەربگرێت، هەوڵ دەدا هەڵبژاردنی دەورەیی وەڕێ بخات هەرچەند دوور لە پرەنسیپەکانی دێموکراسییە. ڕێژیم چ ئەم بەناو دێموکراسییەی بە دەرەوە دەفرۆشتەوە چ هێندێک لە وڵاتانی دەرەوە، بە بیانووی ئەوەی ئێران نیمچە دێموکراسیە، ڕەوایی دەدەن بە دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئاماژەکان ئەوە پیشان دەدەن، کە ڕێژیم بەتەواوی چووەتە قۆناغی دیکتاتۆریی ئیسلامی سیاسیی شیعەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**دیاکۆ دانا**: دوکتور بۆچی پشتیوانی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی ژینا لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نەبوو، هەروەها بۆچی وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتریان هەوڵیان دەدا ئەو شۆڕشە بە نێوەرۆکێکی فێمینستی و لە چوارچێوەی مافخوازیی ژناندا وەرگرن؟

**د. بابان ئەلیاسی**: کاتێک باس لە پشتیوانی نێودەوڵەتی لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" ژینا دەکەین، مەبەستی زۆرتر وڵاتانی ڕۆژاوایە. لە ئاستی مێدیا و خەڵکی ئاسایی، پشتیوانیان لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێران دەکرد. بەڵام، لە ئاستی سیاسیدا، وڵاتانی کاریگەر کە لایەنگری دێموکراسین، وەک ئەمریکا و ئورووپا، پشتیوانییەکانیان تەنیا لە ئاستی ڕاگەیاندندا بوو.

سەبارەت بە پشتیوانی‌نەکردنی ئەو ڕاپەڕینانە، چ لەسەر ئاستی ڕاگەیاندن و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، ئەم بابەتە لە بازنەی ڕاگەیاندن و سیاسیدا ئامادە بوو. بەڵام بۆ نەبوونی پشتیوانی لە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئێران، هۆکار زۆر هەن چونکی هەر ئێستا لە جیهاندا چەندین ناوەندی ململانێ وەک لە ئەفغانستان، سووریە، ئۆکراین و... هەن. ئێران وڵاتێکی گەورەیە و لە ناوچەیەکی ناسەقامگیر هەڵکەوتووە. ئێرانێکی ناسەقامگیر، دەبێتە سەرچاوەییەکی سەرەکی بۆ ناسەقامگیریی پتری ناوچەکە و تەنانەت ئورووپاش. وڵاتانی ڕۆژئاوا نایانەوێ ڕێژیم برووخێ، یان ئەگەریش برووخێ نایانەوێ ناوەندەکانی بەڕێوەبەریی دەوڵەت لە ئێران برووخێ، لەوە دەترسن پشێوی دروست ببێ. بۆیە ئەوان دەیانەوێ چاکسازی بەبێ ڕووخانی ڕێژیم دروست ببێت. وڵاتانی ڕۆژاوا بۆیان گرینگ نییە کێ دێتە سەرکار، تەنیا دژی بەرژەوەندییەکانیان نەبێ. وڵاتانی ڕۆژاوا بە دوای ئەوەن ڕێژیم ڕەفتاری خۆی بگۆڕێت. بۆ وێنە واز لە پرۆژەی چەکی ئەتۆمی، پشتیوانی لە ڕووسیە و هەروەها دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بێنێ و پاشان ڕێژیم دواجار ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت.

لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانیی ژنان، کوشتنی ژینا نەک هەر پرسی ژنانی لە ئێران یەک خست و دیواری ئێتنیکی و نەتەوەیی لەنێو ئێراندا تێپەڕاند، بەڵکوو بووە هۆی ئەوەی کە ژنانی وڵاتانی دیکە و بەتایبەتی ڕۆژئاوا، هاوسۆزی لەگەڵ ژنان لە ئێراندا دەرببڕن. تا ڕادەیەک، لەنێو ناوەندەکانی دەسەڵات لە دەرەوە، ژنان دەوری سەرەکییان لە داکۆکی لە خۆپێشاندانەکانی ئێران هەبووە. ئەو ئەگەرەش بە هێزە، کە هێندێ لە مێدیا ناوەندگەراکان، ڕاستی خۆپیشاندانەکان چەواشە بکەن، جۆراوجۆریی شوناسی خۆپێشاندانەکان بسڕنەوە و نەخشی نەتەوەکان لە خۆپێشاندانەکان کەمڕەنگ کەن یان بیسڕنەوە.

**دیاکۆ دانا**: لەگەڵ ئەوەدا کە قەڵاچۆی کوردان و سەرکوتی خوێناوی و سیستماتیکی ناڕەزایەتییەکان پێچەوانەی زۆر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیین کە ئێران بۆخۆیشی ئیمزای کردوون، بەڵام چۆن دەکرێ و بەپێی چ میکانیزمێک دەکرێ بکرێنە ئامرازی گوشاری بۆ سەر کۆماری ئیسلامی؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: نەتەوە یەکگرتووەکان میکانیزمێکی داناوە بۆ کۆکردنەوەی پێشێلکارییەکانی پێوەست بە کوژرانی ژینا و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم. بەڵام، ئێران لەو جۆرە ڕێژیمانەیە کە بەئاشکرا دژایەتی لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و نەزمی جیهانی دەکا. ئێران بۆی گرینگ نییە وەک دەوڵەتێکی یاخی لە قەڵەم دەدرێ و هەروەها ماف و بژێوی خەڵکەکەشی بۆ گرینگ نییە. بەرژەوەندیی زلهێزەکان و هاوکێشە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان وایان کردووە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ وەک ئەکتەرێکی دەوڵەتی نانورماڵ، لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بەردەوام بێت. وڵاتانی ڕۆژاوا، هەوڵیان داوە بە گوشار خستنە سەر ئێران، ڕەفتاری بگۆڕن، بەڵام هەتا ئێستا نەیانتوانیوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێژیم دەڵێ بۆی گرینگ نییە وڵاتان و ئۆرگانەکانی داکۆکەر لە مافی مرۆڤ سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا چی دەڵێن، بەڵام بە بەردەوامی لە بە مێدیاییکردن و ئارشیڤکردنی پێشێلکارییەکان و ئاگادارکردنی ناوەندەکانی داکۆکیکەر لە مافەکانی مرۆڤ، ڕێژیم دەخاتە ژێر گوشاری بەردەوامەوە. ئەگەر ڕێژیم لەژێر زەرەبینی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و میدیاکان نەبێت، چاوەڕوانی کوشت و کوشتاری زیاتری لێ دەکرێ.

**دیاکۆ دانا**: **چۆن دەڕواننە ڕۆڵی حیزبە سیاسیەکان لە گەیاندنی دەنگی خەڵک بە کۆمەڵگەی جیهانی؟ دۆخی ئێستا بەرهەمی لاوازیی دیپلۆماسیی ئەم حیزبانەیە، یان دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی لەهەمبەر کۆماری ئیسلامیدا؟**

**د. بابان ئەلیاسی**: بە گشتی، لە دەرەوە، غەیرە کوردەکان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، چالاکییان لاوازە، ئەوەش هەیە کە سیستماتیک و بەردەوام نییە. بەڵام پارتە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەیان هەیە لە دەرەوە زیاتر چالاک بن.

لەکاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆکاری جیاجیا، چالاکیی سەربازی کەمتر و کەمتر بۆتەوە، دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە بواری پێوەندیگرتن و ڕاگەیاندن لە دەرەوە چالاکتر ببن. ڕەوەندێکی بەرچاوی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە بوونی هەیە. بەبێ تێچووی زۆر، حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، دەتوانن ئەو هێزە چالاکتر و ڕێکی بخەن. عەیبێکی بەرچاوی دیکەی چالاکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە، پرشوبڵاویانە لە کاتی پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتان و ناوەندەکانی دەرەوە. وەک هەیئەت کە نوێنەرایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات بکەن، چاوپێکەوتن ناکەن. زۆرجار، نوێنەری چەندین حیزب و لایەنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵات کە چاویان بە نوێنەری یەک وڵات، یان یەک ڕێکخراو دەکەوێ، وادەکات بە جیددی وەرمان نەگرن. باشتر وایە هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوە پێک بێت و لە چەندین ناوەندی گرینگی بڕیاردان حزووریان هەبێ.

بزووتنەوەی کورد و جووڵانەوەی ئێعترازیی سەراسەری چۆن دەتوانێ قەیرانە نێودەوڵەتییەکان لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بکاتە دەرفەت؟ ئەم قەیرانە و هەڕەشانە چۆن دەکرێ بخرێتە خزمەت سەرخستنی جووڵانەوەی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی؟

ڕێژیم چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوە، ڕووبەڕووی قەیران بۆتەوە. دۆخی ئابووری لە نێوخۆ پێوەندی بە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران هەیە. تا ئەوکاتەی سیاسەتی دەرەکی خۆی نەگۆڕێ، ناتوانێت قەیرانی ئابووری لەنێوخۆدا چارەسەر بکات. بۆیە لە ئاستی نێوخۆدا قەیرانی ئابووری خراپتر و خراپتر دەبێت. لە ئاستی سیاسیدا ڕێژیم تا دێت ڕادیکاڵ دەبێت و، لە پرەنسیپەکانی دێموکراسی و بەها مرۆییەکان دوور دەکەوێتەوە. ئەو ڕێفۆرمخوازانەی نێو سیستەم کە هەوڵیان دەدا، ئەم ڕێژیمە بمێنێتەوە هێندێ چاکسازی تێدا بکەن، ئەوانیش بەتەواوی پەراوێز خران و ڕێژیم بەتەواوی لە دەستی توندڕەوەکان دایە. بەکورتی ڕێژیم پێداگری لەسەر تێئوکراسی دەکا و، لەسەر خەتی دیکتاتۆریی ئیسلامیی سیاسی شیعەیە.

ڕێژیم چ لە بەدیهێنانی دێموکراسی و چ لە دابینکردنی ئابووریی وڵات شکستی هێناوە. تەنانەت وەک وڵاتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەش نییە،کە لانیکەم ژیانی ئابوورییان باش دابین بکات و سەرچاوە نەوتی و گازییەکانی وڵاتەکە بۆ بژێوی خەڵکەکە خەرج بکات. ڕێژیم بەتوندی تووشی گەندەڵی بووە و، لەبەر ئەوەش ڕێژیمێک کە لەسەر بنەمای ئیدئۆلۆژیی ئیسلامی شیعە دامەزراوە، گۆڕانی ئەو ئیدئۆلۆژییە، تەنیا بە گۆڕانی سیستەمەکە موومکینە. لەم قۆناغەشدا، فەزای نێودەوڵەتی بۆ گۆڕینی ڕێژیم لەبار نییە. وڵاتانی ڕۆژاوا کە لایەنگری دێموکراسین، بە هۆکاری جیا جیا،بەرنامەی گۆڕینی ڕێژیمان نییە. لەلایەکی دیکەوە، وڵاتە زلهێزەکانی وەک چین و ڕووسیەش بەرژەوەندییان لەوەدایە کە ئێران نەچێتە جەمسەری وڵاتانی ڕۆژاواوە و لاوازیش بمێنێتەوە و زۆرجار لە کارتی ڕێژیمی ئێران لەدژی وڵاتانی ڕۆژئاوا کەڵک وەردەگرن.

**دیاکۆ دانا**: ئەدی داهاتووی ڕێژیم و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات چۆن دەبینی؟

**د. بابان ئەلیاسی**: سەبارەت بە داهاتووی ڕێژیم، زوو یان درەنگ، ناڕەزایەتییەکان لە ئێران دەست پێ دەکەنەوە. ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نـاتوانێ بە زەبروزەنـگ لە درێژخایەنـدا بەسـەر ئێـرادا حکـوومەت بکـات. بەگشـتی لە ئاسـتی جیهانیشـدا سیسـتەمە دیکتاتۆرییەکان هەرچی دێت لە پاشەکشەدان و لە بەرامبەردا سیستەمە دێموکراتیکەکان پەرە دەستێنن.

١٧ی ڕەزبەری ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشیی هزری - کۆمەڵایەتیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستان و ئێران




**شاڕوخ حەسەنزادە**

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی پڕکاریگەری چاخی پێشکەوتوون کە بەواندا دەتوانی خواستەکانی کۆمەڵگە یان شەبەنگێک لە کۆمەڵگە بەو داخوازیانەی هەیانە، پێیان بگا. بەجۆرێکی دیکە دەکرێ بڵێین؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆکارگەلی گرنگی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتین. "ئانتۆنی گیدێنز" لەم بارەیەوە دەڵێ: لەو ئاکار و هەڵوێستانەی بەکۆمەڵ کە بۆ دەستوێڕاگەیشتن یان گۆڕانکاری لە بەشێک لە لایەنەکانی تەکووزیی ئارایی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دێتە ناسین.(Giddens, A. 1994)." هەموو نارەزایەتییەک کە داخوازی و ئامانجێکی دیاریکراوی بەکۆمەڵی هەبێ، دەکرێ وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی_نارەزایەتی پێناسەی بکەین. بەشی هەرەزۆری ئەو نارەزایەتییانەی یەک دەیەی ڕابردووی جوغرافیای ئێران بەتایبەت دوای بزووتنەوەی سەوز(١٣٨٨) کە فۆڕم و خواستی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە بە هۆکاری بەجیهانیبوون، بەردەوامیی کەشی داخراوی سیاسی و قەیرانەکانی یەکلەدوای یەکی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی؛ گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە و لە درووشمی خەڵکانی نارازی لەسەر شەقام بە تەواوەتی دەبیسرا و دەبینرا. دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی (٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١) کۆمەڵێک


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نارەزایەتی بە درووشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە دەستی پێ کرا و هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتەوە، ئەو نارەزایەتییەی سەرجەم گەلان و چین و شەبەنگی جۆراوجۆری کۆمەڵگە و ئێران تەنیا بە کێشەگەلی وەک بژیوی ژیان یان ئابووری نەبەستراوەتەوە، بەڵکوو زۆربەی داواکارییەکان سیاسی و ئازادیخوازانە بوو و تەنانەت ئەوکاتانەی پێداویستییەکانی بنەماڵە، خواردەمەنی یان بەنزینیش گران دەبوو، دەبووە بەهانەیەک بۆ خەڵکی زوڵملێکراو و نارازی هەتا دروشمی نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرەکی وەک دیکتاتۆرێک بڵێنەوە. میناکی ئەو چالاکییانە لە سەرماوەزی ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨دا خۆیان دەرخست، بەڵام لە هەمووی ئەوانەدا بوونی ئەتنیک و نەتەوەی جۆراوجۆر لە جوغرافیایە، داخوازیی ڕەوایان بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤیی نێونەتەوەیی و خەبات و تێکۆشانیان لە زۆربەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە؛ داخوازیی ئەو حیزبانە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی خۆیان دەکەن، سیاسییە و بۆ ماف و حقوقی نەتەوایەتییان دەگەڕێتەوە.

بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی کە زۆر کەسی شارەزای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز لە قەڵەمی دەدەن، کەڵەکەبوونەوەی هەموو ئەو زوڵم و نادادپەروەری، هەڵاواردن، سەرکوت، گرتن و ڕفاندن، خوڵقاندنی کەشی نیزامیی پڕ لە ترس، نەبوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، دەستتێوەردانی سپا لە هەمووکارێکی مەملەکەت، بایەخنەدان بە بیروڕای گشتی و بێڕێزیکردن بە مافی ژنان، کرێکاران، فەرهەنگیان، نەتەوە جۆراوجۆرەکان و... بووە. گیان لەدەستدانی ژینا سەرەتا بووە هۆی دەستپێکی نارەزایەتییەکانی سەرشەقام، گۆڕانکاری لە جۆری ڕوانین و بیرکردنەوە و لادانی پێش گریمانەی سەقەتی ڕابردوو و دواجار شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەر لە شۆڕشێکی سیاسی. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بە ئاکار و ڕەوشتیی بەکۆمەڵ و نارەزایەتییەکاندا بخشێنینەوە، دەبینین، لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان لەبەر هەبوونی حیزبگەلی سیاسی و کەسایەتیی نەتەوەیی - ئۆلی خاوەن پێگە، بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە و ڕێکخراو بە بەراورد لەتەک ناوچەکانی دیکەی ئێران چالاکی کراوە و لە شێوازەکانی نافەرمانی مەدەنی و بەدوور لە توندوتیژی و دێموکراتیک، کەڵک وەرگیردراوە. ڕاپەڕینی ئەم دواییە بە دوور لە شەپۆلێکی هەستەکی و بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادی وەک فەلسەفەی ئەو بزووتنەوە نوێیە کە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان جۆری ڕوانین و دێموکراسی خوازی مۆدێرنی لەبەردەم دانا، هیوایەکە بۆ وەرزێکی نوێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

دوای ئەم کورتەباسە و بەپێی بنەماکانی شۆڕشێکی ڕاستەقینە بەو هەمووە مانایەی هەیەتی، پرسیارێک دێتە ئاراوە کە، ئایا ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان شۆڕشێک بوو؟ ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەو بزووتنەوەیە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی نەگەیوە بەڵام ئایا لە ناوەندیشدا توانی شۆڕشێکی هزری خۆیا بکات؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕش(Revolution) لە بـواری مانـاییەوە بە واتـای گـۆڕان و ئـاڵوگۆڕی ڕیشـەیی دێ. بیرمەنـدانی بەسـتێنی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن؛ شۆڕش بەو مانایەیە کە، خود یـان چیەتیـی تشـتێک، گـۆڕانی بنچینەیـی بەسـەردا بـێ لە ڕاستیدا بیرمەنـدان گۆڕانکـاری لە فۆڕم و نێوەڕۆک وەک "شۆڕش" پێناسە دەکەن. لە بەسـتێنی ڕامیارییشدا شۆڕش وەک ئـاڵوگۆڕی بنەڕەتـی لە دامەزراوەی حکوومەت پێناسـە دەکـرێ. جگە لەو هەمـووە ڕوانـگە و مانـا و واتـایەی لەم دیـاردە کـۆمەڵایەتییە ئـاڵۆزە هەیە، دەکـرێ ئەم چەمکە بە دەربـیجەی دیاردەناسـییش تەتەڵە بکەیـن، چـوونکە، "دیاردەناسـیی شۆڕش، شۆڕش نەک وەک بزووتنەوەیەک، نارەزایەتییەک یان جۆرێک ئاکـار لە ڕەوتـی ئـاڵوگۆڕ پێکهێنـان و گۆڕانکـاری لە قەوارەی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵ، بەڵکوو وەک جۆرێک زانیاری، خۆپچڕاندن لە ئەزموونی ناتەواوی پێشوو، فـام و تێگەیشـتنێک کە لە تێپەڕینـی زەمەن تووشـی دەبـی، هەڵسەنگێنین(حسینی، ١٤٠١). بە دەربڕینێکـی دیکە؛ پێشـتر شۆڕشەکان گەلاڵە نەکراون، بەڵکـوو خوێنـدنەوەیەکە کە لە ئاکـام وشیاری و خۆدەربـازکردن لە پـێش گریمانەکـان و فـامی ڕابردوو بەرەو ئازادی لەو شێوازە تێگەیشتن و بیرکردنەوە کەونەیە کە گووراوە. بە واتـایەکی تـر هەمـان ئەو نوێبـوونەوەیە کە بە ڕێنسانس و لەدایکبوونەوەیەکی دیکە لە هزری مرۆڤایەتی شەقڵی گرتووە.

ڕاپەڕینی ئەم دواییە بەر لەوەیکە لەونی شۆڕشێکی سیاسی بەخۆوە بگرێ، شۆڕشێکی هـزری و کۆمەڵایەتی بـوو. بەڕاشکاوی دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین؛ یەکێک لە پێشکەوتن و دەسکەوتەکانی بـزووتنەوەی ژن، ژیـان، ئـازادی تێکشکاندنی ئەو قەوارە هزری و کۆمەڵایەتییە چەقبەستووانە بوو بەتایبەت لەهەمبەر فرەنەتەوە بوونی جوغرافیای ئێران. لە ئاکام شۆڕشی کـۆمەڵایەتی کە ئەوڕۆ لەتەک قەیرانگەلـی سیاسـی، ئـابووری، کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگـی دەسـت پـێ دەکـات، کاتێـک کە کۆمەڵگە دەورانێکی دوورودرێژ لە گەشە و پێشکەوتنی ئـابووری کۆمەڵایەتی ئەزموون کـردووە، لێبەڵـێ هەر بەوان هۆکـاری سیاسی و ئابووری تووشی پاشەکشە و داتەپین و هەڵاوسان دەبێ، شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتـانە دەخوڵقێت کە، قەڵشتی چینایەتی و کۆمەڵایەتییان فرەیە، یان نەبوونی باڵانس و هاوکێشەی گەشەی ئابووری و سیاسی ڕێک نییە، واتە ئەوکـاتەی کە کۆمەڵگە و ئابووری وەک دوو تایبەتمەندی گرنگ هەتا ئاستێکی زاڤ بەرز دەبێتەوە بەڵام لەبەرامبەردا ژینگەی سیاسـی هەر پێکـۆڵ دەکـات، بە ڕوانگەیەکـی دیکەشـەوە، کاتێک هەرکـام لە تێرمەکـانی کـۆمەڵگە، ئـابووری و سیاسـەت هاوتەریـب دەگەڵ یەکتر نەجووڵێن و گەشە نەکەن دەبێتە هۆی کەلـێن و درز هەتـا وای لیـدێ شـۆڕش سەرهەڵ دەدا، جـا لێرەدایە بەر لە شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی کراوە، هەروەها وەرناسینی هەوێتیی هزری ڕابـردوو و کەون، دابـڕان لەو تێفکرینە، دەبێتە شۆڕشی هزری کە ئەمەش پێش شۆڕشی کۆمەڵایتی کراوە بۆ ئەوەیکە بەستێن بۆ شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامدا سیاسی خۆش بکرێ.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا کۆمەڵێک دیـاردەی نـوێ لە چوارچێوەی جۆرێک شۆڕشـی هـزری - کـۆمەڵایەتی بـۆ یەکەم جـار لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مێـژووی ئێرانـی نـوێ بە پاشخانی ئایدیای ڕاستیی توندئاژۆ - ئایینی و پارادایمی دەوڵەت - نەتەوە گـوورا کە ئەمیـان دەگەڵ سەرجەم بزووتنەوەکانی بەرلە خۆی جیاوازیی هەبووە. بەشداریی هەراو و بەردەوامی ژنان، قوتابیان، خوێنـدکاران و ڕەنگبێ لە هەمووی ئەوانە گرنگتر و پرکاریگەرتر، هەستی پێوەندییەکی لەبار، پشتیوانی و هاوکاری و هاوئـاهەنگی نێـوان نەتەوە جۆربەجۆرەکان بە درووشگەلی وەک؛ "کردستان، کردستان، چشم و چراغ ایـران، "از بلوچسـتان تـا کردسـتان جـانم فدای ایران" و یـا "کورد، بلوچ، آذری، آزادی و برابری" میناکێکن لە گۆڕانکاری لە هزر و ئـاڵوگۆڕ لە چۆنیەتیی بیرکـردنەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکـانی کۆمەڵگەی چەنـدنەتەوەی ئێران، هەر ئەمەش بـوو بە هۆکـاری ئەوەیکە، لە مـاوەی زیـاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو ئەو وێژمان، سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و چەنـدبەرەکی و ترسـاندنی ناوەنـد بە قسـەی وەک "جیـاییخواز" و "تەوایەتی ئەرزی"، بۆ پرینگانەوە لە مـاف و حقـوقی نەتەوەکـان، کـاڵ کـردەوە و دۆخێکـی لەبـار بـۆ بەشـداریی چالاکـانەی سەرجەم گەلان لە کەشێکی بەرامبەر بەبێ ترس و تۆقـاندن لە یەکتر هێنـایە ئاراوە. هەروەها پشتیوانی وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی و کۆمەڵگەی دیاسپۆرا لەو بزووتنەوەیە لە تـایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەو ڕابوونە مۆدێرنە بوو.

بە نیسبەت پرسیاری یەکەم کە ئاخۆ، لە کوردستان شۆڕش کرا یان نا، ئاماژە بە چەند خـاڵی گرنـگ و بنەڕەتـی لەهەمبەر چـۆنیەتیی گـووران و تـایبەتمەنـدییەکانی شـۆڕش دەکەیـن (بەپێـی ڕوانـگەی سـەرکەوتنی شۆڕشـەکان، پێداویسـتییەکان و کەرەسەکان):

ئا. ڕادەی بەشداربووان لە ناڕەزایەتییەکان بە شێوەی بەردەوام و بەربڵاو.

ب. ڕێبەری و ڕێکخستن.

پ. بەرنامە و ئاڵتێرناتیڤی ڕوون بۆ دواڕۆژ و دەورانی تێپەڕین.

ت. پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

هەرچەنـد نـاکرێ هەمـوو ڕابـوون و بـزووتنەوەیەک وەک شـۆڕش پێناسـە بکـرێ و تەنیـا ئەو بەشـە لە بـزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان کە بەردەوام و بەربـڵاون و لە ئاکامـدا شیمانە دەکـرێ بە ئاکـامی دڵخـواز بگـا دەبـنە شـۆڕش، بەڵام لە کوردستان بەو باسەی کردمان دەکرێ بڵێین، لە کوردستان بە مانـای ڕاستەقینە خەڵـک شۆڕشی کـرد، بەو واتـایە جارێکی دیکەش بە کردەوە دوای خاکەلێوەی ١٣٥٨ و لەکاتی ڕیفراندۆم "نا"یەکی دیکەی بە گوێچکە و چاوی ڕێبەرانی ئێران هەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جیهان سریواند.

دوای ناشتنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، شارەکانی کوردستان یەک بە دوای یەک و بە پشتیوانی یەکتر ڕابوون و دواتر هەموو ئێرانیشی گرتەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی نوێدا درووشم لە ناوەند بۆ پشتیوانی لە کوردستان درا. خاڵی جێی سەرنجی ئەم ڕاپەڕینە بەردەوامبوون و بەربڵاویی خۆپێشاندان و مانگرتنەکان بوو، بەجۆرێک دوای چوار جار داواکردنی حیزبە کوردییەکان (ناوەندی هاوکاری) لە خەڵک بۆ خۆپێشاندان و مانگرتنی دووکان و بازار، هەر چوار جار بە گرتینەوە خەڵک بەپیر ئەو بانگەوازانە هات تەنانەت لە زۆر شار مانگرتنەکان هەتا ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو. لە زۆربەی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی وەک: سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ، سنە، جوانڕۆ، دیواندەرە، خانێ، ئاودانان، مەریوان، ورمێ و... زۆرترین ڕادەی بەشداربووی جەماوەری ناڕازی و مانگرتنەکان بەڕێوەچوون. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە کاریگەری و قورسایی حیزبەکانی کورد جارێکی دیکە دەربکەوێ و ڕێژیم ترسی جددی وێ ڕابگا و، بۆ ڕێگریکردن و پساندنی پردی پێوەندیی نێوان خەڵک و حیزبەکانیان، چوار جار بە درۆن و مووشەک هێرشی کردە سەر کەمپی پەنابەران و ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان؛ تەنانەت سپای پاسداران بەڕاشکاوی ڕایگەیاند، ئەو هێرشانە بۆ ئەوە کرانە سەر حیزبەکان چوونکە دەستیان لە خۆپێشاندانەکاندا هەبووە و خەڵکیان هان داوە.

خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کورد کە لە دروشم و ڕاگەیەندراوی حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنیدا وێنا کراوە، میناکی تایبەتمەندیی شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو کە خەریک بوو لە نێوخۆی ئێران دەخولقا، حیزبەکان بەڕوونی خوازیاری سیستەمێکی دێموکراتیک و سکۆلار، ناناوەند بەدان پێدانان بە جۆراوجۆریی ڕەگەزی لە ئێرانن. لەلایەکی دیکەشەوە هەبوونی وشیاریی سیاسی و ئاستی بەرزی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی، خۆبەدوور گرتن لە توندوتیژی و چالاکیی بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی مەدەنی و سیاسی، وایکرد لە چەند شاری کوردستان بینای فەرمانداری وەک هێمای حکوومەتی ناوەندی دەستی بەسەر دابگیرێ.

لەسەر ڕێکخستن و ڕێبەریی نارەزایەتییەکان لە کوردستان دەبێ دان بەوە دابندرێ بەهۆی خەباتی بێوچان و چالاکیی خەڵکی ئازادیخوازی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا و ناسینی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوەند هەروەها وشیاری نەتەوەیی لەهەمبەر مافی خۆیان بەهۆی تێکۆشانی حیزبە ڕەسەنەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، تەشکیلاتی بەرفرە و تەکوزمەند، پلان، ڕاگەیەندراوەکان و بانگەوازی جۆراوجۆر بۆ خۆپێشاندان و نارەزایەتیی مەدەنی لەلایەن حیزبەکانەوە بە شێوەیەکی متمانەپێکراو لەلایەن خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وڵام درایەوە، ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە کەڵکوەرگرتن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ماتەوزەی ڕایەڵکە جڤاکییەکان، چالاکییەکانیان لە مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هەموو ئێران بەتەواوەتی ئاوارتە و ناوازە بووە. خاڵێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕەوتی ڕووداوەکان، هەبوونی بەرنامە و پلانی دیاریکراوە کە بۆ ئەم مەبەستەش حیزبە کوردییەکان بۆ دوارۆژی ئازادی نەخشەی بەڵگەمەندی خۆیان هەبووە و بەشی هەرە زۆری حیزبەکان لەسەر دەستەڵاتێک کە باوەڕی بە دێموکراسی و سێکۆلاریزم هەبێ ڕێککەوتوون، حیزبە کاریگەرەکان بە ڕوونی داخوازی فێدراڵیزم لە قەوارەی کۆمارییەکی پارلمانی دەکەن. تەنانەت لە دەرەوەی ئەم بازنە ڕوانینە ئەوان (حیزبەکان) ئامادەیی ئەوەیان نیشان داوە کە دەگەڵ هەموو لایەن و ڕەوتێک کە دان بە مافەکانی نەتەوەیی بنێن حازر بە وتووێژن و دەرگایان کراوەیە. لەم نێوەشدا ڕۆڵی کۆمەڵگەی دوورە وڵات و خەڵکی نیشتەجێی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەبێ بەرز بنرخێنین، ئەوان بە پشتیوانیی خۆیان بە شێوەی خۆپێشاندان، مانگرتن و چالاکی جۆراوجۆر وێڕای پشتیوانیی بەشێک لە وڵاتانی دێموکرات، لەونێکی تەواوی بە شۆڕش لە نێوخۆ دابوو.

ئەوەیکە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە بواری هزری لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی لەنێو چینێکی دیاریی وەک ڕووناکبیران و دەستەبژێری کۆمەڵگە، بەنیسبەت ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکان ئاڵوگۆڕی هزریی تێدا پێکهات و لە کوردستانیش شۆڕشێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی دیکە ڕووی دا، شک و گومان هەڵناگرێ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕ، ئەدی ئەگە شۆڕشێکی بەتەواو مانا بوو بۆچی هەتا ئێستا دوای ساڵێک لە سەرتاسەری ئێران بە گشتی سەرنەکەوتووە؟ لە بەرەوەدا بە چەند خاڵ ڕوانگەی خۆم دەردەبڕم:

١- زۆرجار سەرکردایەتیی حیزبەکانی کوردستان دانیان بەو خاڵە ناوە کە، ئێمە بە تەنیایی ئێرانمان بۆ ناڕووخێ، ئەگەر بۆ میناک خەڵکی کورد بتوانێ چەند شارێکیش لەدەست ڕێژیم بهێنیتە دەر، ئایا دەتوانن هەتا ماوەیەک بیپارێزن؟ ئایا هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی بە هەموو هێز و چەک و چۆڵێکەوە هێرشی ناکەنە سەر؟ لە ئاکامدا دەبێ چ کارەساتێکی مرۆیی لە کوردستان ڕوو بدا؟!

٢- فرەنەتەوەیی بوونی ئێران ئەگەرچی دەتوانێ دەرفەت بێ بۆ داهاتووی پێکەوە ژیانی ئازاد و دێموکراتیکانە و ببێتە نمونەیەک بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەڵام نەبوونی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان ئەو هەمووە دەنگ و نەتەوە جیاوازنە دەتوانێ ببێتە هەڕەشەیەک بۆ ئەوەیکە هیچ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێک پێک نەیەت، نەبوونی جێگرەوە و ئاڵتێرناتیڤ لەسەر بنەمای لانیکەمەکان و دانی ئادرەسێکی هاوبەش بۆ هەموو گەلانی ئێران، لەو خاڵە نەرێنیانەیە کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە خواستی بزووتنەوە دابین بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣- داخوازی و بەرنامەی سیاسی گەلی کورد زۆر ڕوونە و بەپێی بنەماکانی حقوقی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤی جیهانی باس کراوە و جگە لەمەش هەر بەرنامایەکی دیکە وەک ئەزموونی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان ئەوەی ئێستا لەسەرکارە بە شتێکی نەگونجاو دەنرخێنن، بەڵام ڕەوتێک بە کوتانی دەهۆڵ و دەنگی هەراوهوریا کە تەنیا لە میدیا کڕاوەکان بە پووڵ و پارەی زەبەلاحەوە دەبینرێ و لە شەقامەکاندا خەڵکێکی ئەوتۆ شایەدی بۆ نادا، هاوتەریب دەگەڵ بیرۆکەی پەکخستنی ڕاپەڕین لەلایەن ڕێژیمەوە کاریان بۆ ئەوە کرد کە، خەڵک سارد بکەنەوە و بە خوڵقاندنی کێشە و بێڕێزی بە کەسایەتییەکان و بەلارێدا بردنی ویست و داخوازییەکانی خەڵک هەروەها شەڕی دەستەڵات و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، وەک کۆسپ و ئاستەنگێکی دیکەی نەگەیشتنی بزووتنەوەی بە ئاکامیی شۆڕش دەکرێ پێناسە بکەین.

٤- هەوڵی بێئامان و بەهەموو هێزەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕووخانی وای کردبوو لە فەزای مەجازی و ڕاستەقینە ئەوەی لە توانایدا بێ بۆ ڕێگریکردن لە ویستی خەڵک و تەفرەقە و ئاژاوە کردن لەنێو هێزەکان و گوشار بۆسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، هێرشی پەیتاپەیتای بۆسەر بزووتنەوەی سیاسی کورد.

٥- سەرکوتی وەحشیانە و کوشتن و گرتن و لێدان لە خەڵکی ناڕازی بە کەلک وەرگرتن لە هەموو شێوازێکی یاساغی جیهانی .

٦- بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و مامەلە دەگەڵ سەرانی ڕێژیم و ئیمتیاز پێدان، هەروەها ترس لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و جیهان، دەکرێ وەک هۆکاری دیکەی هەتا ئێستا سەرنەکوتنی ڕاپەڕین باس بکەین.

ئەگەرچی هەتا ئێستا شۆڕش بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتووە بەڵام بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، هەبوونی کێشە و گرفتی نێوخۆیی لە ئاستی ئێران و قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، گەندەڵی سیستماتیک، گرانی و بێڕێزی بە مافی ژنان، کرێکاران، منداڵان و فەڵشتی کۆمەڵایەتی و دژوازی نێوان نەریتی بیرکردنەوەی دەستەڵاتداران و جیلی نوێ و... هەرکام لەوانە دەتوانێ ببێتە هۆکار بۆ شۆڕشی کۆتایی.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کۆماری ئیسلامی و تیرۆریزمی سایکۆلۆژی



**د. مەجید حەقی**

فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی دەسەڵات بریتییە لە: "النصر منالخوف" سەرکەوتن لە ترسدایە. ئەمە بناغەی زۆربەی کردەوەکانی توندوتیژی ڕێژیمی تاران دژی ڕەخنەگران، ئۆپۆزیسیۆن و خەباتکاران و مافخوازانی جوغرافیای سیاسیی ئێرانە. دوای دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، بۆ ئەوەی ڕێژیم بتوانێت کۆنترۆڵی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی نێوخۆی وڵات بکات، پەنای بردووە بەر تیرۆری سایکۆلۆژی.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرلە ساڵڤەگەری کوژرانی ژینا بەدەست ڕێژیمی ئێران و دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، ڕێژیمی ئێران دەستی کرد بە کۆمەڵێک هەڕەشە. لەوانە دەرکردنی مامۆستایان لە زانکۆکاندا و دامەزراندنی "مەداحەکان" وەک مامۆستای زانکۆ، دەرکردن و لێپرسینەوە لە خوێندکارەکان، گوشار بۆ سەر سەربنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و ڕێگرتن لە کۆڕی بیرئانینی ئەوان. زەختی هەرە ڕژد و توندی ڕێژیمی ئێران دژی کوردستان بوو لە ڕێگەی گوشار بۆ سەر دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی بەناو پەیماننامەی ئاسایشی سنووری و جووڵاندنەوەی هێزی چەکداری بۆ سنوورەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئامانجی سەرەکیی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی چاوترسێن کردنی خەڵکە. کۆماری ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن لە ڕاگەیەنە گشتییەکان و کەرەسەکانی گشتیی پێوەندی ڕۆژ بە ڕۆژ ئاست و پانتایی تیرۆریزمی دەوڵەتیی خۆی لە شێوازەکانی جۆراوجۆردا قووڵتر و بەرینتری کردووە. ترساندن و خولقاندنی کەشی تۆقاندن لە زۆر برگەدا یارمەتیی دەسەڵاتی ئێرانی داوە بۆ مانەوەی ڕێژیمەکەی و دوورخستنەوەی خەڵک لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی. ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی تیرۆریزمی سایکۆلۆژییەوە دەیهەوێ بە ترساندن و تۆقاندن خەڵک ناچار بە فەرمانبەری لەخۆی بکات و بە شێوەیەکی بێبەزەیانە کەشی ترس و بێمتمانەیی لەسەر خەڵک دەسەپێنێت. سیاسەتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک هەست بە نائارامی و بێهانایی بکات.

تیرۆری سایکۆلۆژی یان دەروونی بریتییە لە زنجیرە کردەوەیەک کە سەرنج و "تەمەرکوزی" کردەوەکە لە سەر دۆخی زێهنی، سۆزداری دەروونی کۆمەڵگە دەدات بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی ئەندامانی کۆمەڵ و خەڵک هەست بە هێمنی، ئاسایش نەکات و بە هۆی بێقەڕاری و ترسەوە کۆنترۆلی ژیانی ئاسایی خۆی لە دەست بدات و بترسێت لە پێوەندی لەگەڵ پرسە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێست دەربڕێت. لە تیرۆری دەروونیدا کەشی حاکم بەسەر کۆمەڵگە کەشی ترس، ناخۆشی و بێ هیواییە. ئامانجی تیرۆری سایکۆلۆژی پێکهێنانی ترس لە ڕێگەی ترسەکانی دەروونناسانە و عاتفی گشتی دەستبردن بۆ سەر تاریکترین بەشی دەروونی مرۆڤە کە دەبێتە هۆی گومان، بێمتمانەیی، گومان لەخۆ و پارانۆیا لە کەسانی دیکە و خۆ و جیهان.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆری سایکۆلۆژی سەرنجدان و وردکردنی گرووپ و چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی لەو بوارەدا کار دەکەن ئەوەندە هەست بە ناهێمنی و ترس بکەن، لە ترسی دەرکران و "نان بڕین" وەرەی ئەوەیان نەبێت خۆ لە قەرەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان بدەن. نموونەی ئەو جۆرە کارانە دەرکردنی بەکۆمەڵی مامۆستایانی زانکۆ و هێنانی "مەداحەکان" بەجیاتی ئەوان یان ئەستاندنەوەی مافی خوێندن لە زۆر لە خوێندکارانی زانکۆکانن. لە پلەبەندیی پێویستییەکانی ماسلۆ، یەکێک لە پێویستییەکان پێویستی هەست بە هێمنایەتی کردن و ئاسایشە. کاتێک ئەمە لە مرۆڤ دەستێندرێت بەرە بەرە پێویستییەکانی دیکە لەوانە پێویستی فیزیکی دەکەوێتە مەترسییەوە.

### شوێندانەریی تیرۆری سایکۆلۆژی لەسەر تاکەکەس لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەدا

بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی تەندروستی (٢٠٠٨) بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی و پرۆسەی سیاسیدا بۆ تەندروستی و خۆشبژێویی تاکەکان پێویستە. بەشداریکردن لە کاری کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەستی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسایەتی مرۆڤ لە بەرامبەر خۆشبژێوی تاکەکەس و کۆمەڵگەدا. تیرۆری سایکۆلۆژی ڕێژیمی ئێران کە لە ڕێگەی توندوتیژی سیاسییەوە ئەنجام دەدرێت دەبێتە هۆی ئەوەی تواناکانی تاکەکەس بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا تێک بچێت و متمانەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەمێنێت. ئەنجامی ئەم کارە دەبێتە هۆی دابڕان و کشانەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگە و متمانەیان بە کاری سیاسی و بەشداریی سیاسی نامێنێت. ئەمەی کە کۆماری ئیسلامی تا ئەمرۆ لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە ئەنجامی داوە ئامانجی ئەوە بووە کە بەشداری کۆمەڵگە لە پرسە سیاسییەکاندا بە لانی کەمی خۆی بگات و تەنیا لە ڕێگەی ڕانتەوە کەسانی گرێدراو و وەفادار بەو ڕێژیمە -جا ئەم وەفادارییە چ بە هۆی ئایدیۆلۆژی بێت و چ بە هۆی بەرژەوەندیی دارایی- بە دووریەوە دەمێنن. لە گەڵ ئەمەش تیرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی لەدەستدانی هیوای تاکەکان بۆ هەرجۆرە گۆڕانکارییەک لە وڵاتدا.

بێ‌متمانەیی و گۆشەگیری و کشانەوە دەرئەنجامی توندوتیژیی سیاسی و تیرۆری سایکۆلۆژین. تیرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان نەتوانن لە پێوەندییەکی کۆلێکتیڤ و گشتیدا بن لە مەڕ پرسە گشتییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەکەیان. بەهۆی توندوتیژیی سیاسی و تیرۆری سایکۆلۆژی ڕێژیم تەنانەت جیناحەکانی نێوخۆیی ئەو ڕێژیمە وەک "ئیسلاح تەڵەبەکان"یش کە پشتیوانی سەرەکی و یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین پاشەکشەیان کردووە لە چالاکی سیاسی و بەکردەوە لە ڕۆڵ خوڵقاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەریک کەوتوون. توێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) دەسەلمێنن کە تیرۆری سایکۆلۆژی و توندوتیژی سیاسی دەبنە هۆی ڕووخانی تواناییەکانی تاکەکەس و لەدەستدانی متمانە بۆ داوای یارمەتیی کۆمەڵایەتی‌کردن لە ژینگەی خۆیاندا.

تیرۆریزمی دەروونی ڕێژیم دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ متمانەی خۆی بە قەوارەی ئەخلاقی کۆمەڵگە و هەموو جۆرە دامودەزگایەکی دەوڵەتی لەدەست بدات و هەموو سیستەمە ئیدارییەکان بە نەیار و دژبەری خۆی بزانێت و تەنانەت بڕوا بە پرۆسە ئیدارییەکانیش نەکات. تیرۆری سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ویستی تاکەکان بۆ بەشداری لە چالاکییە سیاسیەکان لەوانە ڕێکخستنی کۆمەڵگە کەم بکاتەوە. ڕێژیم بۆ ئەوەی تاکەکان لە بەشداریکردنی سیاسی دوور بخاتەوە چالاکان و زیندانیانی سیاسی ئەشکەنجە دەدات و بە "اعتراف اجباری" لە تەلەڤیزیۆنەکاندا هەوڵ دەدات تاکەکان ناچار بکات خۆیان بەدەستەوە بدەن و تەسلیمی ویستی ڕێژیم بن. لە زۆر لە لێپرسینەوەکان و کاتی "بازجویی" و ئاگادارکردنەوەی تاکەکان وێرای ترساندنیان بۆ ئەوەی تاک لە کۆمەڵگە تەریک کەوێتەوە، ڕێژیم پێشنیاری دەرکەوتن لە وڵاتیان پێ دەدات و هانیان دەدات ڕوو بکەنە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. ئەم ئەشکەنجە بەکۆمەڵەی ئەندامانی کۆمەڵگە تراوما و نەخۆشی درێژخایەن لە تاکەکەسدا بەجێ دێڵن کە دەبنە هۆی ئەوەی تاکەکان تا ساڵەهای ساڵ هەست بە لێ‌ئەستاندنەوەی مرۆڤایەتییان بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کاریگەری تیرۆریزمی سایکۆلۆژی لەسەر کارکردنی کۆمەڵگە

کۆمەڵگە بەگشتی وەک تۆڕێک لە پێوەندییەکان پێناسە دەکرێت، کە لە شوێنێکی فیزیکیدا کۆ بۆتەوە و خاوەنی بیروباوەڕ، بارودۆخ، نیگەرانی و ئاسۆ و پێوەندی هاوبەشن. هێز و توانای پێوەندیگرتن بۆ تەندوروستی تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێویستییە سەرەکییەکانن، بەتایبەت ئەوکاتەی ئەوان دەکەونە بەر تراوما و تراژیدیای قووڵ. توێژینەکان پێشنیار دەکەن بە هۆی تواناییەکانی کۆلێکتیڤ و بەکۆمەڵی کۆمەڵگەکان کە بریتین لە تێکەڵییەک لە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و تواناییەکانی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە توانایی کۆ وەک "یەکەیەکی" یەکگرتوو دەبێتە هۆی گۆڕان و شوێندانەری بۆ چاکەی گشتی و ئەندامانی نێو کۆمەڵگەش. لە بەرامبەردا تیرۆریزمی سایکۆلۆژی نەتەنیا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تواناییەکانی تاکەکان بۆ کارکردن لە کۆمەڵگەدا بەڵکوو دەبێتە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی جڤاتی کۆمەڵگەش. تیرۆریزمی سایکۆلۆژی دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی قەوارە کۆمەڵایەتییەکان و مێژوو، باوەڕ و بایەخەکانی کۆمەڵگە لاواز دەکات و زۆرجار دەبێتە هۆی سەرلێشێواویی کۆمەڵایەتی. توێژینەوەکانی ڕێکخراوی تەندوروستی جیهانی دەسەلمێنن کە زیانگەیاندن بە جڤاک وەک شوێنی فیزیکی هاوبەشی خەڵک دەبێتە هۆی تێکچوون و لاوازبوونی کولتوور و ناسنامەی هاوبەش. تیرۆریزمی دەروونی دەبێتە هۆی لەکارخستنی توانایی کۆمەڵگە و بەهێز بوونی ترس و دڵەڕاوکێی بەکۆمەڵ و تانوپۆی چالاکییەکانی بەکۆمەڵی جڤاتەکان تێک دەدات.

لە سەرەتای ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە تا ئەمرۆ لە ڕێگەی کوشتارە بەکۆمەڵەکانی خەڵک، تیرۆر و بۆردمانی گوندەکانی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت کەمپی پەنابەران لە باشوور، ڕێژیمی ئێران پێشانی داوە کە ئامانجی لەنێوبردنی هەموو کۆمەڵگەی کوردستانە و لە ڕوانگەی ئەو ڕێژیمە کوردی باش کوردی مردووە. لە شۆرشی ژینادا دەرکەوت کە بۆ ڕێژیمی ئێران تەنیا تاکەکان وەک دوژمنی خۆی نابینێت بەڵکوو دوژمنایەتی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ تەواویەتی کۆمەڵگەی کوردستانە. لێکۆڵینەوەکان پێوەندیدار بە توندوتیژیی سیاسی لە وڵاتانی دیکە وەک ئیرلەند، بۆسنی، سریلانکا، پێرۆ، ئێلسالوادۆر و زیمباوێ دەسەلمێنن کە توندوتیژیی سیاسی دەرئەنجامی بەردەوامی هەیە لەسەر کۆمەڵگە و بەتایبەت دەبێتە هۆی لاوازی پەروەردەی گشتی و کۆمەڵگە ناتوانێت ڕێبەرانی داهاتوو لە خۆیدا پەروەردە بکات و لە ئەنجامدا کۆمەڵگە ئاسۆیەک بۆ دواڕۆژ لە بەرانبەر خۆیدا نابینێت.

ژینگە فیزیکییەکان کۆمەڵگەکان پەروەردە دەکەن لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ بەراوردی هێمنایەتی، ئاسایش و ناسنامەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆلێکتیڤ، مێژوو و شانازییەکان. ئەمانە دینامیکی پێوەندییەکانی نێوان تاکەکەس و ژینگە پێک دێنن. تێکدانی ژینگەی فیزیکی توندوتیژی سیاسی و تیرۆری سایکۆلۆژی هەستی یەکیەتی و یەکگرتوویی ئەندامانی کۆمەڵگە لەنێو دەبات. وێرانکردنی ژینگەی فیزیکی پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ تێکدانی کولتووری خەڵک. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دەسەڵاتی خۆیدا تا ئەمرۆ بە هەموو شێوەیەک ویستوویەتی لە ڕێگەی تاڵانکردنی کانگا ژێرزەوییەکانی کوردستان و دروستکردنی بەنداوە دوور لە پێوانە ژینگەیی و زانستییەکان و بەتاڵانبردنی سەرچاوە ئاوییەکان ژێرخانی ژینگەی کوردستان لەنێو ببات. دوایینی ئەوانە بەکردەوە وشککردنی گۆمی ورمێیە. تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەک لەسەر شوێندانەریی وشککردنی گۆمی ورمێ لەسەر ژیان و پێوەندییەکانی مرۆڤ بە ژینگە نەبینراوە بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئاسەواری وێرانکاری ژینگە لە شەڕی ڕواندا، لە وڵاتانی بالتیک و کۆسۆڤۆ دەردەخات کە وێرانکردنی ژینگەی فیزیکی چ شوێنەوارێکی کارەساتباری بۆ کۆمەڵگە هەیە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ڕێژەی بێکاری ١٥٪ لە کاتێکدا ڕێژەی بێکاری لە ئاستی گشتی ئێران ٩٪ و لە پارێزگا فارسییەکاندا ئەو ڕێژەیە تەنیا ٧ ٪. بە پێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران لە پارێزگاکانی کوردستان واتە ئیلام، کرماشان، لوڕستان، سنە و ورمێ، ساڵانە بە تێکڕا ٩ کەس لە هەر ١٠٠ هەزار کەس بە هۆی خۆکوشتنەوە گیان لەدەست دەدەن، لە کاتێکدا ڕێژەی سەرانسەری لە سەدا پێنج و لە پارێزگا فارسییەکانی وەک تاران، شیراز و ئیسفەهان، ئامارەکە ٥.٤ لە هەر ١٠٠ هەزار کەسە.

کۆنترۆلکردنی ژینگەی فیزیکی یەکێکی دیکە لە شێوازەکانی تیرۆریزمی سایکۆلۆژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. لە یەکەم ساڵڤەگەری شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران وێڕای میلیتاریزەکردنی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان، بە تانکی شەڕ دەوری گۆڕی ژینایان داگیر کردبوو. ئەمە جیا لەوەی نیشانەیەک لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ڕێژیمی ئێرانە لە کوردستان نیشانەیەک لە ڕاگەیاندنی شەڕەنگیزی دژی خەلکی کوردستان. تیرۆریزمی سایکۆلۆژی ڕێژیم دەبێتە هۆی گۆڕانی کەشی گشتی و کرداری کۆمەڵگە لە ڕێگەی هاندانی هەستی بەکۆمەڵی کەشی گشتیی ترس. توێژینەوەکانی توندوتیژی لە وڵاتانی نیکاراگوا، کۆلۆمبیا، گواتمالا، بێرمە و ئێلسالڤادۆر دەسەلمێنن کە توندوتیژیی سیاسی و تیرۆریزمی سایکۆلۆژی شوێندانەرییان هەیە لەسەر توانایی و پۆتانسیەلی ئاشتی کۆمەڵگە و بەرەورووبوونەوە لەگەڵ توندوتیژیی سیاسی. ترسی بەکۆمەڵ و لێکدابڕانی بەکۆمەڵ دەبێتە هۆی دژبەری و توندوتیژی نێوخۆی کۆمەڵگە، ئامانجێک کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی تیرۆریزمی سایکۆلۆژییەوە هەوڵی بۆ دەدات. ڕێژیمی ئێران تیرۆری سایکۆلۆژی بە شێوەی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگە و یەکێک لە ڕێکارەکانی توندوتیژی سیاسی بەکار دەبات.

کۆنترۆلکردنی شوێنە گشتییەکان و لەنێوبردنی هەستی ئارامی گشتی لەنێو کۆمەڵگەدا لە ڕێگەی کۆنترۆلی بازار، دووکانەکان و ڕێگرتن لە خەڵک بە ناوی "بدحجابی" و "جۆری پۆشین" شێوازێکی دیکەی تیرۆریزمی سایکۆلۆژیی ڕێژیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێرانە. ئاکامی ئەم جۆرە توندوتیژییە لەنێوبردنی پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان و گەشەکردنی "دژە بایەخەکان" لەنێو کۆمەڵگەدایە. دیاردەیەک کە لە ئامارەکانی ئێراندا بەڕوونی دەبیندرێت. بەپێی ئامارەکانی ڕۆژنامەیی تەمەنی لەشفرۆشی لە ئێراندا بووتە ١٤ ساڵ، تەمەنی خواردنەوەی ئەلکۆل لە وڵاتدا بە ١٥ ساڵ گەیشتووە.

سەرئەنجام تێرۆریزمی سایکۆلۆژی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی لەنێوبردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەمبوونی ژمارەی ڕێکخراوە شوێندانەرەکان لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەندامانی کۆمەڵگە لەبەرانبەر کۆمەڵ هەست بە بەرپرسایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن و لە زۆر بواردا واز لەو ڕێکخراوە دەوڵەتییانەش دێنن کە ئەرکی سیاسیان نییە و تەنیا بۆ خزمەتگوزاری دامەزراون. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی دەرکردن و بەزۆر خانەنشینکردنی مامۆستایان و هەروەها زەخت خستن بەسەر زانکۆکانی کوردستان و دوورخستنەوەی مامۆستا و خوێندکارانی چالاک وەک ڕێبەرانی پۆتانسیەلی نێو کۆمەڵگە، هەوڵ دەدات تاکەکان و کۆمەڵگە لە یەک تەریک بخاتەوە.

## کارکردی دەزگاکانی دەوڵەتی لە خزمەت تێرۆریزمی سایکۆلۆژیی ڕێژیم

لە کۆمەڵگەی دێموکراتیکدا ئازادییە بنەماییەکان، پلۆرالیزم و فرەڕەهەندی، بەرپرسایەتی و بڕوا بەیەکتر دەبێتە هۆی گەشەی تاکەکەس و خۆشبژێوی کۆمەلایەتی، لە بەرانبەردا توندوتیژیی سیاسی و تێرۆریزمی سایکۆلۆژیک خوڵقێنەری قەیرانی گشتی و کۆمەلایەتیە. لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا تاکەکان پشت بە پێکهاتەی حکوومەتییەکان دەبەستن بۆ دابینکردنی دەرفەت و بەشداریکردنی واتادار بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی تەندوروستی، خۆشبژێوی وەک سیستمی وەلامدانەوەی فریاگوزاری، ئاو، پاکوخاوێنی، تەندوروستی و خوێندن. تێرۆریزمی سایکۆلۆژیکی ڕێژیمی ئێران پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ئاست و چۆنیەتیی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی. تێرۆری سایکۆلۆژیی ڕێژیم نەتەنیا زیان بە تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێت،

بەڵکوو دەبێتە هۆی

١- تێکچوونی سیستەمی ئیداری کە پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانە،

٢- لاوازیی کەرتی گشتی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣- لەنێوچوونی هەستی بەرپرسایەتی لە مەڕ ملکی گشتی لەلایەن تاکەکانەوە. ئەو سیستەمە خزمەتگوزارییە کارابیەکان تەندوروستی مرۆڤ مسۆگەر دەکەن، بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی بەختەوەری جیهان (Global Happiness Center) لە ساڵەکانی ٢٠١٨ بۆ ٢٠٢٣ ئێرانییەکان لە ڕیزی سێ وڵاتی هەرە تووڕەی جیهاندان. ئەمە بەرهەمی تێرۆریزمی سایکۆلۆژی و توندوتیژیی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دژی دانیشتووانی ئێرانە .

توندوتیژیی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری دژی نەتەوەی کورد، ڕەشبگیری و بۆردمانی بنکەکانی ئاوارەکانی ڕۆژهەلاتی لە باشووری کوردستان، بۆردمانی بنکەکانی حیزبەکان و تێرۆری مووشەکی نیشانەی ئەوەن کۆماری ئیسلامی ئامانجی تەنیا لەنێوبردنی تاکەکەسەکان نییە، بەڵکوو دوژمنایەتییەکی قوولی هەیە بەرانبەر نەتەوەی کورد و ئامانجی سەرەکی ئەو لەنێوبردنی بەکۆمەڵی هەموو خەڵکی کوردستانە. لەو پێناوەشدا لە ڕێگەی تێرۆریزمی سایکۆلۆژی هەوڵ دەدات ئاسۆی خەلکی کورد بۆ داهاتوو لێل بکات بە تێرۆر و لەنێوبردنی چالاکڤانان و ڕێبەرانی مەیدانیی کۆمەڵگە و تواناییەکانی کۆمەڵگە بۆ وێناکردن یان بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو تووشی مەترسی بکات. ڕێژیمێک کە بتوانێت گەنجێک بەهۆی "بێحیجابی" بکوژێت کۆمەڵکوژییش دەکات.


بۆردومانی قوتابخانە و داینگە خزمایەتی نزیکیان هەیە لەگەڵ کۆمەڵکوژی و ژێنۆسساید. لەنێوبردنی فیزیکی ژینگەی کوردستان پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ لەنێوبردنی کولتوور و ناسنامەی نەتەوەکان.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بێدەنگی تاوانە!



**ئاسۆ مینبەری**

هێشتا مانگێک بەسەر ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا ئەمینیدا تێنەپەڕیوە، جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی دیسانەوە لە پێتەختی تاوان، کچێکی کوردی دیکەیان بە بیانووی نەبوونی حیجاب، دایە بەر لێدان و تاوانێکی دیکەیان بە تاوانە دژەمرۆییەکانی خۆیان زیاد کرد.

ساڵێ ڕابردوو کە ژینا ئەمینی لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادەوە لێی درا و چووە کۆماوە، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ڕەنگە مەرگی ئەم کچە بتوانێ ببێتە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا و دروشمی پڕ نێوەڕۆکی ژن، ژیان، ئازادی بە ناوی خۆیەوە تۆمار بکات؛ ڕەوتی ڕووداوەکان و ئاراستەی شۆڕشەکە بە چەشنێک بوو کە پێشبینیکردنی کارێکی ئەستەم بوو، بەڕاستی کێ دەیزانی مەرگی ژینا دەتوانێ هەزاران لاوی ئەم نیشتمانە بێنێتە سەر شەقام و ڕووداوگەلێک بخوڵقێنێ کە لە مێژووی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بێوێنە بێت؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە دەبێ لەم قۆناغەدا لەبەر چاوی بگرین، ئەگەر دوێنێ ئەم ڕێژیمە درندەیە ژینای بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ئەوان لە ئێمە ئەستاند، ئەوە ئەمڕۆ ئارمیتای هەر بەو بیانوویە و بە سێناریۆیەکی هاوشێوە کردووەتە ئامانج و ئەگەر بێدەنگ بین، بەیانی نۆرە دەگاتە کچەکانی دیکەمان!

دەڵێی ئەو ڕێژیمە قۆڵی لێهەڵماڵیوە تاکوو بە کوشتنی کچەکانمان بە بیانووی حیجابەوە، یەک یەک بمانکوژێ و لە کۆتاییشدا بڵێ پیرۆزییەکانم لە مەترسیدا بوون!

ئەوەی کە لە کاتی چوونە کۆمای ئارمیتاوە لە هەواڵدەرییە فەرمی و نافەرمییەکاندا بڵاو بووەتەوە ئەمەیە ڕێژیم هاوشێوەی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، هەوڵ دەدات ئەم تاوانە پەردەپۆش بکات و هەر بەو مەبەستەش هێزیکی زۆری ئەمنییەتیی لە نەخۆشخانەی فەجری تاران جێگر کردووە و ڕێگەش بە هیچکەس، تەنانەت بە بنەماڵەکەشی نادات چاویان پێی بکەوێ.

هۆکاری ئەم چەشنە ڕەفتارەش زۆر ڕوونە، ڕێژیم مەرگی ژینای بۆ بووەتە ئەزموون و دەزانێ کە بە بڵاوبوونەوەی هەر چەشنە زانیارییەک دەکرێ ئاگری ڕق و تووڕەیی خەڵک بڵێسەدارتر لە جاران سەر هەڵ بداتەوە، لە ڕاستیدا ترسی ڕێژیم لە شەقام و هاواری شەقام وای کردووە هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکە بدات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ڕێژیم ئەگەر مەرگی ژینا و شۆڕشی دوای مەرگی ژینای بۆ بووەتە ئەزموون، بۆچی ئەم ڕەفتارەی دووپات کردەوە؟

لە ڕاستیدا وڵامی ئەم پرسیارە زۆر سادەیە، چییەتیی ئەم ڕێژیمە ئەوەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژییەکەی خۆی هەموو کارێک دەکات، بێگومان پاش مەرگی ژینا، کۆمەڵێک ڕاسپاردەش بۆ ناوەندە سەرکوتکەرەکان هەبووە تاکوو پێش بە دووپاتبوونەوەی ڕووداوی هاوچەشن بگیردرێ، بەڵام فێربوونی ڕەفتارێکی لەم چەشنە لە سیستەمێکی تۆتالیتێردا، یان بە بارێکی تردا، ئەو هەموو تێچووەی بۆ بارهێنانی تاکی دڕندە و ئیدۆلۆگ، لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا بەکار دەبردرێ، بۆ ئەوە نییە کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا، گۆڕانیان بەسەردا بێت، کاتێک لە تەمەنی منداڵییەوە لە کتێبە دەرسییەکاندا کلێشە ڕەگەزییەکان فێری قوتابییان دەکرێ و وا پەروەردە دەکرێن بەدەرەوەبوونی قژی کچێک ئەتوانێ کورێک بکێشێتە گێژاوی تاوان و گوناهەوە، لە زانکۆکاندا ئاخوندەکانی حەوزەی عێلمییە وانەی پاکداوێنی بە خوێندکاران دەڵێنەوە و دوایەش ژمارەیەک لەمانە بە هەر هۆکارێک دەچنە چوارچێوەی ناوەندە سەرکوتکەرەکانەوە، بێگومان ئەم ڕەفتار و بیرکردنەوەیە لە مێشکیاندا جێگیر دەبێ و داعشئاسا دەکەونە گیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، جا کاتێکیش باس لە کوردبوون و بیروڕای جیاوازی سیاسی و فەرهەنگی بەو پێشینەیەوە کە لە کوردستاندا هەیە بکرێ، بێگومان سەرکوتکارییش زۆرتر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێ و ئەو کاتەیە خێڵی داعش لای ئەمانە، دەبێ وەکوو فریشتە پێناسە بکرێن.

خاڵی گرینگ لەم قۆناغەدا کە دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت ناوەندە مافی مرۆییەکان بە نیسبەت ئەم ڕووداوە ڕێژیمی ئێران ناچار بە وڵامدانەوە بکەن و کۆمیتەیەکی نێودەوڵەتیی بەدواداچوون هەوڵ بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بدات. بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا، ئەوەی نابێ لێی غافڵ بین، هەوڵی گشتگیر بۆ مەحکوومکردنی ئەم تاوانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە، ئەمەش لە لایەکەوە وەکوو ئەرک دەکەوێتە سەر شانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان کە بتوانن بە هەر شێوازێکی گونجاو کە بۆیان دەلوێ، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم کردەوەیە دەربڕن و لە لایەکی دیکەشەوە، ئەرکی سەر شانی خەڵکی کوردستانە تاکوو جارێکی دیکە پێداگری لەسەر مافەکانی خۆیان بکەنەوە و بەنیسبەت ئەم تاوانە مرۆییە، بێدەنگ نەبن.

بەڕاستی لەم قۆناغەدا بێدەنگی تاوانە، بێدەنگبوون دەتوانێ کارەساتی گەورەتر لەمەی بە دواوە بێت، ئارمیتاکان، ژیناکان و بە هەزاران کچی دیکەی کوردستان، لەلایەن ڕێژیمی ژنکوژی کۆماری ئیسلامییەوە کراونەتە ئامانج، ڕێژیم لە ڕێگەی ناوەندە جۆراوجۆرەکانیەوە و هەر جارەو بە جۆرێک و بە بیانووی نەبوون یان ڕەچاونەکردنی حیجابەوە دەستدرێژی دەکاتە سەر کەرامەتی کچەکانمان تاکوو تۆڵەی خۆڕاگری و بەرخودان لە کوردستانییان بکاتەوە. بێگومان ئێستا هەموو هیواکان ئەوەن کە ئارمیتا بگەڕێتەوە بۆ ژیان و خۆی چیرۆکی ئەم دڕندەییەی هێزەکانی ڕێژیم بگێڕێتەوە، بە گەڕانەوە یان نەگەڕانەوەی ئارمیتا بۆ ژیان، ئاراستەی ڕووداوەکانیش ئەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت، بێگومان کوردستان لە ئاست ئەم دەستدرێژییە دووبارەیەی ڕێژیم بێدەنگ نابێت و دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە تەنافی ملی داگیرکەر، تاڵە قژی کچانی ئەم نیشتمانە بێ!

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چەمەریی شەهیدانی بۆکان



تاهیر قاسمی

هونەر وێڕای ئەوە کە دەتوانێ پاژێکی گرینگی بەرگری و بەرخودان بێ، پشتیوان و هاندەرێکی بەهێزیشە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەیەک یان چین و توێژێکی ناڕازیی کۆمەڵگە لە حاند زوڵم و زۆر و چەوسانەوەدا. هونەر و ئەدەبی بەرگری لە بەرانبەر هێرش و داگیرکاری، سەرکوت، دیکتاتۆری، پێشێلکرانی ماف یان زەوتکرانی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا لەدایک دەبێ و خۆی پێشان دەدا. بەرخودانی بەبێ ئەدەب و هونەری بەرگری، بەرخودانێکی سست و بێدەنگە. هونەری بەرگری هاوکات کە قارەمانەتی و ئازایەتییەکان تۆمار دەکا و تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ بەرگری و بەرخودان هان دەدا، کەوشەن و سنوورەکانی بەرخودانیش تا دوورەدەست دەبڕێ و بە گوێی خەڵکی دیکەی دەگەیەنێ.

بۆکان هاوکات کە بە شاری ئەدەب و هونەر ناسراوە، لەو شارانەی کوردستانە کە بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، هەمیشە وەک سەنگەرێکی کۆڵنەدان لە ڕیزی پێشەوەی بەرخودان و بەرەنگاریی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا ڕاوەستاوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە هەموو بەژنە بچووک و لاوازەکەی ئەو سەردەمی، شانبەشانی مەهاباد، کانگایەکی خەبات و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێکۆشانی کوردایەتی بوو. دوای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی خومەینی و فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانیش، بۆکان سەرەڕای جوغرافیا نالەبارەکەی، درێژماوەترین بەرخودانی کرد و دوایین شاری کوردستان بوو کە داگیر کرایەوە. بە درێژایی چل ساڵی ڕابردووش، ئەو شارە بەردەوام گۆڕەپانی سەرهەڵدان و خۆپێشاندان بووە. لەوانە خۆپێشاندان و پاشان مانگرتنی چەند ڕۆژەی خەڵکی شار دژ بە کوژرانی چەند کەسی شارەکە بە دەستی جاشێک بە ناوی "سمایلی وەلیە ترک" لە ساڵی ١٣٧٠، خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی دژ بە کوژرانی "سومەییە فەیزوڵلاپوور" لە ساڵی ١٣٩٨ و پێشەنگایەتی و بەشداریی هەراو لەو ناڕەزایەتییانەدا کە لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات وەک خۆی یان لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ مەحکوومکردنی جنایەتەکانی ڕێژیم بەرەو ڕووی خەڵکی کوردستان کراونەتەوە، تەنیا چەند نموونەی لەسەرڕێیبوونی بەردەوامی ئەم شارە خەباتکارەن. ئەو ڕۆحی خەبات و بەرخودانەش هەم شوێنی لەسەر هونەرمەندان و ئەدیبانی شار و دەڤەرەکە داناوە و هەمیش کەم و زۆر ئیلهامی لە هونەر و ئەدەبی بەرگری وەرگرتووە. تا ئاستێک کە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا، بۆکان بە کانگایەکی دەوڵەمەندی هونەر و ئەدەبی بەرەنگاری و کوردایەتی هەژمار دەکرێ.

بە درێژایی شەش مانگ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران لە سەرهەڵدانی ژینادا، بۆکان بەردەوام لەسەر شەقام بوو. لاوانی ئەو شارە ڕۆژ نەبوو بە شێوەی جۆراوجۆر نەفرەت و بێزاریی خۆیان بۆ دەسەڵات و سپای داگیرکەر دووپات نەکەنەوە و شەو نەبوو شەقامەکانی شار نەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. بەڵام ئەو خەبات و بەرخودانە بێ تێچوو نەبوو و بۆکان لەو ماوەیەدا لە حاند شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران زیاترین قوربانیی دا و زیاترین لاوانی خۆی پێشکەش بە ڕێبازی ڕزگاریی کوردستان و بەرابەری و یەکسانیی ئینسانەکان کرد. لەم نێوەشدا ڕۆحی بەخشەندەیی و ئاستی دلۆڤانیی ئەو دایک و باوکانەی ڕۆڵەکانیان گیانیان لە پێناو نیشتماندا بەخت دەکرد، بۆ جیهانیان جێی سەرنج و سەرسوڕمان بوو. ئەوانەی کە بە دەم خوێندنەوەی شێعر و گۆرانی و سروودەوە تەرمی پیرۆزی ڕۆڵەکانیان بەرەو ئارامگەی هەرمان و تاهەتایی بەڕێ دەکرد. بە سەر زاری زۆرێک لەوانیش سروود یان شینگێڕییەکی هاوبەش دەبیسترا:

"وەتەن گیان و دڵی دایە
وەتەن دەبینت لە ملمایە
سەری بێنرخ و بێ مایە
لە پێناوی وەتەندایە"

ئەمە سەربەند یان یەکێک لە سەربەندەکانی ئەو گۆرانی یان سروودەیە کە باوکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە بۆکان، لە کاتی ناشتنی ڕۆڵەکانیاندا دەیانخوێند، وەک خوێندنەوەی ئەو وێرد و سرووده دەچوو کە ئیماندارێک لە کاتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێشکەشکردنی قوربانیدا، لە پێش بارەگای خودای خۆیدا دەیخوێنێ. ئەو دایک و باوکانە لە ڕاستیدا بە دەم خوێندنەوەی ئەم سرووددەوە، قوربانیی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاریی نیشتمانەکەیان دەکرد و بەم جۆرە شەهیدەکانیان بە کوردستان و هەرمان دەسپارد.

سرووددەکە هەتا ئێستا بە تێکستی جۆراوجۆری پێکهاتوو لە شێعری چەندان شاعیری بەناوبانگی کوردستان گوتراوە و دەگوترێتەوە. شاعیرانێک کە زۆربەی شێعرەکانیان دەکەونە خانەی شێعری بەرگریی نیشتمانی و بەرەنگاریی نەتەوەییەوە. لەوانە چەند بەیت لە شێعری "ڕەووز ورد ناکرێ"ی مامۆستا هێمن کە لە پاشەرۆکدا چاپ کراوە:

"زەوی! ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سوور؟
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشتکوور؟
...کە سۆمایی لە چاو باوکان براوە
بەرۆکی پیرەدایکان دادڕاوە
کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ
کە گەنجی کورد دەگەوزێنێ دەخوێنێ
...بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن
شەهیدی بێ سەر و بێشوێن دەنێژن
بەڵام با تێ بگا ئەو دوژمنەی پەست
ڕەووز ورد ناکرێ هەرگیز بەداردەست
دەبێ کوند هەر بەرەو وێرانە بفڕێ
هەڵۆ لەو کێوە سەربەرزانە نەبڕێ"

یان بەشێک لە شێعری "دەسڕێژی لاوان"ی هەمان شاعیر:

"بڕۆ ڕێوی بەسیەتی چاونەزێری
پەلاماری مەبە بۆ لانی شێری
گوتویانە لە لانێ دەرپەڕی شێر
هەمووی دوژمن بەزێنە مێ و نێری"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها چەند دووبەیتی لە شێعری شەریف حوسێن‌پەناهی، شاعیری بەرەنگاری کە لە دیوانی "ملوانکەی شین"دا چاپ کراوە:

"شەوی تاریکە لێم شێواوە ڕێگا
بەیانی هات و زۆری ماوە ڕێگا
ژیانی من وەکو ئەو شەو وەهایە
بە هەر لادا دەچم بەسراوە ڕێگا
گەڵاڕێزان گوڵی باخانی دا با
بەهاری دیکە دێ ئەم داخە لابا
هەناسەی باخەوانی پیرە دەیگوت
هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با
چلەی زستانی کوێستانە کچی کێو
دەپۆشێ بەژن و باڵاکەت بە چارشێو
دەزانم من چ سیحرێکە ئەگەر بێ و
لە درزی پەردەوە دەرخا بزەی لێو
ژیانی لاویی من وێنەی گوڵێ بوو
کە هاتە باغی ژین و هەڵوەری زوو
وەکوو لاولاوی ناکامی بەهاران
خەمێکی نایە داوێنی دڵ و، چوو

بێجگە لە باوک و دایکی شەهیدان و خەڵکانی تێکۆشەر و سەوداسەری ئازادی، چەندان هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناوچەیی و ناسراو سروودەکەیان خوێندووە. سروودێک کە ئێستا ئیدی لای خەڵکی ناوچەکە و لە ئاستی کوردستاندا یەکجار ناسراو و خۆشەویستە. لە کاتی بەرەنگاربوونەوە یان لاواندنەوەی ئازیزانی شەهیدیاندا، سروودێکی سوکنایی‌هێنەرە و ئەوەندە کەوتووەتە سەر زار و دووپات کراوەتەوە کە سنووری ناوچەییەکانی بڕیوە. بەڵام ئاخۆ چ شتێک ئەم سروودەی تا ئەو ڕادەیە خۆشەویست و گشتگیر کردووە کە هێندە لەگەڵ پێشوازیی خەڵکی تێکۆشەر بەرەوڕوو بێ؟

گۆرانیی وەتەن نە تاکە گۆرانی یان سرووده کە بۆ نیشتمان و وەتەن گوتراوە و نە ڕەنگە خۆشترینیشیان بێ. بەڵام دوو شت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو ئاواز و گۆرانییەی لە گۆرانی و سروودەکانی دیکە جیا کردۆتەوە و هەر ئەو دوانەش تایبەتمەندییەکی کەموێنەیان پێداوە. یەکەمیان لەباری ئاوازی گۆرانییەکەیە کە بۆ شێعر و هۆنراوەی زۆرێک لە شاعیران لەبارە یان گۆرانیبێژان وەهایان خۆش کردووە و ئەوەندە بە شێعر و تێکستی جیاواز وتوویانەتەوە کە سترانبێژ بتوانێ لە گوتنەوەیدا هاوکات هەستی خەمی لەدەستدانی ئازیزان، ڕق و بێزاری لە دوژمن و داگیرکەر، لاواندنەوەی شەهیدان و خۆشەویستی بۆ خاک و وڵات و شەهید ئاوێتەی یەکتر بکا. بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بۆ دەربڕینی هەمووی ئەوانە بە یەکەوە کە خواست و هەستی ناخی هەر تێکۆشەرێکی کوردە، وای کردووە کە سروودەکە بە شێعر و هۆنراوەی جیاواز و تێکەڵاو بگوترێ. بەڵام لەوە گرینگتر، خاڵی دووهەمە کە لە کەسایەتیی دانەری سروود یان گۆرانیەکەدا خۆی دەبینێتەوە و داکەوتنی لە زمان ئەوەوە گۆرانییەکەی لای خەڵک زیاتر واتادار کردووە.

ئەم سرووده وەک زۆر سروود و گۆرانیی شۆڕشگێرانەی دیکە لە ناوچەکە، لە دەنگی نەمر ئیسماعیل عەبباسی (ناسراو بە سمایلاغای چەوگالی)یەوە داکەوت و گشتگیر بوو. ئەو خۆی کەسایەتییەکی قسەخۆش، خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکەی بۆکان، ئەدیب و شێعرناس، دەنگخۆش و ئاوازدانەرێکی شارەزا بوو. ئاواز و گۆرانییشی نەک بە ناوی هونەرمەند و گۆرانیبێژ یان بۆ بەزم و بۆنە بەڵکوو بۆ دەربڕینی هەستی خۆی و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری دەگوت. ئەو لە ڕاستیدا گۆرانیبێژی دڵی خۆی و گەلی خۆی بوو. دوای ئەوەی کە کوڕێکی بە ناوی قادر عەباسی لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزی بەیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە شەڕێکدا لە ئاوایی شاریکەند شەهید بوو، دڵی ئەو وەک دڵی باوکی هەر شەهیدێک، یەکپارچە بوو بە سۆز و ئاگر.

دوای ئەوە بوو کە سمایلاغا و گۆرانییە پڕ لە کوڵ و ماناکانی بوون بە سیمبۆل و سروودی هەموو ئەو باوک و دایکانەی ڕۆڵەکانیان لە پێناو ڕزگاریی نیشتماندا شەهید دەبێ. هەر باوکێک کە ڕۆڵەکەی شەهید بێ، خۆی لە ڕیزی ئەو کاروانە خەمبار بەڵام پڕ لە شانازییەدا دەبینێتەوە کە سمایلاغای چەوگالی چەمەرەخوێن و سروودبێژی بوو. لە کۆڕ و مەجلیسەکانیدا خەڵکانی نیشتمانپەروەر و وڵاتپارێز لە دەوری کۆ دەبوونەوە و هێز و وورەی نیشتمانپەروەری، نەتەوەپارێزی و پێشمەرگەخۆشەویستییان لە خۆی و لە ئاکاری بەرز و لە گۆرانییەکانی وەردەگرت. خۆ ئەگەر ئەوەشیان بۆ نەلوابا، گۆرانی و سروودەکانی کە لە کۆڕی ماڵاندا دەگوترا و تۆمار دەکرا، بە شریت و ڤیدیۆ دەستاودەست بڵاو دەبۆوە. ئەویش گۆرانییەکانی لە شێعری نەتەوەیی و نیشتمانیی شاعیرانی کورد هەڵدێنجا و پێشکەش بە ئۆگرانی ئەم خاک و نیشتمانەی دەکرد. هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی ناوچەکە زۆر زوو ئەو گۆرانی و سرووده نیشتمانیانەیان لە دەمی ئەو دەقۆستەوە و دەیانگوتەوە. لەوانە گۆرانیی "خاسەکەو"، "کراسێکم بە بەژنی خەم بڕاوم"، "بۆ گەلم شەرتە فیداکاری هەتا مردن بکەم"، "گەڵاڕێزان" و گەلێک گۆرانیی دیکە. لە نێو ئەو گۆرانیانەشدا، گۆرانی یان سروودی "وەتەن" بوو بە سەرچڵی هەموو گۆرانییەکانی و لە زۆربەی کۆڕ و دانیشتنەکاندا داوای لێ دەکرا بیڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا هونەرمەندان و دەنگخۆشانی دیکەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گۆرانییەکەیان هیندەی دیکە پەرە پێ دا و گەلێک جار بە بۆنە یان بێ بۆنە دەیانگوتەوە و دەیلێینەوە. بەم جۆرە "وەتەن" بوو بە گۆرانیی خۆشەویست و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی تێکۆشەری ناوچەکە و لە کوردستاندا دەنگی دایەوە.
باوکانی شەهیدانی شۆڕشی ژیناش لە بۆکان ئەم ڕێچکەیەیان بەرنەدا و تەرمی ڕۆڵە شەهیدەکانیان بە دەم خوێندنەوەی ئەم سرووده‌وە دەناشت یان لە سێ ڕۆژانە و چلەیاندا بە هەمان سروود یادیان دەکردنەوە و خەمی باوکانە و شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانەی خۆیان بە گوتنەوەی ئەم سرووده لەگەڵ یەک ئاوێتە دەکرد. ئەوان لە ڕاستیدا بە خوێندنەوەی ئەم سرووده شەهیدەکەیان پێشکەش بە کوردستان دەکرد و شانازیی بوونیان بە ئەندامی ئەو کاروانە پڕ لە شانازییە ڕادەگەیاند کە سمایلاغای باوکی شەهید قادر عەباسی پێشەنگ و سروودخوێنی بوو.

ئەمر سمایلاغای چەوگالی کە وەک گوترا هونەرمەندێکی دەسترەنگین و بەسەلیقە بوو، وێڕای ئەوەی تێکستی گۆرانییەکەی لە شێعری شۆڕشگێڕانەی شاعیرانی بە ناوبانگی کورد هەڵدەبژارد، بۆ لاواندنەوەی زیاتر، مەقامێکیشی لە شێعری شاعیرانی نەتەوەیی لەوانە "قانع" یان "ئاسۆ" نێوئاخنی گۆرانییەکە دەکرد:

"ئەگەر مردم وەتەن لاوانی تۆ خۆش
ئەگەر زاڵم نەما، دەورانی تۆ خۆش
موخەیەر بم لە بەینی تۆ و بەهەشتا
لە جەننەت دوور ئەبم سەیرانی تۆ خۆش
هەموو حۆری موبارەک بێ بە زاهید
لە بۆ من هەر کچ و غیلمانی تۆ خۆش
بە من چی سەیری باخ و قەسری لوبنان
وەتەن سەحرا و کەژ و کێوانی تۆ خۆش
ئەگەر دنیا نەما یەکسەر بەجارێ
وەتەن گەرمیان و هەم کوێستانی تۆ خۆش
ئەگەر خۆ قانعیش ئەمرۆ نەمێنێ
وەتەن، ڕەببی وەتەن خاهانی تۆ خۆش"

بەڵام وەک بڵێی هەموو ئەو شێعرە بەرزە نیشتمانی و نەتەوەییانە نەیانتوانیبێ کوڵی دڵ و ڕقی پیرۆزی ئەو ئینسانە نیشتمانپەروەرە دامرکێننەوە، بۆخۆیشی چەند سەربەندی شۆڕشگێڕانەی هۆندۆتەوە و ئاوێتەی گۆرانییەکەی کردووە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هینـدەی دیـکە سـروودەکەیان جـوان و واتـادار کـردووە. لە ڕاسـتیدا وەک چـۆن گـۆرانییەکە بە شـێعر و هـۆنراوەی جیـاواز دەگوترێ، سەربەندی هەر کام لە بەندەکانیشی سەرەڕای وێکچوونیان، جیاواز و تایبەتن:

"وەتەن گیان و دڵی دایە

وەتەن دەینت لە ملمایە

سەری بێنرخ و بێمایە

لە پێناوی وەتەن دایە

وەتەن دێوانەکەی خۆتم

وەتەن من خاکی بەرپێتم

ئەگەر بێتو قەبووڵم کەی

بە دڵ سەربازی سەر ڕێتم

جگەر سووتاوی لاوانی

بە بێ ماڵ و بە بێ جێتم

لە باغی عیشقی میللەتدا

فیداکاری نەکەم شێتم

وەتەن هۆی ژین و ژیوار

وەتەن ئامێز و دڵدار

وەتەن قەوم و کەسوکار

وەتەن بۆت دەمرم ئەمجار"


بە کـورتی "وەتەن" هەم چەمەرییە و هەم سروود، هەم شینە و هەم قـین، هەم خۆشەویـستییە و هەم ڕق. پـڕە لە شین و خەم بـۆ شـەهیدان، دارمـاڵە لە ڕق و تـووڕەیی لە داگیـرکەر و لێـوڕێژە لە سۆز و خۆشەویستی بـۆ نیشتمان و ئـاوێتەکردنی هەمـووی ئەوانە لە کـوڵی دڵـی داخکـراوی هونەرمەنـدێکەوەیە کە خـۆی بـاوکی شـەهیدێکی کوردسـتانە. سـۆزێکی پـاک و شۆڕشـگێڕانە کە چـۆڕاوەی هەسـتی کۆمەڵێـک شـاعیری نیشـتمانپەروەری کـوردە و لە دەنگـی هونەرمەنـدێکی سەوداسـەری ئازادییەوە لە دڵی نەتەوەیەکی مافخوراوی مافخواز نیشتووە .

١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# داهاتووی ورمێ لەنێوان بەرداشی فاشیزمی تورک و کۆماری ئیسلامی




یەعقووب ڕەوا

ناوچە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە موکریانیشەوە سەرەڕای مێژوویەکی تۆخ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، لەمێژە لەنێوان بەرداشی فاشیزمی ئێرانی و تورکی خەریکی هاڕینە. ئەم ڕەوشە بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوو خێراییەکی زۆرتری پێوە دیارە و ئاسەواری زۆر نەرێنی لە گوشاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، هەڵاواردنی سیستماتیکەوە بگرە هەتا سەرکوتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بەڕوونی دیارن. بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتی بەر باس و بەرچاوڕوونی زۆرتر پێویستە تیشک بخەینە سەر هەندێ تایبەتمەندیی حەشیمەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم ناوچەیە. ناوچەی بەر باس لەژێر ناوی "ئازەربایجانی غەربی" لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا ناسێندراوە و لە سنوری شارستانی بۆکانەوە هەتا ماکۆ ڕووبەری هەیە. دانیشتووانی پارێزگا بەپێی ئاماری ناوەندی ئاماری ئێران لە ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا ٣/٢٥٠/٠٠٠ کەسە. بەپێی ڕێژەی گەشەی حەشیمەتیش بۆ ئێستا ٣/٥٠٠/٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێ. پێکهاتەی دێمۆکرافیکی ناوچەکە بریتیە لە کورد، تورکی ئازەری، ئاشوری و ئەرمەن. بەربڵاویی دانیشتووانی کورد لە ناوچەی باشوری پارێزگا ناسراو بە موکریان (بۆکان، سەردەشت، مەهاباد، پیرانشار و شنۆ) بەتەواوی کوردە. بەپێی پێشبینیی حەشیمەتیی ناوەندی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاماری ئێران بۆ ساڵی ۱٤۰۰ دانیشتووانی ئەم دەڤەرە ۸۸۵۰۰۰ کەسە کە دەبێتە ڕێژەی ۳٤٪ گشتی حەشیمەتی پێشبینیکراوی پارێزگا لە ساڵی ۱٤۰۰.  باقی دانیشتووانی پارێزگا تێکەڵەیەکە لە هەموو پێکهاتەکان.

دێمۆگرافیی کورد لە ناوچەی موکریانەوە بە نزیک تەواوەتیی کورد لە باشوری پارێزگاوە دەست پێ دەکا و هەمووی ناوەندە حەشیمەتییەکانی کەمەرەی ڕۆژئاوای پارێزگا بەدرێژایی سنووری باشوور و باکووری کوردستان لەخۆ دەگرێ. دانیشتووانی تورکی پارێزگا لە شارستانەکانی تیکاب، سایینقەڵا و میاندواو لە کەمەرەی ڕۆژهەڵاتی پارێزگا (دەور لێواری ڕۆژاوا و باشووری گۆڵی ورمێ) بە شێوەی دوورگەیی دابەش کراوە. واتا خاک و عەرزی بەسەر یەکەوەیان نییە. هەر لە میاندواوە هەتا ماکۆ حەشیمەتی تورک پتر جێگیر لە شارەکانە و قووڵایی جوغرافیایی دانیشتووانی زۆر کەمە. لەنێوان میاندواو بۆ نەغەدە و لە نەغەدە بۆ ورمێ و لە ورمێ بۆ سەلماس تەواو دابڕانی حەشیمەتی دیارە و جگە لە چەند دێهات ناوەندی حەشیمەتیان نییە. بۆ نمونە لە نەغەدە لە لێواری گۆڵی ورمێ بۆ دوورترین دێهاتی تورکنشین کەمتر لە 20 km دەبێ و لە ورمێش کەمتر لە 30 km هەتا دێهاتی بەند. لە سەلماس و ماکۆش پەرتەوازە دێمۆگرافییەکان هەر ئاوایە.

دیاریکردنی ڕێژەی وردی حەشیمەتی پێکهاتەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەرژمێری لەسەر ئەساسی پێکهاتەکان نەکراوە یان لانیکەم بڵاو نەکراوەتەوە ئەستەمە. بۆیە تەنیا بەپێی ئامارەکان و ڕێژەی بڵاوکراوی خۆی سازمانەکانی دەوڵەتی وەکوو فەرمانداری و ئۆستانداریی‌یەکان دەکرێ ڕێژەیەکی نسبی بە دوو سنووری لانیکەمی و لانی زۆری دیاری بکرێ. حەشیمەتی کورد لانیکەم ۱/۸۰۰/۰۰۰ کەس واتا سەتا ۵۱ و لانی زۆر سەتا ۷۰ی پارێزگا دەخەمڵێندرێ. فاکتەرە دەخیلەکان نێو ئەم بەراوردە بەکورتی ئەمانەن؛ ڕێژەی ۳٤٪ موکریان، دابەشکاریی ڕێژەی پێکهاتەکان بۆ نمونە فەرمانداریی نەغەدە، حەشیمەتی گوندنشینی شارەکانی وەکوو خۆی و سەلماس، ئەنجامی هەڵبژادنە جۆراوجۆرەکان بۆ نمونە لە ورمێ. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوە دەوڵەتییەکان کە تەواو موغریزانەن لانیکەمی ڕێژەی حەشیمەتی ۵۱٪ دەردەکەوێ و ئەنجامی ڕاستکردنەوە لەسەر ئەساسی بۆ نمونە ڕێژەی حەشیمەتی گوندەکان کە دیارن کوردن و ڕێژەیەکی گریمانەیە (لە ۱۰٪ بۆ ۳۰٪) حەشیمەتی شاری لە شارەکانی خۆی و ماکۆ و سەلماس ڕاستکردنەوەی حەشیمەتی ورمێ بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ڕێژەی نزیک بە ڕاستی ۷۰٪ دەردەکەوێ. باقی حەشیمەت زۆرینە تورک و کەمینە (کەمتر لە پەنجا هەزار کەس) ئاشوری و ئەرمەنن.

## لە ڕووی مێژوویی

دیارە هەندێ بەڵگەی مێژوویی سەبارەت بە دانیشتووان و پێکهاتەی دێمۆگرافی هەن وەکو سیاحەتنامەکان و هەندی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرچاوەی دیکەش. بەڵام لێرەدا دوو بەڵگەی مێژوویی سەبارەت بە دۆخی دێمۆگرافیکی ئەو ناچانەی دەخرێنە بەر باس. بەلگەکان بریتین لە دوو نەخشەی جوغرافیایی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە.

نەخشەی یەکەم ئەرتەشی تێزاری ڕووسیە بەرهەمی هێناوە لەژێر چاودێریی ئەفسەرێک بە ناوی کۆلۆنێل ڤلادمیر کارتۆسۆڤ لە ژێر سەردێری "شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکان."
ئەم نەخشەیە لەژێر نەخشەی جوغرافیایی گشتی- دێمۆگرافیک پۆلێن بەندی دەکرێ. نەخشەکە زانیاریی وردی سەبارەت بە زانیاریی جوغرافیایی، ناوی شوێنەکان، سنووری ویلایەتەکان، سنووری ئیمپراتۆرییەکان و بەوردی حەشیمەتناسیی کوردستانی تێدا بەردەست دەکەوێ. نەخشەکە پەرتووکێکی پەنجا لاپەڕەشی دەگەلە کە نێوەرۆکەکەی بریتییە لە مێژوو، ستراکچێری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان کە سەرجەمی بە زمانی ڕووسییە و بەداخەوە نووسەری ئەو دێرانە هیچ وەرگێڕێکی دەست نەکەوت. لە ساڵی چاپی کتێبەکەوە (١٨٩٦) دەردەکەوێ کە نەخشەکەش هەر ئەو ساڵە چاپ کرابێ.

لە بەشی ڕینوێنیی نەخشەکە کوردانی سوونی، عەلەوی، ئێزدی و هەروەها ئەرمەنەکان و ئاشوورییەکان بە ڕەنگی جۆراوجۆر دیاری کراون. لە باکووری ناوچەکە کە بە تەتبیق لەسەر نەخشە سەر هێڵەکانی ئێستاکە شاری قەرەزییادین و خۆی دەکەونە سنووری کوردستان و ئازەربایجان هەڵبەت زۆر ڕوون نییە کە ئایا ڕێژەی کورد لە خودی شاری "خۆی" چۆنە. بەڵام بە گشتی دەردەکەوێ جگە لە لێوارەکانی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ کە وا پێدەچێ تورک و ناوچەیەکی بچووکیش ئاشووری یان کلدانی بن، هەتا ڕادەیەکی زۆر یەکدەست کوردە.
نەخشەی دووهەم هی ئەنجومەنی جوغرافیایی شاهانەی بەریتانیایە. نەخشەکە لەسەر سایتی کتێبخانەی گۆنگرێسی ئەمریکا بەردەستە لە ژێر نێوی:

"Map of eastern Turkey in Asia, Syria and western Persia"

نەخشەی بەردەست ڕێکەوتی چاپی یەکەمی دیار نییە. نەخشەکە لەژێر سەرپەرستیy ژێنڕاڵ ماونسێل بەرهەم هاتووە بەو پێیەش کە نەخشەیەکی تۆپۆگرافیکی بە ناوی کوردستان بە ناوی ئەم ئەفسەرە بەردەستە، وا پێدەچی ساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدە و بە تەخمین ١٨٩٢ کارکردن لەسەری تەواو بووبێ. ناوی سەرەکی نەخشەکە دیار نییە و تەنانەت سنووری وڵاتەکانیش وا دیارە دواتر پێوە زیاد کراوە. بەڵام بەگشتی گۆڕانکاری بنەڕەتیی تێدا بەدی ناکرێ.
نەخشەکە زانیاریی وردتری بەنیسبەتی نوسخەی ڕووسیی بە دەستەوە دەدا.

بە گشتی زاڵبوونی حەشیمەتی کورد بەڕوونی لە هەردووک نەخشەکەدا بەرچاوە و گۆڕانی دێمۆگرافیک لە ساڵانی دواتردا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕووی داوە. گۆڕانی دیمۆگرافیک بە گشتی بۆ چەند خاڵ دەگەڕێتەوە:

**یەکەم**، ناوچەی ورمێ لەژێر فەرمانی وەلیعەهدی شایەکانی قاجاردا -کە لە تەورێز نیشتەجێ بوون- بووە و ئەو ناوچانەش دوای شەری چالدێران وەکوو کەمەرەی ئەمنی هەردووک ئیمپراتۆریی سەفەوی (دواتر قاجار) و عوسمانیدا سەیری کراوە و خەڵکەکەی بە یاخی لە هەر دووک حکوومەت زانراوە. بەو پێیەش حاکمان و دەسەڵاتدارانی تورک بوون.

**دووهەم**، شەڕی جیهانیی یەکەم بوو بە هۆکاری قات و قڕانی و کۆچی هەندێ خەڵکی تورکی بەری ڕۆژهەڵاتی ورمێ بۆ کوردستان.

**سێهەم**، دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی سمایل‌ئاغای سمکۆ بە گشتی کورد لە شارەکانی ورمێ، سەلماس، خۆیی و... زۆر بە کەمی نیشتەجێ بوون و بە زمانیتر نیشتەجێبوونیان لە شارەکان قەدەغە بووە. هەڵبەت دوای شەری جیهانیی دووهەمیش کۆچی تورکانی بەری ڕۆژهەلاتی گۆلی ورمێ بۆ کوردستان هەر بەردەوام بووە.

## دۆخی ئێستا

حکوومەتی شایەکانی قاجار کە خۆیان تورک بوون، پێکهاتەی تورکی وەکوو ئامرازی کۆنترۆلی سەرهەڵدانی کوردان بەکار هێناوە و هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییش هەر ئەو ڕێچکەیان گرتۆتە بەر.

بۆ ئەم مەبەستەش ئیمتیاز و ئاسانکاری زۆر بۆ ئەو کەسانە کراوە کە کۆچیان بۆ ئەو ناوچانە کردووە. دۆخی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی شەڕی نەغەدە کێشەکی لەباری بۆ ئاژاوەنانەوەی ئەتنیکی ساز کرد. هەرچەند پێکدادانی خەڵکی سڤیل بە گشتی زۆر کەم بووە، بەڵام تەبلیغات و پرۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بێ کاریگەر نەبووە لە سازکردنی دڕدۆنگی و دوورکەوتنەوەی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە. بەگشتی کورد لە دوای کۆماری کوردستانەوە هیچ پۆست و بەرپرسایەتییەکی ئەوتۆ و گرینگیان لە بەڕێوەبەریی ناوچەکە و تەنانەت پارێزگای ورمێشیان نەبووە. دواهەمین پۆستی پشکی کورد لە ورمی بەڕێوەبەری ئیدارەی گشتیی وەرزش بووە.

لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵی ڕابردوودا سەرهەڵدانی بیری شوناسخوازیی تورک لە ناوچەکە دۆخەکەی شپرزتر و ئاڵۆزتر کردووە. بیری شوناسخوازی تورکی لەژێر کارتێکەریی ئیدیۆلۆژیی کەمالیزم و پانتوورانیزمی پارتە پاشوەرۆکانی تورکیە لە ڕێگەی هەندێ ڕووناکبیری تورکی ئێرانەوە لە کۆمەڵگەی تورکی ئێراندا تەشەنەی سەندووە. ئەو ئیدۆلۆژییە بە سڕینەوەی توخمی مەزهەب سنووری بڕی و ئاودیوی ئێران و ئازەربایجان بووە. ئەساسی ئەم فکرەیە ناسیۆنالیزمێکی ڕۆمانتیستی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێرشبەر و ڕەقە. بە هۆی ئەوەی ئەسڵی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا بنەمای ئەم ناسیۆنالیزمەیە، لە ئەساسدا بوونی ئەویتر قبوڵ ناکات و هەوڵی دوژمن سازکردن لە خەڵکانی غەیری تورکە لەو جوغرافیایەی ئەوان پێی دەڵێن تووڕانی گەورە. هەڵبەت لە گەمە ستراتیژەکانی نێوان ئێران و تورکیەدا، تورکیە پەرەپێدانی ئەم ئایدیایەی وەکو چەکێک دژی ئێران بەکار هێناوە. خاڵی یەکتربڕی ئیدئۆلۆژیی پانتورکیزم و کۆماری ئیسلامی، دژایەتیی کوردە کە ئاماژە کرا لە نێوئاخنی خۆی ئیدۆلۆژییەکەدا شاراوەیە.

ڕێگەپێدان بەم ئیدۆلۆژییە کە بە نووسراوە و تەنانەت چاپی کتێب و بڵاڤۆک پرۆپاگاندای بۆ دەکرا وەک ڤیروس لەنێو کۆمەڵگەی تورکی تەشەنەی کرد. ئەم بەشەی بانگەشەی بۆ دەکرا نە داوای سیاسیی دیاریکراو و نە ئاگاییدان بە نیسبەت مەسەلەی نەتەوەیی، بەڵکە مێژووسازیی درۆیین و سازکردنی دوژمنی وەهمی بوو. ئەو دوژمنەش لە پلەی یەکەم کورد و دواتر ئەرمەن و فارسن. ئاکامی تەشەنەی ئەم بیرە شتێک نییە جگە لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناس و بوونی کورد لەو ناوچانە. گۆڕینی ناوی جوغرافییە کوردییەکان، مێژووسازیی درۆ کە خۆی کۆماری ئیسلامییش پەرەی پێ دەدا، هەڵاواردنی بەکۆمەڵ و گوشاری چەند قات لەسەر کورد بەشێک لە ئاکامی ئەم سیاسەتە پاکتاوکردنە نەرمەیە. بەپێی هەندی زانیاری بۆ نموونە لە کۆی چەند هەزار کارمەند و کرێکارانی شارەداری ورمێ ژێر سەت کەسی کوردن. ئەوەش جگە لە هەڵاواردنی پێکهاتەی کوردە لە هەموو بوارەکان و تەنانەت خزمەتگوزاری شاریش. دۆخی نالەباری ئابووری کورد تەنانەت ڕێژەی تاوانیشی یەکجار بەرز کردۆتەوە و مانگ نییە چەندین کەس سزای ئیعدامیان بە هۆی تیوەگلان لە بازرگانیی مادەی هۆشبەر لەسەر جێبەجێ نەکرێ. بێهیوایی لە داڕۆژ تەنانەت ڕێژەی خوێندەوارییشی لەو ناوچانە دابەزاندووە.

## کۆتا قسە

دۆخی نالەباری ئەو ناوچانە و سیاسەتی خۆپارێزانەی ئاوێتەی عەقڵییەتی پێویستیی وێکهەڵکردنی دێموکراتیکی حیزبە سیاسییەکان، ئیلیت و بەگشتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داهاتووی ئەو ناوچەیەی کە هەمیشە کۆڵەکەی شۆڕشی کوردستان بووە بەرەو دۆخێکی نادیار بردووە. بۆیە پێویستە بە وەلانانی سیاسەتی پەسیڤ و بە تەئکید لەسەر بنەما دیمۆکراتیکەکان چالاکانە دەور بگێڕدرێ و تەبلیغی چارەسەری دێمۆکراتیک و ڕێزدانان بۆ مافی یەکتر بکرێ و چاوەڕوانییش ئەوەیە دۆخی ئەو حەشیمەتە بەرچاوە لە سیاسەتەکانی کوردستانیدا ڕەنگدانەوەی هەبێ.

١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## خالید عەزیزی: خەباتی ئێمە بۆ ئەوەیە نەهێڵین کۆماری ئیسلامی لە ستراتیژیی خۆیدا کە دوورخستنەوەی سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی لە نیوخۆی ئێرانە سەرکەوتوو بێت



**ئاماژە:** ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفۆرتی ئاڵمان دوو هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" و "هاوپێوەندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفرانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە برد. ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاندبوو ئەمانج لە بەڕێوەبردنی ئەو کۆنفرانسەی "لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک" فەرمیکردنی گەلاڵەیەک لەژێر ناوی ئەسلەکانی هاوبەش بۆ وتوویژ لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک بووە. ئەم کۆنفرانسە لە سێ بەش پێکهاتبوو. لە بەشی یەکەمدا بنەماکانی گەلاڵەکە خوێندرانەوە و لە بەشی دووهەمدا بەڕێزان مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکی پێشکێش کرد و لە بەشی پرسیار و وەڵامی کۆنفرانسدا خالید عەزیزی وەک نوێنەری دوو هاوپەیمانیی واژۆکەری ئەو گەلاڵەیە لەسەر ئەسلە هاوبەشەکان وڵامی سەرنج و پرسیاری بەشدارانی دایەوە .

لە بەشی سێهەمی کۆنفرانسەکەدا خاتوو موونا سیلاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەهواز؛ پەرویز نەویدی لە حیزبی چەپی ئێران؛ ئومای ڕادمێهر لە حیزبی دێموکراتی ئازەربایجان؛ دوکتور حەسەن لاجوەردی و مینا خانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چالاکی فێمێنیست باسی سیاسییان پێشکێش کرد. لە پانێلی کۆتایی کۆنفرانسەکەشدا کاک حەسەن شەرەفی و یوونس شاملی بە نوێنەرایەتی لە دوو هاوپێوەندییەکە وڵامی پرسیاری بەشدارانی کۆنفڕانسەکەیان دایەوە.

لە پەراوێزی کاری کۆنفڕانسەکەدا "کوردکاناڵ" وتووێژێکی لەسەر بۆچوونەکانی حیزب لەسەر ئەو گەڵاڵەیە لەگەڵ خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهێناوە کە "کوردستان" پوختەکەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**کوردکاناڵ**: کاک خالید ئەوە یەکەمین کۆنفڕانسە کە لەلایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە بە بەشدارییی بەشێک لە لایەنە فارسەکان بەڕێوە دەچێ. دەتوانرێ چاوەڕوان بکرێ بەم زووانە هاوپەیمانییەکی فراوان و گەورە دژبە ڕێژیمی ئێران پێک بهێنرێ؟

**خالید عەزیزی**: **یەکەم**، ئێمە لایەنە سیاسییە کورد و غەیرە کوردەکان دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە هیچ لایەکمان بەتەنیا ناتوانین ئەو نیزامە لەنێو بەرین.
**دووهەم**، دەبێ ئەو ڕاستییەش بە پێداگرییەوە قبووڵ بکەین کە پێویستیمان بەوەیە بەیەکەوە، لە دەوری یەک کۆ بینەوە و ئاڵترناتیڤێک لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. سێیەم، لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، خەڵک لەنێوخۆی وڵات بە هەموو چین و توێژەکانەوە، ئەوەی لە دەستیان هاتووە لەدژی ئەو نیزامە کردوویانە. بەڵام نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا بە خۆپیشاندان ناڕووخێ و، دەبێ ئاڵترناتیڤی هەبێ. کۆبوونەوەی ئەمڕۆ بۆ ئەوە بوو ئێمە چۆن بتوانین و چۆن دەتوانین ئەو ئاڵترناتیڤە دروست بکەین؟ ئەو لایەنانە کە بەیەکەوە ئەو گەڵاڵەیەمان هێناوەتە گۆڕێ، ئەمڕۆ لە باسەکاندا ڕامانگەیاند کە ئەو گەڵاڵەیە هی ئێمەیە و کاتێک ئەو گەڵاڵەیە خەڵکێکی زۆرتر لە دەوری کۆ ببێتەوە، ئەوکات دەتوانین نەخشەڕێگای سیاسیی داهاتووی خۆمان بخەینە قۆناغێکی دیکەوە .

هەڵبەت بەخۆشیەوە ئەمڕۆ لە ڕوانگەی جۆراوجۆرە ئەو باسە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە هاتە گۆڕێ. ئێمە مەرجی قورسمان دانەناوە، گوتوومانە دەبێ لە لانیکەمەکان دەست پێ بکەین و لەوێ بەیەکەوە ڕێکەوتن بکەین؛ دوایە وردە وردە بچینە سەر ئەو شتانە کە خاڵی سەرەکین. گرینگ ئەوەیە، ئێمە لەو بابەتانەوە دەست پێ بکەین کە لەسەریان کۆکین، نەک ئەو بابەتانەی جیاوازیی زۆرمان لەسەریان هەیە .

**کوردکاناڵ**: خەڵک چاوەڕوانیی یەکگرتوویی زیاتری لە هێزە کوردییەکان هەیە. چاوەڕوان بوون ناوەندی هاوکارییش بەرفراوانتر بێ. لە وەڵامی ئەو چاوەڕوانییەدا حیزبی دێموکرات ڕای چییە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**خالید عەزیزی**: ستراتیژیی ئێمە بۆ داهاتووی ئێران لەڕاستیدا ئەوەیە کە تێبکۆشین هەموو لایەنەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. ناوەندی هاوکاری کە کاتی خۆی دامەزرا و بەرهەمی هاوکاریی چوار لایەن بوو، لەو دواییانەدا ئەو چوار لایەنە بوون بە دوو لایەن و لەو دواییانەدا لەپێوەندی لەگەڵ چەندوچۆنیی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان لە ئێران و چۆنیەتیی یارگیری لەنێو لایەنە غەیرەکوردەکاندا، ڕاستییەکەی کۆمەڵێک کێشە و ناکۆکیمان لەنێواندا دروست ببوو. ئەمن پێموایە بە حوکمی ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، باسگەل و ڕووداوی سیاسیی زۆر هاتووەتە گۆڕێ و ڕێگاچارەیان دەوێ و ئەو ڕێگاچارانەش پێویستییان بە بیرکردنەوە و بەدواداچوون و ئەوانەیە، سەیر نییە جاروبار لەگەڵ کێشە و ناکۆکییش ڕووبەڕوو بین. بەڵام ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو بابەتانە تێدەکۆشین بە هەست بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵسوکەوت بکەین و پتر بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن بتوانین ئەو جیاوازییانە مودیرییەت کەین، واتە پێکەوە دانیشین و قسەیان لەسەر بکەین و جیاوازییەکان نەبێتە هۆی لێکترازانێکی زۆرتر و دووریی زیاتر. بەڕوونی لەبارەی ناوەندی هاوکارییەوە، بەڵێ ئێمە لە هەوڵداین تا لە چوارچێوەی ئەو ناوەندەدا باس و گفتوگۆی زیاتر بێنینە گۆڕێ بۆ ئەوەی کە ناوەند بتوانێ بگاتە شوێنێک و ببێتە ستاتویەک کە کۆدەنگیی پتری تێدا بێ و خەڵکێکی زیاتر خۆی تێدا ببینێتەوە. یان ئەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان کۆ ببینەوە بۆ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی گشتگیرتر پێک بێنین. یەکساڵی ڕابردوو زۆر باسگەلی بەیەکەوە هێنایە گۆڕێ و ئێمە چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد. بۆیە ئەمە تاقیکردنەوە و ئەزموونێک بوو بۆ ئێمە. هەمووی ئەوانە دەبێ بەدواداچوونیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی لەژێر ئەزموونی یەکساڵی ڕابردوودا بەرچاوڕوونیمان هەبێ و مێتۆد و شێواز و ڕێگاچارەی دیکەش بێنینە گۆڕێ .

**کوردکاناڵ**: وەک دەزانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و جیهاندا هاوکێشەکان دۆخی نوێیان خوڵقاندووە. بۆ نموونە کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە ناگۆرنۆ یان ئارتساخ، شەڕی ئۆکراین کە ڕێژیمی ئێرانیش بە فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ڕووسیە لەم شەڕەدا بەشدارە. دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران لە یەمەنیش یارمەتیی حووسیەکان دەکات و دۆخی ئێستای ناوچەکەش کە دەبینین بەتەواوی شڵەژاوە. کورد چۆن دەتوانێ ئەم هاوکێشە نوێیانە لە بەرژەوەندیی خۆیدا بقۆزێتەوە؟

**خالید عەزیزی**: ئەو پرسیارە دوو سێ لایەنی هەیە. لایەنێک ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە بەراورد لەگەڵ جاران، کێشە و شەڕی ناوچەیی لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیی زۆر تێدا هەیە. دەکرێ بڵێین هێندێک لەوانە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر پێوەی سەرقاڵە، بەتایبەتی مەسەلەی ئۆکراین. لەنێوان شەڕی ئۆکراین و ڕووسیەدا ڕاستییەکەی ڕێژیمی ئێران بێلایەن نییە. لەو شەڕەدا بەکردەوە ڕێژیمی ئێران کەوتووەتە دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا و تا ئەو جێگایەی پێوەندی بەو شەڕەوە هەیە. کێشەکانی دیکە ناوچە لەنێوان ئازەربایجان و ئەرمنستان و ئەو کێشانەی دیکە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕێدا هەیە. لە هەمووی ئەو کێشانەدا ڕێژیمی ئێران کەم و زۆر دەستی هەیە. ستراتیژیی ئێران ئەوەیە جیهان نائەمن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێ، شەڕ و کێشە لە دەرەوی سنوورەکانی زۆرتر بن و جیهان بە کێشەکان و ئەو ناکۆکییانە سەرقاڵ بێ تا بەو جۆرە سەرنجیان نەکەوێتە سەر نێوخۆی ئێران و ئەوە کە لە نێوخۆی ئێراندا چ ڕوو دەدا. ئەوە بەشێکە لە فەلسەفەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و سەرقاڵکردنی ناوچەکە. بەڵام ئەوە بۆ کورد چیی تێدا هەیە؟ لەڕاستیدا کێشەی کورد تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە لەو باوەڕداین کە ئەو کێشانە لەنێوخۆی وڵاتدا چارەسەر دەبن. پرسی کورد لە ئێران پرسی خەبات بۆ دێموکراسی و سەقامگیرکردنی ئێرانێکی دێموکراتیک و ئازاد و فیدراڵە، لەوەشدا ئێمە خەریکی یارگیری و کارکردنین. هەر لەو کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا هاتووین بڵێین ئێمە ئێرانییەکان بە هەموو نەتەوەکان، کێشەی خۆمان بەیەکەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی مودیرییەت بکەین و لەوێ چارەی بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ ئێران هەیە و بە عەقڵییەتی ئێمە و لە چاوی ئێمەمەوە، سەیری ئێران ناکەن. ئەوان لە سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا لە هاوکێشەکان دەڕوانن و تەبیعەتەن لەوێدا ئەولوییەتەکە ئەوەیە کێشەی دیکە نەیەتە پێشێ .

بەڵام ئەوە کە کورد بە گشتی لەوە چۆن کەڵک وەردەگرێ؟ پرسی کورد، پرسێکە لە چوار وڵاتی جیاوازدا و لە هەر وڵاتەش ڕێکار و تەبیعەت و سرووشتی خۆی هەیە. لە ئێران بەمجۆرەیە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ لایەنەکانی دیکە لە هەوڵداین لە پرۆسەی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی ئێرانی داهاتوو دەورمان هەبێ و کاریگەری دابنێین و لەو پرۆسەیەشدا مەسەلەی کورد و سیاسەتی خۆمان بێنینە گۆڕێ. سووریە تەبیعەتی خۆی هەیە و عێراق و تورکیەش هەروەتر و ئێمە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانەدا ناکەین و پێمان وایە ئەم بەشانەی کوردستان حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خۆیان هەیە. بۆیە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات، بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێرانەوە هەیە، چۆن زۆرترین دۆست و هاوپەیمانمان هەبێ، چۆن ئەزموون لە خەباتی ساڵی ڕابردوو وەرگرین و، چۆن نەهێڵین ستراتیژیی ئێران کە دەیەوێ مەسەلەی ئێران لەنێوخۆی وڵاتدا داپۆشرێ و پرسی کورد و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کورد بە لاڕێدا بەرێ و لەژێر کاریگەریی سیاسەتی کەلانی نێودەوڵەتیدا سەرنجەکان لەسەر ئەو باسە دوور بخاتەوە، ئێمە نەهێڵین ئەو شتانەی بۆ بچێتە سەر. بەهەرحاڵ ئێمە لەوانە غایب نین، بێتەفاوت نین و لەگەڵی دەڕۆین و لە هەموو بەشەکان مەبەستم پێوەندیدار بە ئێران کە لەوێدا حیزبی دێموکرات قسەی خۆی هەبێ و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێرانی تێدا باس بکەین .

١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا و ئارمیتا، هەوێنی یەکگرتوویی کوردستان



**هیوا کوردی**

بە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی لە ٢٥ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی لە تارانی پێتەختی ئێران و بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، چەخماخەی ڕابوونێک لێ درا کە نەک هەر خاکی کوردان، بەڵکوو هەموو وڵاتی ئێرانی تەنییەوە و پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە یەک ساڵ تا هەنووکەش دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەدەس دواهاتەکانی ئەو ڕابوونەوە دەناڵێنێت. سەرەڕای هەموو فاکتەرەکانی لێکگرێدراو کە بوونە هۆی کارەساتی شەهیدبوونی ژینا، ژن بوون و کوردبوون ئەو دوو توخمە سەرەکییە بوون کە کۆماری ئیسلامی هیچکات پێشبینیی نەدەکرد کە ئاوەها ببێتە هۆی یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ببێتە پریشکەیەک بۆ تەقاندنەوەی ڕق و تووڕەیی چەندین ساڵ پەنگخواردووی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران. شۆڕشی ژن ژیان ئازادی ئەو ڕووداوە مەزنە بوو کە کۆمەڵگای کوردستان و ئێرانی بە تەواوی گۆڕی و ئاسەوارەکانی ئەم شۆڕشە بە تایبەت لە کوردستاندا لەسەر کۆمەڵگا بە ڕوونی دیارە. ڕەهەندێکی گرنگی شۆڕشی ژینا کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی چەندین هەنگاو بەرەوپێش برد ئەو بابەتە بوو کە ژینا وەکوو ژنێکی کورد کە بە دەستی دەسەڵاتی تاران شەهید کرا، بووە هۆی یەکگرتوویییەکی بێهاوتا لە نێوان نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەلایەک و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکی دیکەوە. ئەگەر سەردەمێک کاربەدەستانی دەسەڵاتی تاران ئیدعایان دەکرد کە سەری مارەکە(واتە بزووتنەوەی کورد) لە مەهابادە و بۆ بێدەنگکردن و کوژاندنەوەی ئەم بزووتنەوەیە پێویستە ئەو سەرە لەنێو بەرین، ئێستا ئیتر دڵنیاین کە خەباتی میللی- دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە سەری هەیە کە هیچ دەسەڵات و دەوڵەتێکی ملهوڕ و داگیرکەر ناتوانێت خۆی لە بەرانبەریدا بگرێت. ئێستا ئیتر دڵنیاین کە چەندە سەقز و سنە و مەهاباد داشداری خەباتی نەتەوەیی کوردن هەر ئەوەندەش ئاودانان و شائاباد و هەرسین پارێزەری خەباتی میلیی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا دیسانەوە کچێکی دیکە هەر لە ڕەگەزی ئەم نیشتمانە و هەر بە چەشن و هاوشێوەی ژینا لە شاری تاران لەبەر نەبوونی حیجابی زۆرەملێ کەوتە بەر لێدان و ئێستا لەسەر تەختی نەخۆشخانە بە ڕێژەی هۆشیاری خوارەوە خەوێندراوە. ئەوەی کە جێگای تێڕامانە شێوەی لێدانی ئارمیتا و کەوتنی لەسەر تەختی نەخۆشخانە ڕێک وەبیرهێنەرەوەی دۆخی ژینایە و حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش بە ترس و لەرزەوە هەموو توانای خۆی خستۆتە کار تاکوو جارێکی دیکە ژیلەمۆی شۆڕشی ژینا بڵێسە نەکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە دایک و بابی ئارمیتا گراوەند کە دڵنیگەرانی چارەنووسی کچەکەیانن لەلایەن دەسەڵاتی بێشەرم و ترسنۆکی کۆماری ئیسلامییەوە کەوتوونەتە ژێر زیاترین چاودێری و زەبروزەنگەوە بۆ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی دۆخی کچەکەیان بۆ ڕاگەیاندنەکان نەدرکێنن. لەم هەلومەرجەدا پێویستە بە وەبیرهێنانەوەی ئەو جێگەوپێگەی کە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە پێشەنگەکانی ئەو لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا نیشانی هەموو دونیایان داوە، بە هەست بە بەرپرسیاریەتی و شێلگیرانە، بەدواداچوون بۆ باروودۆخ و چارەنووسی ئارمیتا بکەن. پێویستە ئەو خۆبەخاوەنکردن و پشتیوانیکردنەی کە خەڵکی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا بۆ ژنبوون و کوردبوون لە خۆیان نیشانیان دا دیسانەوە وەبیر بهێنرێتەوە بۆ ئەوەیکە چیدیکە ژیناکان و ئارمیتاکان بە پاساوی بێبنەمای نەبوونی حیجاب نەکەونە ژێر لێدان و کوتانی مەئموورانی دەوڵەتی، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی خاکی کوردستان.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو بووەتەوە ئارمیتا گراوەند لەلایەن باوکەوە سەر بە هۆزی گراوەند و خەڵکی کووهدەشت و لەلایەن دایکەوە خەڵکی سەراوڵەی سەر بە پارێزگای ئیلامە، واتە ئەو جێگانەی کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لەگەڵ باقی شوێنەکانی کوردستان بەشدار بوون، بۆیە پێویستە هەموو خەڵکی کوردستان و چالاکانی مەدەنی بە شێوەیەکی یەکگرتووانە خاوەنداریەتی لە چارەنووسی ئەم کچەی نیشتمان بکەن. حەقیقەتێک کە هیچکەس و لایەنێک ناتوانێت نکۆڵیی لێ بکا ئەوەیە، کە مێژوو و کولتوور و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناسنامەی ئەو خەڵکانەی لە زاگرۆسدا دەژین لە کورد و لوڕ و لەک و بەختیاری بە شێوازێک لە درێژەی مێژوودا لە تانوپۆی یەک تەنراوە کە ئاستەمە بتوانرێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکرێت، بەڵام ئەوەی کە جێگای داخە بە هۆکاری نەبوونی دەسەڵاتێکی خۆیی و نەکێشرانی گۆڕەپانی خەبات بۆ ناوچە لوڕ و لەکنشینەکان و پڕۆپاگاندای دەوڵەتانی داگیرکەر تا ڕادەیەکی زۆر ئەم ناوچانە لە کوردستان دابڕاون. هەر بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە نەفەسێکی کوردستانی و بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و هەستیارانە، بە جەختکردن لەسەر بنەما دێموکراتیکەکانی خەباتی نەتەوەیی کورد و خاڵ و بنەما هاوبەشەکانی نێوان هەموو پێکهاتەکانی زاگرۆس، یەکگرتووانە پاشەکشە بە ملهۆڕییەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن و هەرچی زیاتر گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی کوردستان پان و بەرینتر بکەن. پێویستە ژیناکان و ئارمیتاکان ببنە ڕەمزێک بۆ بنیادنانی نیشتمان، نیشتمانێک پڕ بە باڵای ژن و ژیان و ئازادی.


١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەهێزتربوونەوەی ئەگەری شەڕی جیهانیی سێهەم و ئێمەی کورد



**شەماڵ تەرغیبی**

٧ی ئۆکتۆبر کە هەندێ کەس وەک یازدەی سێپتامبری ئیسراییل ناوی لێ دەهێنن یەکێک لەو ڕووداوە گرینگانەیە کە ئەگەری تەشەنەسەندن و پەرەگرتنەکەی تا دێت زیاتر و زیاتر دەبێ؛ بەو ڕادەیە کە هەندێ چاودێری سیاسی وەها وێنای دەکەن کە لە ئەگەری بەردەوامبوونی، بۆی هەیە ببێتە شەڕێکی بان ناوچەیی و وەک شەڕی سێهەمی جیهانی ناوی لێ دەبەن.

دوابەدوای دەسپێکردنی مووشەکبارانی شارەکانی ئیسرائیل لەلایەن حەماس و دژکردەوەنیشاندانی ئەم وڵاتە، دیتمان کە لە ئاستی جۆراوجۆردا وڵاتانی جیهان و ناوچە و هەروەها سەرکردەی بەشێک لە حیزب و گرووپ و ڕێکخراوە چەکدارەکانی ناوچە هەڵوێستیان نواند؛ یان لاگیری خۆیان لە یەکێک لە دوو لایەنی شەڕەکە ڕاگەیاند یان داوای چارەسەریی ئاشتییانەیان کرد.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگی تایبەتی خۆی هەبوو هەڵوێستی پێشبینیکراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە بە پانەوە،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێ گوێدان بە پرەنسیپە ئینسانی و یاساییەکان دژ بە ئیسراییل و بە پشتگیری حەماس ڕایانگەیاند چی لە توانایاندا هەبێ دەیخەنە گەڕ تاکوو شەڕەکە بەردەوام بێت کە ڕوونە ئامانجی ڕێژیم لەم کارە قازانجێکە کە بۆ خۆی وێنای کردووە. ئەمەشیان تەنانەت لە میدیاکانیاندا ڕووماڵ کرد و هەوڵیان دا ڕەوایی میدیایی و شەرعی بە جینایەت و کوشتوکوشتاری خەڵکی ئیسراییل، بە گەورە و بچووکەوە، بدەن.

بەگشتی ئەوەیکە تاکوو ئێستە دەبیندرێ سازبوونی جۆرێک لە جەمسەربەندی لە نێوان وڵاتانی جیهانە؛ لەلایەکەوە وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئامریکا بە پشتگیری ئیسراییل و لەلایەکی ترەوە ڕووسیە و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی! بەڵام لەم نێوانەدا جێگەی ئێران چی دەبێ و دۆخەکە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟ لەلایەکی تریشەوە ئایا ئەو گریمانە کە ئەمە دەسپێکی شەڕی سێهەمی جیهانییە وەڕاست دەگەڕێ؟ و لەکۆتاییدا ئێمەی کورد لە کوێی هاوکێشەکانداین و دەبێ چی بکەین؟ مژاری سەرەکی ئەم وتارەیە کە هەوڵ دەدرێ بە کورتی شەنوکەو بکرێت.

ئەوەیکە ڕوونە ئەم هێرش و پەلامارە بەربڵاوە لە توانای گرووپێکی توندڕەوی وەک حەماس نەبووە و نییە و بەدڵنیاییەوە لە چوارچێوەی قازانجەکانی خەڵکی فلستینیش نییە بەڵکوو ئەوەیکە ڕووی دا بەشێکە لە سیناریۆیەکی گەورەتر کە چەند زلهێزێکی جیهانی و دەوڵەتی ناوچەیی لە پشتە تاکوو زەبر وە پەیکەری هەندێ کرداری دیپلۆماتیکی ناوچەیی بوەشێندرێت. لە بیرمان نەچێ کە هەوڵەکانی ئامریکا و ئیسراییل بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل کە بەدڵنیاییەوە دەتوانێ ببێتە هۆی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیی و بانناوچەیی جێگەی دڵخۆشی هەموو کەس نییە و لەم نێوانەدا کۆماری ئیسلامی زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت هەر بۆیە وەک لە لێدوانەکانی عەلی خامنەیی، چەند ڕۆژ پێش لە شەڕی ئیسراییل و حەماسدا دەرکەوت، ئیزن نادەن هەروا بە ئاسانی و سانایی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسراییل یان ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی ئاسایی ببێتەوە. بەم جۆرەش ڕێژیمی سیاسیی تاران نەیتوانی خۆی بێلایەن بگرێ و بووەتە بەشێک لە شەڕەکە کە پێشبینی دەکرێ بە خۆهەڵقورتاندنی حیزبوڵای لوبنان و میلیشیاکانی عێراق و سووریە کە تاران پشتگیرییان دەکات، لە داهاتوویەکی نیزیکدا زیاتر تەشەنە بکات و پەرە بستێنێ.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی چەند ڕۆژی ڕابردوو و هەڵوێستە فەرمییەکانی وڵاتان پێموایە ئێران هەروا سنووردار درێژە بە شەڕەکە دەدات. ئیسراییلیش بەمجدتر هەڵدەکوتێتە سەر حەماس و غەزە و وەک خۆیان وتیان کارێکی لەگەڵ دەکەن کە تا 50 ساڵی تر وەک خۆی لێ نەیەتەوە. ئەوەیکە ئیسراییل دەیکات لانیکەم لە ئێستەدا ئەستاندنەوەی شکۆی وڵاتەکەیەتی کە کەوتۆتە ژێر پرسیار. ئێران توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی لەگەڵ ئیسراییل نییە بەڵام بەرژەوەندی ئامریکاش کە پاڵپشتی سەرەکی ئیسراییلە لەوەدا نییە کە دۆخی ناوچەکە لەوە زیاتر ئاڵۆز ببێ. هەموو لایەنێک لەسەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بنەمای بەرژەوەندی چالاکی دەکەن جا چ سیاسی بێ، چ دیپلۆماتیک، چ سەربازی. هەربۆیە دەتوانین بڵێین بە مەرجێک کە بەرژەوەندییەکانیان بکەوێتە مەترسییەوە یان وەک ئیسراییل شکۆیان بکەوێتە ژێر پرسیار ئەوا بەرەیەکی جیهانی پێک دێت دژ بە حەماس و هەموو گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان کە کەوتوونەتە بەرەی تێرۆر و دژ بە دنیای ڕۆژاوا ڕاوەستاون.

پرسی ئابووری یەکێک لەو ڕەهەندە گرینگانەیە کە لە کاتی ڕوودانی شەڕ گرینگی زیاتر پەیدا دەکات؛ بەدڵنیاییەوە ئابووریی جیهان بەم شەڕانە تووشی هەڵاوسان دەبێ و گرانی و هەژاری زیاتر لەو وڵاتانەدا کە لە حاڵی شەڕدان یان باری ئابوورییان لاوازە، یەک لەوان ئێران، پەرە دەستێنێ و ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان زیاتر و زیاتر دەبن.

کۆی ئەم فاکت و گریمانەگەلە وا دەکەن مرۆڤ زیاتر بەو باوەڕ و قەناعەتە بگات کە ئەمە دەسپێکی شەڕێکی جیهانییە کە جەمسەربەندییەکانی تا دێت زیاتر خۆیان دەردەخەن. جەمسەربەندییەک کە وەک گوترا لەلایەکەوە وڵاتانی ڕۆژاوایی و لەلایەکی ترەوە ڕووسیە و چین و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی جێیان گرتووە.

ئەوەیکە لێرەدا بۆ ئێمەی کورد زیاتر دەبێتە ڕۆژەڤ و دەبێ تەکوزی لەسەر بکەین لەڕاستیدا هەڵوێستی وشیارانەمانە لەبەرامبەر ڕووداو و پێشهاتەکان تاکوو بتوانین هەلەکان بە خوێندنەوەی دروستی ڕووداوەکان بە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە؛ پێشمەرجی سەرکەوتنیشمان لەم گێژاوەدا کە بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا بۆ ئێران درووست دەبێ بریتییە لە وەلانانی کێشە و گرفتەکان و هەوڵدان بۆ یەکریزترکردنی خەبات و بەهێزترکردنی شار کە چەقی خەباتی ڕۆژهەڵاتە. نابێ لە بیری بکەین کە ئەوەی لە ئێستەدا دەتوانێ پرسی ئێران یەکلایی بکاتەوە تەنیا و تەنیا شەقامە و ئێعتراز و ناڕەزایەتی نێوخۆیی.

بە پۆلێنکراویش ئێمە لە شەڕی نێوان ئیسراییل و حەماس دەبێ ئەم وانەگەلە فێر بین:

١- ئەم شەڕە دەریخست کە بەهێزترین دەوڵەتەکانیش لاوازن و دەکرێ لە لایەن هێزێکی لاوازترەوە گورزیان بەرکەوێ. ئەمەش ڕوویەکی پرسە ئەمنییەتییەکانە لە سەدەی ٢١ دا.

٢- درێژە کێشانی شەڕ بە زیانی حەماس و غەززەیە و بەو پێیەش لۆمەکردنیان بەرفراوان دەبێ، بەچەشنێک کە خۆزگە بخوازن کە ئەو شەڕەیان هەڵنەگیرساندایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٣- بە بێ دەمارگرژی دینی، بیر لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان بکەینەوە و نەبینە لایەنێکی شەڕێک کە شەڕی ئێمە نییە.

٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕی ئاخر زەمان



**ڕێباز کوردستانی**

**لە هێرشەکەی چەند ڕۆژ لەوەپێشی حەماس بۆ سەر ئیسرایل چەند بابەت جێی سەرنج و تێرامان و تەنانەت جێی گومانە:**

**یەکەم؛ دەزگای سیخوڕی ئیسرایل چلۆن پێشتر ئاگاداری هێرشێکی بەربڵاوی حەماس نەبۆتەوە کە بە دەیان و سەدان کەس تێیدا بەشدار بووە، بە هەزاران مووشەک و درۆن و،،، پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوە. یانێ ئەو هەموو جموجوڵە سەربازییە لە پێشدا ئەنجام دراوە و ئەو دەزگایە ئاگادار نەبووە؟ تەنانەت کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە بەڵگە و زانیارییەکی بەربڵاوی لە دەفتەری ناتانیاهۆ وەدەست هێناوە لە حاڵێکدا ناوبراو ئەو هەواڵەی بە هێند وەرنەگرت.**

**دوهەم؛ گۆمبزی ئاسنین و هێزی بەپەلەی ئاسمانی ئیسرایل چلۆن بەرامبەر بە درۆنەکان و پاراگلایدرەکان، لە درێژەی شەڕەکەدا بەرپەرچدانەوەی بە پەلەی نەبوو؟**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سپا و تیکنۆلۆژی سەربازی ئیسرایل لەو بارودخەدا گەرچی وەکوو شکست ڕووبەری پرسیار بوویەوە بەڵام لە داهاتوودا پێدەچی دەسکەوتیشی بۆ هەبێت.

بە هەرحاڵ چەخماخەی شەرێکی درێژ مەوداو و بەربڵاو لێدرا و بە کورتی پێدەچێ ئەو هۆکارانەی خوارەوەی لە پشت بووبێت و ئەو دەرئەنجامانەی بەدواوە بێت.

* باڵانسی سیاسی ناوچەکە لە دوای ئەو ڕوداوە کە بە (یازدەی سیپامبری) ئیسرایل بەناوبانگە، کۆدەنگییەکی جیهانی لە دژی تیرۆریزم و بە قازانجی ئیسرایل پێک دێنێت. دەوڵەتی بایدن کە بە هۆی سیاسەتی مەسڵەحەت خوازانەوە لە تاران نزیک بۆتەوە و لە ئیسرایل دوور کەوتۆتەوە، ئەمجارە دەبێ بەرەیەکی جیهانی ئیسرایل تەوەر پێک بێنێ.

* پرسی ئەتۆمیی ئێران کە پێشکەوتنی بەرچاوی بە دەستهێناوە لە دوای ئەو ڕوداوە زیاتر ڕۆژەڤ دەبێتەوە و ترسێکی جیهانی سەبارەت بە ئێرانی ئەتۆمی درووست ئەبێ کە دەوڵەتانی پێوەندیدار و ئاژانسی ئەتۆمی مەجبوورن چالاکییەکانیان لەو بوارەدا خێراتر کەنەوە.

* جیهانی ئیسلام لە دوای ئەو شەڕە بە سەر دوو بەرەی ئیسرایلی و دژە ئیسرایلییدا دابەش دەبێ. ئیستە کە کۆماری ئیسلامی پێشەنگایەتی جیهانی ئیسلام لە دژی ئیسرایلدا دەکات بە جۆرێک سونەکانی لێ دوور کەوتۆتەوە و تەنانەت تورکیا لە یەکەم کاردانەوەدا یارمەتی مرۆیی بۆ ئیسرایل نارد، عەرەبستان و وڵاتانی سونە مەزهەب لە جیاتی دژایەتی ئیسرایل داوای هێورکردنەوەی دۆخەکە و دان بە خۆداگرتنیان کردووە.

* ئەو ڕووداوە کاردانەوەی لە سەر شەڕی ئۆکراین دەبێت. ڕوسیا بە هۆی هاوپەیمانی ستراتیژیک لە گەڵ ئێراندا بە جۆرێک شەریکی دووراودووری ئەو ڕوداوەیە و ژستێکی جیهانی پێوە دەگرێ. لە ئەنجامدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە هۆی ئەو تەزوو یا شۆکە سەربازییەوە هەڵوێستیان سەبارەت بە یەکلایی کردنەوەی شەری ئۆکراینەوە دەگۆرێت.

* ئاڵۆزییەکانی قەفقاز لە دوای ئەو ڕوداوە لانیکەم بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبێتەوە و لە هەمووی گرنگتر ئەو جەنجاڵییەی کە باکۆ بریار بوو لە دژی ئێران درووستی بکات بۆ ماوەیەکی زۆر دەگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی فلستین و لوبنان. باکۆ کە سێ ڕۆژی ڕابردوو داوای پێنج پارێزگای تورک نشینی ئێرانی دەکرد هەر ئیمرۆ ڕایگەیاند کە دژی گۆرانکاری ژێئۆپۆلیتکی ناوچەکەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* له دوای ئەو ڕوداوە وڵاتانی تورکیا و عەرەبستان سەبارەت بە پرسی ناوکی (ئەتۆمی) کردنی وڵاتەکەیان وەخۆ دەکەون و بە پەلە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرن.

* کورد لەو نێوەدا بە سەر سێ بەرەی ئیسرال و دژە ئیسرایل و بێ لایەندا دابەش دەبێت و پێدەچێ بۆشاییەکی ناتەندرووست لە سیاسەتی کوردیدا پێک دێت.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەتی خوار و گای پیر



**عەلی بداغی**

حەوتوویەک دوای هێرشی ئاسمانی و دەریایی و لەسەر عەرزی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، تازەترین ئامارەکان باس لە کوژرانی ١٥٠٠ کەس و بریندار بوونی پتر لە ٦ هەزار کەس لە غەززە دەکەن. ئاماری کوژراوەکانی هەتا ئێستای ئیسرائیلییش ١٣٠٠ کەس ڕاگەیەندراوە. هەروەها وێرانی و کاولکارییەکانی هەتا ئێستاش بەتایبەت لە بەشی ژێرخانی ئابووریی کەرتی غەززە بە سەدان میلیۆن دۆلار قەبڵێنداراوە و هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نایهەوێ هیچ ئاشتی و ئارامی و سەقامگیرییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چێ ببێت و جێ بگرێت !

لەگەڵ ئەوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ترسی پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ بەرەورووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل حاشا لە ڕۆڵ و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی خۆی لە هێرشەکانی حەماسدا دەکا، بەڵام بۆ کەس جێگای هیچ شک و گومانێک نییە حەماس بەبێ هاوکاریی ڕاستەوخۆی زانیاری و لۆجستیکیی کۆماری ئیسلامی توانای هێرشێکی لەو چەشنەی بۆ سەر ئیسرائیل نەبووە. خۆ قازی حەمد، وتەبێژی حەماس هەر ڕۆژی یەکەم لە وتووێژێکدا لەگەل بی بی سی ڕایگەیاند کە ئەمن شانازی دەکەم بەوەی زۆر لە وڵاتان یارمەتیمان دەدەن، بەتایبەت ئێران کە نەکەهەر پشتگیریی سیاسیمان دەکا؛ بەڵکوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پووڵ و چەکوچۆڵ و کەرەستەی شەڕمان دەداتێ. پێشتریش کاربەدەستانی حەماس دانیان بەوە دانابوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مانگانە ٣٠ ملیۆن دۆلار یارمەتیی نەختییان دەداتێ، جیا لە پێدان و بەرهەمهێنانی مووشەک و چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی هێزەکانیان. هەروەها نێوەڕاست مانگی هاوین بوو حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس، جەهادی ئیسلامی و لایەنە دژبەرەکانی دیکەی ئیسرائیلدا پێی لەسەر پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی بۆ "میحوەری مقاومەت" داگرتەوە. دنیاش لەبیریەتی کە حەسەن نەسرۆڵڵا، ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان لە هاوینی ٢٠١٦دا ڕاگەیاند "هەتا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پارەی هەبێ، ئێمەش هەمانە و هێز هێز و لایەنێک ناتوانێ ڕێ لە گەیشتنی ئەو هاوکارییانە بە ئێمە بگرێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە کەس شک و گومانی لە پێوەندیی سیستماتیک، ئیدئۆلۆژیک و مەیدانیی کۆماری ئیسلامی و گرووپە نیابەتییەکانی بۆ هەر جووڵە و کردەوەیەکی سیاسی و سەربازی لە ناوچەدا نییە، چەند پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هێرشەکەی حەماس بۆ ئێستا و لەو بارودخەدا کران؟ زۆرترین دەسکەوت و قازانجی ئەو شەڕە دەچێتە باخەڵی کێ؟ دوورەدیمەن و ئاسۆی ئەو ڕەوشە تراژیکە ئاماژە بە چی دەکەن؟

هێرشە سامناک و بەربڵاوکەی حەماس بێ سێودوو پەیمان یان ڕێککەوتنی ئیبراهیمی بەئامانج گرتووە و بە مەبەستی پەکخستنی ڕەوتی وتووێژەکانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستان پلانی بۆ داندراوە؛ ئەویش ڕاستەوخۆ بە بڕیاری خامنەیی، وەک دژبەری سەرەکیی ئەو وتووێژ و پەیمانەی نێوان ئیسرائیل و دنیای عەرەب کە بێگومان زەبری کاری و گورچووبڕە لە ستراتیژی و ئیدئۆلۆژیی سیاسی و هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی. دیسانەکە هەموو لەبیرمانە کە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەر خامنەیی لە وتارێکدا گرێدانی پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلی بە "هەوڵێکی نەزۆک و چرووک" ناو برد و هەڕەشەی لە وڵاتە ئیسلامییەکان کرد و گوتی "هەر وڵاتێکی بیەوێ خۆی بە قوماری ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلەوە خەریک بکا، دەدۆڕێ." بۆیە لە ڕوانگەی خامنەییەوە شەڕێکی خوێناویی بەوەکالەت بۆ هەڵخڕاندنی سۆزی ئایینیی دنیای عەرەب و وورووژاندنی هەستی دژبەرایەتیی ئیسرائیل دەتوانێ وڵاتانی عەرەبی لە چوونە نێو پەیمانی ئیبراهیم هەس بداتەوە و لانیکەم لە ئێستادا کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەرەبستان و ئیسرائیلدا دروست بکا. خۆ دیسانەکەش لەبیرمانە کە تەنیا ٥ ڕۆژ پێش هێرشەکەی حەماس، ئۆسامە حەمدان، ئەندامی دیاری ئەم ڕێکخراوەیە لە کۆبوونەوەی گشتیی "کۆنفرانسی نێونەتەوەیی وەحدەتی ئیسلامی" لە تاران ڕایگەیاند کە گەورەترین هەڕەشەی ئێستای سەر خەڵکی فەلەستین هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیە و دەبێ پێشی پێ بگیردری و نەهێڵین ئەوەیان بۆ بچێتە سەر.

ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە نیابەتییەی بە حەماس کردی، تۆڵەیەکی قورس بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەمنیەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی لە ئیسرائیل بوو. تەڕاتێنی مووساد لە بۆشاییە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، کوژرانی چەند فەرماندەی سپای پاسداران، هێرشی درۆنی و تێکدەرانە بۆ سەر چەند بنکەیەکی مووشەکی و ئەتومی، کوژرانی کۆمەڵێک زانای ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم، دزەکردنە نێو ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دزینی چەند تۆن بەڵگەنامەی نهێنیی مووشەکی و ئەتومی و گواستنەوەیانی بۆ ئیسرائیل لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئۆتۆریتە و هەیمەنەی ڕێژیمی بەتەواوی دارماندبوو. بۆیە کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی زۆری هەم بۆ تۆڵەئەستێنی لە ئیسرائیل و هەم لێدان لە شان و شکۆ و هەیمەنەی سەربازی و ئەمنیەتیی ئەو وڵاتەی هەبوو کە توانیویەتی لانیکەم لە کورتخایەندا ئەو ئامانجەی بپێکێ.
کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات بە هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە جارێکی دیکەش توانای ناوچەیی و هێزی شوێندانەری تێکدەرانەی خستەوە بەرچاوی ڕکەبەرەکانی بۆوەی پێیان بڵێ بێتوو هەڕەشەی مان و نەمانی بکرێتە سەر دەتوانێ گڕ لە هەموو ناوچەکە بەر بدات. هەروەها سیلەچاوێکیشی لە دژبەران و خەڵکی نێوخۆی وڵات بوو بۆوەی بەوانیش بڵێ دوای شۆڕشی ژینا و سەرەڕای گشتگیربوون و پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان ئێستاکەش لە نێوخۆ دەسەڵاتەکەی سەقامگیر و لە دەرەوەش زلهێزی ناوچەکە کە بێگومان لەوەدا سەری لە بەرد داوە؛ چونکی ڕەوتی نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و خەبات و مافخوازیی گەلانی ئێران بەو سیناریۆ و پێشهاتانە ناوەستن. هەڵبەت جگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، وڵاتانی ڕووسیە، تورکیە، سووریە و عێراقیش چەند لایەنێکی دیکەن کە بە هۆکاری جۆراوجۆر قازانج لە ناسەقامگیریی ناوچە دەکەن و لە دۆخی ئێستادا هەوڵ دەدەن دەسکەوتەکانیان هەڵگرنەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێناچێ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەستاندنی ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل و بەرینبوونەوەی پەیمانی ئیبراهیم سەر بگرن. ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان باوەڕیان وایە بەرینبوونەوەی پەیمانی ئیبراهیم و گرێدانی پێوەندی لەنێوان عەرەبستان و ئیسرائیل باشترین نەخشەرێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بەرزەفری، قەیرانخوڵقێنی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و وەستانی ئەم ڕێژیمەیە. بەتایبەت کە لاوازکردنی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ لێدانە لە کاریگەریی حەماس لە فەلەستین، حوسییەکان لە یەمەن، حیزبوڵڵا لە لوبنان و لایەن و میلیشیاکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچەدا.


لەڕاستیدا ئەوەی لەو نێوەدا جارێکی دیکەش بۆوە قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی مەدەنی و بزووتنەوەی ڕەوا و ڕزگاریخوازیی فەلەستینە کە لەلایەک بووەتە دەستەچیلەی ساتوسەوداکانی کۆماری ئیسلامی و لەلایەکی دیکەوە لەسۆنگەی هێرشە هۆڤانەکەی حەماسەوە خەوشی هەڵگرت و زەبرێکی گەورە لە جێگەوپێگەی کەوت.

٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیات / ساڵی ٢٠٢٣




**حەسەن قارەمانی**

براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی ٢٠٢٣ ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٣ڕاگەیەندرا. خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات بۆ ساڵی ٢٠٢٣ بەخشرایە نووسەری بەڕێزی نەرویجی یۆن فۆسێی بەهۆی بەشداریکردنی پێشەنگانەی لە بواری دراما، کە تێیدا دەنگ دەدات بە شتە خەیاڵنەکراوەکان. جۆن یۆن فۆسێی، خوێنەر بانگهێشتی جیهانێکی دەکات کە زمان بە وردبینی و هەستیاری خۆی دەبێتە ئۆرگانیزمێکی زیندوو. نووسراوەکەی وەک تابلۆیەک وایە کە هەموو وشەیەک بە وردی هەڵدەبژێردرێت و هەر ڕستەیەک پێکهاتەیەکی هونەرییە. یۆن فۆسێی بە بەکارهێنانی ڕێبازێکی ئەدەبی، هەستی ئامادەبوون و چڕی لە هەموو وشەیەکی نووسراودا دروست دەکات. جۆن فۆس لە بەرهەمەکانیدا زۆرجار بەدواداچوون بۆ پرسە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی وەک خۆشەویستی، مردن، تەنیایی و مانای ژیان دەکات. ئەو کارەکتەرگەلێک دروست دەکات کە لەسەر لاپەڕەکان زیندوو دەبنەوە، لەگەڵ ململانێی ناوەوە و گەشتە سۆزدارییەکانیان ڕەنگدانەوەی لایەنە گشتگیرەکانی بوونی مرۆڤن. فۆسێی بە قووڵبوونەوە لە چیرۆکەکانیدا، توانایەک ئاشکرا دەکات بۆ دروستکردنی ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش و نزیک لە ڕۆحی خوێنەر. جۆن فۆسێی یەکێک لە شانۆنامەنووسە دیارەکانی جیهانە و شانۆنامەکانی لە ڕێگەی چەندین نمایشەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەیشتوونەتە بینەرێکی نێودەوڵەتی. فۆسێی لە ڕێگەی میراتە ئەدەبییە سەرنجڕاکێشەکەیەوە نەک هەر بەشداریی لە ئەدەبیاتی نۆرویژدا کردووە بەڵکوو دیمەنی ئەدەبی جیهانیشی دەوڵەمەند کردووە. بەهرەی فرەلایەن و توانای دروستکردنی بەرهەمێک کە تەحەدا و دەست لێدان دەکات، وای لێکردووە ببێتە وەرگرێکی شایستەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیی ٢٠٢٣. جگە لە دراما، فۆسێی زیاتر بە نووسینەکانیەوە ناسراوە. ڕۆمان و وتارەکانی مۆرکی تێڕامانی قووڵ لەسەر سروشتی مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر هەڵدەگرن. زۆرێک لە ڕەخنەگران ستایشی توانای ئەویان کردووە بۆ کاری ورد و بەرز لە ڕێگەی زمان و چیرۆکگێڕانەوە. خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیات وەک پایەیەکی مەزن لە جیهانی دەربڕینی هونەریدا وەستاوە، وەک ڕێزلێنانێکی جیهانی بۆ ئەو نووسەرانە دەدرەوشێتەوە کە قەڵەمەکانیان سەردەمی دروستکردووە و نەخشەی میراتی کولتووری مرۆڤایەتییان کێشاوەتەوە.

خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبیات وەک ڕێزلێنانێکی جیهانییە بۆ ئەو نووسەرانەی کە بەشدارییە هونەرییەکانیان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر میراتی کولتووری مرۆڤایەتی هەبووە. تەنها دانپێدانانێک نییە بە شاکارە ئەدەبییەکان، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە نووسەران چۆن کۆمەڵگا لە قاڵب دەدەن و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا هەیە. خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبیات  بۆ ئەو نووسەرانەیە کە بەشدارییەکی هونەری بەرچاویان کردووە.

خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبیات،  پێداچوونەوە بە بەشێک لە نووسەرە بەناوبانگەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکانیان خستووەتە ڕوو بۆ نموونە:

گابرێل گارسیا مارکێز کە چۆن ڕیالیزمی ئەفسووناویی مارکێز لە بەرهەمەکانی وەک "سەد ساڵ تەنیایی"دا، جوانیناسییەکی نوێی ئەدەبیی پێناسە کردووە.

تۆنی مۆریسۆن: بەشداری مۆریسۆن لە ئەدەبیاتی ئەفریقایی-ئەمریکی و شرۆڤە کۆمەڵایەتییە قووڵەکانی. دەربڕینی سیاسی، چونکە هەندێک لە نووسەران، وەک دۆریس لێسینگ و ئەلێکساندەر سۆلژنیتسین، بەرهەمەکانیان وەک ئامرازێکی سیاسیی بەهێز بەکار هێناوە.

ناسنامەی جێندەری و فێمینیزم کە نووسەرانی وەک دۆریس لێسینگ و ئەلیس مونرۆ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ پرسەکانی جێندەر و فێمینیزم لە بەرهەمەکانیاندا کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەهەندی جیهانی خەڵاتی نۆبێل لە بواری ئەدەبدا و کاریگەریی نێودەوڵەتیی خەڵاتەکە لەسەر ئەدەبیات لەسەر ئاستی جیهانی و لەسەر نووسەرانی پاشخانی کولتووری و زمانەوانی جیاواز.

خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبدا وەک چرایەک وەستاوە، هەوڵە هونەرییە پێشکەوتووەکان ڕووناک دەکاتەوە کە سنووری زمان و دابەشکارییە کولتوورییەکان تێدەپەڕێنن. ئاهەنگ دەگێڕێت نەک تەنها وشەکانی سەر کاغەز، بەڵکوو خودی جەوهەری ئەو شتانەی کە ئەو وشانە توانای هاندانییان هەیە — تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بارودۆخی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی میراتی کولتووری.

خەڵاتی نۆبێلی لە ئەدەبیاتدا دان بەوەدا دەنێت کە هەموو کتێبێک ئەرکێکە و هەموو شیعرێک شۆڕشێکی پۆتانسێلییە. خەڵاتەکە بە تیشک خستنەسەر ئەو نووسەرانەی، وەک بیرهێنانەوەی هێزی ئەدەبیات بۆ ئەوەی ببێتە کاتالیستێک بۆ گۆڕانکاری و ڕەنگدانەوەی مرۆڤایەتی.

هەروەها ڕێزلێنانێکە بۆ فرەچەشنیی زمان و دەنگ و ڕوانگە. ئامانجی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات تیشک خستنەسەر نووسەرانی ناوچە جیاوازەکانی جیهانە، کە ڕووناکییەک دەدرەوشێننەوە بەسەر ئەو کولتوور و چیرۆکانەی کە ئەگەر نا ڕەنگە بە نەبینراوی بمێننەوە. بەم کارە خەڵاتەکە دان بەوەدا دەنێت کە دیمەنی ئەدەبی جیهانی تۆڕێکە لە دەنگی دەوڵەمەند و جۆراوجۆر.

خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیاتدا لەو ساتانە تێدەپەڕێت کە بۆ یەکەمجار وشەکان نووسراون. وەبەرهێنانێکە لە هەموو کتێبێکدا کە بەردەوامە لە خوێندنەوە و بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن. بەم شێوەیە هەر بەرهەمێکی بەنرخ دەبێتە بەشێک لە میراتی کولتووری جیهانی، وەک مەشخەڵی تێڕوانین و ئیلهام لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

بە کورتی، خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیاتدا تێکەڵەیەک لە هونەر و کۆمەڵگایە. ڕێزلێنانێکە بۆ ئەو نووسەرانەی کە نەک هەر چیرۆک دەگێڕنەوە بەڵکوو مێژووش لە قاڵب دەدەن. هەر خەڵاتێک مۆرێکە لەسەر هێزی ئەدەب بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی پێشەنگ و کرانەوەی دەروون و ئەرشیفکەری ئەزموونە هەمەچەشنەکانی مرۆڤایەتی.

کەواتە خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبیاتدا، نەک تەنها وەک خەڵاتێک بەڵکوو وەک بیرهێنانەوەیەکی هەمیشەیی بۆ هێزی گۆڕینی ئەدەبیاتدا و ڕۆڵی دانەبڕاوی لە چاندن و ئاراستەکردنی میراتی کولتووریدا دەژی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات لە ساڵی ٢٠٢٣، یۆن فۆسێی وەک کەسایەتییەکی ناوەندی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا جێگیر دەکات. چۆن کارەکانی لەگەڵ پرسە هاوچەرخەکاندا دەنگ دەداتەوە، ئەو هەمەچەشنییە کولتوورییەی کە نوێنەرایەتی دەکات و کاریگەرییەکانی لەسەر نەوەی نوێی نووسەران و خوێنەران لایەنێکی گرنگن کە دەبێ لێیان بکۆڵینەوە.

بە کورتی، یۆن فۆسێی نوێنەرایەتی ئەدەبیاتدا دەکات کە بەشدارییەکانی سنووری دەربڕینی داهێنەرانەیان پێناسە کردووەتە. یۆن فۆسێی، بە میراتی داهێنان و قووڵایی بیرکردنەوە، بەردەوام دەبێت لە دارشتنی ئەدەب و ئیلهامبەخشین بە نەوەکانی نووسەر و خوێنەرانی داهاتوو. فۆسێی تەنیا کتێبی نەنووسیوە؛ ئەو بەرهەمی هونەری دروست کردووە، کارەکانی وەک سەفەرێک وایە بەناو ڕۆحدا، کە هەموو وشەیەک هەنگاوێکە بۆ ڕێگای تێگەیشتن و تێگەیشتن.

٢٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێوان "شەڕ و نیوەشەڕ"دا



**سمایل شەرەفی**

دوای کاردانەوەی توندی کۆمەڵگەی جیهانی بەرانبەر بە پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وڵامدانەوەی خێرا و توندی سەربازیی ئەم وڵاتە دژ بە حەماس، ساتە هەنگوینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەمەنیان کورت و کورتر بوویەوە. خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پێداهەڵگوتن بە بەرەی مقاومەت و شان و پیل ماچکردنی پەلاماردەرانی سەر ئیسرائیل، ڕاشکاوانە هەوڵی دا شوێنپێی ڕێژیمەکەی لەم ڕووداوانە بسڕێتەوە و ڕیگەیاند ئەوەی ڕووی داوە کاری خودی فەلەستینییەکانە. چونکی هەم ئیسرائیل و هەم بیروڕای گشتیی جیهانی دوای دیتنی لایەنی دژە مرۆیی ئەم پەلامارە، هیچ گومانێکیان نەبوو لەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت ئەو ڕووداوانەوەیە و خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش لە لێدوان و قسەکانیاندا بە "شانازییەوە" باسیان لە دەخاڵەت و دەستێوەردانانە کرد و ڕەفتاریان دەرخەری درووستبوونی ئەم زێهنیەتەیە.

ئێستا کە لە دە ڕۆژەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانە داین و ئیسرائیل بڕیاری لەسەر داگیرکردنی غەززە و وەشاندنی گورزی سەخت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە حەماس داوە و باس لە ئەگەری پڕیشک بەرکەوتنی ئێرانیش دەکرێ، چەند ڕۆژێکە تیمی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵاهیان،وەزیری دەرەوەی ئەم ڕێژیمە کەوتوونە خۆ و کار لەسەر "کۆتایی هێنان بە شەڕ و ئالۆزییەکان" دەکەن. عەبدوڵاهینان هەرچەند بە زمانی هەڕەشە و تەهدید، بەڵام هەموو هەوڵێکی ئەوەیە ئیجماعێلی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنانی شەڕەکە یان لانیکەم، پێشگرتن لە ڕووخانی غەززە پێک بێ.

ئاستی وڵامدانەوەکانی ئیسرائیل بە هێرشەکەی حەماس، بەتایبەت قوربانیبوونی خەڵکی بێدیفاعی غەززە و بەرکەوتنی بەربڵاوی ژنان و منداڵان کە هەم حەماس و هەم میدیاکانی ئێران زۆری مانۆڕ لەسەر دەدەن، تا ڕادەیەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێش بە درێژەکێشانی شەڕەکە و هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بیگیردرێ. کە ئەمەیان بەناچاری بە دڵی کۆماری ئیسلامی دەبێ، نەک لەبەر پێشگرتن لە چوونەسەری ئاماری قوربانیانی ئەم شەڕە و لێکەوتە مرۆییەکانی کە کۆماری ئیسلامی ئێران قەتی بۆ گرینگ نەبووە. وەک لە شەڕی چەند ساڵەی سووریەی ئەمساڵانە و ئالۆزییە دێرینەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلدا قەتی بۆ گرینگ نەبووە. بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم شەڕە درێژە بکێشێ، هیچ دوور نیە ئێران و کۆماری ئیسلامیی تێوەبگلێ کە ئاکامەکەی ڕوونە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێی وانەبوو شەڕەکە تا ئەم ڕادەیە قوڵ و بەرین دەبێتەوە، بەهەڕەشەوە وا نیشان دەدات کە خوازیاری کۆتاییهێنان بەم شەڕەیە و لەو چەند ڕۆژەدا چ ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم و چ عەبدوڵاهیان، وەزیری دەرەوە ڕایانگەیاندووە؛ "ئەگەر ئیسرائیل دەستبەرداری غەززە نەبێت، گۆڕەپانی شەڕەکە بەرین دەبێتەوە". یانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە ناوچەکە؛ لە باکوورەوە حیزبوڵڵا، لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە حووسییەکانی یەمەن و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە سووریە دژ بە ئیسرائیل دەجوڵێنێ و بە گشتی هەڕەشەی نانەوەی شەڕێکی لانیکەم ناوچەیی دەکات. ئەم هەڕەشانەی ئێران تەنیا ڕوویان لە ئیسرائیل نابێت، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیان دەگرێتەوە.

بە پێی پلانەکانی ئیسرائیل کە بڕیاری لەسەر "لەنێوبردن"ی حەماس داوە و مەرامیەتی غەززە داگیر بکات، "بەرەی مقاومەت" لەبەردەم چارەنووسێکی ڕوون و دڵخوازدا نیە و ئەگەر ئەم پلانەی ئیسرائیل کاری لەسەر بکرێ و سەر بگرێت، ئالۆزییەکان بەرین دەبنەوە و شەڕەکە ئاراستەیەکی دیکەی ناوچەیی بەخۆوە دەگرێ کە بێگومان نەتەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران نابێت، بەڵکوو مەترسییەکان زیاتر دەبن. ئەم ڕێژیمە لەنێوخۆی وڵاتدا دۆخێکی دڵخوازی نیە و لەگەڵ بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەری بەرەورووبە کە هیچ دوور نیە لەئەگەری تێوەگلانی ڕێژیم لەم شەڕەدا بەرەوویدا بتەقێتەوە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش لەگەڵ ئەوەی کرانەوەیەکی بەرووودا کراوەتەوە و لەگەڵ دەوڵەتی بایدەن سرت و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خورتێکیان هەیە، بەڵام ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بۆیە شەڕی گەورە و بەرین لە ئێستادا لە قازانجی کۆماری ئیسلامی نیە. هەوڵ و نیەتی کۆماری ئیسلامی نابێ وا لێک بدرێتەوە کە مادام خوازیاری بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە نیە، لایەنگری سوڵح و ئارامی و سەقامگیرییە. ئەو ئیدیعایە بەهیچ شێوەیەک لەم ڕێژیمە نایەتەوە و ناوەشێتەوە. تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، کۆماری ئیسلامی بەو پشتیوانیانەی لە حەماس و تاقم و گرووپەکانی دیکەی ناوچەکەی دەکات، جیا لە قەیرانخوڵقێنی، شەڕنانەوە و هەناردەکردنی بیر و تێفکرینە داخراو و کۆنەپەرەستانەکەی خۆی شتێکی دیکەی مەبەست نەبووە و نیە. بەڵام لە هەر کوێ زانیبێتی پڕیشکی ئەم شەڕ و ئالۆزیانە خۆی دەگرێتەوە و هاوسەنگیی هاوکێشەکانی لێتێکدەچێ، یان پاشەکشەی لێ کردوە یان هەوڵی گۆڕینی ئاراستەکانی داوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران نایهەوێ شەڕی حەماس یان هەر هێز و لایەنێکی دیکە دژ بە ئیسرائیل کۆتایی پێ بێت و دەستبەرداری خەوڵ و خەیاڵی "سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی"یش نابێ. بەڵام قەوارەی ئەم شەڕانەی بۆ گرینگە کە بەرینایی و پانتاییەکەیان چەندە بێت کە هەم خۆی نەگرێتەوە و هەم کۆنترۆڵی لە دەستی خۆیدا بێت.

٢٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خەڵاتێکی بەبایەخ بۆ ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

پارلەمانی ئورووپا خەڵاتی «ساخارۆف»ی ساڵی ٢٠٢٣ ی زایینی بە ژینا ئەمینی و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بەخشی. ژینا ئەمینی کیژە کوردی سەقزی لە وڵاتی ئێران ساڵێک بەر لە ئێستا لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران دەستبەسەر کرا و دوای ئازار و ئەشکەنجە و سێ ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا، بە هۆی کاریگەریی برینەکانی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانـدا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران شەهید بوو. شەهید بوونی ژینا بوو بە هۆی جووڵانەوەیەک لەژێر ناوی « ژن ژیان ئازادی» کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و دواتر هەموو ئێران و جیهانی گرتەوە و لەو پەیوەندییە دا بە سەدان و هەزاران کەس لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بریندار و زیندانی کران و سەدان کەسی دیکەش بە گوللەی ڕێژئمی ئێران گیانیان لە دەست دا. ڕۆبرتا مەتسولا، بەرپرسی پارلمانی ئورووپا ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٧ی ڕەزبەر(١٩ی ئۆکتۆبر) لە ستراسبۆرگی فەرانسەوە سەبارەت بە بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی گووتی: "قەتڵی دڕندانەی ژینا ئەمینی خاڵی وەرچەرخان بوو" و دواتر گووتی ئێمە لە تەنیشت هەموو ئەو کەسانە دەبین و ڕادەوەستین کە بۆ «یەکسانی و ئازادی» لە ئێراندا خەبات دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆبرتۆ ماتسولا گوتی: پارلمانی ئورووپا بە شانازییەوە لە تەنیشت خەڵکی دلێر و بوێری ئێران کە خەبات بۆ یەکسانی و ئازادی دەکەن ڕادەوەستێ و هەربۆیەش ئەمڕۆ خەڵاتی ساخارۆف پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران دەکەین. لە درێژەی وتارەکەیدا گووتی کە «خەڵاتی ساخارۆفی ئەمساڵ بە نیشانەی ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی ژنان، پیاوان و گەنجانی ئێرانی لە بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی» پێشکەش دەکەین.

دواتر بە ڕێزەوە گوتی کە خەڵاتی ئێمە بە هەموو ئەو کەسانە پێشکەشە کە باج و تێچووی گەورەیان بۆ ئازادی و یەکسانی دا، هەڵبژاردنی ژینا ئەمینی و خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی بۆ وەر گرتنی خەڵاتی ساخارۆف لە لایەن پارلەمانی ئورووپا لە جێگەی خۆیدایە و ئەو خەڵاتە بە شایانی ئەو تێکۆشەرانە دەزانین و ڕێز لە خەباتیان دەگرین.

خەڵاتی دەربڕینی بیروڕای ئازاد «ساخاروف»، بەرزترین خەڵات و نیشانەیە، کە لە ساڵی ١٩٨٨ی زائینی وەک ڕێز لێنان لە ئاندرە ساخارۆف، بیرمەند و لێزان و دژبەری شۆڕەوی پێشوو لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە درووست بووە. ئەم بنیاتە بۆ ئەوەی وەک ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو کەس و ڕێکخراو و ئەنجوومەن و کۆمەڵانەی کە ژیانی خۆیان بۆ مافی مرۆڤ و دەربڕینی بیرورای ئازاد تەرخان دەکەن کار دەکا.

خەڵاتی ساخارۆف لە ١٣ی دیسامبری ٢٠٢٣ لە شاری ستراسبۆرگ لە فەرانسە پێشکەش بە ژینا ئەمینی دەکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش دایک و باوکی ژینا و یا کەسێکی نزیک بە ژینا ئەمینی بانگهێشی ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتی ساخارۆف دەکرێ.

بەرپرسی پارلمانی ئورووپا لە درێژەی وتارەکەیدا لە سێ وشەی «ژن، ژیان، ئازادی» دا گووتی کە ئێمە وەک بنەمای یەکیەتیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کە بۆ یەکسانی و کەرامەتی ئینسانی و ئازادی لە ئێراندا کار دەکەن دەڕوانینە ئەم سێ وشە پڕ مانایە.

ڕاگەیاندنی خەڵاتی «ساخارۆف »ی یەکیەتیی ئوروپا لە کاتێکدا پێشکەش بە ژینا ئەمینی کرا کە دوو حەوتوو پێشتریش خەڵاتی ئاشتی نۆبێل وەک چالاکی مافی مرۆڤ لە زیندان دا پێشکەش بە نەرگیس محەممەدی کرا.

شایانی باسە کە بۆ خەڵاتی «ساخارۆف »ی یەکیەتیی ئوروپای ئەمساڵ چەند بەربژێری دیکەش بە ناوەکانی ویلما نونیز سکورسیا و قەشەی کاتۆلیک ڕولاندو ئالوارز، وەک دوو سیمای دیاری بەرگری مافەکانی مرۆڤ لە نیکاراگوئە و هەروەها سێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەس لە ژنانی لەهستان، ئێلسالوادۆر و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە ڕێبەری خەبات بۆ «ئازادی لەبار بردنی منداڵ بۆ خۆرایی، تەندرووستی و ساخڵەمی و یاسا» بەشدار بوون و لە نێو ئەم چەند بەربژێرەدا یەکیەتیی ئوروپا خەڵاتی «ساخارۆف»ی پێشکەش بە ژینا و جووڵانەوەی نیوخۆی ئێران کرد.

٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل خەوی لە چاوی کاربەدەستانی ئێران تاراندووە



**محەممەد سلێمانی**

بە درێژایی مێژووی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان، تاران سەری ماری نێو کێشەکانی ئەو دوو نەتەوەییە بووە و شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە حەماس بە فیتی تاران ئەو هەرایەی نایەوە و بووە هۆکاری تێکچوونی ئاشتی و ئارامی و ئاوارەکردنی خەڵک بۆ جارێکی دیکە؛ لە کاتێکدا کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو دوو نەتەوەییە بێ کێشە و ئاڵۆزی ژیانی خۆیان بەسەر دەبرد و برایەتی و هاوکاری بەتەواوی گەشەی کردبوو و هەستی دوژمنایەتی و ڕق لێک بوونەوە تا ڕادەیەکی باش لە بەینی یەهودی و فەلەستینەکاندا لە کزیی دابوو.

سەقامگیریی سیاسی و ئارامیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هیچ جۆرێک بە قازانج و لە ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێراندا نییە و بگرە لە کوێ ئاشتی هەبێت، حکوومەتی تاران بە ڕێگای پاشکۆ و میلیشیا چەکدارەکانی خۆی بە ئامانجی دەگرێ و هاوبەشەکانی هەر وەک پیشەی هەمیشەییان بۆ تێکدانی ڕێک دەخات و لە گیانی خەڵکیان بەر دەدات، بۆ ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هەرێمەکەدا فەرز بکەن و لەو بارەوە ئەوە بڵێن وڵاتانی عەرەبی لاواز و بێ دەسەڵاتن و توانای ئەوەیان نییە  پشتی فەلەستینییەکان بگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران هەر کارێک دەکات کە ئەو شەڕە زیاتر درێژە بکێشی بۆ ئەوەی بیروڕای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانی وڵات و قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەرۆکی گەلانی وڵاتیان گرتووە، بەلاڕیدا بەرێت و ئەو پەیامەش بە ئەمریکا و هاوبەشەکانی بدات کە هەرکەس و وڵاتێک هێرش بکاتە سەر بەرژەوەندی و فراوانخوازیی تاران، بە دەردی ئیسرائیلیان دەبەن و بەتەواوی شکۆیان دەشکێنن.

دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئێران لە ڕووداوەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان و قووڵترکردنەوەی کێشە و ململانێی بەینی ئەو دوو نەتەوەیە، بێگومان بەرژەوەندیی دەسەڵاتی تاران تێیدا بەرجەستەیە و حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان وەک کارتێکی بەهێز دژی نەیارە سەرسەختەکانی لەسەر ئاستی ناوچەدا بەکار دێنێت.

ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی تاران مەبەستێکی تایبەت و دیاریکراوی نیزامی ئاخوندیی نەبێت، بەو شێوەیە خۆی ناخاتە نێو کێشەی ڕاستەوخۆوە. تاران و تەلەڤیڤ دەمێکە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دە گیانی یەکدی بەربوونە و چەند جارێک ئیسرئیل لەنێو قووڵایی خاکی ئێراندا بنکە سەربازی و ناوکییەکانی ئەو وڵاتەی کردە ئامانج و زیانی گەورەی پێ گەیاند و بە بەردەوامیش لە سووریە هێرش دەکاتە سەر هێزە چەکدارەکانی ئێران.

ناکۆکیی ئەو دوو وڵاتە لە گەڵ هاتنەسەرکاری ڕێژیمی خومەینی سەری هەڵداوە و لەو دەمەوە تا ئەمڕۆ ئەو وڵاتە هاوکاری و پشتیوانیی ڕاستەوخۆی ئەو گرووپەی کردووە کە بە باڵی چەکداری و دژی ڕێککەوتنی ئیسرائیل و فەلەستینیەکان، واتە حەماس ناسراوە.

لە کەس شاراوە نییە کە تاران لە پشتی ئەو هێرشە گەورەی سەر ئیسرائیل بووە و بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی حەماسیش بەهەق، بە ئاشکرا و ڕوونی لە سەرەتای ڕووداوەکاندا، سپاس و ستایشی تارانیان کرد لەهەمبەر ئەو هاوکاری و یارمەتییەی پێ گەیاندوون.

بەڵام پاش ئەوەی ئیدانە و سەرکۆنەی توندی تاران لەو پەیوەندییەدا کرا، بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئێران کە زانییان مەترسییان لەسەر دروست دەبێت، تۆنی ڕاگەیاندن و لێدوانەکانیان گۆڕی و لەو پەیوەدنییەدا ئامۆژگارییان بە حەماس دا کە نابێت بە ئاشکرا باسی هاوکاری و پشتیوانیی تاران بکرێ و هەر لەبەر ئەوەی بەرپرسانی حەماس لە دوادیدار و لێدوانیاندا، ئێرانیان لە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بێبەری کرد و بە جۆرێک هەوڵیان دا پینەی بکەن، کە بۆیان نەکرا، لە کاتێکدا لە یەکەم ڕۆژی هێرشەکەدا بەڕوونی ستایش و ڕۆڵ و هاوکاریی تارانیان بەرز نرخاند.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حەماس تازە سوێند دەخوات کە تاران ئاگا و خەبەری لەسەر ئەو هێرشەی نەبووە بە هەموو دەلیل و خوێندنەوەیەکی سیاسی و سەربازی، ئێران داڕێژەر و بەڕێوەبەری کرداری ئەو شەڕەیە و تەنانەت میدیا ئەمریکایەکانیش نکۆڵیی لێ ناکەن و لە ڕووماڵ و باس و لێکدانەوەکانیاندا، پێداگری لەسەر بەشداریی تاران لەو هێرشەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەکەن. پاش درێژەکێشانی ئەو شەڕە و لێکەوتەکانی داهاتووی، بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی حەماسیش خەریکن بەشداری و حزووری تاران لەو شەڕەدا پەردەپۆش دەکەن، لە کاتێکدا هەر لە ڕۆژی یەکەمدا، وەک موژدانە و سەرکەوتن بەسەر ئیسرائیلدا سپاسی هاوکاری و پشتیوانیی ڕێژیمی ئاخوندییان کرد.

کەچی تازە بەرپرسانی حەماس، کە بە تەواوی دیارە لەسەر ئامۆژگاریی تاران هەوا و ڕاوێژی لێدوانەکانیان بە ئاراستەی ژێربەژێرکردنی جەوهەری ڕووداوەکان، دەستێوەردان و بێ ئاگایی تاران بسەلمێنن.

دیارە تازە کار لەوەی ترازاوە و دونیا بەگشتی ئەوە دەزانێت کە ئێران لە پشتی ئەو هێرشەیە و پێی لەنێو ئەو تاوانە دڕندانەیەدا ناشاردرێتەوە و قسە و لێدوانی ئێستای حەماس هیچ لە نێوەڕۆکی بابەتەکە ناگۆڕێت.

بەرپرسێکی باڵای حەماس لە لێداوانێکدا ڕەتی کردەوە کە ئێران و حیزبوڵڵا ڕۆڵیان لە هێرشەکەیان بۆ سەر ئیسرائیل هەبووبێت و هەوڵ دەدەن ڕووداوەکان شلوێ بکات و دەڵێت: " ئەگەر بێت و غەززە ڕووبەڕووی شەڕی لەنێوچوون ببێتەوە، هاوپەیمانەکانمان وەک و ئێران و حیزبوڵڵا بەشداری لە شەڕەکەدا دەکەن و بەتەواوی دێنە مەیدان".

عەلی بەرەکە وەک یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماس (سێشەممە، ١٠ی ئۆتۆبەر ٢٠٢٣) ڕایگەیاند، هێرشەکەی سەر ئیسرائیل لەلایەن سەرکردەکانی بزووتنەوەی حەماسەوە پلانی بۆ داندراوە و هاوپەیمانەکانیان بە هیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو هێرشە نەبوون و کاریگەرییان لەو بەینەدا نەبووە.

لەبەر ئەوەی تووشی شۆک و بێدەرەتانی هاتوون و باش دەزانن لێکەوتەکانی بە قازانجیان نابێ و بەتەواوی شاربەدەر دەکرێن و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەستی ئیسرائیلی ئاواڵە کردووە بە هەموو شێوەیەک خۆی بپارێزی و مەترسی لەسەر ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی دوور بخاتەوە.

کاتێک تاران هەست بە نیگەرانی و لێکەوتە مەترسیدارەکانی ئەو هەوڵە تیرۆریستییەی دەکات و دەزانێت، تەلەڤیف بەزیادەوە تۆڵەی خۆی لە کاربەدەستانی ئێران دەکاتەوە و ئەگەر سەبریان گرتووە، لەبەر ئەوەیە کە بزووتنەوەی حەماس



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وەک نەیار و دژبەری سەرەکییان ئەگەر لەناویش نەچێت بەتەواوی لاوازی بکەن و کەوڵی لە حاجەت بخەن.

ئەو سەرکردەی حەماس سەر و بنی قسە و لێدوانەکەی ئەوەیە بڵێت، ئێران و حیزبوڵڵا بێ ئاگان و بێ خەتان. هەرخۆشیان دەڵێن تا ساڵی ٢٠١٤ ئێران و حیزبوڵڵا یارمەتیی هەمەچەشنی بزووتنەوەی حەماسیان داوە و حەماس ئەو جار بێ هاوکاریی ئێران، هەر خۆی توانیویەتی مووشەک دروست بکات و ڕاهێنان بە چەکدارەکانی بکات تا بەگژ ئیسرائیلیياندا بکەن.

بێگومان ئەو لێدوانەی ڕێبەرانی باڵای حەماس ناتوانن ڕوی ڕەش و ڤێزەونی تاران وەک ناوەندی فیتنە و کردەوەی تێرۆریستی و شڵەژانی ناوچەی سپی بکەنەوە و لە پیلانگێڕی ئەو هێرشەی بخەنە دەرەوە.

وەزیری دەرەوەی ئێران، حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان بە مەبەستی خۆشترکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حەماس و ئیسرائیل، سەردانی عێراق و لوبنان دەکات و بڕیارە لە گەڵ گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تاران کۆ بێتەوە و هانیان بدات بڕۆن بە دژی تەلەڤیڤ و پشتیوانی لە حەماس بەرەیەکی نوێی شەڕ بکەنەوە بۆ ئەوەی تەرکیزی ستراتێژیی سەربازی و هێرشەکانی ئیسرائیل دابەش و بەربڵاو بکەن و نەتوانێت زیانی گەورە لە غەززەدا بە هێزە چەکدارەکانی حەماس بگەیەنێت و بیانکاتە دەرەوە.

دوورخستنەوەی حەماس لە کەرتی غەززە، بە شکانی گەورەی ئێران تەواو دەبێ و ئیدی ئەوکات ئەو ڕاستییە دەسەلمێت کە ڕێژیمی ئێران ئەو توانا و بوێرییەی نییە ڕاستەخۆ بچێتە شەڕی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی بەرەی ڕۆژاوا دەمێکە زۆریان لە ئێران لە دڵیدا ڕاگرتووە و چاوەڕوانی دەرفەتی گونجاو دەکەن کە بە دەردی دیکتاتۆرەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەرن.
تاران خۆی سەرچاوەی ئەو فیتنەیە بووە و بێگومان ئەگەر ئەو وڵاتەش ڕازی نەبێت، ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرەو پێش ناچێت.

بەڵام ئەوەی جەوهەری باسەکەیە، یەکراست ئەوەیە کە چ شەڕ و چ ئاشتی لە دۆخی ئێستای تاران دووچاری بووە، هەر بە زیانی دەبێ و کارێکی نەکردووە، بە ڕێگایەکدا سەقامگیریی سیاسی وڵاتەکەیان لە مەترسیی هێرشی دەرەکی بە دوور بگرن. دەسەڵاتی ئێران زۆر زیرەکانە و بۆ جارێکی دیکە شەڕ و کاولکاری وەک دوورەدیمەنی ستراتێژیی سیاسیی نوێ خستەوە بەر دەرگای وڵاتانی عەرەبی، لە کاتێکدا دونیای عەرەب هەوڵی باشکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حکوومەتی ئیسرائیل دەدا و لەو بارەوە بەباشی چووبوونە پێش و گەشەکردنێکی فروانی بازرگانی و ئابووری دەستی پێ کردبوو.

سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بەغدا و لوبنان، هاندانی گرووپە شیعە چەکدارەکانی نزیک لە وڵاتەکەیانە، کە بڕۆن بەشداریی شەڕ بکەن و ڕێگری لە پێشڕەوییەکانی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ نێو غەززە بکەن و نەهێڵن هێزەکانی حەماس شاربەدەر بکرێن.

دیارە حکوومەتی تەلەڤیڤ جگە لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەستیان ئازاد و ئاواڵە کردووە بەتەواوی مەترسی حەماس لە سەر خەڵک و ئاسایشی نەتەوەیی دوور بخاتەوە و بەجۆرێک ئەو گرووپە لاواز و بێهێز بکات، کە جارێکی دیکە هێرشێکی لەو جۆرە و بە هاوکاری و پشتیوانیی دەرەکی نەتوانێ بکاتەوە سەر ئیسرائیل.

ئێران و دەسەڵاتەکەی سەریان لە شەڕ و کاولکاری دەخورێ و هەوڵ دەدەن دوژمنایەتیی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان زیاتر قووڵ بێتەوە و ئاسۆی ڕێککەتوون و پێکەوە هەڵکردنیان لێ تێک بدەن و دەرفەتی ئاشتی و پێکەوە هەڵکردنیان لی ببڕێت.

حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان سەردانی بۆ بەغدا و لوبنان تاوتوێکردنی شەڕی نێوان بزووتنەوەی چەکداری حەماس و ئیسرائیل دەبێ و بەدڵنیایەوە ئەو سەردانە و دیدارەی، نوێنەری بڕیاری سیاسی و سەربازیی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو دوو وڵاتە بۆ خێر و ئاشتی نییە و هاندانیانە بڕۆن بەشداریی شەڕ بکەن بۆ پشتیوانی لە برا فەلەستینییەکانیان.

بەدڵنیایەوە خەڵکی دڵسۆز و خەمخۆری پرسی ئاشتی و چارەسەرکردنی گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان لەنێو دونیای عەرەبدا زۆر بە باشی لەوەی تێگەیشتوون کە هەوڵەکانی ئێران لە بەرژەوەندییاندا نییە و بە دوای ڕێگا و بژاردەی ترەوەن کە لە دەرەوەی کەلاوەکێشیەکانی تاران بێت و خۆیان لەو کێشەیە ڕزگار بکەن و پەیوەندییەکانییان لە پێناوی ئاشتی بەکار بێنن.

بەگوێرەی زۆر سەرچاوەی هەواڵگریی عەرەبی و ڕۆژاوایی، هەتا فەلەستینییەکانیش تووڕە و نیگەرانن لەو هێرشەی حەماس بە هاندانی تاران کردی و ئەو کاولکارییەی بە دیاری بۆ گەلەکەیان هێنا.

٢٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەردەوامیی شۆڕشی ژینا و ترسی هیستریکی ڕێژیم



**شەهرام سوبحانی**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرباقی ئەوەی لە دۆخێکی خراپی ئابووری و سیاسی‌دایە، بەڵام ترس لە بەردەوامیی شۆڕشی خەڵک خەریکە بەرەو هەڵدێری دەبا.
ڕەنگەپەلەقاژێیەکانی ڕێژیم لەم دوایانەدا لە مەیدانی دیپلۆماسی و شەڕدا، وەک ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە ڕکابەرەکانی و هەروەها هەڵگیرساندنی شەڕ لە دژی ئیسرائیل بەهۆی حەماسەوە بۆ ئەوە بێ بتوانێ هەم سەرنجەکان لەسەر ئێران کەم کاتەوە و هەم خەڵکی نێوخۆی وڵاتی پێ چاوترسێن بکات؛ بەڵام بۆخۆشی دەزانێ ئەوانە ئاسنی ساردکوتانن. چونکی ویست و داواخوازییەکانی خەڵکی ئێران لە ئێستادا نەمانی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییە و بەتایبەت کە نەوەی نویی کۆمەڵگە لێبڕاون چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە یەکلا بکەنەوە.

لە ئێستادا هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران پاش چوار دەیە خەباتی بەردەوام ئامادە نین نە پاشەکشە لە داواکانیان بکەن، نە دەرفەتی دیکە بە ڕێژیمێک بدەنەوە کە هیچ شەرعییەتێکی لای ئەوان نەماوە. بەتایبەت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە بەشی هەرەزۆری حەشیمەتی ئێران لە لاوەکان پێک دێ و، لاوەکانی ئەم سەردەمەش وێنەی ڕێبەرانی ڕێژیم لە مانگدا نابینن، بەڵکوو نەوەیەکی چاوکراوەون و لێبڕاون ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە لە ئاسمانەوە دابگرنە خوارێ و خۆیانی لەگەڵ یەکلا کەنەوە.

خەڵکی ئێران باش دەزانن کە هۆکاری هەموو قەیرانەکانی وڵات، هەژاری و بێکاری، بێمافی و چەوساندنەوەی ژنان و سەرکوتی ویست و داخوازەکانیان دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئیسلامییە کە هیچ شەرعییەتێکی سیاسیی خەڵکی نییە و هەتا ئێستاش هەر بە زەبری چەک و کوشتوبڕ و گرتن و ئێعدام هەیمەنەی خۆی بەسەر خەڵکدا زاڵ کردووە.
چارەنووسی "ژینا ئەمینی" و "ئارمیتا گەراوەند"ەکان خەڵکی وڵاتی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە چیدی ڕێگە نەدەن ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بە قوربانیکردنی لاوانی و هەڵلوشینی سامان و سەرچاوەکانی وڵات لە دەسەڵاتدا بێت و نەک هەرەشەی بەردەوام بۆ سەر خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ سەر هەموو ناوچەکە بێت.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ساڵی ڕابردووەوە دەستی پێ کردووە، ئەم هیوایەیە کە خەڵکی ئێران خۆی تێدا دەبیننەوە و بە بەردەوامییان لەو شۆڕشەدا و بە درێژەدان بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکانیان لە هەر شێوە و شکڵێکی بەردەستدا چۆک بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دادەدەن.
شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی سەردەکەوێ، چونکی لەسەر چەمکی ئازادی و پێکەوە ژیانی گەلانی ئێران هاتۆتە گۆڕێ و لە بەردەوامیی خۆیدا هەموو پێکهاتەکانی وڵات لەسەر بنەما هاوبەشەکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بنیاتناوەی ئێران لەسەر پرەنسیپەکانی ئازادی و بەرابەری و مافی وەکیەک بۆ هەمووان لەگەڵ یەکتر ڕێک دەخا. بە بەرینبوونەوەی ئەو بەرەیە لە یەکیەتیی نەتەوەکان و وەسەریەککەوتنەوەی وزەی خەباتگێڕیی خەڵک بڵێسەکانی شۆڕش دەگەنە جەماران و کۆشکەکانی بێدادیی ڕێژیم و ئەم زۆرداریە لەبن دێنن.

ئەوەش کە لە ئێستادا بۆ ڕێژیم ماوەتەوە پەلەقاژەکانی پێش نەمانیەتی. دەنا بە میلیتاریزەکردنی وڵات، خنکاندنی پتری ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بەبارمتەگرتنیان لە سیاسەتی دەرەکیدا و هەڵگیرساندنی شەڕ و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکان ناکرێ و ناتوانرێ پێش بە ڕەوتی شۆڕشێکی جەماوەری بگیرێ کە ئامادەیە لەپێناو سەرکەوتندا هەموو تێچوویەک بدات.

بێگومان ئیرادەی خەڵک لە هەموو سەرکوت و داپڵۆسینێک بەهێزترە.

٢٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خەڵاتی ساخارۆف، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا




**سمایل شەرەفی**

وەک لە لەسەر کێلی گڵکۆکەی نووسرا، ناوی "ژینا" بوو بە "ڕەمزێک"؛ ڕەمزێک بۆ بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی مۆدێرن دژ بە کۆنترین دەسەڵاتەکانی سەردەم، ناوێک بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕەشترین ڕەفتارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە کەسانێک کە بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بیرێکی تەیار بە نۆرم و بەها مودێڕنەکانی ئازادیخوازی و مافویستی، بەگژ دیکتاتۆریدا چوون. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕەهەندێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرت و نەک هەر سەرنجی گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵکوو ڕێز و ستایشی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی (١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی زایینی) یەکیەتیی ئورووپا لە بڕیارێکی بەجێ و ئازایانەدا خەڵاتی ساڵانەی مافی مرۆیی ساخارۆفی بە ناوی ژینا ئەمینییەوە بەخشییە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی. دانی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتێکی دیکە بۆ ئەم بزووتنەوەیە دێتە ئەژمار، هەڵگری چەند پەیامێکیشە: یەکەم ئەوەی کە ئەم خەڵاتە لە کات و ساتێکدا پێشکەش بە بزووتنەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافخوازانەی گەلانی ئێران دەکرێ کە بە هۆی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلەوە، بیروڕای گشتیی جیهانی و میدیاکان بەم ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانەوە سەرقاڵە. کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری سەرەکیی وەڕێخستنی ئەم شەڕ و قەیرانە نوێیە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە، بەشێک لە ئامانجەکانی کەمکردنەوەی سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر پرس و بابەتە نێوخۆیییەکانی وڵات بوو کە یەکیەتیی ئورووپا بە پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف، توانی بۆ جارێکی دیکە سەرنجەکان بۆ نێوخۆی ئێران و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ڕابکێشێتەوە.

بەنێونەتەوەییبوونی بزووتنەوەی ژینا و ئاوڕدانەوەی دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی وەک یەکیەتیی ئورووپا لەم بزووتنەوەیە کە خەڵاتێکی پێگەداری وەک ساخارۆفی پێشکەش دەکات، هەر لە جێدا دەسکەوت و سەرکەوتنێکی دیکەی بزووتنەوەی گەلانی ئێرانە. بە مانایەکی دیکە ئەم بزووتنەوە لەگەڵ ئەوەیکە بەتوندی لەلایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەوڵی کپکردنی دەنگی درا، بەڵام دەرکەوت کە نەتەنیا دەمکوت و سەرکوتی قبووڵ نەکردووە، بەڵام توانیویەتی سەرنجی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بە زیندوویی بمێنێتەوە و درێژە بە بەردەوامیی خۆی بدا.

دانی ئەم خەڵاتە وەک بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆیی یەکیەتیی ئورووپا بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هاوکات لەگەڵ بەرزنرخاندنی بزووتنەوەکە، مەحکوومکردنی تەواوی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر و سیستماتیک، هەر لە تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپێشاندەرانەوە بگرە تا سەپاندنی حوکمی ناڕەوا و ئێعدامکردنەکان کە بەرانبەر بە خەڵکی بێدیفاع بەڕێوەی بردوون. بێگومان بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا بە تەرخانکردنی ئەم خەڵاتە بۆ ئەو بزووتنەوەی کە ڕۆڵەکانیان لەپێناویدا یا گیانیان بەخت کرد یا هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە، خۆشحاڵن و شانازیی پێوە دەکەن. هەروەک چۆن دایک و باوکی ژینا ئەمینی لە دوو پەیامی جیاوازدا وێڕای دەربڕینی پێخۆشبوونی خۆیان لەم کارە بەبایەخەی یەکیەتیی ئورووپا، بە شانازییەوە باس لە ڕۆڵە شەهیدەکەیان (ژینا) دەکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا سەرمەستی بۆنی خوێن و بارووتی شەڕی حەماس و ئیسرائیلە و لە میدیاکانیەوە بێئەوەی شەرم لە ڕۆڵی شەڕنگێزانە و هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە خوێناوییە لەپێناو مەرامە ئیدۆلۆژییەکانیدا بکات و بە پێدانی تەرمی بێگیان و خوێناویی منداڵانی قوربانیی ئەم شەڕە دەیەوێ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵخڕێنێ، بەشێک لە پیلانەکانی ئەوەیە سەرنجەکان لەسەر قەیران و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆییشی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا سەیرێکی ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ هاوکات لەگەڵ شەڕی حەماس و ئیسرائیل خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەیان بە ناڕەزایەتی و ئەرک و بەرپرسایەتییە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەباتخوازییەکەیــان داوە. خانەنشــینان لەو مــاوەیەدا لێبــڕاوانە لە نارەزایەتییەکانیــان بەردەوامــن و لە ڕێوڕەســمی بەخاکسپاردنی دەرهێنەری نــاوداری ئێرانــی، داریــووش مێهرجــوویی و هاوســەرەکەیدا، لەگەڵ بەرزکــردنەوەی دروشمی "ژن، ژیــان، ئــازادی"، بە بەرزکــردنەوەی دروشمی "نە غزە نە لوبنــان، جــانم فدای ایــران" سیاسەتە شەڕەنگێزانەکانی ڕێژیمیــان مەحکووم کردەوە.

بێگومــان لە وەهــا هەلومەرجێکــدا کە کۆمــاری ئیسلامیی ئێــران بە پشــتیوانیکردن لە حەمــاس و هانــدانی دژ بە ئیســرائیل شەڕێکی نــاوچەیی نــاوەتەوە و کــۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی و میــدیاکان ســەرنجیان خســتۆتە ســەر ئەم ڕووداوانە، تەرخــانکردنی بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆیی ساخارۆف لەلایەن یەکێک لە دامەزراوە گەورە جیهــانییە بڕیــاردەرەکــان (یەکیەتیــی ئورووپــا) بە ژینــا ئەمینــی و شۆڕشــی ژن، ژیــان، ئــازادی، دەســکەوتێکی گەورەیە. ئەم ڕووداوە دەتــوانێ بــۆ بــزووتنەوەی مــافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتێکی نێونەتەوەییش بخوڵقێنێ، بۆیە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆمــاری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات پێویستە یەکگرتووانە ڕوانگە و ڕوویکەردێکی جیهانی لەسەر ئاستی کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی بــۆ خەبــاتی نێوخــۆی وڵات دەستەبەر بکەن و بە پێچەوانەی سیاسەت و پلانەکــانی تــاران، کــار لەســەر لەڕۆژەڤدا هێشــتنەوەی بزووتنەوەی جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا بکەن.

٢٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شەڕی حەماس و ئیسرائیل



و: کەماڵ حەسەنپوور

بەشی هەرە زۆری ٢٠٢٣، قەیرانێکی سیاسیی جەمسەرکار ئیسڕائیلی ئیفلیج کردووە و خودی شوناسی وڵاتی خستۆتە مەترسییەوە. پاشان، لە حەوتی ئۆکتۆبر، تەقریبەن ٥٠ ساڵ دوای ئەو هێرشەی شەڕی یوم کیپۆری لێ کەوتەوە، حەماس هێرشێکی ڕووهەڵماڵاوانەی کردە سەر باشووری ئیسڕائیل. دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئیسڕائیل، ڕێبەریی سەربازی و ئاژانسە هەواڵگرییەکان ئەوجارەش تووشی سورپرایز بوون. لێرە، تاقمێک پسپۆڕی ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتێژیک، هێرشەکەی سەر ئیسڕائیل و کاردانەوە نێونەتەوەییەکان بە سەرنجدان بە لێدوانی سەرۆکوەزیرانی ئیسڕائیل کە گوتی "شەڕێکی درێژمەودا و دژوار دێتە ئاراوە"، هەڵدەسەنگێنن.

## ئیسڕائیل تووشی سورپرایز بوو

**جان چیپمەن**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرۆکوەزیران ناتانیاهو زۆربەی کاتی ئەوساڵی بۆ چاکسازییە جێگای مشتومڕەکەی دادوەری و پێڕاگەیشتن بە مۆرە توندڕەوەکانی هاوپەیمانییەکەی تەرخان کرد. بۆ گەلێک ئیسرائیلی، سەرۆکوەزیران سروشتی دیموکراسی ئیسرائیلی بە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی دەسەڵاتی دادوەریی لە مەترسی هاویشتبوو. ئەو هەروەها بە پاشەکشەی بەرچاو بۆ ڕاستڕەوە ئایینییەکان ببووە هۆی نیگەرانیی زۆر کەس کە وڵات تووشی دیکتاتۆریی ئایینی بکات.

شین بێت، ئاژانسی هەواڵگریی ئیسرائیل، ئاماژەی بە جەمسەربەندییەکەی دانیشتووانی ئیسرائیل وەک سەرقاڵیی نێوخۆیی کردبوو. داوا نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی توندڕەوی جوولەکە زەرەری بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی هەبوو و، تووڕەیی زۆرینەی سێکولار لە زێدەمافییەکانی پێشکەشکراو بە کەمینەی پەرەئەستێنی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس، ڕیزپەڕبوونیان لە خزمەتی سەربازی و بەکردەوە لە کارکردن، یەکگرتوویی کۆمەڵگە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل هەمیشە پشتی پێ بەستووە، لە مەترسی هاویشتبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی سەربازیی نیگەران بوون کە ئەو ڕووداوانە ئامادەیی سەربازیی ئیسرائیلیان لاواز کردووە. لە نێوان مانگەکانی مارس تا جولای، یەدەگی هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل خۆیان لە ڕاهێنانەکانیان بوارد، ڕاهێنەرانی فڕۆکەوانیی هێلیکۆپتەر نەچوونە سەر کارەکانیان و ئەندامانی یەدەگی هێزە تایبەتییەکان خۆیان بۆ خزمەتگوزاریی خۆبەخشانە ڕانەگەیاند. هەموو ئەوانە وەک ناڕەزایەتی لە ئاراستەی سیاسەتی وڵات بوو. زۆر کەس نیگەرانی کەمایەسیی ئامادەیی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، پەرەپێدانی تواناکانیان و لەوەش گرینگتر، 'تایبەتمەندیی چاوترسێنکەرانەیان' بوون.

هاوکات، سەرۆکوەزیران، بەرین کردنی ڕێککەوتنی ئیبراهیم بە شێوە و ئامرازی جیاوازی خستەسەرەوەی لیستەی ئەرکەکانی سیاسەتی دەرەوە. خەڵاتی کۆتایی، ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی دەستنیشان کرا. دامودەزگای ئاسایشی نەتەوەیی، لە نێویاندا ڕێبەریی موساد، بۆ گەیشتن بەو ئاکامە سەرقاڵ کرا، کە لە سێپتەمبەر ئەگەری سەرکەوتنی وەک ٥٠٪ مەزەندە دەکرا. تواناجەکە لێرەدایە کە دەستنیشانکردنی 'لایەنی فەلەستینی' ڕێککەوتنە مەزنەکە لەگەڵ عەرەبستان، بەشێکی گرینگی خولیا مەزنەکە بۆ 'بەرفراوانکردنی ئاڵقەی ئاشتی' بوو. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئاسایی‌کردنەوە، ئەو بەشە پەراوێز دەخرێ.

بۆ ماوەی چەند مانگ، ئەو دوو ئالنگارییەی مامەڵەکردن لەگەڵ ناڕەزایەتیی سیاسی و ئایینی و هەوڵی هاوکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنێکی بەرفراوان لەگەڵ عەرەبستانی سعودی، دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەییان سەرقاڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کرد.

ئێستا ئاشکرا نییە ئاخۆ نیشانەکانی هۆشداریی هێرشەکە نەبینران یان هۆشداریی درا بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی لێ نەکەوتەوە؟ ئەو پرسیارانە تەنیا لە لێکۆڵینەوەی پاش جەنگ لەسەر هەلومەرجی هەواڵگری دەتوانێ بەدروستی وڵامیان بدرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤ ناتوانێ خۆ لەو دەرئەنجامە ببوێرێ کە چاوانێکی زۆر، کە خەریکی ڕوانینی نێوخۆ و دووردەست بوون، بەگوێرەی پێویست نەیانتوانی جەخت بکەنە سەر ئەو هێرشەی کرایە سەر سنووری باشوور.

## لایەنە فەلەستینییەکان

### لەیس نەلجەلونی

هێرشی حەماس بۆتە هۆی یەکگرتوویی کاتی لە نێوان لایەنە فەلەستینییەکان، بە تایبەت لەگەڵ لایەنی ڕکابەر واتە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا. کاردانەوەی سەرەتایی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین، ڕەواییدان بە هێرشەکان بوو و ئەوانی وەک 'بەرپەرچدانەوە'ی پێشێلکارییەکانی ئیسرائیل دژی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و کریستیان لە ئورشەلیم' وەسف کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، وێدەچێ ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین نیگەرانی سەرکەوتنی سەربازیی سەرەتایی حەماس و هەڵکشانی خۆشەویستییەکەی لەنێو فەلەستینییان بێ. ڕاپرسییەک کە لە سێپتەمبەر بەڕێوە چوو نیشانی دا سەتا ٥٣ی فەلەستینییەکان پشتگیری لە بەرگریی چەکدارانە دژی ئیسرائیل دەکەن. ڕێبەریی بەڕێوەبەرایەتیی فەلەستین، مەحمود عەبباس، دەنگی نزمی هێنایەوە و لە ئەگەری هەڵبژاردنی سەرکۆماری، زۆربەی فەلەستینییەکانی کەناری ڕۆژاوا و غەززە گوتیان دەنگ بە ڕێبەری حەماس، ئیسماعیل هانیە، دەدەن. حەماس هەوڵ دەدا لە هێرشەکەی، کە نەبەزیی ئیسرائیلی تووشی ئالنگاری کردووە، بۆ نیشاندانی بەکەڵکبوونی بەرگریی سەربازیی لە بەراورد لەگەڵ شکستی ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین بۆ پێشوەچوون بەرەو دەوڵەتێکی فەلەستینی لە ڕێگای وتووێژ، کەڵک وەرگرێ.

مەترسییەکی دیکە ئەوەیە ڕێکخراوی ڕزگاریدەری فەلەستین کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنییەتی کەناری ڕۆژاوا لەکیس بدا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرپەرچدانەوەیەکی سەخت لەلایەن ئیسرائیل لە غەززە، دەتوانێ خەڵکی مەدەنی فەلەستینی لەوێ بورووژێنێ و تەنانەت ببێتە هۆی ڕاپەڕین. سەرکەوتنی سەربازیی حەماس هەروەها ڕەنگبێ ببێتە هۆی هاندانی میلیشیاکانی دیکەی فەلەستین لە کەناری ڕۆژاوا، لە نێویاندا ئارین ئەلئوسود، جیهادی ئیسلامی و تیپی جەنین تا هێرشی سەربازیی بکەنە سەر ئیسرائیل.

## ئاسایی‌کردنەوەی سعودی - ئیسرائیلی

### حەسەن ئەلحەسەن

شازادەی جێنشینی سعودی، محەممەد بین سەلمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ فاکس نیوز لە سێپتەمبەر لە لێدوانێکی خۆشبینانە لەمەڕ خێرایی وتوویژی ئاسایی‌بوونەوەی سعودی-ئیسرائیلی گوتی: "ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نزیکتر دەبێتەوە". بەڵام دەستپێکی شەڕی ئیسرائیل-حەماس وێدەچێ ڕێککەوتنی سعودی - ئیسرائیلی لەسەر مێز نەهێشتبێ، لانیکەم لە ئێستادا. لە کاتێکدا کە عەرەبستانی سعودی داوای هێورکردنەوەی دۆخەکە دەکا، دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ دەنگی کووەیت، عوممان و قەتەر و تاوانەکە داوێتە ئەستۆی توندوتیژیی دەسەڵاتی داگیرکارانەی ئیسرائیل. سەرەڕای سوودە ستراتیژیکییەکەی عەرەبستان لە پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، تێچووی نێوخۆیی و ناوچەیی هەوڵدان بۆ ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییەکان لە کاتی قەیرانی هەنووکەییدا، گەلێک بەرچاو دەبێ.

بە پێچەوانەی هەڵوێستی عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئیسرائیل قووڵتر کردۆتەوە و دەڵێ "زەندەقی" لە بەئامانجگیرانی خەڵکی مەدەنی لە ئیسرائیل چووە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵوێستێکی توندی دژی ئیخوان ئەلموسلمین و تاقمە لایەنگرەکانی وەک حەماس گرتووە کە پێی وایە هەڕەشە لە ئەمنییەتی دەکەن.

دەوڵەتانی عەرەبی کەنداو وێدەچی نیگەرانی ئەوە بن کە قووڵتربوونەوەی قەیرانەکە ببێتە هۆی تەشەنەکردنی کێشەکە بۆ ناوچەی ئەوان. داگیرکردنی غەززە لە لایەن ئیسرائیل، دەتوانێ ببێتە هۆی تێوەگلانی حیزبوڵڵا کە ئەویش دەستێوەردانی ئەمریکای بەدواوە دەبێ. وەکوو تۆڵە، ئێران و تاقمە هاوپەیمانەکانی ڕەنگبێ بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو بکەنە ئامانج، ئاستی شەڕەکە بگەیەننە شەڕێکی ناوچەیی.

سەرکەوتنی سەرەتایی چاوەڕواننەکراوی حەماس دژی هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئیسرائیل، نیشانەی توانایی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێران لە دەست وەشاندن بە هۆی هاوپەیمانە نادەوڵەتییەکانی لە ناوچەدا، لە ئاستێکی بەرزترە.

ئەگەر ئێران سوود لە سەرهەڵدانی شەڕێکی درێژخایەن و دژوار لە نێوان ئیسرائیل - حەماس وەرگرێ، دەوڵەتە ڕکابەرە عەرەبەکانی کەنداو لە درێژخایەندا ناچار دەبن بیر لەوە بکەنەوە چۆن تواناییەکانی ئێران لە کەڵکوەرگرتن لە بەکرێگیراوە چەکدارەکانی بۆ جێبەجێ کردنی کاروباری ناوچەیی، سنووردار بکەن.

## ئاسەوارە ناوچەییەکان

## ئێمیل هۆکایەم

شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کاردانەوەی ماڵوێرانکەری بۆ ناوچەکە دەبێ. ئەو گورزە مرۆیی، ئۆپەراسیۆنی وستراتیژیکەی حەماس لە ئیسرائیلی دا و تۆڵەی چاوەڕوانکراوی ئیسرائیل، ڕەنگبێ لە تێکهەڵچوونەکانی ١٩٨٢ بەولاوە کە بووە هۆی داگیرکردنی لوبنان لە لایەن ئیسرائیل، مەزنتر بێ.

قەیرانەکە دەتوانێ ببێتە هۆی لێکهەڵوەشانی پرۆسەی هێورکردنەوەی نێوان زلهێزانی ناوچە لەو ساڵانەی دواییدا و پێشتریدان بە هاوپەیوەندیی ئابووری و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری. ڕێککەوتنی ئیبراهیم، بەرهەمی بۆچوونێکی ئەوتۆ بوو و، وتوویژەکانی نێوان ئیسرائیل-عەرەبستانی سعودی ئاکامی ئەقڵانیی ئەو بۆچوونە بوو.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئێران تێکەڵی کێشەکە دەبێ و ئەگەر ئەو کارە بکات، ئاخۆ ئەوە بە ویستی خۆی دەبێ یان پەلکێش دەکرێ. هۆیەکی باش هەیە کە پێمان وابێ ئێران نایهەوێ ڕاستەوخۆ بەرەورووی ئیسرائیل بێتەوە و بەو جۆرە مانۆڕ بدا.

بەڵام پرسیاری پێکهاتەیی درێژخایەنتر هەن. سەرهەڵدانی حەماس وەک ڕێکخراوی سەرەکی و بێ ڕکابەری فەلەستینی کاریگەریی بەردەوامی دەبێ، وەکوو لە دۆخی حیزبوڵڵا لە ٢٠٠٦ بینرا. ئەو پێگە و دەستڕۆیشتوویی نوێی لەناو ڕێژەیەکی زۆر عەرەب وەدەست هێناوە. چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی حەماس لەو سامانە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی زەبەلاحی سەربازیی ئیسرائیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناسەقامگیریی چەند دەوڵەت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قاهیرە و ئەممان، کە سیاسەتیان کۆنترۆڵکردنی تاقمە ئیسلامییەکانی پشتیوانی سەپاندنی دەسەڵاتی فەلەستین بووە، لە ترس و دڵەڕاوکێ دان. بۆ میسر، داگیرکردنەوەی غەززە بە مانای کێشەیەکی چالاک لە سنوورەکەیەتی. ناسەقامگیری، توندئاژۆیی و دزەکردنی مرۆڤان لە شێوە دوورگەی سینا گیر و گرفتی سەرەکیی ئاسایشی نێوخۆیی دەیەی ڕابردوو دەتوانێ سەر هەڵداتەوە. شا عەبدوڵڵای ئوردون لە وتووێژێکدا گوتوویەتی "ئەمن پێتانم گوت". ئوردونییەکان لە جەختی بەردەوامی ڕۆژاوایی و دەوڵەتانی کەنداو لە سەر ئاسایی‌کردنەوە لەگەڵ ئیسڕائیل لەسەر حیسابی سەقامگرییەکی بەردەوامی کەناری ڕۆژاوا و غەززە تووڕە بوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆرینەی دانیشتووانی ئوردن بە ڕەچەڵەک فەلەستینی یان پەنابەری فەلەستینین، شەڕێک لە دراوسێیەتیان دەتوانێ کۆمەڵگەی ئوردن ناسەقامگیر بکات. قاهیرە و ئەممان بەرژەوەندییان لە هاوکاریی یەکتر لە کاراکردنی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیان و دامودەزگا هەواڵگرییەکانیان دایە. بە پێچەوانە، قەیرانەکە تورکیە و قەتەری زەق کردۆتەوە. هەردوو وڵات پەیوەندی باشیان لەگەڵ حەماس هەیە، میوانداریی ڕێبەران و مێدیاکانیانن و پشتگیریی ئابوورییان دەکەن. ئەوان دەتوانن پێشنیاری نێوبژیوانیی بکەن، بەڵام مەترسیی ئاشکرابوونی بێکەڵکبوونیان هەیە. ئەوان بەوە تاوانبار دەکرێن کە بەنهێنی حەماس پەروەردە دەکەن. جێگای ئاماژەیە قەیرانەکە بۆتە هۆی پەراوێزخستنی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی. ئەوەی دواتر پێشەنگی ئاسایی‌کردنەوەی عەرەب لەگەڵ ئیسڕائیل بوو، بەڵام لە بیروڕای گشتیی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەو وڵاتە توانایەکی زۆر کەمی بۆ هێورکردنەوەی سیاسەتی ئیسرائیل هەیە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی شەڕێکی خوێناوی، عەرەبستانی سعودی نیگەرانی کاردانەوەی چاوڕکێنەکەی لەگەڵ ئیسڕائیلە. پساندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسڕائیل وێناچی ڕوو بدا و هەردوو ڕیاز و ئەبوزەبی، حەماس وەک هەڕەشەیەکی ئایدیۆلۆژیکی و ئەمنییەتی سەیر دەکەن.

## ئێران

### جان راین

ڕەنگبێ هەردوو -ئێران و حەماس- هیوادار بن ئەو شەڕە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشتیوانیی بەربەرین بۆ پرسی فەلەستین و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئیسڕائیل. ئەگەرچی هێندێک خۆپیشاندانی جەماوەریی زۆرتر لە وڵاتانی خاوەن دەوڵەتی لاواز یان ئەو شوێنانەی نفوزی ئێران زۆرە ڕوویان داوە، بەڵام هێشتا بۆ کشانەوەی وڵاتانی ناوچە لە ئیسڕائیل یان بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵی مەودایەکی زۆر ماوە. ڕەنگبێ زۆر هۆ بۆ ئەو کارە هەبن: ماندوویی، سەرلێشێواوی یان بێ‌متمانەیی بە پرسی ئیسلامی، کە حەماس بە هەمان ڕادە لە غەززە نوێنەرایەتیی دەکات؛ بێ‌مەیلی یان مەترسییەک کە ئەو کارە بۆ دەسکەوتە ڕێژەییەکەی هێورکردنەوەی ئەو دواییانەی ناوچەیی هەبووە و، لە ڕوانگەی ڕێبەرانەوە خۆ لادان لە سیاسەتێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەپاندبێتی. پووشوویەکە ڕەنگبێ هێندە ویشک نەبووبێ کە حەماس یان ئێران هیوایان بۆ دەخواست.

لە کاتێکدا کە ئێران و حیزبوڵڵا لەگەڵ حەماس "بەرەیەکی یەکگرتووی" خەیاڵییان پێکهێناوە، هێشتا نەیتوانیوە بیسەلمێنی لە تاقمەکانی دیکەی دوژمنی ئیسرائیل لە ڕابردوودا، کاریگەرتر و یەکگرتووترە. هەردوو ئێران و حیزبوڵڵا بە ئاشکراترین شێوە چەپڵەیان بۆ حەماس لێداوە، بەڵام ئاخۆ ئەوان ئامادەن سامانەکان و داهاتوویان بە شەڕ لە پەنا حەماس بخەنە مەترسییەوە، هێشتا ماویەتی ئەوە بسەلمێنن. تاران و حیزبوڵڵا لەو ساڵانەی دواییدا وریا بوون خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و پڕ تێچوو لە ترسی ئاسەوارەکانی بۆ سەر پێگەی نێوخۆییان ببوێرن. ئیسرائیل توانایی خۆی لە ڕێگای بەئامانجگرتنی تواناییەکانی ئێران لە دەرەوەی ناوچە و هەروەها بە ئۆپەراسیۆنی هەنگێو لە نێوخۆی ئێراندا پشتڕاست کردۆتەوە. بڕیارێکی دژوار بۆ ئێران و هەروەها حیزبوڵڵا ئەوە دەبێ کە ئاخۆ چۆن وەڵامی داواکارییەکانی حەماسێکی گەمارۆدرا و بچووک بۆوە بە هۆی هەنگاوی سەربازیی ئیسرائیل، بۆ دەستێوەردانی سەربازیی بدەنەوە. بێتوو ئەوان بڕیاری یارمەتیدان بدەن، دەبنە داگیرسێنەری شەڕێک لەگەڵ ئیسرائیل. بێتوو خۆ لەو کارە ببوێرن، مەترسیی بنکۆڵکرانی متمانە بە "بەرەی یەکگرتوو" دروست دەبێ. هەموو پشتیوانییەک بێجگە لە یارمەتیی ڕاستەخۆ لە شەڕدا، ڕەنگبێ بژاردەی دڵخوازیان بێ.

## لوبنان و حیزبوڵڵا

### ریم مومتاز و ئێمیل هۆکایەم

لەو کاتیەوە هەواڵی هێرشی حەماس بڵاو بۆوە، ئەو پرسیارە هاتۆتە ئاراوە ئاخۆ تاقمی میلیشیایی لوبنانی، حیزبوڵڵا، بەرەیەکی دیکە لە باکووری ئیسرائیل دەکاتەوە؟

هەردوو تاقمەکە پێشینەیەکی کۆنی پەیوەندیی دوو لایەنەیان هەیە و میلیشیاکانی حەماس لە لوبنان خاوەن بنکەن. حیزبوڵڵا زۆرتر پەیوەندیی لەگەڵ ئێران هەیە بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، حەماس بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران، پشتی بە ئەو تاقمە لوبنانییە بەستووە. هەرسێک لایەن بەردەوام گوتوویانە یەکێک لە ئامانجە هاوبەشەکەیان "بەرەیەکی یەکگرتوو" دژی ئیسرائیلە و بەگوێرەی زانیارییەکان ئەوان لە بەیروت ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان هەیە. لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و حەماس (و هەروەها جیهادی ئیسلامی) بەئاشکرا دیداریان هەبووە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ویستی خۆیان بۆ هاوئاهەنگیی زۆرتر ڕاگەیاندووە. ئاخۆ فەرماندەی سوپای قودس لەو کۆبوونەوانەدا ئامادە بووە نا‌ڕوونە، بەڵام ئیسماعیل قائانی، فەرماندەی سوپای قودس، بەردەوام سەردانی بەیروتی کردووە.

تا ئێستا، حیزبوڵڵا ڕایگەیاندووە کە بەبەردەوامی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس لە پەیوەندیدا بووە تا کاردانەوەکانیان هاوئاهەنگ بکەن، بەڵام خۆی لە هاوپشتییەکی تەواو بواردووە. ڕۆژی یەک شەممە، ئەو گرووپە پێکدادانێکی سنوورداری بە ئاڵوویری ئاگری خومپارە لە مەزراکانی شەبعا هەبووە. ناوچەی ژێر هێرش لە ڕۆژی دووشەممە بەربڵاوتر بۆوە بەڵام سەرەڕای ئیددیعای حیزبوڵڵا کە چەکدارانی بە تۆپبارانی ئیسرائیل کوژراون، کێشەکە لەژێر کۆنترۆڵدا مایەوە. ڕەنگبێ شەرکەرە فەلەستینییەکان بە پشتگیریی حیزبوڵڵا بە شێوەیەک کە بتوانی حاشای لێ بکات، ئۆپەراسیۆن بۆ ئەو دیوی سنوور بەڕێوە بەرن. گرینگ ئەوەیە کە حیزبوڵڵا دەتوانێ بە ناچالاک بوون یارمەتی حەماس بدا، چونکە دەبێتە هۆی بەسترانەوەی هێزێکی بەرچاوی ئیسڕائیلی و توانایییەکانی بە مەبەستی پارێزگاریی لە سنووری باکوور چەقبەستوو بمێننەوە.

گەلۆ ئیسڕائیل بڕیار دەدا بە تەواوی دەستێوەردان بکات بە فاکتەری ئاشکرا و نەزانراوەوە گرێ دراوە، لە ناویاندا ئاستی تۆڵە ئەستێنیی ئیسڕائیل لە حەماس و ئاخۆ ئیسڕائیل دەتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو و تاهەتایی ڕێبەریی حەماس لەنێو بەرێ. دۆخی نالەباری ئابووری لە لوبنان کاریگەریی لەسەر پێگەی جەماوەریی حیزبوڵڵا و کەسایەتییەکانی هاوتەریبی ئەو هەبووە. لایەنی بڕیاردەر ئێرانە، کە حیزبوڵڵای وەک ئامرازی یەکلاکەرەوە بۆ سزادان و چاوترسێن کردن حاملاندووە و زۆر زیرەکانە کەڵکی لێ وەردەگرێ.

## یەکیەتی ئورووپا

### ریم مومتاز

کاردانەوەی یەکیەتیی ئورووپا زۆرتر سیمبۆلیک بووە، لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانیی نیوەچڵ بۆ شارۆمەندانی ئورووپایی لە ئیسڕائیل و ئارامیی جەماوەریی لەو وڵاتانەی ئورووپا کە خاوەن ڕێژەیەکی زۆر کۆچبەرن.

ڕێبەرانی فەڕانسە و لەهستان هێرشەکەی حەماس دژی ئیسڕائیلیان ئیدانە کردووە و پشتیوانیی خۆیان بۆ ئیسڕائیل دەربڕیوە. ئەوان هەروەها لە ڕووداوە بەرچاوەکاندا هاوپشتیی خۆیان بەئاشکرا بۆ ئیسڕائیل دەربڕیوە. بەڵام، یەکیەتیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئورووپـا ستراتیژییەکی یەکگرتـووی بـۆ کێشـەی ئیسـڕائیل-فەلەسـتین نەبـووە و، دەوڵەتـانی ئەنـدام نـاکۆکییەکی قووڵیـان لەسـەر کێشـەکە هەیە. لە ٨ی ئۆکتـۆبر، وەزیـری گەشـەکردنی ئاڵمـان ڕایگەیانـد کە بەرلـین پێـداچوونەوە بە یـارمەتییە داراییەکـانی بە فەلەسـتین دەکـات. ڕۆژی دواتـر، کۆمیسـیۆنەری مەجارسـتانیی یەکیەتـی ئورووپـا بـۆ سیاسـەتی دراوسـێیان، ئـۆلیڤەر ڤـارهەلی، یەکـلایەنە، بەبـێ ڕاوێـژ لەگەڵ دەوڵەتـانی ئەنـدام، ڕایگەیانـد کە بروکسـەل بـودجەی سـەرجەم بەرنامەکـانی گەشـە پێدان دەبـڕێ. دوای نـاڕەزایەتی فەرمـی لەلایەن وەزیرانـی وڵاتـانی وەک ئیرلەنـد، لوکزەمبـورگ و ئیسـپانیا، و هەروەهـا پارلەمـانی ئورووپـا، لە لێـدوانێکی کـورتی کۆمیسـیۆنی ئورووپـادا، ئەو بڕیـارە هەڵوەشـێنرایەوە. سەرکۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوەی فەڕانسە دیپلۆماسیی تەلەفۆنیی خۆیـان تـا ئێسـتا ئاشکرا کـردووە و لەواندا لەگەڵ لایەنە بەرانبەرەکانیان لە ئیسڕائیل، بەڕیوەبەرایەتیی فەلەستین، ئوردن، لوبنـان، میسـر، ئیمـاڕاتی یەکگرتـووی عەرەبـی، عەرەبستانی سعودی و قەتەر باسی دۆخەکەیان کردووە. بەڵام چاوەڕوانییەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی کۆنکرێت کەمن. لەو سـاڵانەی دواییـدا، لە کـاتی سـەرهەڵدانەوەی کێشـەی ئیسـڕائیلی-فەلەسـتینی دیپلۆماسـیی یەکیەتیـی ئورووپـا لە هـی ئەمریکا، میسر، قەتەر و تورکیە کەم دەسکەوتتر بووە.

بێجگە لە تێبینییە ژێئۆپـۆلیتیکی و دیپلۆماتیکەکـان، وڵاتـانی ئورووپـایی دەیـانەوێ پێش بەوە بگرن کە گرژییەکـان ببنە هـۆی قەیرانـی پەنـابەران کە داوێنـی سنوورەکانی یەکیەتـی ئورووپـا بگرێتەوە. بەشێک لە ئەنـدامانی زۆرینـەی کـۆچبەری مسـوڵمان لەو وڵاتـانە بەئاشکرا ئەو هێرشـەیان جەژن گرتـووە. وڵاتـانی وەک فەڕانسـە، ئاڵمـان و بریتانیـا لە کۆتـایی حەوتوودا حوزووری پۆلیسیان لە نزیک بنکەکانی کۆمەڵگەی جوولەکە، قوتابخانە و کەنیسەکانیان زیاتر کرد.

## ڕووسیە

### نایجڵ گۆلد-دەیڤیس

قەیرانـی ئەو دوایيـانەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست کـاردانەوەی لەسـەر دیپلۆماسـیی جەنگـی ڕووسیە-ئـوکراین دەبـێ. تـا ئێسـتا، سەرەڕای داگیرکـاریی ڕووسیە بـۆ "سڕینەوەی نازییەکـان" و لابردنـی سـەرکۆماری جوولەکەی ئـوکراین، ئیسـڕائیل پەیوەنـدیی بەهێزی لەگەڵ ڕووسیە پاراستووە. ئیسڕائیل سەرەڕای داوای هاوبەشەکانی، تەنیا یارمەتییەکی کەمی ناکوشـندەی پێشکەشی ئوکراین کردووە. هۆی سەرەکی بۆ ئەو خۆپارێزییە، نیگەرانیی ئەمنییەتی ناوچەیی ئیسڕائیل بووە: ئەو لە سووریە پشت بە پشتیوانیی ڕووسیە دەبەستێ تا هێزەکانی سەر بە ئێران سنووردار بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە هەمان کاتدا، جەنگی ڕووسیە لە ئوکراین بۆتە هۆی پەیوەندیی نزیکتری سەربازیی لەگەڵ ئێران. لە دوای داگیرکردنی ئوکراین لەلایەن ڕووسیەوە، کاربەدەستانی حەماس لانیکەم سێ جار سەردانی مۆسکۆیان کردووە. پرسیارەکە هەمیشە ئەوە بووە ئاخۆ ئەو پەیوەندییانە چەندە چڕ ببنەوە بێ ئەوەی ببێتە هۆی پێداچوونەی ئیسرائیل بە پەیوەندییەکەی لەگەڵ مۆسکۆ.

هێرشی حەماس، کە بە گوێرەی ڕاپۆرت بە پلانی ئێران بووە، ئاشکرای دەکات کە ئیسرائیل، سەرەڕای دان بەخۆدا گرتندا، بەرەورووی هەڕەشەیەکی کوشندە لەلایەن هاوپەیمانانی ڕووسیە بۆتەوە. ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیاری نوێ لەبارەی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ڕووسیە، کە هێرشەکەی ئیدانە نەکردووە و سنووردانانەکانی خۆی بۆ پشتگیریی لە ئوکراین، کە لەبەر چاوی گرتووە. مۆسکۆ هەروەها دەبێ لەوە بترسێ کە سەختگیریی لەگەڵ ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی یەکێک لە هاوپەیمانە نزیکەکانی.

## وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

### دانا ه. ئالین

نیو سەدە مەودا لە نێوان هێرشی پەشۆکێنەری کۆتایی حەوتوو لەلایەن شەڕکەرانی حەماس دژی ئیسرائیل و هێرشە لەناکاوەکەی هێزەکانی میسر و سووریە لە یۆم کیپور لە ١٩٧٣ هەیە. ئەوە دەتوانێ بەهەڵکەوت بێ، بەڵام زۆرتر وێدەچێ حەماس بە هیوای دەنگدانەوە مێژووییەکە بووبێ.

پەیوەندییە چارەنووسسازەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاش ئەوکاتی و ئێستا ئەگەر هەڵخەڵەتێنەریش بن، چەواشەکارانەن. لە ١٩٧٣، هێزە سەربازییەکانی عەرەبان هەڕەشەی مان و نەمانیان لە ئیسرائیل دەکرد و پشتگیریی بەربڵاوی سەربازیی لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا یارمەتیدەری تێکشکاندنی شەپۆلەکە بوو. هەروەها جەنگی خوێناوی ١٩٧٣، پێشەکیی دەسکەوتی بەرچاوی سیاسیش بوو. لە مانگەکانی دواتردا، هێنری کیسینجەر دەستی بە هاتووچۆی دیپلۆماتیک کرد کە بووە هۆی ئاگربڕی هێزە سەربازییەکانی هەردوو لا؛ لە ١٩٧٧، سەرکۆماری میسر ئەنوەر سادات سەفەری بۆ ئورشەلیم کرد تا لە کنێسێت (پارلەمانی ئیسرائیل) وتار پێشکەش بکات؛ لە ١٩٧٨، سەرکۆمار جیمی کارتەر میوانداری سادات و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل مەناخیم بگین بۆ دانوستانی مێژوویی لە کەمپ دەیڤید بوو؛ ساڵی دواتر، ئیسرائیل و میسر ڕێککەوتننامەی ئاشتییان واژۆ کرد. لە هەمان کاتدا، میسر بەئاشکرا لە سۆڤیەت دوور کەوتەوە و هاتە ناو خولگەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ستراتیژیکی ئەمریکا.

ئەو مێژوویە ئێستا ڕوونکەرەوەی سروشتی تاریکی سنووردارێی بژاردەکانی ئەمریکان. پاش دیمەنە ترسێنەرەکانی قەلاچۆکردنی خەڵکی مەدەنی ئیسرائیل لە لایەن چەکدارانی حەماس، لێدوانەکانی ئەمریکا و پشتیوانیی ئەمریکا، مەرجێکی زۆر کەمی، بۆ ئیسرائیل دەبێ. واشینگتۆن پشتیوانیی شەڕێک دژی حەماس دەکات کە وێدەچێ ئەوی بۆ هەمیشە لەنێو بەرێ. چەند فاکتەر ناڕوونن: ئاخۆ ئەوە بە تێچوویەکی قابیلی قبووڵ جێبەجێ دەکرێ، ئاسەوارەکانی شەڕێکی خاکیی و داگیر کردنەوەی دووبارەی غەززە لە لایەن هێزەکانی ئیسرائیلی و ئەگەری کاردانەوەکانی دیمەنە ترسێنەرەکانی ئازار و کوژراوانی فەلەستینی. هەموو ئەوانە، لە شوێنێک دەتوانن زەخت بخەنە سەر پەیوەندیی سیاسی ئەمریکا-ئیسرائیل، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر هاوکارییە ئەمنییەتییەکەیان هەبێ.

پەرتەوازیی تاڵی سیاسیی لە ئیسرائیل بۆ ماوەیەک نامێنێ؛ دەوڵەتێکی یەکیەتی-نەتەوەیی لە ئورشەلیم بۆ بەڕێوەربەرایەتی بایدنیش دڵخوازترە. هیچ ساداتێک لە گۆڕەپانەکەدا بوونی نییە، بەڵام بە هەموو خۆشبینییەکەوە، بیر کردنەوە لە ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ قەیرانەکە مومکین نییە. بیرۆکەی مامەڵەیەکی مەزنی ئەمریکا-ئیسرائیل-عەرەبستانی سعودی دەبێ بۆ داهاتوویەکی دیاریکراو وەدوا خرێ. لە سێناریۆیەکی کەمتر خراپدا، دیپلۆماسی دەبێتە هۆی چاوترسێن کردن. بە نیگای شڵەژاوی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئیسرائیل بەرەو هاژەکەکانی حیزبوڵڵا و مەترسی کرانەوەی بەرەیەکی دیکە لە باکوور، وڵاتە یەکگرتووەکانی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ناردوونە خۆرهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە. ئەوە ئیسرائیلی پەشۆکاو دڵنیا دەکات و سیگناڵێکیش بۆ ئێران دەنێرێ کە بێتوو هێرشێکی تەواو لە خۆرهەڵاتەوە بکرێ، واشینگتۆن لە دوورەوە سەیرکەر نابێ.

سەرچاوە:

https://www.iiss.org/online-analysis/online-analysis/2023/10/iiss-experts-assess-the-hamas-israel-war-and-its-international-implications/

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زایەڵەی خەڵاتی نۆبڵ و ساخارۆف




**دارسمە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر دروشمی "ئیقتێداری میللی"دا هەموو هەوڵی خۆی بۆ ئەوە کۆ کردووەتەوە بەردەوام بێت و گوێ بە هاتوهوتی دوژمنانی ئەم ئینقلابە عەزیمە نەدات.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا درێژە بە ژیانی سەربەرزیوانەی خۆی دەدات، بەتوندی لەژێر گەمارۆی دوژمنانیدایە. دوژمنانی تەقە و ڕەقە و لێدە و ڕاکە و لایەنگرانی هەژارۆکان، هەرچی لەدەستیان بێت دژی ئەم ئینقلابە دەیکەن.

ئەم ئینقلابە بە هەونتە لەسەر پێی خۆی ڕانەوەستاوە. ئینقلاب خاوەنی دوژمنانی دوور و نزیک و کۆن و نوێیە. دوژمنی هەرەکۆنیشی گورگێک بوو و خۆی خستبووە پێستی مەڕەوە. پێتان سەیر نەبێت، ئیمام خومەینی دوژمنی سەرەکیی پێشکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی بوو. ڕەنگە هەر پیاوی سەهیۆنیسم و ئەمریکای جینایەتکاریش بوبێت. بەئاشکرا پێیەوە دیاربوو لە سەروە دەگەڵ ئینقلاب و لە بنەوە دەگەڵ ئەوانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو لەکاتێکدا وەک کارێکی باش فەرمانی جیهادی دژی "ضد انقلاب"ی کوردستان دەرکرد، قسەی خراپیشی دەکرد و ئەم کابرایە بە ئەم قسانەوە گومانی لێوە دەکرا یان خلەفابێت و یان لە ژێرەوە پیاوی "مووساد"ی ئیسرائیل و "سی‌ئای‌ئەی"ی ئەمریکا و "ئێم ئای ٦"ی بریتانیا بووبێت. ئەگەر پیاوی هەرسێکیشیان نەبووبێت، سەر بە یەکێکیان بووە. بەڵام بە ئاکاری ڕەهبەری موعەززەمی ئێستای ئینقلابەوە دیارە خومەینی وەک ئەمەیان زۆر کەیفی بە "کا.گێ.بێ"ی ڕووسیە نەهاتووە.

خومەینی ئەگەر پیاوی زایۆنیسم و ئەمریکا نەبوایە، چۆن باسی هەڵبژاردنی دەکرد؟ چۆن دەیگوت "وەک ئێمە دەستەڵاتی پاشایەتیمان نەویست، ڕەنگە لە داهاتوودا خەڵک دژی ئێمە بن و دەنگمان پێ نەدەن." ئەم قسەیە ئەگەر قسەی زیددی ئینقلاب نەبێت، قسەی کێیە؟ بۆ کەسێکی وەک ئیمام خومەینی ئەگەر سەر بە پیلانگێڕانی دەرەوە نەبووبێت، هەر شەرم و شوورەیی بوو باسی هەڵبژاردن بکات.

ئەگەر ئەم هەڵبژاردن و مەڵبژاردن و دەنگدان و مەنگدانە لە دونیادا باو نەبوایە، کوا لێرە لەژێر دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا عافرەت دەنگی لێوە دەهات؟ کوا عافرەت دەیتوانی تەشک و دامێنان کۆ کاتەوە و لەچکە فڕێ بدات و قژی بە بادا بکات. بەوەندەش نەوەستێت و دژی ئیقلابی ئیسلامی دروشم بدات؟ وشەی عافرەت پڕ بە پێستی ئەوانەیە و ئەگەر بکرێت وشەی "ژن" لە کتێب و متێبانیشدا ڕەش بکرێتەوە باشە. ئەم ناوی "ژن"ـە شتێکی زۆر قێزەونە و لک و پۆپی خراپیشی لێ دەبێتەوە. بۆ ئەوەی عافرەتی وڵاتی ئێمە وەک عافرەتانی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی بە بەرهەڵڵایی بژێت، حەزی لە ناوی ژنە و هەر بەو ناوەش ناوستێت و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"ی بۆ ساز دەکات. بەڵام تۆ بڵێ "ئافرەت، تەوەززەلی، بەرهەڵڵایی."

پارێزەرانی ئینقلاب لەمساڵانەی دواییدا جگە لە سەدان ماڵپەڕی ئینترنێتی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەی کاغەزی، هەفتا و یەک کەناڵی تەلەفزیۆنی ماهوارەییان داناوە. ئەم ژنەتیوانەش لەنێو ئەم هەموو دەزگاجوانەی ڕاگەیاندن، خەریکن بە دووزەلەی بی.بی.سی و ئیران ئینترناشناڵ و کوردکاناڵ هەڵدەپەڕن. بۆیە گوتم "ژنەتیو" چەندی کردم و کراندم "عافرەتەتیوم" بە سەر زمانیدا نەهات.

لە نێو ئەم حەفتا و یەک کاناڵە تەلەفزیۆنییە و ئەم سەدان ڕادیۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەڕەی خۆماندا بەهیچ شێوەیەک باسی خەڵاتی نۆبڵ و مۆبڵ و ساخارۆف و ماخارۆفی ئەم ساڵ نەکراوە. دیسان ئەم خەڵکە دواکەوتووە لە میدیای بێگانە و ئەجانبەوە گوێ دەدەنە ئەم جۆرە هەواڵانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەولاوە، ئەوەی دوژمنـانی ئـێمە دەیـکەن، بەتونـدی ئینقلابـی خستووەتەوە مەترسییەوە. خەریکـن لە نێـو خەڵکیش گومـان دروسـت دەکەن. ئەوانە ئەمسـاڵ خەڵاتـی بەنـاو ئاشـتیی نۆبێلیـان دایە ئەو "ئـافرەتەتیوە"، ئەو نێرگسـەی لە زینـدانە، وایانزانی بە پێدانی ئەم خەڵاتە لە زیندان ئـازاد دەکرێت و دەچێتە دەرەوە و وەک ئەو کچەتیـۆکە و مچەتیۆکـانەی لێرەو چـوونەتە دەرەوەن، دەبێـتە مەیدانـداری پـاڵەوانەتی. دیتیـان نەخشـەکەیان پـووچەڵ کـرایەوە، گەڕانەوە سـەر ئەو کـچە سەقزییەی ساڵی ڕابردوو بەدەست پارێزەرانی ئینقلابی ئیسلامی بە شێوازێکی هەڵە کورژا. هەڵەکە لە شێوازی کوشتنەکەدا بوو نەک لە خودی کوشتنەکە. هەتا ئێستا هەزاران کەس بە شێوازی جۆراوجۆر بەدەست پارێزەرانی ئێنقلابەوە لە نێو بـراون و خەڵکیش دەنگی لێوە نەهاتووە. ئەم شێوازی کوشتنە بـۆیە هەڵە بـوو، خەڵکی ئێـران لە نـزیکەی نەود لەسەدیان زیـددی ئینقلابن، دەلینگیان بۆ شێلانی ئینقلاب هەڵکرد.

ئەوەتا، لەنێو ئەم هەفتا و یەک تەلەفزیۆنە ماهوارەییە و ئەم هەموو ڕۆژنـامە و مۆژنـامە و ڕادیـۆ مـادیۆیەی خۆمانـدا هەر باسی ئەم دووانە ناکرێت. تەنانەت ئەوەندی بۆیان بکرێت، باسی خەڵاتـی نـۆبێلی پزیشکی و کیمیـا و ئەدەبیـاتیش نـاکەن. بەڵام چی بە خەڵکی نەزان دەڵێی؟ ئەوندە نەزانن لەسەر ئەم هەموو ئامێرە ڕاگەیاندنەی خۆمانەوە دەچن مـاڵپەڕێکی وەک کوردستان میدیا دەکەنەوە و سەیری تەلەفزیۆنێکی وەک کورد کاناڵ دەکەن. شوکر ئەوانە ڕۆژانە بەرنـامەی هەراوی چەنـدین سەعاتە بە زمانی فارسی بڵاو ناکەنەوە، دەنا وەک جاری گۆڕین خەڵکیان دژی کوشتنی کچە سەقزییەکە هـان دا، ئێسـتاش دونیایان لەم ئینقلابە لەمە زیاتریش دەکردە چەرمی چۆلەکە.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## خالید عەزیزی: دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە پرسەکانی نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە




ئامـاژە: ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠٢ لە فرانکفـۆرتی ئاڵمـان دوو هاوپەیمـانیی "کـۆنگرەی نەتەوەکـانی ئێرانـی فێـدراڵ" و "هاوپێوندەیی گشتگیر بۆ ئازادی و بەرابەری لە ئێراندا" کۆنفڕانسی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیکیان بەڕێوە بـرد. لەم کۆنفڕانسـەدا هەیئەتێکی پـایەبەرزی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان ئێـران بەشـدار بـوون. لە بڕگەیەکـی کـاری کۆنفڕانسدا خاتو ئێراندوخت ئەنساری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی یەکیەتیی فیداییان خەڵکی ئێران وتـووێژێکی کـراوەی لەگەڵ کـاک خالیـد عەزیـزی، وتەبێـژی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لەسـەر چـۆنیەتیی کـارکردن بەمەبەسـتی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی گشتگیر هەبوو. "کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژە بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

### ئامانج لە کاری کۆنفڕانسی فڕانکفۆرت؟

**خالید عەزیزی**: سرووشتییە هەر پرۆژەیەک لەسەر بنەمای بەستێن و بوارێک دادەمەزرێ. ئێستا هەمووان دەزانـن هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیایی ناتوانێ بڕیار لەسەر نەخشەی سیاسیی داهـاتووی ئێران بـدات، بەڵکوو ئەوە تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانن کە بڕیـار دەدەن و شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئـازادی لە مـاوەی یەک سـاڵی ڕابـردوودا بەحەق دەرخەری ئەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستییە بوو. کەوایە ئەم پرۆژەیە لە قۆناغێکدایە کە بتوانین لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیانمان قسەی لەسەر بکەین و لە درێژەدا هەرکام لە هاوڕێیان و گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسینی کۆماری ئیسلامی دەتوانن هەڵسەنگاندنی خۆیانیان بۆی هەبێ. مەبەست ئەوەیە ئەم پرۆژەیە کە لەسەر ئەساسی بەشداریی هەمووان پێک هاتووە، لە درێژەی کار و چالاکیی خۆیدا بتوانێ کۆدەنگییەکی ڕێژەیی دروست بکات و ببێ بە ئاڵترناتیڤ. هەمووان بینیمان ساڵی ڕابردوو سەرەڕای ئەوەی خەڵک هاتنە سەر شەقام و تێچووی قورسیشیان دا و کۆمەڵگەی جیهانی و ئۆپۆزیسینی ئێرانی دژبەرەی ڕێژیمش پشتیوانییان لێ کرد، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێ. کەوایە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێمە دەبێ ئۆپۆزیسیۆنێکی گشتگیر و یەکگرتوو، و ئاڵترناتیڤێکی کارامەمان هەبێ.

## میکانیزم و پێویستییەکانی ئاڵترناتیڤ؟

**خالید عەزیزی**: خاڵی جەوهەری ئەوەیە لە ئێراندا هەتا ئێستا دێموکراسی بیچمی نەگرتووە و ئێمە فەرهەنگی دێموکراسیمان نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و لە ڕەوتی خەبات دژی کۆماری ئیسلامیدا کۆمەڵگەی ئێران تاڕادەیەکی زۆر پلۆرالیزە بووە و شتێکی کە تا ئێستا نەیهێشتووە ئێمە بە ئاکام بگەین پێکدژیی ئایدۆلۆژی و بیروبۆچوونی جۆراوجۆرە. لێرەدا ململانێ لەسەر پلاتفۆرم و مەنشووری جۆراوجۆر نییە، چونکە من پێشتریش ئاماژەم پێ کردوە کە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی بەتەنیا ناتوانێ بڕیار لەسەر داهاتووی ئێران بدات. کۆمەڵگەی ئێران لە نەتەوە و ئیتنیکی جۆراوجۆر پێک هاتوە و ئێران ئەو وڵاتە نییە ناوەندگەراکان وێنای دەکەن. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا بینیمان خەڵک لە شارەکانی مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز، تاران و... بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ کوردستان و بەلووچستان هاتنەسەر شەقامەکان. بۆ یەکەمین جار بوارێک ڕەخسا و دەرفەتێک دروست بوو کە تێیدا جۆراوجۆری و فرەڕەنگی هەبوو. ئێمە لەسەر ئەو ئەزموون و بنەمایە دەتوانین ئێرانی داهاتوو ئیدارە بکەین. هەڵگیرسانی شۆڕش ڕەنگبێ ئاسان بنوێنێ، بەڵام بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو زۆر دژوارترە. هەروەک چۆن لە ڕەوتی شۆڕشی ١٣٥٧دا زۆرینە پشتیوانی شۆڕش بوون، بەڵام لە دوای شۆڕش ڕەوتێک بەشێوەیەکی ڕێکخراوتر و ڕێکوپێکتر لەچاو گرووپ و لایەنە سیاسییەکانی دیکە توانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ و ئامانجەکانی شۆڕش وەدی نەهاتن. کەوایە ئێمە لە ئێستادا بۆ ئیدارەی ئێرانی داهاتوو دەبێ کار لەسەر جیایی ئایین لە سیاسەت، نهادینەکردنی دێموکراسی و بەشدارکردنی هەموو نەتەوەکان لە ئیداری سیاسیی وڵات بەبێ هەڵاواردن بکەین.

## تایبەتمەندییەکانی یەکیەتییەکی گشتگیر و دێموکراتیک و بنەماکانی؟



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خالید عەزیزی**: تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆژەیە دەتوانێ لە چەند بەشی جۆراوجۆردا ورد بکرێتەوە. لە قۆناغی یەکەمدا و لە بواری فەرهەنگیدا لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا دیتمان شێوەیەک لە ڕادیکاڵیزمی توندئاژۆ لە ناوەند و بە پێچەوانە شێویەک ڕادیکالیزمی توندئاژۆ لە پەراوێزدا هەبوون. بەو هۆیەوە کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە یەکەم جار بوو بزووتنەوەیەک بەشێوەیەکی گشتگیر سەری هەڵ بدا، ڕوانگەی جۆراوجۆر بەرەورووی یەکتر بوونەوە. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی پەرەبستێنێ، دەبێ بزووتنەوەیەکی میانەڕەو لەسەر بنەمای ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران بیچم بگرێ. لە نێوەڕۆکی ئەو میانەڕەوییەدا دەبین گرووپگەلی جۆراوجۆر پێکهاتوو لە نەتەوەکانی ئێران هەن و لەسەر ئەو بنەمایەیە دەتوانین نەخشەی سیاسیی داهاتووی ئێران وێنا بکەین. مەسەلەیەکی دیکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا پرسی "تەواوییەتی ئەرزی" و "جوداییخوازی" بوو کە گیروگرفتی زۆری بەداوی خۆیدا هێنا. هەر لەو پێوەندییە کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی خەڵکی ئێران و جیهان، هەوڵی دا وێنایەکی پێچەوانە لە بزووتنەوەی نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد، تورک، عەرەب و... پێشان بدات کە بەڵێ ئەوان بەدووی لەتکردنی ئێرانەوەن. بەڵام بەخۆشییەوە لە ئێران لەسەر شەقام کە دروشمی یەکگرتوویی لەنێوان خەڵکدا دەدرا، هیچ باسێک لە تەواوییەتی ئەرزی و جودایی نەدەکرا. کەوایە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە فرەیی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان لە ئێران دەرفەتن نەک هەڕەشە و ئەوە دیکتاتۆر و ئیستبدادە کە بوونی بزووتنەوەی نەتەوەکانی جۆراوجۆری ئێران بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێ. کاتێک لە ئیدارەی سیاسیی ئێراندا هەموو نەتەوە و جۆراوجۆرییەکان بەشدار بن و لە بەڕێوەبردنی ناوچەی خۆیاندا بەپێی یاسا دەسەڵاتیان هەبێ، هەموو ئەوانە لە پڕوپاگەندە بەولاوەتر نین و نابن.

### کێشە و بەربەستەکان لەسەر ڕێگای دروستکردنی ئاڵترناتیف و میکانیزمەکانی چارەسەر؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی پێوەندی بە کێشە و بەربەستەکانەوە هەیە ئێمە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە پاشخان و ئەزموونێکی زۆرمان لە خەباتخوازی و مافویستی هەیە. لانیکەم لە کوردستان بزووتنەوەیەکی زیندوو هەبووە و ئەو بزووتنەوەیە ناوچەی ئازادکراوی لەژێر دەستدا هەبووە و زۆربەی ڕێکخراو و حیزبە غەیرە کوردەکان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کەوتبوونە بەر هێرش، لە کوردستان گیرسابوونەوە و لەوێ چۆنیەتی کارکردن بەشێوەیەکی هاوبەشمان ئەزموون کردوە. پاشان ئێمە لە دەرەوی وڵات دەبینین گرووپگەلی جۆراوجۆر بەشوێن یەکگرتوویی و هاوکارییەوەن. بەڵام کۆمەڵە هۆکارێکی ڕەوانی لەمەڕ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو بەربەست بوون کە بەخۆشییەوە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و لێکەوتەکانی کە بینیمان خەڵک لە شارەکانی تاران، مەشهەد، شیراز و... هاوئاهەنگ لەگەڵ بەلووچستان و کوردستان دروشمیان دەدا؛ تا ڕادەیەک ئەو بەربەرستانەی لەنێو برد و بەڕای من ئەو سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شتێکی دیکە کە لە شۆڕشی ژینادا و لە ڕەوتی دروستکردنی ئاڵترناتیڤێک هەبوو ئەوە بوو کە کەسایەتیی جۆراوجۆر چ ڕۆژنامەنووس، هەواڵنێر، کەسایەتیی سیاسی، ئاکادمیک و...هتد کە بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی بوون و هەڵوێستیان هەبوو. ئێمە ئەوپەڕی ڕێزمان بۆیان هەیە و چالاکیی سیاسی مافی سروشتیی خۆیانە. بەڵام دروستکردنی بەدیل و ئاڵترناتیڤێک دەبێ لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی سیاسییەوە بێ. بۆچی؟ هۆکارەکەی ئەوەیە ڕێکخراو و حیزبی سیاسی لە ڕەوتی خەباتدا خاوەن ئەزموونن و لەم بارەیەوە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو دەتوانن هاوکاری و هاوئاهەنگی زیاتریان پێکەوە هەبێ. ڕەوتێک کە ئێمە دەستمان پێ کردوە و لەلایەن حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆرەوە پێک هاتووە و بە هیچ کەسێک نەبستراوەتەوە. بەڵام مکانیزم. دروستکردنی ئاڵترناتیڤ دەبێ بە نێوخۆی وڵاتەوە گرێ بدرێتەوە. بۆچی بە نێوخۆی وڵات؟ لەنێوخۆدا پێشکەوتنی زۆرمان بووە و کۆدەکانمان دیتۆتەوە کە چۆن دروشم بدەین ئەو دروشمانە لەلایەن گرووپگەل وچینی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێرانەوە پێشوازی لێ دەکرێ. ئایا ئێمە لەو پرۆسەیەدا چۆن دەتوانین سەرکەوتوو بین؟ بە هاندان و بەشداری چالاکانی سیاسی، دێموکراتیک، مەدەنی، ژنان، خوێندکاران و... لەنێوخۆ و پێوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان زیاتر دەتوانین بە ئامانج بگەین. گەلاڵەیەک کە ئێمە بۆ داهاتووی ئێران دامانڕشتووە و هەروەها لە قسەکانیشم دا ئاماژەم پێ کرد، دەبێ تەواوی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە لە نەتەوەکانی ئێران تێیدا بەشدار بن و لەسەر داهاتووی ئێران بڕیار بدەن.

## ڕوانگەی حیزبی دێموکرات بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرییان؟

**خالید عەزیزی**: ئەوەندەی پێوەندی بە بارودۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەیە، ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە لە لێواری نەماندایە و دەبێ بڕوا، هەروەها ئەو نیزامە لە چۆنیەتی ئیدارەی وڵاتدا ناسەرکەوتوو بووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەورووی دارمانی کۆمەڵایەتی کردۆتەوە و ئەمە دەخوازێ ئێمە لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا خۆمان و کۆمەڵگە پتر ڕێکبخەین. بەڵام گرفتێک لێرەدا هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەردەنگی ئێمە تەنیا کەسانێک بن کە لەنێوخۆی وڵات چالاکیی سیاسی دەکەن، یان پەیامێکی سیاسییان هەیە؛ ئەوە ئێمە تەنیا و تەنیا لەگەڵ کۆمەڵێک کەس پێوەندییمان هەیە. بەبڕوای من دەبێ تەواوی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لەو پرۆسەیەدا بەشدار بن. تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ئەزموونی ئێمە لە کوردستان هەیە تەواوەتیی خەڵکی ئێران وەشوێن سیاسەت ناکەون. هەژاری، بێکاری و بەدبەختی هەروەک گوتم ئێرانی لەگەڵ دارمانی کۆمەڵایەتی بەرەوڕوو کردوە و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی ئێران بەشوێن چارەسەری کێشە و گیروگرفتی ڕۆژانەی خۆیانن. ئێستا ئێمە چۆن دەتوانین پەیام و داخوازی و ستراتیژیی خۆمان بە گوێی چین و توێژی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێران بگەینین؛ یەکێک لە ڕێکارەکان ئەوەیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز بن و ئەم بزووتنەوانەش نابێ تەنیا بە ئێتنیک یان نەتەوەیەک ببەسترێتەوە کە ئەوە هەمان سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە. ئێمە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخۆشییەوە ئێستا لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لەسەر ئەوە کار دەکەین کە تەواوی نەتەوەکان و ئیتنیکەکان بۆ ئێران داهاتوو هاوکار و هەماهەنگ بن و ئەو بزووتنەوەیە شکڵێکی گشتگیرتر بەخۆیەوە بگرێ.

**دوورەدیمەنی پرۆژەی لە ڕێگای یەکگرتوویی گشتگیر و دێموکراتیک؟**

**خالید عەزیزی**: ئێمە لە پرۆژەی خۆماندا و لە ئێستادا بە دوای لانیزۆرەکانەوە نین، بەڵکوو جەخت لەسەر لانیکەمە هاوبەشەکان دەکەین. هەروەها نابێ لە بابەتە گشتییەکانەوە بچینە نێو وردەکارییەکانەوە. لانیکەمەکان کە لەو کۆنفرانسەدا قسەمان لەسەر کرد و دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکەش قسەیان لەسەر بکەین. چونکە لەو بزووتنەوەیەدا هێندێک جار لەلایەن هێندێک لە گرووپگەلی سیاسیەوە پشتیوانی لە ڕادیکاڵیزم و توندئاژۆیی دەکرێ. هەروەها قسەکردن لەسەر لانیزۆرەکان بە مانای یەکلاکردنەوەیە. بە بڕوای من ئەوە دەتوانێ ستراتیژییەکی شیاو بێ و بوار بۆ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە خۆش بکات و ئەوکات ئێمە ئەو پرۆسەیە لە درێژەی کاری خۆیدا دەتوانێ ببێتە نەخشەڕێگای سیاسی ئێمە و چۆنیەتیی کارکردنی مەیدانی بۆ سەرخستنی بە بەشداریی هەمووان.

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## "ژینا"ی ئێمە و "مهسا"ی ئەوان




**ڕەحمان سەلیمی**

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە پەنا ئەو ڕووداو و پێشهاتە کەموێنانەی لە ڕەوتی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادیدا ڕوویان دا، شایەدی تۆخبوونەوەی سنووربەندییە ناسنامەییەکان و لە پاڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی ئاشکراتری سیمای ناوەندگەرێتی و پاوانخوازی لە بەرگی ئۆپۆزسیۆندا بووین. دیارە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە پاوانخوازی و ناوەندگەرێتیی ڕیشەداری ناسیۆنالیزمی هێرشبەری ئێرانی لە ئاستی کۆمەڵگەدا کریاری ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکوو بانگەشەکاران و دنەدەرانی بریتی بوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن کە بەزۆری نیشتەجێی دەرەوەی وڵاتن و لە هەمان کاتدا هەندێ لەو خوێندەوار و ڕووناکبیرانەی کە تا ئێستاش لە سەردەمی سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەقیون؛ واتە ئەوکاتەی کە بەشێک لە ڕووناکبیرانی ئێرانی نیشتەجێی بێرلین بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیۆنالیزمی پەڕگیری ئاڵمانی، بیرۆکەی ئێرانشاریان هێنا گۆڕێ و کردیانە بنەمای پڕۆژەی یەکدەستکردن و سڕینەوەی ناسنامە نافارسەکانی نێو جوغرافیای ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەتکردنەوەی جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکان وەک کاکڵی ناسیۆنالیزمی درۆیینی ئێرانی کە زیاتر لە سەدەیەکە بە پیرۆزیبەخشین بە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی – شیعی هەوڵی یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران دەدا، ئایدۆلۆژییەکی بەرهەم هێناوە کە ئاڵاهەڵگرانی نەتەنیا نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە لە شۆڕشی ژینا تێبگەن بەڵکوو بەکردەوە بوونەتە بەشێک لە دەزگای پڕۆپاگەندای کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی شۆڕش و بە هەمان ڕوانگەی مەزنیخوازانەی ڕێژیم، بەرگی دژەشۆڕشیان پۆشیوە زەبری قەرەبوونەکراویان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران داوە و یارمەتییەکی کاریگەریان بە خوڵقاندنی دەرفەتێکی لەکیسچووی مێژوویی دیکە لە ئێران کردوە. لایەنی گاڵتەجارانە و هەڵبەت تاڵی مەسەلەکە لە دوگماتیزم و هەژاریی فەرهەنگی و دارمانی ئەخلاقی نوخبەی سیاسی و تەنانەت ئەکادیمیی هەڵگری بیرۆکەی ئێرانشاریدایە کە وەک شەعبان بێمێشکەکان هێرش دەکەنە سەر نەیارانیان و لە چوارچێوەی سڕینەوەی نەیارەکانیان هیچ ئیستدلال و لۆژیکێک بەفەرمی ناناسن. هەڵگرانی ئەو بیرکردنەوەیە خۆ دەدزنەوە لەو پرسیار و هەڵبەت وەڵامەکەی کە، بەرهەمی یەک سەدە سیاسەتی ڕەتکردنەوە و سەرکوتی نەتەوە نافارسەکان، چ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان هەبووە جگە لەوەی خواستی ناسنامەخوازیی نەتەوەکانی بەهێزتر و پتەوتر کردوە.

بزووتنەوەی ناسنامەخوازی کوردستان وەک چالاکترین و ڕێکخراوترین بزووتنەوەی سیاسی – کۆمەلایەتی لە ئێراندا کە ئاخێزگەی شۆڕشی ژینا و پێشەنگی خەباتی شۆڕشگێڕانە بووە، دەقێکی واتاداری لە پەراوێزی ئێراندا خوڵقاند کە بەخێرایی بە نێو تەواوی نەتەوەکانی ئێراندا بڵاو بۆوە و سەرەڕای جاڕدانی ناسنامەخوازییەکی ئاشکرا، یارمەتییەکی حاشاهەڵنەگری بە پێکهێنانی هاوپەیوەندی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و هاوکات نەتەوەی فارسی ناوەندنشینیش داوە، بە شێوەیەک کە مێژووی هاوچەرخی ئێران هاوپەیوەندییەکی لەو چەشنەی لە نێوان نەتەوەکان بە خۆوە نەدیوە. ئەو گۆڕانکارییە ڕاستەقینەیە کە هەموو لایەک ئاگاداری بوون بەڵام گرووپێک نەیاندەویست دانی پێدا بنێن، مژدەی کۆتاییهاتنی ناوەندگەرێتیی پێ بوو لە هەموو ئاستەکاندا، لە بنەماڵەوە بگرە تا کۆمەڵگە و هەروەها لە هەموو بەستێنە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو ڕاستییەش بە هیچ جۆر بە دڵی ناسیۆنالیزمی هێرشبەری ناوەندگەرا نەبوو، و بوو بە هۆی دەرکەوتنی کەلێنی گەورە لە نێو ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا.

دابەزاندنی مانیفێستی ژن، ژیان، ئازادی بە تەنیا دروشمێک و بچووککردنەوەی خواستە ڕیشەییە ئازادیخوازانەکانی خەڵک بە ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێڕەوی تێپەڕین لە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە جێگەی کۆی سیستەمە سیاسییەکە و پەیوەندییە سیاسییە گەندەڵەکانی، یەک لە پلانەکانی ئەو تەیفە لە ئۆپۆزیسیۆن بوو کە لە هەوڵدا بوو بە پاراستنی دامەزراوە سیاسییە دیکتاتۆڕلێدراوەکان کە ڕیشەیەکی مێژووییان لە ئێراندا هەیە، بگەنە دەسەڵات. ئەوان بە خوێندنەوەیەکی دوور لە واقعی گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی ئێران و ئەو نەسلە شۆڕشگێڕەی لە مەیداندایە، بیر لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئالترناتیڤێکی ناوەندگەرای غەیرەدینی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی لەو ڕاستییە گەیشتبن کە ناتوانن لە ڕێگەی کودەتایەکی تری لە چەشنی کودەتای شا – موسەددیق، خواستە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران بکەنە قوربانی.

بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای کوردستان پەیامێکی ڕوونی لەخۆ گرتوە کە دەیان ساڵ خەباتی بەردەوامی لە پشتە و خاوەن پلان و ڕێکخستن و پتەوێکی فکریی مێژووییە کە ڕێگە بەوە نادات بەلارێدا ببرێت. لە ساڵی ڕابردوودا بینیمان کوردستان شاهیدی ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەرفراوان بوو، هەروەها کاریگەریی حیزب و ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و هەڵبەت حیزبەکانی دیکەش لە سەر ڕاپەڕینی خەڵک بۆ هەمووان دەرکەوت. سەرکوتی بەربڵاو و بێبەزەییانە لە کوردستان و هەروەها هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە کوردییەکان بە مووشەک و درۆن و هاوکات چڕکردنەوەی پڕوپاگەندای کۆماری ئیسلامی دژی ئەو حیزبانە، ئاماژەیەکی ڕوون بوون بۆ ترسی هیستریکی ڕێژیم لە قووڵایی خواستەکانی خەڵکی کوردستان و هەروەها گواستنەوەی ئەزموونەکانی کوردستان بۆ ناوچەکانی تری ئێران.

ژینای ئێمە بووە ڕەمزی بەرەنگاربوونەوەی ستەمی نەتەوەیی، ڕەگەزی، فەرهەنگی و ئابووری، بووە هاواری ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەک کە کۆی نەزمی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە ئێراندا کردە ئامانج. لە کاتێکدا "مهسا"ی ئەوان خەونی ئاوەژوبوونەوەیەکی مێژوویی تێدا زیندوو کردنەوە کە بیانگێڕێتەوە سەر کورسیی دەسەڵاتێک کە فەرهەنگە سیاسییە ئاراییەکەی تێدا بە پارێزراوی بمێنێتەوە. ئەوان دەیانزانی کە ئەو ئاواتە لە نێوەڕۆکی شۆڕشی ژینادا نایەتە دی و هاواری هاوبەشی کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە تێپەڕینە لەو سیستەمە کێشەخوڵقێنەی کە لە یەک سەدەی ڕابردوودا هەوڵی داوە بەشێوەی سیستماتیک پەرە بە قەیرانە خۆکردەکانی بدا تا کەلێنە نەتەوەیی و ئایینییەکان بکاتە دەرفەتێک بۆ لێکترازانی کۆمەڵگە و مانەوەی زیاتر لە دەسەڵاتدا. ئەگەر گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد هاوپەیمانی و پلاتفۆرمە سیاسییەکانی ساڵی ڕابردوویان ئەزموون نەکردبا، جیاکردنەوەی ژینای ئێمە و "مهسا"ی ئەوان ئەستەم دەبوو و لە هەمان کاتدا جیاکردنەوەی ڕەوتە سیاسی و فکرییەکان دژوار دەبوو و ناوەندگەرێتی لە بەرگێکی نوێدا شانسی سەرکەوتنی دەبوو و بۆ جارێکی دیکەش نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران سەریان بێ کڵاو دەمایەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینای ئێمە بناغەی سیاسی و فکریی ئەوتۆی لە کۆمەڵگەی ئێراندا بنیات ناوە کە تەنیا شۆڕشێکی دیمۆکراتیک لەسەر بنەمای چەمکگەلی وەک فیدراڵیزە کردنی ئێران و وەدیهێنانی عەداڵەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دوورەدیمەنی ئێرانی داهاتوودا لێ چاوەڕوان دەکرێ.

لە کاتێکدا بزووتنەوەی "مهسا"ی ئەوان بەرهەمی خەونی چەندین ساڵەیانە بۆ جێگۆڕکێی دەسەڵات، خەونێک کە بەرهەمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیندڕۆمی "دابڕانی گەورە لە کۆمەڵگە"یە. ئەو خەونە بێبنەمایانە بوون کە لە پەنای نەبوونی ڕێکخستن و دوورەدیمەنێکی ڕوونی سیاسی لای ناوەندگەڕایانی بەناو ئۆپۆزیسیۆن، وای لێکردن کە دەست بۆ دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی وەک سوپای پاسداران درێژ بکەن تا لە پرۆسەی خەیاڵیی گواستنەوەی دەسەڵاتدا یارمەتییان بدەن، هەروەک لە هەڵوێستەکانیاندا بەڕوونی ئەوەمان بینی.

ژینای ئێمە کاتێک بە خاک دەسپێردرێ، ژن، ژیان، ئازادی وەک کۆکراوەی کۆی بەها و نۆرمەکانی کۆمەڵگەی ڕوو لە گەشەی کوردستان -کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی دادخوازانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییە- لە ناخی خاک و خەڵکەکەیەوە سەردەردێنێ و تەنانەت هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەهەژێنێ، زایەڵەی ئەو سەمفۆنییە هارمۆنیکە سنوورەکان دەبەزێنێ و شەقامی هەموو پایتەختەکانی جیهان وە سەما دەخا. ناساندنی ژینا و ژن، ژیان، ئازدی وەک براوەی خەڵاتی ساخارۆفی ئەوساڵ کە لەلایەن پارلەمانی ئورووپاوە ساڵانە دەبەخشرێتە ئەو کەس یان دامەزراوانەی لە پێناو ئازادیی بیروباوەڕ و مافی مرۆڤدا زیاترین تێچوویان داوە، ئەو ئیدعایە دەسەلمێنێ کە شۆڕشی ژینای ئێمە خوازیاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکە کە کەرامەتی مرۆیی تێدا پارێزراو بێ و هەموان بە پاراستنی تایبەتمەندیی خۆیانەوە دژی هەر چەشنە جیاکارییەک بوەستنەوە کە ببێتە هۆی چەوسانەوە لە هەموو شێوازەکانیدا، ئەوەش لە چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویژدانی مرۆڤایەتی شاراوە نییە و بەشێکە لە سەرچاوەی شەرعیەتی شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک کە گومانی تێدا نییە پێشکەوتووترین شۆڕشی سەدەی بیست و یەکە، چ لە ڕووی ئەو ویست و بەهایانەی لە پێناویدا قوربانی دەدا و چ لەڕووی ئەو شێوە خەباتەی لە یەک ساڵی ڕابردوودا پەنای بۆ بردوە.


حاشا لەوە ناکرێ کە لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێرانیشدا درێژکراوەی بیری پاوانخوازانەی ناوەندگەرا هەن، بەڵام هاواری ژن، ژیان، ئازادی لە گۆشە و کەناری ئێران و هاوکات لە گەورەشارەکانی ناوەندیشدا بە ڕوونی دەریخست کە خواستی ڕاستەقینەی ڕۆژانەی خەڵک لە پەنا بایەخە جیهانگیرەکانی وەک ڕێزگرتن لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤ، بەسەر ویستی ئیدئۆلۆژیک و پەرگیری ئەو گرووپانەدا زاڵن و کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران چیتر توانای ڕووبەڕووبوونەوەی کەلێنە نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی و .

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شارەزا بە خەونی گابەردەکان و ئاشنا بە ڕوحی کانیاوەکان (شەهید عومەر مرادی)




**برایم چووکەلی**

"کاروانی شەهیدانمان دوورو درێژە. بەڵام ڕەنگە لەوەش درێژتر بێ، ئێمە لەمێژە بریارمان داوە بۆ شەهیدەکانمان ناگرین و ڕەشیان بۆ ناپۆشین، بەڵکو پاداشیان دەدەینەوە کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێ دانی ڕێگایانە ."
دوکتور قاسملوو

گەلێک خاوەنی زیاتر لە نێو سەدە خەباتی بێ‌پسانەوە وخوێناوی بێ، بێگومان شەهیدبوون و قوربانیدان لەپێناو ڕزگاریی خاک و نیشتمان چاوی ناترسێنێ. بۆیە هەتا زیاتری لێ شەهید بکرێ لە سەر داوا ڕەواکەی سوورتر دەبێ و خەباتەکەی توندوتیژتر دەکا. ڕۆڵە خوێنگەرم و ئەمەگناسەکان ئاڵای خەبات شەکاوە ڕادەگرن و تاگەیشتن بە ئامانجی پیرۆزی گەلەکەیان هەدا نادەن. یەکێک لەو ڕۆڵە دەرووەست و گیانفیدایانەی لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا ڕێز لە یاد و بیرەوەرییەکانی دەگرین، عومەری مرادی ناسراو بە سیروان لە هێزی شەهید عزیزی یوسفییە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەهید عومەر مرادی ساڵی ١٣٤١ لە ئاوایی قەبەغلویو سەر بە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی هەژار و چەوساوەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا چاوی بە ژیان هەڵێنا. عومەر بە هۆی نەداری و دەستکورتیی بنەماڵەکەی کە بەرهەمی ستەمی نەتەوایەتی و سیاسەتی داگیرکەرانەی ڕێژیمەکانی تارانە، بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و بنەماڵەکەی، هەر لە منداڵییەوە لەشی ناسک و ساوای دایە بەر تەوژمی کارە قورس و تاقەتپڕووکێنەکان. بەدرێژایی ڕۆژ ئارەقەی ڕشت و هەر لە سۆنگەی هەژاریی بنەماڵەکەی و لەدواکەوتووییدا ڕاگیرانی کوردستانەکەی نەیتوانیوە جیا لە قۆناغەکانی سەرەتایی پتر بخوێنێ و خوێندنی قوتابخانە بەناچار بەجێ هێشت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کوڕێکی زیرەک و تامەزرۆی فێربوون و گەشەکردن بوو و بۆ ئەو مەبەستەش زۆری هەوڵ دا.

ژیانی هەژاریی بنەماڵەکەی و بندەستی و بێبەشیی نەتەوەکەی وای کردبوو عومەر بەوردی بە دوای هۆکارەکانیدا بگەڕێ و بەو قەناعەتە بکا کە هۆکاری ئەو دۆخە نالەبارە نیزامی سیاسیی سەرکوتگەر و نادادپەروەری زاڵ بەسەر وڵاتەکەیەتی. بۆیە لە ڕەوتی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی ڕێژیمی پاشایەتیدا وەک تازەلاوێک بە هیوا و هۆمێدی زۆرەوە بۆ داهاتووی ڕاپەڕین و خاک و وڵاتەکەی دەڕوانی. هەروەها بەکردەوەش لەپێناو ئاواتەکانیدا هەنگاوی هەڵێنا و تێکەڵ بە خۆپێشاندانەکان بوو. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرابوونی چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە و وەک شەنگەلاوێکی بەوەج و ئەرکوەخۆگر چەکی پێشمەرگایەتیی کردە شان.

شەهید عومەر سەرەتا لە هێزی شەهید عزیزی یوسفی سازمان درا و دواتر قۆناغەکانی هەڵدان و گەشەکردنی سیاسیی و نیزامیی یەک لە دوای یەک بڕی. ئەو کوڕێکی مەشرەفخۆش، بەئەخلاق و پێشمەرگەیەکی بەدەستوبرد و لێوەشاوە بوو. لەسۆنگەی جوامێری و بوێرییەکەی لەنێو هەوسەنگەرانیدا ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرا. ئەو لە زۆبەی شەڕەکانی ناوچەدا بەشداریی کرد و لە کاری سیاسی و پێشمەرگانەیدا هەڵسووڕ و ماندوویینەناس بوو.

عومەر ساڵی ١٣٦٢ بۆ دیتنی دەورەی مودیرییەت بەڕێی فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزب کرا و پاش ەەدەستهێنانی ئەزموونی بەنرخ و سەرکەوتنێکی باش لە دەورەی مودیرییەت، گەڕاوە هێز و بە جێگری لک و دیاری کرا. لە شەڕی بەناوبانگی قەبەغڵوو کە وەک فەرماندەرێک لێزان ئەرکەکانی بەڕێو دەبرد، بەسەختی بریندار بوو، بەڵام پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە ورە و ئیمانێکی پترەوە گەڕایەوە سەنگەری خەبات و چالاکانەتر لە پێشوو ئەرکەکانی گرتنەوە ئەستۆ. شەهید عومەر لە شەڕەکاندا هەمیشە سەنگەری پێشەوەی دەگرت و ورەی هاوسەنگەرانی پتر بەرز دەکردەوە و بارانەی گوللەی بەسەر دوژمناندا دەباراند و کونەمشکی لێ دەکردنە قەیسەری. فیداکاری، لەخۆبوردوویی، زیرەکی و گیانلەسەردەستیی عومەر مرادی بوو بەهۆی ئەوەی بەرپرسایەتی گرینگتری پێ بسپێردرێ و ئەرکی قورستر بخرێتە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرشانی. هەربۆیە لەلایەن کۆمیتەی شارستان و هێزە وە بایەخی زۆرتری پێ درا و وەک فەرماندەری لک دیاری کرا.

شەهید عومەر لەو بەرپرسایەتییەشدا ڕووسوور و سەربەرز هاتەدەر. ئەو بە نەزم و بەدیسیپلینەکەی، بە هەڵسووڕی و دڵسۆزییەکەی و لێوەشاوەیی لە گەڵاڵەدارێژی عەمەلیاتیدا ببەوە فەرماندەیەکی بەزیپکوزاکوون و سەرکەوتوو لە کاری پێشمەرگانەدا.

ڕۆژی یەکی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی زۆر و پۆشتە و پەرداخەوە هێرشێکی بەربڵاوی بۆ سەر گوندی "سماقڵوو" هێنا. پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی عەزیزی یوسفی بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرەستی بوونەوە و زەبرێکی قورسیان لە دوژمن وەشاند. لێ مخابن لە گەرمەی ئەو شەرە نامەرانبەرەدا گوللەی هێزی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی سینگی کوڕی خۆرەتاویان پێکا. فەرماندە عومەر مرادی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت و بە جەستە کۆڕی خەبات و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت، بەڵام ناو و یادی بۆ هەمیشە زیندوو مانەوە.

لەهەر شوێنێکدا پێشمەرگە هەیە<br>
حەج لەوێ بکەن ئەوێ کەعبەیە<br>
تەنیا پێشمەرگە.. ئازا و گەورەیە<br>
هەم پێشمەرگەیە و هەم سەرکردەیە<br>
سنگی سەنگەرە و دڵی لووتکەیە<br>
چاوی هاوەنە و پەنجەی گوللەیە

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خەڵاتی ئازایەتی و خەباتخوازی، لە نۆبڵەوە بۆ ساخارۆف




**ئاسۆ مینبەری**

شۆڕشی ژینا لە جۆری خۆیدا دەکرێ وەکوو بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووی ڕزگاریخوازانە بە دەسپێشخەریی ژنان چاوی لێ بکرێت. بزووتنەوەیەک کە ئەگەرچی خاڵی لاوازیشی تێدا هەبوو، بەڵام توانیی کۆدەنگییەک دژی ڕێژیمی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی دروست بکات و ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی ئێراندا. ئەوەی کە قەت ناکرێ نکۆڵیی لێ بکرێت، قورسایی خەباتەکە لەسەر شانی کوردستان و کوردستانییان بوو، لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم شۆڕشە کوردستان بوو و هەربۆیە لە کوردستانیشدا نرخی زیاتری بۆ درا. ڕاستە کە لە باقی شارەکانی ئێراندا خۆپیشاندان و نارەزایەتی بەردەوام بوو، بەڵام جیاوازبوونی خواست و داواکارییەکان وای کرد کە نارەزایەتییەکانی کوردستان بەرەو ئاقارێکی دیکە بڕۆن و فۆکووسی نارەزایەتییەکان زیاتر لەسەر ویست و خواستی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ، بەپێچەوانەی نارەزایەتییەکانی ناوەندی ئێران کە لە لابردنی سەرپۆش و ئازادیی پۆششدا قەتیس مابۆوە.

ئەو تێچووەی کە لەلایەن کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە بۆ شۆڕشی ژینا درا و ئەو هەموو گیانبازییەی کە لە شەقام و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆڵانەکانی کوردستاندا بینرا، بێگومان شیاوی ئەوە بوو کە لەلایەن ناوەندە گرینگەکانی جیهانەوە ببیندرێت و ڕێزی لێ بگیردرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا کە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بۆ ساڵی ۲۰۲۳ پێشکەش کرا، ئەم ڕەخنەیە زۆر گیرا کە بۆچی لە نێوان بەربژێرەکانی ئەم خەڵاتە جیهانییەدا، ژنانی کورد هیچ پشکێکیان بەر نەکەوتبوو، ئەمە ڕەخنەیەکی بەجێ بوو، لە ڕاستیدا کوردستان چەندین ساڵە کە لە بەرەی شەڕ لەگەڵ ڕێژیمی تاراندایە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی کورد هەن کە ساڵانێکە لەلایەن ڕێژیمی ئیرانەوە وەک "ئەوی تر" دەناسرێن، لە زیندان دەخرێن، ئەشکەنجە دەدرێن، حوکمی قورسیان بەسەردا دەسەپێ و مافەکانیان پێشێل دەکرێ، هەوڵەکانی ئەوانیش لە چوارچێوەی مافەکانی خۆیان وەکوو ژن و مرۆڤ بووە و نەک جیاوازییان لەگەڵ باقی ژنانی جیهان نییە، بگرە زۆر زیاتر لەوانیش قوربانییان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و سەقامگیرکردنی ئاشتی داوە، نموونەی لەو چەشنە زۆرن، زەینەب جەلالیان، موژگان کاوسی، زارا محەممەدی، ژینا مودەڕس گورجی و بە دەیان ژنی دیکە. بەڵام لە نێوان هەموو ئەوانەدا، نەرگس محەممەدی وەکوو براوەی خەڵاتەکە دیاری دەکرێ کە بێگومان نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی هەموو ژنانی ئێران و بەتایبەتیش ژنانی کورد و داخوازییەکانیان بکات؛ سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کۆمیتەی ئاشتیی نۆبڵ نووسیبووی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی نیشاندەری چالاکییەکانی نەرگس محەممەدییە! دروشمێک کە لە کوردستانەوە و لە دژکردەوە بە سیاسەتی ژنکوژیی ڕێژیمی ئێران سەری هەڵدا و بە قوربانیبوونی ژینا، کچە کوردی خەڵکی سەقز دەستی پێ کرد و لە ڕاستیدا ئاخێزگەی ئەم دروشمە کوردستان بوو و دەسپێشخەرەکانیشی هەر ژنانی کوردستان بوون! ڕەنگە تا ئەو کاتەی کە چەخماخەی شۆڕشەکە نەگەیشتبێتە تاران و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" نەکرابێ بە "زن، زندگی، آزادی" نەکهەر نەرگس محەممەدی، زۆر کەسی دیکەش ئەو دروشمەیان هەر نەبیستێ! ئەمە غەدرێکی گەورەیە، بەتایبەت لە ژنانی کوردستان، ژنانێک کە بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامی ستەمی نەتەوایەتی و ڕەگەزییان بەرانبەر کراوە و بە هەموو شێوازێکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان نرخیان داوە. ئەگەرچی بەشێک لەم ڕەخنەیە دەکەوێتەوە سەر کەسایەتییە کوردستانییەکان کە لە دەرەوەی وڵاتن و دەیانتوانی لانیکەم لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوو، کاری باش بۆ هێنانە گۆڕێی پرسی ژینا و بزووتنەوەی ژینا و ناساندنی ئەم شۆڕشە بە جیهان بکەن و بەداخەوە هەوڵی پێویستیان نەدا.

ڕۆژی پێنجشەممە، ۲۷ی ڕەزبەری ئەمساڵ، یەکیەتیی ئورووپا خەڵاتی ساخارۆفی پێشکەش بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کرد. بەپێچەوانەی کۆمیتەی نۆبڵ، سەرۆکی پارلەمانی ئورووپا لە کاتی ڕاگەیەندنی براوەی خەڵاتەکە گوتی ئەم خەڵاتە پێشکەش دەکرێ بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو کەسانەی کە گیانیان بۆ ئازادی فیدا کردووە."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکیەتیی ئورووپا بە دانی ئەم خەڵاتە بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، لە گەرمەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا و لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران بە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا هەوڵ دەدا بیری جیهان بۆ لای کێشەکانی دیکە ڕابکێشی و بە نهێنی و ژێربەژێر سەرکوتکارییەکانی خۆی لە نێوخۆ درێژە پێ بدات، بۆ جارێکی دیکە سەرنجی جیهانی بۆ لای شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی یەک ساڵی ڕابردوو ڕاکێشایەوە، ئەم خەڵاتە توانیی بیسەلمێنێ کە پرسی ژینا و پرسی کوردستان کۆتاییان پێ نەهاتووە و وەکوو دەسکەوتێکی مەزنی ئەم بزووتنەوەیە چاو لەم خەڵاتە دەکرێت.

ژینا نموونەی بەرچاوی قوربانیبوونی ژنی کوردە، جیاوازیی خەڵاتی نۆبێلی ئەمساڵ و خەڵاتی ساخارۆف ڕێک لەوەدایە کە ژینا لە مەهسا جیا دەکاتەوە، ڕێز لە خەباتی ژنی کورد دەگرێت و قوربانیدان و گیانفیداییشی لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیدا، بەنرخ دەزانێت.

خەڵاتی ساخارۆف لە ڕاستیدا خەڵاتێکە بۆ کوردستان و بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەپێناو دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و سەربەستیدا گیانیان بەخشی، قوربانییان دا و ئامادەنەبوون چۆک دابدەن.

مەودای نێوان ئەو دوو خەڵاتە زۆرە، هەروا کە مەودای نێوان ژینای ئێمە و مەهسای ئەوان زۆر بوو!

٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٣ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی نووسراو و بابەتەکان و**

**کارو چالاکییەکانتان، دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



https://serchawe.com